# مەبەستی پراگماتیکیی لە وتاردا

نامەیەکە

تریفە عومەر ئەحمەد

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە، کە بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت

پ.ی.د. بەکر عومەر عەلی مەعروف

(2708)ی کوردی (2008)ی زایینی

ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.

ناو : پ. ی . د. بەکر عومەر عەلی مەعروف

ڕۆژ / /

بەپێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو :
سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا
ڕۆژ: / / 2008

**ئێمە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك‌و لایەنەکانی تری کردوو بڕیارمان دا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (                ) بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.**

**ناو**
**ئەندام**
**رۆژ:** / / 2008

**ناو**
**سەرۆکی لیژنە**
**رۆژ:** / / 2008

**ناو**
**ئەندام**
**رۆژ:** / / 2008

**ناو**
**ئەندامو سەرپەرشت**
**رۆژ:** / / 2008

**لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.**

**ناو :**
**راگری کۆلێژی زمان**
**رۆژ:** / / 2008

## پێشكەشە بە

- بەو خۆشەویستەی هەمیشەو هەمیشە دەژی لە رۆحماندا، ئاراس گیان .
- هەر خوێنەرێك، كە تینوی زانستو فێربوونە .

## سوپاس‌و پێزانین

**سوپاسگوزاری‌و پێزانینم بۆ:**

- **ماموٚستای سەرپەرشتیكارم پ.ی.د. بەكر عومەر عەلی مەعروف.**
- **پ. ی.د. محەمەد عەبدول فەتاح، كە هەم وەك ماموٚستایەك‌و هەم وەك دڵسۆزێك بەو پەڕی لەخۆبردوویەوە وەڵامی پرسیارەكانمی داوەتەوەو بیری زانستی لا گەڵاڵە كردووم.**
- **پێزانینم بۆ كتێبخانەی بەشی كوردی‌و كتێبخانەی كۆلێژی زمان، كە لە ماوەی خواستنی سەرچاوەكاندا هاوكاریانكردووم.**
- **هەموو ئەو هاوڕێیانەی لە پێدانی سەرچاوەدا هاوكارییان كردووم بەتایبەت (كوردیا ئەحمەد، كامیل عومەر، دیاری عوسمان، ئیدریس كەریم، تەحسین تەها، سازان زاهیر) هەروەها هاوڕێی هەمیشە ئازیزم (نەرمین عومەر) كە لە كاری كۆمپیوتەردا یارمەتی داوم.**

## هێماو کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| / | یان |
| +□ | بەخشکەیی دەربڕین |
| □□ | گریمانەی پێشینە |
| ن | نوسەر |
| ر | رۆژنامەنوس |
| در | دەوروبەر |
| □ | و (لێکدانی دوو کەرەسە) |
| F, G | کرداربە ندی نەگۆڕ وەك (F(x، هەروەها کرداربەندی گۆڕینۆك |
| X,y,z | کەرەسە گۆڕاوەکانی ڕستە |
| □ | نەرێ |
| // | درێژکراوە |
| X,Y,Z | یەکە سەربەخۆ گۆڕاوەکان |
| A, B, C | رستە گۆڕاوەکان |
| خ | خوێنەر |
| ق | قسەکەر |
| گ | گوێگر |

## لیستی زاراوەکان بە کوردی- ئینگلیزی

| English | کوردی |
|---|---|
| | **ئ** |
| Sentagmatic | ئاستی تەکنشینی |
| deep structure | دروستەی قوڵ |
| Reference | ئاماژەبەندی |
| Referential | ئاماژەپێدراو |
| Icon | ئایکۆن |
| Idiom | ئیدیەم |
| | **ب** |
| conventional implicature | بەخشکەیی دەربڕینی باو |
| Cohesion | بەستنەوە |
| speech –production | قسە بەرهەمهێنان |
| Language Usage | زمان بەکارهێنان |
| understand mate | بەها شکاندن |
| Memory | بیرگە |
| | **ت** |
| tautology | تۆتیۆلۆجی |
| Performance | توانا |
| low performance | توانای لاواز |
| calculability | توانای لە ئەژمارهاتن |
| cancellability | توانای ڕەتکردنەوە یان پاشگەزبوونەوە |
| Competence | توانست |
| Communicative Competence | توانستی پەیوەندیکردن |
| the comparison theory | تیۆری بەراوردکاری |
| the interaction theory | تیۆری کارلێککردن |
| Deficit theory | تیۆری کەمێتی |

| | |
|---|---|
| | پ |
| figures of speech | پۆلە دەستە وشەی بە واتا |
| Hedge | پەرژین |
| Sarcasm | پلار |
| Perception | وەرگرتن |
| Proposition | پێشنیاز |
| | ج |
| Physical World | جیهانی فیزیکی |
| social World | جیهانی کۆمەڵایەتی |
| Mental World | جیهانی هۆشەکی |
| | خ |
| non-conventional | خەسڵەتی ناباو |
| | د |
| Referring Expression | دەربڕینەئاماژە |
| Discourse | وتووێژەدەق |
| Literally | دەقاودەق |
| Context | دەوروبەر |
| Cultural context | دەوروبەری کوڵتوری |
| Linguistic context | دەوروبەری زمانەوانی |
| Emotional context | دەوروبەری سۆزدری |
| Situational context | دەوروبەری بار |
| Trope | درکە |
| entailment | درێژکراوە |
| sincerity | دڵسۆزێتی |
| Assertion | دڵنیایی/ دیاریکراو |
| Distal | دوور لە قسەکەر |
| Dyadic | دوولایەنە |
| | ر |

| | |
|---|---|
| Rhetoric | ڕەوانبێژی |
| Declarative sentence | ڕستە ڕاگەیەنراو |
| syntactically frozen | ڕێزمانی بەستوو |
| | **ز** |
| External language | زمانی دەرەکی |
| knowledge | زانیاری |
| common knowledge | زانیاری هاوبەش |
| common background | پێشینەی هاوبەش |
| Internal language | زمانی ناوەکی |
| | **س** |
| standard | ستاندارد |
| triadic | سێ لایەنە |
| Connotation penumbra | سێبەری گەیاندنی واتایی |
| symbol | سیمبۆڵ |
| | **ش** |
| Maxim | شامەرج |
| | **گ** |
| Ironic | گاڵتەئامێز |
| Irony | گاڵتەوگەپ |
| existential presupposition | گریمانەی بوون |
| presupposition | گریمانەی پێشەکی |
| structure presupposition | گریمانەی پێشەکی دروستەیی |
| factive presupposition | گریمانەی پێشەکی ڕاستەقینە |
| Counterfactual | گریمانەی پێشەکی ساختە |
| non factive presupposition | گریمانەی پێشەکی ناڕاستەقینە |
| presumption of Literalness | گریمانەی ئەدەبی |
| Linguistic presumption | گریمانەی زمانی |
| Communicative presumption | گریمانەی گەیاندن |

| | |
|---|---|
| Conversation presumption<br>appropriate | گریمانەی وتووێژکردن<br>گونجاو |
| | ك |
| Person | کەس |
| | ل |
| Elasticity<br>non-detachability | لاستیکێتی<br>لێکجیانەکراوە |
| | م |
| proposition condition<br>Felicity condition<br>Essential Condition<br>Metaphor<br>predicative metaphor<br>nominal metaphor<br>cognitive metaphor | مەرجە پێشنیازکراوەکان<br>مەرجەکانی گونجاندن<br>مەرجی پێویستی<br>میتافۆر<br>میتافۆری کرداربەندی<br>میتافۆری ناوی<br>میتافۆری هۆشەکی |
| | ن |
| Non literal<br>Constant<br>Truth value<br>Indices<br>DIEXES | نادەقاودەق<br>نەگۆڕ<br>نرخی راستەقینە<br>نیشانە<br>نیشانە پڕاگماتیکییەکان |
| | ه |
| Synonymous<br>Language behavior<br>Prosodic<br>illocutionary force | هاوواتاکان<br>هەڵسوکەوتی زمان<br>ئاوازی قسەکردن<br>هێزی واتای نافۆرمی |
| | و |

| | |
|---|---|
| Sentences Meaning | واتای ڕستە |
| Meaning Language | واتای زمانی |
| natural meaning | واتای سروشتی |
| Lexicon Meaning | واتای فەرهەنگی |
| Meaning Speaker | واتای قسەکەر |
| non- natural meaning | ناسروشتە واتا |
| writing language acquisition | وەرگرتەیی زمانی نوسین |

**ناوەڕۆك**

**پێشەكی** ..........................................................

1/0 ناونیشانو بواری نامەكە.................................................................. 1

2/0 كەرەسەی نامەكە.................................................................................. 1

3/0 ڕێبازی لێكۆڵینەوەی نامەكە........................................................................ 1

4/0 گرفتی نامەكە......................................................................................... 1

5/0 هۆی هەڵبژاردنی بابەتەكە.................................................................. 2

6/0 بەشەكانی نامەكە.................................................................................. 3

بەشی یەكەم

1- سیمانتیك هەمبەر بە پڕاگماتیك لە وتاردا.................................................... 4 -66

**1/1 وتار : مێژوو، چەمك............................................................ 4 -8**

**1-1/1جۆرەكانی وتار** ................................................................................. 9 -13

**2-1/1 گۆشەو ستون لە وتاری ڕۆژنامەوانیدا.............................................. 13 -14**

**2/1 دەقو دەربڕاو : چەمك، ناساندن، لە وتاردا.......................................... 15 -27**

**1-2/1 چەمك.................................................................................... 15 -18**

**2-2/1 ناساندن ............................................................................... 19 -23**

**3-2/1 دەربڕاو ڕستە لە دەقی وتاردا......................................................... 24 -27**

3/1 توانستو توانا ............................................................................................. 28 -37

1-3/1 توانستی زمان- ڕێزمان.......................................................................... 28 -30

**2-3/1 توانستی پڕاگماتیكی ........................................................ 31 -37**

4/1 واتا .............................................................................................................. 38 -43

1-4/1 واتای فەرهەنگی (وشە) ................................................................................ 38 -39

2-4/1 واتای ڕستە (ڕێزمان) ................................................................................ 39 -42

3-4/1 واتای پڕاگماتیكی ........................................................................................ 42 -43

5/1 سیمانتیكو پڕاگماتیك- دەوروبەر- لە وتاردا ................................................. 44 -66

1-5/1 سیمانتیكو پڕاگماتیك ................................................................................... 44 -47

2-5/1 دەوروبەر ......................................................................................................... 47 -48

1-2-5/1 دەوروبەری كولتوری ..................................................................................... 49 -53

2-2-5/1 دەوروبەری مێژوویی ................................................................................ 53

3-2-5/1 دەوروبەری ئەدەبی ........................................................ 53 -60
4-2-5/1 کەسێتی نوسەر ........................................................ 61 -62
5-2-5/1 جۆری خوێنەر ........................................................ 62 -64
6-2-5/1 جۆری رۆژنامە ........................................................ 64 -66
بەشی دووەم
2- مەبەستە پڕاگماتیکییەکان لە وتاردا ........................................................ 66 -109
1/2 کردە قسەییەکان ........................................................ 66 -72
2□2 گریمانەی واتای بەخشکەیی دەربڕین ........................................................ 73 -79
1-2/2 جۆرەکانی واتای بەخشکەیی دەربڕین ........................................................ 78 -80
2-2/2 میتافۆر........................................................ 81 -85
3-2/2 ئیدیەم ........................................................ 86 -87
3/2 گریمانەی پێشەکی ........................................................ 88 -94
4/2 ئاماژەبەندی ........................................................ 95 -98
5/2 نیشانە پڕاگماتیکییەکان ........................................................ 99 -108
1-5/2 نیشانەی کەسی ........................................................ 99 -101
2-5/2 نیشانەی شوێن ........................................................ 102 -103
3-5/2 نیشانەی کات ........................................................ 104 -105
4-5/2 نیشانەی دەق ........................................................ 106 -107
5-5/2 نیشانەی کۆمەڵایەتی ........................................................ 107 -108
بەشی سێیەم
3- کردەی جێبەجێکردنی مەبەستی پڕاگماتیك بەپێی تیۆری بەشی یەکەمو دووەم....... 109 -191
1/3 وتار، کردەی جێبەجێکردنی پڕاگماتیك ........................................................ 110 -172
2/3 دروستەی وتار بەپێی مەبەستی پڕاگماتیك ........................................................ 173-190
1/2/3 ناونیشانە دەق ........................................................ 172-183
3/1/3 پێشەکی، کۆرپە، کۆتاییە دەق ........................................................ 183-193
ئەنجام ........................................................ 194
سەرچاوەکان........................................................ 193-196
خلاصە ........................................................ 197
Abstract........................................................ 198

# پێشەکی

## 1/0 ناونیشان‌و بواری نامه‌كه

بوارو ناونیشانی نامه كه ((مه‌به ستی پڕاگماتیكیی له و تاردا)) تایبه ته به شیكردنه‌وه‌ی درو سته‌ی و تار له سه‌ر ئا ستی پڕاگماتیك، كه لقێكه له زانستی زمان. ئه‌و ده‌ربڕاوو ده‌قانه ده‌گرێته‌وه، كه به په‌یكالْكردنیان به ده‌وروبه‌ر مه‌به‌ستی پڕاگماتیك له‌ودیو فۆر مه زمانییه كه‌وه ده‌گه یه‌نن، به مه‌ش تواناستی پڕاگماتیك له ن/ر بۆ ن/ر- ێكی دیكه جیاواز ده‌بێت.

لێكۆڵینه‌وه‌ی پڕاگماتیك وه‌ك له پێنا سه گ شتییه‌كه‌ی كریستالْدا ده‌رده كه‌وێت، پتر له پڕۆ سه‌ی گفتو گۆدا ده سته‌به‌ر ده‌كرێت بۆ یه هه‌ردوو زاراوه‌ی ""قسه‌كه‌رو گوێگر"" به‌كاربراوه، به‌ڵام ئه‌م لێكۆڵینه‌وه یه، كه شیكردنه‌وه‌ی ده قی نوسراوه‌و وه‌رگرتنی گۆشه‌و ستونه و تاره، بۆ یه له‌بری زاراوه ئاماژه‌پێكراوه كان هه‌ردوو زاراوه‌ی ""نوسه‌ر/رۆژنامونوس/خوێنه‌ر"" به‌كارهێنراوه.

## 2/0 كه‌ره‌سه‌ی نامه‌كه

به‌كارهێنانی زاری كر مانجی خواروو- شێوه زاری سلێمانی، له هه‌ر سێ رۆژنا مه‌ی (كورد ستانی نوێ، ئاوێ نه، هاوڵاتی) كه‌ره سه‌ی به‌كارهێنراوی لێكۆڵینه‌وه‌ی نامه‌كه‌یه.

ناوه‌ڕۆكی نامه كه تایبه ته به ده‌رخ ستنی مه‌به ست له ده‌ر بڕاوو ده قه‌كانی نو سه‌ر له ده‌وروبه‌ردا، بۆیه ژماره‌ی رۆژنامه‌كان به هه‌ڕه‌مه‌كی به‌كارهاتوون‌و به پێویست نه‌زانراوه به شێوه‌ی ریزبه‌ندی وه‌ربگیرێن، به‌ڵكو گرنگ هه‌ڵبژاردنی ئه‌و ستون‌و گۆشانه بووه، كه له سه‌ر ئاستی پڕاگماتیك داڕێژراون.

## 3/0 رێبازی لێكۆڵینه‌وه‌ی نامه‌كه

رێبازی ( شیكه‌ره‌وه‌ی په سنكه‌رانه ) له‌م نامه یه‌دا بۆ لێكدا نه‌وه‌ی ده‌ر بڕاوو ده‌قه‌كان‌و وه‌ك پێڕه‌و بۆ خستنه‌ڕووی شیكردنه‌وه‌ی وتاره‌كان به‌كارهێنراوه.

## 4/0 گرفتی نامەکە

1- بە شێوەیەکی گ شتی لێکۆڵی نەوە پڕاگماتیکی یەکان لە سەر ئا ستی گفتو گۆ conversation ئەنجامدراوە، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوە یە تایبەت بە بە وتارنو سین، بۆ یە دو چاری گرف تی سەر چاوە بووین لە وابە ستەکردنی درو ستەی و تار بە دەورو بەرو هۆی بەر هەمهێنانی دەقێ کی پڕاگ ماتیکی، ئە مە و ێڕای کەمی سەر چاوە بە ز مانی کوردیو عەرەبی.

2- پێناسەی وتار لەسەر ئاستی زمان فەرامۆشکراوە، لە گەڕان بە دوای سەر چاوەی زان ستی، کە پێناسەی وتار لەسەر ئاستی زمان جیابکا تەوە بێئومێدبووین، ئە مەش گرفتێکی دیکەی نامەکە بوو، بۆیە یەکێك لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بەرجەستەکردنی پێناسەی وتارە لە سەر ئاستی واتا (سیمانتیكو پڕاگماتیك).

## 5/0 هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە

لێکۆڵی نەوە لە ز مانی رۆژنا مە، کە دەکەوێ تە سنوری لێکۆڵی نەوەی زمانەوانییەوە فەرامۆشکراوەو بە پێچەوانەوە لێکۆڵی نەوە لە رۆژنا مەو ز مانی رۆژنا مە لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەب یدا ئەنجا مدراوە، لەکاتێ کدا کاری پ سپۆڕی زما نە وا تاو مەبە ستە فرە چەشنەکانی نوسەرو رۆژنامەنوس شیبکاتەوە، بۆیە بە پێویست زانرا ئەم لێکۆڵینەوە یە کە تایبە تە بە بەکارهێنانی هێما کانی نو سەرو رۆژنا مەنوس لە دەورو بەردا لە سنوری زانستی زماندا ئەنجامبدرێتو زمانو رۆژنامە پێکەوە پەیوەست بکرێن.

## 6/0 بەشەکانی نامەکە

ئەم نامەیە، لێکۆڵینەوەیە لە واتاو مەبە ست لە و تاردا لە سەر ئا ستی پڕاگماتیك، لقێ کە لە ل قەکانی زان ستی ز مان، ئەو دەقو دەربڕاوا نە دەگرێ تەوە، کە لە پ شت فۆڕ مە زمانیەکەوە بەپشتبەستن بە دەوروبەر مەبەستی جیاواز لە ناوەڕۆکی و شە بەکارهاتووەکان بە خوێنەر دەگەیەنێت.

لێكۆڵینەوەكە لە پێشەكیو ئەنجامو سێ بەشو فەرهەنگۆكێكی زاراوەكان، لیستێك لە كتێبو سەرچاوەی بەكارهاتوو پێكهاتووە.

بەشی یەكەم:

بەشی یەكەم تایبەتە بە سیمانتیك بەرامبەر بە پراگماتیك لە وتاردا، كە لە پێنج تەوەرەدا سەرەتایەكی گشتی دەربارەی مێژوو چەمكو جۆرەكانی و تار، جیاكرد نەوەی درو ستەی و تار بەپێی دەق، توانستو توانا لە دەقی وتاردا، واتاو جۆرەكانی، دەورو بەر، هەلو مەرجی هێنا نە بەرهەمی دەقی پراگماتیكی باسكراوە.

بەشی دووەم:

مەبە ست بە پ ێی یا ساو رێ سا پراگماتیكی یەكان ( كردەی ق سەیی، بەخ شكەیی دەر برین، می تافۆر، ئید یەم، گریما نەی پێ شەكی، ئاماژەبە ندی، نی شانەی پراگ ماتیكی) بە تای بەت چونێتی هاتن یان لە دە قی و تاردا روونكراوە تەوە، كە دەورو بەر پ ێوەری دە ستەبەركردنی دەربراوو دەقی پراگماتیككییەو خاڵی جیاكردنەوەیەتی لە دەقی سیمانتیكی، دوا تر ئە مەش دەبێتە پێودانگ بۆ توانستی رێزمانیو پراگماتیكی ن/ر.

بەشی سێیەم:

لە دوو تەوەرەدا كردەی جێ بەجێكردنی بە شی یە كەمو دووەم بە سەر ( گۆ شەو ستون )ی رۆژنامەوانی پەیرەوكراوە كە رۆژنا مەكانی ( كورد ستانی نوێ، ئاوێ نە، هاوڵاتی ) بە نمو نە وەرگیراون، هەروەها جیاكردنەوەی مەبەستە پراگماتیكییەكان بە پێی دروستەی وتار كۆتایی لێكۆڵینەوەكەیە.

# بەشی یەکەم

# سیمانتیک هەمبەر بە پڕاگماتیک لە وتاردا

## 1- سيمانتيك هەمبەر بە پڕاگماتيك لە وتاردا

### 1/1 وتار : مێژوو، چەمك

دەر كەوتنى زاراوەى > و تار  المقا لە- Essay <  لە سەدەى 16 لە سەردەستى مۆنتين- Montin هاتەئاراوە، كە ناوى لە نوسينەكانى خۆى بە (وتارەكان) ناوە، بە وا تاى ئەزمو نەكان يان هەو ڵەكان لە بوارێكدا بە حكو مدان لە سەرەتاى كار ێك نەك كۆ تايى. هەر چەندە لێكۆ ڵەرە رۆژهەلاتيي يەكان رە گى وتار يان بۆ كارە كانى فەيلە سوف ثيوفرا ستوس-Theophrastus (370- 287پ.ز)، دوا تريش بۆ نو سينەكانى ئينج يلو نو سراوەكانى ماركۆس ئيل يوس- Marcus Aurelins لە ساڵى (120-180 پ.ز) گەڕاندووەتەوە، بەڵام لە سەدەى ( 17-18 ) بەدواوە لە رۆژئاوا لەگەڵ دەركەوتنى رۆژنا مەو گۆڤار لە رووى شێوازو ناوەڕۆكەوە پێشكەوت.[1]

(( و تار لە رۆژنامەنوو سى كورد يدا، قۆ ناغى يە كەمى دەكەوێ تە سەردەمى دە سەلاتى عوسمانييەوە، پاشان تا كۆ تايى شەڕى يە كەمى جيهان، و تار و شيارىو بايە خدان بووە بە خوێندنو خوێندەوارى، لە قۆناغى دووەمدا وتار بووە بە داردە ستى دە سەلاتى بەريتانيا...
لە قۆ ناغى سێيەمدا ئۆر گانى دە سەلاتى كوردو فەرمانو باذ گەوازى حكو مەتى ت ێدا بلاوكراوە تەوە))[2]. بەپێى ئەم پێ شينە مێژوويي يە و تارى كوردى بەهۆى بارودۆخى ناهەموارى كۆمەڵگاى كوردەوارى بە و تارى رام يارىو خەباتى كوردا يەتى دە ستيپێكرد، لەو پێناوەشدا وتارە كان ئاڕا ستەى بيرو و شياركردنەوەى كۆ مەڵ بوو بۆ خوێ ندنو رۆ شنبيرى، پاشان دەسەلاتى بەريتانيا رووپەڕى رۆژنامەى بۆ سياسەتى خۆى قۆرخكرد، بە مەش و تارى كوردى كەوتە ژێر ركێ فى داگير كەرەوە تا قۆ ناغى سێيەم كە با بەتى هە مەڕەنگى بەخۆوە بينى، لەبەرئەوە سەرەتا وتار دوو ئاڕا ستەى بەخۆوە بي نى : ئاڕا ستەى رام يارىو ئاڕا ستەى كۆمەلايەتى[3].

---

1- صالح أبو اصبع، محمد عبيدالله: [ 2002 :17 ]

* بۆ زانيارى زياتر دەربارەى مێژووى وتار، بڕوانە سەرچاوەكانى: اسماعيل ابراهيم : [2006: 32 ]، ربيعى عبدلخالق:[1988: 21]

2- محەمەد دلێر ئەمين ميسرى: [2004: 138 ]

3- سەرچاوەى پێشوو: [ 130-155 ]

گۆڕانی ڕەوتی گەشەسەندنی وتار پەیوەستە بە کە شی رامیاری عیراق‌و کورد ستان، ئە مەش وای کرد رۆژنا مەکان رۆ ڵی گرنگ یان لە بەرجە ستەکردنی بابە تەکانی و تاردا هەبێت. لە سەردەمە توتالیتارییەکاندا وتارنو سین لە چوار چێوەی بەکارهێنانی رە مزو دە قی شاراوەدا بووە، هێما کان لێکدا نەوەی فرەوا تایی هەڵگرتووەو نو سەر نەیتوانیوە را ستەوخۆ هێ مای فەر هەنگی لە چوار چێوەی دە قدا بەکارببات، لەبەر ئەوە نو سینەکان شێوازی ئەدەبیان لەخۆگرتووە نەك شێوازی رۆژنامەوانی.

لە قۆناغی نوێی رۆژنامەوانی کوردیداو بەهۆی هاتنەئارای تەکنەلۆژیای نوێ‌و ئا گاداربوون لە سیستەمی نوێی رۆژنا مەوانی جیهانی، و تاری کوردی ئاڕا ستەو شێوازێکی تری بەخۆوەبینی، کە شێوازی نوسینی رۆژنامەوانی‌و لێکدانەوەی شیکاریانەی ڕەخنەگرا نە بوو، بە مەش ن/ر لەبری ئەوەی رە مز بەکاربهێنێت، هەوڵ یدا و شەو دەربڕاوە کان بە شێوەك سیستماتیك بکات کە گوزارشتێکی بەهێز بدات بەخوێنەر.

لێرەوە دەتوانرێت وتار بە چەشنێك لە چەشنەکانی پرۆسەی نوسین پێناسە بکرێت، کە بە هۆیەوە بیرو ئایدیاکانی مرۆڤ لە بارەی گۆڕانە خودی‌و جیهانی‌و ...تاد دەردەبڕێت.

بەگشتی پرۆسەی نوسین، کردەیەکی بایەلۆجی خانەکانی مێشکی مرۆڤە، نیشانە زمانییەکان بە هۆی رژێمە بایەلۆجییەکانی بینین‌و بیستن پەیپێدەبرێت‌و دەهێنرێتە بوو نەوە[1]، پا شان لە پرۆ سەیەکی هۆ شەکی یان ئاوەز یدا واتا کان لە مێ شکدا بەکۆد دە کرێن‌و لە نو سیندا بەرجە ستە دە کرێن، یان ما نەوەی پرۆسیسی بیرەکە یە لە مێ شکدا، لەبەر ئەوە پتر لە قسەکردن دەتوانرێت چاودێری بکرێت‌و وشەکان‌و دەربڕاوە کان بە شێوەیەکی سیستماتیکی دەربڕێن، ((لە مێشکدا دەزگایەك بۆ ئاخاوتن هەیەو بۆ ئاخاوتن ئەخرێتە کار))[2] بە هەمان دەزگا نوسینیش دێتە بەرهەم.*

---

[1]- Michael Garman: [1990: 48]

2- محەمەد مەحوی، نەرمین عومەر: [2004: 9]

* یەکێك لە پێنا سەکانی نو سین وێنەگرتنی قسەیە، جیاکارییەکانی شی بە دەرنە کەوتنی هێزو ئاوازە دەستنیشانکراوە، گودی‌و وات بە چەند خاڵێك ئا ماژە بە بەراوردکارییەکانی نو سین‌و قسە دەدەن بڕوا نە: BROWN&YULE: [1989:4-17]، محەمد معروف فتاح:[1990: ] لە زانستی پڕاگماتیکدا جۆری دەوروبەر هێڵی بەراوردکاری قسەو نوسینە، لە نو سیندا پتر ئەو دەوروبەرانە لە دەقی پڕاگماتیکدا رۆڵدەبینێت، کە نازیندەن، بڕوانە: ( 5/1 )

هالیدای- Halliday له ( کاریگەرییەکانی نوسیندا -Effective of writing ) پرۆسەکە بە بەرجەسەکردنی زمان لە ئاگایداو گۆڕینی بۆ هێمالۆجی ئاماژەی پێدەدات، لێرەوە پێیوایە کردەی بەکۆدکردنی بیر لە مێشکداو دەربڕینی لە فۆرمی نوسیندا وەك پرۆسەی نوسین ئاسایە لە رێکخراوەیی زماندا.[1]

نوسین فۆرمە وتراوەکانی نێو رژێمی دا خراوە - Close system یاخود دەرکەوتەی ئەسپێکتە فرە چەشنەکانی داینەمیکییەتی قسە بەرهەمهێنان - speech production<<

ە[2]، نوسین ئاوێتەکردنو خستنە سەریەكو تێپەڕینی جوولەکانی پەنجەیە لە ئەنجامدانی گەیاندنی بیردا، یاخود بە دیهاتنی رژێمە نادیارەکەی مێشکی مرۆڤە لە چوار چێوەی فۆرمدروستیو کارپێکردنی یاساو رێساکانی زمانەکە[3].

گودیو وات- Goody& Watt لە وەرگرتنی زمانی نوسیندا The acquisition of writing language – خاوەنی چەند بۆچوونێکی شیکارین، پێیانوایە دەوروبەری قسەکردن وا لە مرۆڤ دەکات، بتوانێت وشەکان بە ئاسانی جیابکاتەوە، پێکهاتەو دروستە زمانییەکە بۆ مەبەستی تایبەتی بەکاربهێنێتو پەرە بە فۆرمە ژێربێژییەکان بدات،[4] ئەمەش بەهۆی دەسەڵاتشکانەوەی نوسەر بەسەر یاساو رێساکانی زمانەکەیداو بەپشتبەستن بە داتاکانـــــــــی فەرهەنگو دەوروبەری زمانەکەی دێتەبەرهەم، بەوا تائیلیمێنتە سەرەتاییو ئاڵۆزەکانی زمانی سروشتین بۆ پێکهێنانی دەربڕاوو دەق، بۆ نمونە لە زمانی نوسینی کوردیدا، نیشانەکانی خاڵبەندی ئاماژە بە چۆنێتی واتای وشەیەك یان دەربڕاوێك دەکەن یان نیشانە رێزمانییەکانی پۆلە واتاییەکانی نێو دەقێك دیاریدەکات، کە دەکرێت لە زمانی قسەکردندا بەهۆی ئاوەزدارییەوە مەبەستو واتاکەی بخرێتەڕوو.

بەپێی ئەم کردەی نوسینە پێناسەگەلێك بۆ وتار کراوە، کە دەرخەری شێوازی نوسینو چەشنی ئەو بابەتانەیە لە رۆژنامەکاندا بڵاودەکرێنەوە.

---

1- Halliday: [2003: 131-132]
2- MICHAEL GARMAN: [1990: 229]
3- BROWN, YULE: [1989: 6]
4- BROWN, YULE: [1983:12-13]

له ( فەرهەنگی راگەیا ندن ) دا پێنا سەی و تار کراوە بە : (( گوزار شتێکی بیروڕای نو سەرە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو لە یەکێك لە پەڕەکانی رۆژنامەدا بلاْوئەکرێتەوە))[1]. هەروەها لە فەرهەنگی( زارەوەگەلی راگەیاندن ) دا هاتووە کە وتار :

((یەکێ کە لە رە گەزەکانی نوو سینی رۆژنا مەوانی و، بیروبۆ چوونێك لە ئا ست د یاردە یان هەلْوێست یان رواداوێکدا دەردەبڕێ ...)) [2]

بەپێی ئینـ سکلۆپیدیای بەریتانی (( داڕ شتنێکە نەکور تەو نە در ێژە بەو مەبە ستە دەنووسرێت تا لە رۆژنا مەدا بلاْوبکرێ تەوە.))[3] ع بدول عز یز ئەلغەنانم دەلْێت : ((.... لە ر ێی گو تارەوە رۆژنا مە سیا سەتو بیروڕای خۆی لە گ شت کاروبارێکدا دەردەبڕ ێت، بەبێ ئەوەی ناچار بێت یاری بە هەوا لەوە بکات.))[4] جەلال خەلیفە پێنا سەکەی ئینـسکلۆپیدیای بەریتانی رەتکردووە تەوە، ئەو پێیوا یە نا ساندنێکی یەکانگیر نی یە وەك زانا یانی بواری لۆژیکی دەلێن، بەلگەش بۆ ئە مە ئەوە یە کە پێنا سەکە و تاری شرۆڤەکاری ناگرێ تەوە، کە تێیدا نوسەر بابەتەکە دەوروژێنێتو چارەسەری سەرجەم لایەنەکانی بۆ دەدۆزێتەوە. [5]

پێناسەیەکی گشتگیر لەسەر ئا ستی رۆژنا مەوانی بۆ ژا نری و تار نەکراوە، بەلاْم پێنا سەکان ئەوە دەخە نەڕوو کە کەرە سەکانی و تار بە بەراورد لە گەلْ ژا نری هەوا لْدا نو سینێکی شیکاریو لێکدەرەوەیی لەخۆدەگرێت، بۆیە وتارنوس پێویستە کەسێکی کارامەو شارەزا بێت لـــــ ـەو بابە تەی دەینوو سێتو بتواْ ێت بەهۆی دەربڕاوە کانی زما نەوە مەبە ستەکانی بگەیەنێ تە خوێ نەرو فۆرمە لەی هەلْوێ ستو بیرکرد نەوەکانی خوێ نەر ب کات، لەبەر ئەوە ((نو سینی و تار بیرکرد نەوەی لۆژیکی و بڕ یاردانی ئەقلاْنیو دەرخ ستنی دەرهێنەرا نەی لایەنە جیاوازەکانی بابەتەکە لەخۆدەگرێت، هەروەها ئە گەر شانبە شانی ئەما نە پڕۆگرا می شیکرنەوەیی  پێکها تەیی زاْ یاریو را ستییەکانی لەبەردە ستدان لەخۆ

1- جەمال عەبدول: [2004: 228]
2- بەدران ئەحمەد حەبیب: [2005]
3- فاروق عەلی عومەر، و: هیوا سالەح ئەحمەد:[2005: 147]
4- هەمان سەرچاوە: [147]
5- اسماعیل ابراهیم : [2006: 20]

نەگرێت ئەوا لە بەجێهێنانی ئەم ئەرکەدا شکست ئەهێنێت.)) [1].

لە رووی هێ مالۆجیو لە سەر ئا ستی زاذ ستی ز مان پێنا سەی و تار فەرامۆ شکراوە، لەم لێکۆڵینەوە یەدا هەو ڵدەدرێت بەپێی شیکارو را ڤەی دە قەکانی و تار لە ئا ستی پڕاگماتیکدا پێناسەی وتار بخرێتەڕوو.

1-محمد ئەلدروبی، و: سۆزان جەمال، لوقمان غەفور: [2006: 210]

## 1-1/1جۆرەكانی وتار

له سەرچاوه زانستییه رۆژنامەوانییەكان دوو جۆر وتار جیاكراوەتەوه[1]:

1- وتاری ئەدەبی

2- وتاری رۆژنامەوانی

جۆری دووەم یان هەر یەك له سەروتار، ستونی رۆژنامەنو سی، و تاری شیكردنەوەیی، رەخنەگرانه دەگرێتەوه.

د. فاروق محه مەد ئەبو زه ید له رووی گرنگی یەوه دوای هەواڵ، پ له دوو دەدا ته و تاری رۆژنامەوانیو جۆرێكی دیكەش له وتار ئاماژه پێدەدات كه وتاری نوسینی رۆژانەیه.[2]

د. عەبدول عەزیز شەریف پێیوایه جیاوازیكردنی نێوان وتاری ئەدەبیو وتاری رۆژنا مەوانی له زۆر بەی كا تدا په سنكەرانەیه، چونكه و تاری رۆژنا مەوانی بۆ بەجێهێنانی مەبه ستێكی رۆژنا مەوانی سرو شتی هو نەرەكانی و تاری ئەدەبی بەكاردەهێنێت، كه هو نەری و تاری ئەدەبی ئەبستراكتیو هونەری وتاری رۆژنامەوانی پراكتیكییه. [3]

وتاری رۆژنامەوانی بەرپرسه له گەیاندنی زانیاری به جەماوەر به شێوازێكی ئا سانو دوور له وردەكاری یه ئالۆزه كان، ئه مەش وا ده كات و تاری رۆژنا مەوانی شێوازێكی جوانو سەرنجراكێشانەی هەبێت.

---

1- بەپێی سەر چاوەكان، زاراوەی ج یاواز بۆ ( ئەدەبو رۆژنا مەوانی) دا نراون، بۆ نمو نه له كتێ بی نەریتی رۆژنامەواذ یدا هەردوو زاراوەی (رۆژنا مەوانیو دارِ شتن) بەكاربراوەو جۆره كانی و تار به وردی با سكراوه، له كتێبی كلیلی ده سەڵاتی چوارەم، □□ گو تار □□ لەبری □□ و تار □□ بەكارهێنراوەو له بەراوردكردنی و تاری رۆژنامەوانیو ئەدەبیدا ئاماژه به زاراوەكان دراوه، بەڵام جۆرەكان بەم شێوەیه جیاكردووه تەوه : 1- سەروتار 2- ستونی رۆژنامەنوو سی 3- گو تاری شیكردنەوەیی 4- گو تاری رەخنەگرا نه، له را ستیدا ئەم جۆرا نه له و تاری رۆژنامەنوسی جیادەبنەوه. بۆ زانیاری زیاتری جۆره كانی و تار برِوا نه: فریبا سەیاد، عەلی ئەكبەر فەر هەنگی: [2006: 277- 282 ]، فاروق عومەر عەلی : [2005: 150- 187 ]، اسماعیل ا براهیم [ 2006: 75- 185 ]، صالح ابو اصبع، محمد عبیدالله:[2002: 37- 46 ]

2- فاروق محەمەد ئەبو زەید، و: فەرەیدون رەئوف عارف:[ 2006: 212]

3- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی جیاوازی نێوان وتاری رۆژنامەوانیو ئەدەبی برِوا نه اسماعیل ا براهیم[:2006: 27- 28 ]، هەروەها و تاری ئەدەبی ( ذا تی) به وردی تایبەتمه ندیو م ێژوو، جۆره كانی له ئەدەبی عەرەب یدا بەتایبەتی خراوەتەڕوو بۆ ئەمەش برِوانه: ربیعی عبدلخالق:[1988]

4- صالح ابو اصبع، محمد عبیدالله: [ 2002: 37- 46 ]

ئەنیس مقدسی بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر نوسین جیادەکاتەوە، هونەریو زانستی، لە دەستنیشانکردنی جۆرەکانی و تاردا، نوسەران صالح ابو اصبع، د. محمد عبیداللە دوو جۆری سەرەکی ئاماژە پێدەدەن:

**یەکەم / وتاری بابەتی :**

(( هەموو ئەو وتارانە دەگرێتەوە کە میتۆدینو بە شێوەیەکی زانستی نوسراونەتەوە، ئەمەش بۆ چەند لقێك جیادەبێتەوە :

1- وتاری زانستی
2- وتاری ئەدەبی
3- وتاری ئابوری
4- وتاری هونەری
5- سەروتارو ستونی رۆژنامەوانی
6- وتاری یاداشت
7- وتاری خوێندنەوەی کتێب
8- وتاری فەلسەفی
9- وتاری زانستی کۆمەڵایەتی

**دووەم/ وتاری خودی :**

بە واتای وتاری ئەدەبی یان نارەسمی، چەند جۆرێك دەگرێتەخۆ:

1- وتاری خێزانی یان فامیلەر : ئەم وتارانە بە شێکن لە کەسایەتی نوسەر، وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەو روداوو بابەتانەی هەڵوێستی بەرامبەریان دەوروژێنێت.

2- وتاری کەسی : نوسەر لە بارەی خۆی یان کەسێکی دیکە دەنوسێت.

3- وتاری وەسفی : وەسفکردنێکی زاتییە بۆ گەشتێك یان دیمەنێکی سروشت))[1].

---

1- صالح ابو اصبع، د. محمد عبیداللە: [ 2002: 37- 46 ]

**وتاری ئەدەبی بەپێی پۆلکردنی عەبدول لەتیف حەمزە چوار جۆر دەگرێتەوە:**

**((1- وتاری وەسفی**

**2- وەڵامە وتار**

**3- وتاری رەخنەیی**

**4- وتاری کاریکاتێری ))[1]**

**ئیسماعیل ئیبراهیم بە پێی شێوازی نوسینو دارشتن، ئاماژە بە سێ جۆر وتار دەدات:**

**((1- وتاری ئەدەبی**

**2- وتاری زانستی**

**3- وتاری رۆژنامەوانی**

**پاشان وتاری رۆژنامەوانی بۆ پێنج جۆر جیادەکاتەوە :**

**1- سەروتار**

**2- ستونی رۆژنامەوانی**

**3- وتاری شیکەرەوەیی**

**4- وتاری رۆژانەی رۆژنامە**

**5- وتاری رەخنەییو خستنەروو))[2]**

**نوسەران فریبا سەیاد- عەلی ئەکبەر فەرهەنگی، وتار بۆ دوو جۆری گشتی جیادەکەنەوە:**

**((1-وتاری رۆژنامەوانی یان جۆرنالیستی ئەو وتارانە دەگرێتەوە کە خەسڵەتی کورتبڕی، خێرایی تێدایە.**

**2-وتاری دارشتن بە پێچەوانەی یەکەمەوە، کورتبڕی تێدا نییە بەڵکو بە دورودرێژی باس لە بابەتەکە دەکرێت)) [3].**

**لەدوای راپەرینی 1991 رۆژنامەی کوردی ئامرازی دەربرینی بیروبۆچوونو رای ئازاد بووە، ئەمەش بووە هۆی رەنگدانەوەی لەسەر شێوازی نوسینو جیاکردنەوەی لە شێوازی رۆژنامەی پێش خۆی، کە شێوازێکی وێژەیی بووە، لەبەرئەوە بە ئاشنابوونی گۆڕانکارییە**

---

1- سماعیل ابراهیم: [2006 : 29]

2- هەمان سەرچاوە:[ 69]

3- فریبا سەیاد- عەلی ئەکبەر فەرهەنگی، و: کارزان محەمەد: [2006: 277]

جیهانییەکان، رۆژنامەنوسان هەوڵیا نداوە را ستی بەڵگەکان بـسەلمێنن‌و نو سینێکی شیکاری‌و رەخنەگرانەو ساتیرانە پێشکەشبکەن‌و لە شێوازی نو سینی رۆژنا مەی وڵا تە پێـشکەوتووەکان نز یك ببـنەوە، ئە مەش هۆکارێـکە بۆ دەستنیـشانکردنی جۆرە کانی و تاری کوردی بەپێی سەرچاوە زانستییەکان.*

دەکرێ لە رۆژنامەی کوردیدا ** ئەم جۆرانە لە وتار دەستنیشانبکرێت:

1- سەروتار/ بەگشتی شوێنەکەی لە لاپەڕە یەکدا یان لاپەڕە دوودایە، مەرج نییە لە هەموو ژمارە یەك‌و هەموو رۆژنامەیە کدا سەروتار هەبێت، بەڵکو کەمتر با یەخی پـێدەدرێت، کە بریتیە لە با بەتی رۆژ بەتایـبەتی لە بواری رامیار یدا، لە سەر ئا ستی سیمانتیك بابەتە کە دەخرێتەڕوو.

2- وتاری شیکاری: هەموو بابەتەکانی بواری زانستی رامیاری‌و دینی‌و ئابووری‌و کۆمەڵا یەتی دەگرێتەوە، کە بەهۆی بەڵگەی زانـستییەوە را ستی بۆ چوونەکە دە سەلمێنرێت، بە مەش ن/ر دوور دەکەوێتەوە لە هەر دەربڕینێك کە واتـــا لـێڵ بـێت‌و پەیوە ست بـێت بە دەورو بەری دەرەکییەوە، بەڵکو بە گشتی دەقەکان سیمانتیکیانە دەردەبڕێن.

---

* لە سەرچاوەی نەوشیروان مستەفا ئەمین: [ 2001: 65 ] رۆژنامەی کوردستان بە هۆ کاری هێنا نە ئارای ز مانی نو سین لەقەڵەمدراوە، ((.... کوردی هێشتا نەبوبو بە زمانی نوسینی نامەو پەخشان. خوێـندەوارانی کورد بۆ نا مە نو سین ز مانی فار سی یان تورکی یان بەکار ئەهێنا. جەر یدەی کورد ستان سەرەتای دە سپێکردنی نو سینی با بەتی سیا سی‌و ئەدەبی‌و کۆمەڵا یەتی‌و مێژویـیە، بە ز مانی کوردی.)) لە رۆژنا مە سەرەتاییەکاندا ز مانی رۆژنا مە ز مانێکی و ێژەیی بووەو وا تاو مەدلولەکانی رەوانبێژی کاریگەری هەبووە لەسەر زمانی نوسین بە گشتی‌و رۆژنامە بە تایبەتی، لە لایەکی ترەوە لە سەدەی 20 بە دواوە شاعیران‌و ئەدەبدۆستان سەرپەرشتی دەرکردنی رۆژنامەیان کردووە یان با بەتیان لە رۆژنا مەکانی ئەو کا تە بڵاوکردووەتەوە هەروەك گۆران‌و شێخ نوری شێخ ساڵەح‌و پیرەمـێردو بێکەس‌و ... لەبەر ئەوە و شەو ر ستەو دەر بڕاوی وێژەیی بەسەر نوسینەکانی رۆژنامەدا زاڵبووە.

** بەشێوەیەکی گـشتی ئەو وتارا نەی با بەتین‌و لە سەر بـنەمای میتۆد ێك نو سراونەتەوە لە گۆڤارەکا ندا بڵاودەکرێـنەوە، هەروەها سەرجەم جۆری ئەو وتارا نەی ئاماژەپـێدران کەم تا زۆر لە رۆژنا مەی کورد یدا دەبیـنرێن، هەڤاڵ ئەبو بەکر لە ما ستەرنامەکەیدا چە شنەکانی و تار بە سەروتار، و تاری سەردە ستە، کور تە و تار، و تاری رۆژا نە، و تاری سەرەکی، و تاری ئاسایی،جیاکردووەتەوە بەڵام ستونە وتارو گۆشە...، بە جۆرێك لە پەخشانی خودی داناوە نەك وتار.

3- وتاری رەخنەیی: بیروبۆ چوونی ن/ر - ە لە سەر ئەو بابە تەی دەیوروژێنێت، کە دەکرێ ڕاست یان هەڵە بێت، ئەم جۆرە وتارە پتر پڕاگماتیکیا نە مەبەستەکە دەپێکێت، بە تایبەت ئەگەر رەخنەکە ساتیرانە دەرببڕێت.

4- گۆشەو ستونەوتار: ئەو بابەتا نەی تێدا دەنوسرێت، هاوکاتی ڕووداوو بابەتەکانی ڕۆژە، مەودایەکی کەمتر لە رۆژنامەکەدا دەگرێت، بە شێوەیەك لەو مەودا یەدا بۆ چوونەکان بە مەبەستی جیاواز بڵاودەکرێنەوە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی وەك کەرەسەی شیکردنەوەی لێکۆڵینەوەکە لەسەر ئاستی پڕاگماتیك بەکاربهێنرێت. (ب. 1/1-2 )

## 2-1/1 گۆشەو ستون لە وتاری رۆژنامەوانیدا

گۆشەو ستون دوو ژانری سەرەکی رۆژنامەوانین، نوسەر پتر بۆ دەرخستنی دیدگای بەرامبەر بە بابەتی قسە لەسەرکراو، پەنا بۆ گۆشە یان ستون دەبات، هۆکاری ئەمەش بۆ تایبەتمەندی گۆشەو ستون لە دیاریکردنی قەوارەکەیدا پێ شبینیدەکرێت، بۆنموونە خستنەڕووی بابەتێکی رەخنەیی لە ڕوو بەرێکی کورتدا، (( ستون بیرێکە یان خاتیرەیەکە، یان دیدگای نوسەرێکە بۆ بابەتێك، ڕووداوێك، یان هەواڵێك، کە بۆ خوێنەر یان خودی نوسەرەکە جێی بایەخو قسە لەسەرکردن بێت))[1]... د. کرم شلبی دەڵێت: ((نوسەر بیرێك یان خاتیرەیەك لە ڕووبەری ستونێکدا یان بەشێك لە ستونێك لە رۆژنامەی رۆژانەدا ئەنوسێت، کە ناونیشانێکی جێگیری هەیە))[2] سەرجەم پێناسەکانی ستونی رۆژنامەوانی لە دیاریکردنی قەوارەو ڕووبەرو شوێنو دیدی خۆیی دەستەبەردەکرێت، ((ستونی رۆژنامەوانی لەو ڕو بەرەی دیاریکراوە تێنا پەڕێت بۆ زیاتر، شوێنێکی جێگیرو ناونیشانی جێگیرو نوسەرێکی نەگۆڕی هەیە))[3]، فاروق ئەبو زەید پێناسەی ستونی رۆژنامەوانی کردووە بە ((ڕووبەرێکی دیاریکراوە لە یەك ستون تێ ناپەڕێ ڕۆژنامە بۆ نووسەرێکی گەورەی تەرخان دەکات... زۆر جار ستون شوێنێکی جێگیری دەبێ بە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەوە ناگۆڕێو ناونیشانێکی جێگیری دەبێ بەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەوە و

---

1- اسماعیل ابراهیم: [ 2006 : 141 ]

2- کرم شلبی: [ 1994: 194 ]

3- اسماعیل ابراهیم: [ 2006 : 141 ]

ناگۆڕێ... ))[1]، ئا شکرایە ئەم پێنا سانە لە تایبەتمە ندێتی گۆ شەش نزیکدەبێ تەوە چونکە جـ یاوازی گۆ شەو ستون لە واژۆی نو سەرەکەیدایە، بەڵام بەپێی ئەم پێنا سەیە ستونی رۆژنا مەوانی هەڵگری هەمان خە سڵەتە، لەبەر ئەوە لە زۆر بەی سەر چاوە عەرەبییەکا ندا جیاوازی نێوان ستونو گۆشە نەکراوە. وێڕای ئەوەش گۆ شەو ستون وەك لە و تاری کورد یدا رە چاودەکرێت تەنها لەو خە سڵەتەدا لە یە کدی جـ یان، کە ستون هەر ژ مارەو نو سەرێك دەینوسێت بەڵام گۆ شە نو سەرەکەی نەگۆڕە، لە هە ندێ رۆژنامە شدا ناونیـشانی گۆ شەیەك جێگیرە بەڵام هەر ژمارەی نوسەرێك دەینوسێت.


---

1- فاروق عەلی عومەر، و: هیوا ساڵەح ئەحمەد: [ 2005: 153 ] ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوا نە نبـیل را غب: [2006: 109-115 ]

## 2/1 دەق‌و دەربڕاو : چەمك، ناساندن، لە وتاردا

### 1-2/1 چەمك

کردەی گەیا ندنی و تار  بەهۆی ر ستەو ر ستیلەوە لێکنادرێ تەوە،  بەڵکو نو سەر پەیامە کەی بە شێوەی  کۆدەقی نو سراو دەردەبڕ ێتو چوار چێوەی بیرە کەی  بە هێ مای لێکسیکی یان هێمای شاراوە لە رستەو دەربڕاوو دەقەکاندا دەخاتەڕوو، بەمەش وتار  لە رووی رێکخستنی زمانەوە لە چەند دەق‌و دەربڕاو یان رستەو فرێز پێکدێت، وەك لە داڕشتەی (1-1) پیشاندراوە:




داڕشتەی (1-1) دەق بەپێی رستە/ دەربڕاو

چەمکی دەق دوو جۆری سەرەکی لێجیادەبێتەوە :

1- دەقی نوسراو

2- دەقی وتراو

لە زمانی ئینگلیز یدا کۆزاراوە کانی  Text، Discourse  بۆ دەق‌و  Utterance بۆ دەر بڕاو  بەکارهاتووە،  بە خ ستنەپاڵی ئاوەڵ ناو ئا سای نو سراوو  گوتراو دەستنی شانی چەشنەکانیان کراوە.

دیڤید کرستاڵ-David Crystal  لە دیاریکردنی واتای تێکستدا دەڵێت : ((زاراوە یەکی  بەر  لە داڕشتنی تیۆرییە، کە لە زانستی زمان‌و دەنگدا  بەکارهێنراوە، ئا ماژە  بە با سی تۆ مارکراوی ز مان دەدات  بە مەبە ستی  شیکردنەوەو پە سنکردن،  هەروەها تێکست دە کرێ پەیوەندی یە هێماییەکانی

نوسین یان قسەکردن بگرێتەوە وەك وتووێژ، مۆنۆلۆگ، خوونەریتەکان...))[1]

زاراوەی  تێکست- Text لای ڤاندایك- Van dij  بۆ دەقی ئاخاوتنو لای براونو یول- BROWN& YULE بۆ هەردوو دەقی زارەکیو نوسین، لای جی کووك-Guy Cook  بۆ دەقی وێژەییو ناوێژیی بەکارهێنراوە.*

بەپێی فەرهەنگی ئازادی کوردی ئینگلیزی مانای Discourse  بە ((دوا ندن، ئاخاوتن، وتوو ێژ، دەمەتەقێ، لێکۆڵینەوە یەکی نووسراو))[2] د ێت، بە هەمان وا تا لە فەرهەنگی ئینگلیزی ئینگلیزی تۆمارکراوە.[3]

Discourse << ((زاراوەیەکە لە زانستی زماندا بۆ بەردەوامبوونی باسێك بە تایبەت بۆ زمانی قسەکردن بەکارهێنراوە، کە لە فۆرمدا لە رستە گەورەترە بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەڵگری چەندین بیرۆکەو دیدگای هەمە چەشنەیەو دەکرێت بە شرۆڤەکردن پەی پێببرێت)).[4]

لە وشە نامەی ( شیکردنەوەی دەق ) دا بەم شێوەیە باسکراوە:

( ز مان دوو جۆری ج یاواز لە لێکۆڵی نەوە دەگرێ تەخۆ: جۆرێک یان را ڤەکردنی درو ستەی ئەبستراکتیو چۆنێتی بەستنەوەو پەیوەندی رستەکانە، ئەوی دیکەشیان بەکارهێنانی زمانە کە پێ یدەوترێت دی سکۆرس، هەروەها لێکۆڵی نەوە لە چۆنێتی بە ستنەوەی دەق، بە شیکردنەوەی دەق ناو دەبرێت).[5]

---

[1]- David Crystal: 2003: [141-142]

* بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پێناسەی  دەق  بڕوانە کتێبەکانی :

1- Van dij: 1977
2- GILLIAN BROWN, GWORGE YULE, [1989]
3- Guy Cook, [1995]
4-MICHAEL McCARTHY: [2005: 12- 26]
2- حەمە رەشید قەرەداخی : [ 2006 : 282 ]

[3]-Dictionary of contemporary English: [2003: 445]
[4]- David Crystal: [2003: 141]
[5]- Nastaran…M.A., Ali Shahbazi: [1999:59]

له ز مانی عەرەبیدا هەردوو چەمکی ا لنص ا لخ طاب بە ما نای دەق د ێت، بە خ ستنەپاڵی ا لنص مدون، ا لنص مک توب ، بۆ دە قی نو سراو هەروەها ا لنص منطوق بۆ دەقی و تراو جۆرە کانی جیاکراوەنە تەوە، بە هەمان شێوە الخطاب کە بەواتای دواندنو دیسکۆرس دێت جۆرەکانی بەهۆی ( مکتوب، منطوق ) دەستنیشانکراوە.[1]

لە زمانی کوردیدا چەمکی دەق بۆ دەقی نو سراوو و تراو بەکارهێنراوە، بەڵام ئەوەی جێی ئاماژەیە، دەقە وێژەییەکانە، کە زانستیترە بە دەقی وتراوی نوسراو لە دەقی نوسراو جیابکرێتەوە وەك دەقی دراما، چیرۆك، رۆمانو سیناریۆ.

دەقی وتار لە جۆری دە قی نو سراوە، بەگشتی شێوازێکی ئەکادیمیو رەنگدا نەوەی شێوازی ئەزمونبەندا نەی نو سەرەو بەکارهێنانی ز مانی باڵا یە، پێوی ستە لە دە قی و تراوی نوسراو بەوە جیابکرێتەوە، کە شێوازێکی ئاسایی ئاخاوتنی رۆژانەیە.

دروستەی وتاری رۆژنامەوانی بە پێی دەق جیادەکرێتەوە، لە کتێبی ( فن تحر یر صحفی )دا بە سێ بەش دەستنیشانکراوە:

(1-پێشەکی/ بنەما سەرەکییەکانی بیرۆکەی وتارەکە دەگرێتەوە.

2- کۆرپەدەق/ روونکردنەوەی رەهەندە جیاوازەکانی بیری وتارەکەیە.

3- کۆتایی/ ئەنجامی وتارو بەستنەوەی خوێنەرو وتارنوسە) [2].

بەپێی ئەم کتێبە بایەخ بە ناونیشانەدەق نەدراوە، کە لە رووی واتاوە کاریگەری لەسەر کۆدەقەکانی دیکەی وتار هەیە.

لە کتێبی (فن المقالة) دروستەی وتار بەم شێوەیە دابەشکراوە:[3]

1- ناونیشان

2- پێشەکی

---

1- جون لاینز، عباس صادق الوهاب:[ 1987، 215 ]


2- نبیل راغب: [ 2006، 101 ]

3- صالح ابو اصبع، محمد عبیدالله: [ 2002، 28 ]

3- کۆرپەدەق★

4- ئەنجام یان کۆتایی

نوسەری ئەم کتێبە ئاماژە بەوە دەدات کە زۆرێك لەو لێکۆڵەرانەی کار لە بواری وتاردا دەکەن تەنها دەستنیشانی ( پێشەکیو کۆرپەدەقو ئەنجام ) دەکەن، بە بێئەوەی ناونیشان جیابکەنەوە. لە راستیدا ئەم پۆلکردنە لە رووی زانستیەوە کورت دەهێنێت، چونکە وەك لە بەشەکانی دیکەدا دەخرێتەڕوو ناونیشان لە رووی واتاوە لەسەر ئاستی □ سیمانتیك یان پڕاگماتیك□ وابەستەگییەکی بەهێزی لە گەڵ بەشەکانی تری وتاردا هەیەو بە کلیلی کردنەوەی وتارەکە دادەنرێت، بۆیە ناتوانرێت ناونیشان فەرامۆشبکرێت.




داڕشتەی(2-1) دروستەی وتار

★ زاراوەی □> کۆرپەدەق □< بە بۆچوونی د. محەمەد مەحوی لەبارو گەنجاوە بەرامبەر بە □<Body>□ لە زمانی ئیگلیزیو □> الجسم <□ لە زمانی عەربیدا.

## 2-2/1 ناساندن


دەق لە چوارچێوەی زانستێکدا لێیدەکۆڵرێتەوە، کە بە ( زانستی زمانی دەق - علم اللغة النص ) ناسراوەو سێ بواری گرتووەتەخۆ:

((1- تیۆری دەق

2- شیکردنەوەی دەق

3- زانستی پراکتیکی دەق))[1]

زانستی زمانی دەق بۆ هـ. واینریچ  H.Weinrich دەگەڕێتەوە، کە لەم سەدەیەی دوایدا سەرکەوتنێکی گەورەی بەخۆوە بینی، R.Harweg دەڵێت: ((زانستی زمانی دەق تازەترین لقی زمانە)) [2] بەپێی وتەی Harweg بابەتی زانستی زمانی دەق،  دروستەی دەق- بناء النص ە، بەواتا یەکەیە کە لە یەکەکانی زمان، کە دەکەوێتە سەرو رستەو بە مەش مەودای زانستی زمانی فراوانتر کرد، بە شێوەیەك کە لە رستەوە پەڕیوەتەوە بۆ دەق، بەمپێیە گەورەترین یەکەی زمان دەقە نەك رستە وەك لە دارشتەی (1- 3) دا نوێنراوە:




دارشتەی( 1-3) گەوررەترین یەکەی زمان بەپێی دەق

هەروەها Harweg ئاماژە بە رەوانبێژیو شێوازبەندی دەدات کە لێقێك بوون لە لقەکانی پێشتری زانستی زمانی دەق، بەواتا دەق گەورەترین یەکەی شیکردنەوەی زمانە، بەپێچەوانەی بلومفیلدو لایەنگرانی کە رستە بە گەورەترین یەکەی واتاداری سەربەخۆی زمان پەسندەکەن .

---

1- زتسیسلاف واورزنیاك، سعید حسن بحیری: [2003: 35 ]

2- سەرچاوەی پێشوو: [ 36 ]

دژیاری  قوتابخانەی دروستەیی بلومفیلدو قوتابخانەی بەرهەمهێنانی چۆمسکی، زمانەوانانی بواری زانستی زمانی دەق پێیانوابوو نیشانەی بنەڕەتی زمان دەقە نـــەك ڕستە، چونکە پەیوەندیکردنی زمانیی بە هۆی ڕستەی پچڕپچڕەوە دروست نابێت، بەڵکو دەق پەیوەندیو تێگەیشتن دەهێنێتە ئاراوە. پ.هارتمان هەڵگری ئەم بۆچوونە بوو، لە نوسینەکانیدا گرنگی بە واتا دا، ئەوەی پێشنیازکرد کە واتا ڕۆڵی سەرەکی لە دیاریکردنی دەقدا هەیە، لێرەشەوە شەپۆلی واتایی لە چێوەی دەقدا دەرکەوتو گەشەی پێدرا.[1]

هارتمان- P. Hartmann بە پێی دوو ئاستی زمان، دەق شیدەکاتەوە: *

((1- ئاستی تەکنشینی  Sentagma، پێکهاتەی ڕێزمانی دەق دیاریدەکات.

2- ئاستی واتای سیمانتیکیو بەکارهێنانی زمان کە پێی دەوترێت جێنشینی- Paradigma))
.[2]

بەمپێیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی واتایی دەقێك پێویستە بۆ بنەمای زانیاریو کاریگەری ناوەکیو هۆکارە گواستراوەکانی دەرەوەی دەق بۆ ناو دەقو هەڵوێستو چوار چێوەی دەق بگەڕێینەوە.

برینکەر- Brinkar دەق بە چەند ڕستەیەکی یەك لە دوای یەکی پەیوەست بە یەك پێناسە دەکات، لەم ناساندنەدا برینکەر ڕستە بە بچوکترین یەکە دادەنێت کە ئاماژە بە دەق دەکات، هەر بەشێکیش لە دەق (ڕستە) بەهۆی نیشانەکانی خاڵبەندییەوە جیادەکاتەوە.

ئەم پێناسەیە شبلنر بە بازنەیەك گوزارشتی لێدەکات کە لە ڕووی لێڵی زاراوەکەوە وەك بۆچوونێکی نازانستی لێیدەڕوانێت،[3] چونکە دەق پێکهاتەیەکی تێکچڕژاوو ئاڵۆزەو ڕستە بەشە پێکهاتەیەکیەتی کە ئاماژە بەوەی دوای خۆی دەکات.

بە شیتەڵکاری ئەم بۆچوونە درسلەر- Dressler زاراوەکانی  کاموڵبوون/ کەمێتی  هێنایە ئاراوە، بەو مانایەی ڕستە لە دەقدا نە تەواوە نە سەربەخۆیە، بەڵکو وەك بەڵگەیەکی

---

1- سعید حسن بحیری: [ 2004: 94 ]

* Sentagma پەیوەندییە ڕێزمانیەکانی یەکەکانی ڕستە، Paradigma پەیوەندییە وتایەکانی ڕستە کە بەهۆیەوە پۆلە ڕەگەزەکانی زمان جیادەکاتەوە، بڕوانە :( فردینان دی سوسور، (1988)، علم اللغە العام، الترجمە د. یوئیل یوسف عزیز،د. مالك یوسف المطلبي : 142 )

2- سعید حسن بحیری: [ 2004: 99 ]

3- سەرچاوەی پێشوو: [ 96 ]

شێوازبەندی لە زانستی دەقدا دێتەئەژمار. ئەمەش زاراوەیەکی دی بە دوای خۆ یدا هێنا کە  داخراو لە خۆیدا  یەو ئەم زاراوەیە شێوازێکی تایبەتی بەدەق بەخشی، بەو مانا یەی دەق خۆی خۆی تەواو دەکاتو تەوەرێك بووە بۆ د یاریکردنی ئەم  کەمێتیی  ە ، بە وشەیەکی دیکە کەمێتی ئەو واتایە نابەخشێت کە دەق لێکدا نەوەی جیاواز هەڵنەگرێت، بە پێ چەوانەوە دەقە کە خۆی تەواو دە کاتو دەبێ تە ((و تەی ز مانی تەواوکراو بە واتا کانی خۆی)).[1]

ر ستە پەیوە ندی ز مانیو تێگەی شتن بەر هەمناهێنێت، بەڵکو تێپەڕا ندنی سنوری ر ستەو هۆ کارە دەرەکی یەکانی زما نە کە تێکڕا دەق ێك دە خولقێنن، لە را ستیدا ئە مەش هۆ کاری هاتنە دیتنی زانستی زمانی دەقە .

دەق تێپەڕاندنی ر ستەو پێکها تەکانێتی، کە لە شیکردنەوەو لێکدانەوە یدا پ شت بە بواری واتاییو کاریگەرییەکانی میتازمانو بەکارهێنانی هێماکانی زمان لە دەورو بەردا دەبە ستێت، لێرەشەوە گرنگی بە کردەی تێگەشتن دەدرێت.

لەم رووەوە سوین سکی یەکێ کە لەو زا نا زمانیا نەی گرن گی بە هۆ کارە ناوەکیو دەرە کیو کاریگەرییە پەیوەندییەکان دەدات لە بەرهەمهێنانی دەقدا.[2]

هۆ کارە کۆمەڵا یەتی، ز مانیی، دەروو نی، رام یاری، ئایینی، ئەب ستمی... پ ێودانگی چییەتو لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی دەقە بە تایبەت دەقی پڕاگماتیك کە بەکارهێنانی هێماکانی زما نە لە دەوروبەردا.

بەم پێیە سیمیس- Smith دەڵێت: ((دەق ئەرکی پەیوەندیکردنو کردەی گەیاندنە))[3] ئەمە شی لە کتێبێ کدا خ ستەڕوو، کە لە ژ ێر ناوی ( ت یۆری دەق، کێ شەکانی زان ستی ز مانو پەیوە ندیکردنی زمانی) دا بوو، لەم نوسینە شدا سیمیس پەیوە ستە بە ئەرکی پەیوە ندیکردنو پەیوە ندی ن ێوان زانستی زمانی دەقو لێکۆڵینەوەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی.

بە بۆچوونی سیون سکیو برین کەر هە ندێ پێکها تەو نی شانەی ز مانی هەن کە وەك و شەی تاكو سەربەخۆ دەبینرێن، بەڵام لە راستیدا دەقـــن بۆ نمونە ناونیشانی وێــنەکان، پەنـــدی پێـــشینان

---

1- سعید حسن بحیری: [ 2004: 96 ]

2- سەرچاوەی پێشوو: [ 97 ]

3- سەرچاوەی پێشوو: [ 98 ]

، قسەی نەستەق، ناونیشانی شیعرەکانە.[1]

ئەم بۆ چوونە زانستیانە برەو یان بە فراوانکرد نی سیمانتیکی داو لە بەرامبەر ئەمە گرنگی بە وا تای پراگ ماتیکی درا، کە یا ساو رێ سا رێزمانی یەکان رۆ ڵی کاریگەریان لە دیاریکردنی وا تای دەقدا نییە ، بەڵکو گرێدراوە بە دەورو بەرەوە، لەبەر ئەوە برینکەر لە پێنا سەیەکی تر یدا ژا نری پەیوە ندی پراگ ماتیکی خستەروو، بەوەی (پە سنکردنی دەق) توانای پەیوەندیکردن‌و ئەرکی پەیوەندیکردنە، لە هەوڵەکانیدا بایەخدان بوو بە پەیبردن بە مەبەستە شاراوەکانی دەق کە بە کردە قسە ئاڵۆزەکان گوزارشتی کردووە، لە لا یەکی دیکەوە پەیوەستی کرد بە دەوروبەرەوە.[2]

درسلەر واتای دەقی بە دەوروبەرەوە بەست‌و لەمەشدا ئاماژەی بەم هاوکێشەیە داوە :

1- T= S (+K+T)*

لە هاوکێشەی (1) دا دەق لە ر ستەو کۆی دەورو بەر پێکدێت یان دەق پێکها تەی چەندین دەقی ترە. هەر ئەمەش زاراوەی دەقئاوێزانی- التناص هێنایەکا یەوە کە شەپۆلێکی نوێی ئەدەبییە.

((لۆتمان- L.Loutman پێیوایە دەق پشت بەم پێکهاتانە دەبەستێت:

1- گوزارشت

2- سنوردیاریکردن

3- تایبەتمەندێتی

4- بار ))[3]

نو سینی دەق پەیوە ستە بە توانست‌و توا نای نو سەرەوە، لەم روانگە یەوە گلینس- H.Glins وا تای دەق بە توا نای زمانەوانی یەوە گرێداوەو هەوڵ یداوە ئەرکێکی نوێ بۆ زاراوە کانی رێزمانی گواستنەوەو بەر هەمهێنانی چۆمسکی زیادبکات‌و پا شان بە وا تای پراگماتیکی یەوە بیبەستێتەوە.

---

1- سعید حسن بحیری: [ 2004: 100 ]

1- سەرچاوەی پێشوو: [ 100- 101 ]

3- سەرچاوەی پێشوو: [ 105- 106 ]

* T = دەق، S = رستە، K = دەوروبەر

رۆ ڵی وا تای پڕاگماتی یك  لە گەیا ندنی دە قی و تاردا  بەهۆی  مەرجی دەورو بەرو بۆ نە کۆمەڵایەتیو هەڵوێستە جوداکانو بەکارهێنانی داتاکانی زمان چێدەبێت، هەروەك هاریسو براونو یول لە  شیکردنەوەی دە قدا ئا ماژە  بە  بەکارهێنانی ز مان دەدەن  لە دەورو بەرە کۆمەڵایەتییەکاندا، کەواتە یاسا باوەکانو مەرجەکانی واتاو پێشنیازەکانو زانیاری دنیاییو کردە پڕاگماتیکیو گۆکردنەوەکان کەرەسەی شیکردنەوەی دەقن.

## 3-2/1 دەربڕاوو رستە لە دەقی وتاردا

دەربڕاوو رستە یەکەی بنەمای جیاکردنەوەو بەراوردکردنی زانستی پڕاگماتیكو سیمانتیکە، ر ستە یە کەی تیۆریا نەی ئەبستراکتییەو لە چوار چێوەی ت یۆری رێزما ندا دەنا سێنرێت، لەبەر ئەوە ر ستە نە رووداوو نە با بەتی فیزیکی یە، بەڵکو دەربرینێ کی ئەبستراکتییە[1]، لە کاتێکدا دەر بڕاو کردەی فیزیکیو کورت خایە نە، بە وا تا کاتە کەی بە بوونی دەوروبەرەوە پەیوەستە، بەم پێیە یەکەیەکی پڕاگماتیکییە.[2]

(( ر ستە بێ کردار درو ست نی یە، بەڵام دەر بڕاو دەکر ێت ر ستەیەك، چەند ر ستەیەك، فرێزێك تەنانەت وشەیەکیش بێت)).[3]

لیڤنسنو بارهیلێل- Levinson& Barhillil پەسنی دەر بڕاو دە کەن بە چەند ر ستەیەك لە دەوروبەردا، ئاماژە بە پرۆپۆزەڵێك دەکەن کە واتای رستە لە سیمانتیكو وا تای دەر بڕاو لە پڕاگماتیدا دەپ شکنرێت، رێ چکەی ئەم بۆ چوونەش لە کاتز- Katz - ەوە وەردەگیر ێت، کە گریما نەی جیاکرد نەوەی بەکارهێنانی ر ستە لە دەر بڕاو کردووە بەوەی ر ستە پ شت بە دەوروبەر نابەستێتو واتاکەی بەهۆی ریزبەندی سینتاکسییەوە هەڵدەهێنجرێت، لە کاتێکدا دەربڕاو پەیکاڵی دەوروبەرەو بەهۆی رێزمانەوە واتاکەی لێکنادرێتەوە.[4]

کاتز پێشنیازی کردووە کە ت یۆری پڕاگ ماتیکی ئەرکی دەسەڵات شکانەوەیە بە سەر کۆ مەڵێك دەربڕاوو هێمای گۆڕاو یان ئاماژە، بەپێی ئەم یاسایە :

1- ئە (ب) = ژ (: ئە (ر + در)) = ژ * یـــــــان :

f (u) = p (or: f(s, c) = p)

---

1- Hurford& Heasley: [

2- Levinson: [1997: 18]

3- Hurford& Heasley: [

4- Levinson: [1997: 30]

* کورتکراوەی function بە F ، utterance بە U ،context بە C ، sentence بە r نیشانەکراون، بەڵام بە کوردی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەم هێمایانە کورتکراوەتەوە.

ئە = ئەرك

ب = دەربڕاو

ژ = ئاماژە ر = رستە  در = دەوروبەر

گازدەر-Gazdar ئەم یاسایەی کاتزی بە ئامانجنەپێکاو دا یە قە ڵەم، چونکە پێیوا بوو دەر بڕاو لە دەوروبەری تردا واتای دەگۆڕێت، لەبەرئەوە پێشنیازی یاسایەکی دیکەی کرد :

3- ئە (ب) = در (یان: ئە (ر، در)) = در . یـــــــــــان :

$F (U) = c$ (or: $f (s, c) = c$)*

ڤان دا یك- Van dij لە کتێبی ( دەق و دەرو بەر- Text and Context ) کە لە دوو بە شی سەرەکی سیمانتیك و پڕاگمات یك پێک هاتووە، پێیوا یە ((دەر بڕاو)) وەك کردە پێنا سە دەکرێت بۆیە پەسەندە لە بواری پڕاگماتیکدا بەکاربهێنرێت،[1] وەك لە پێ شەکی کتێبەکە شدا راڤەی کردووە (( دەربڕاو پەیکاڵی دەوروبەری پڕاگماتیکە، لە کاتێکدا رستە هەڵگری سیمای دەوروبەر نییەو پەیوەستە بە واتای رێزمانیو چوارچێوەی سینتاکسی رستەکە)).[2]

بەهەمان شێوە سێبستیان- Sebastian لە جیاکردنەوەی ئاستە واتاییەکانی:

((1- واتای دەربڕین

2- واتای دەربڕاو

3- واتای پەیوەندیکردن))

وا تای دەر بڕاو بە بەکارهێنانی وا تای دەر بڕین لە دەورو بەردا پێنا سە دە کات و ئەوە دەخا تەڕوو کە تەنها ئە سپێکتەکانی دەورو بەری دەر بڕاو با بەتی بیرو ئا ماژەو را ستی گوزارشتەکەیە :

((1- بەرهەمهێنەری دەربڕاوەکە.

2- وەرگر یان لێکدەرەوەی دەربڕاوەکە.

3- ئەو کاتەی دەربڕاوەکەی تێدا بەرهەمهاتووە.

4- ئەو شوێنەی دەربڕاوەکەی تێدا بەرهەمهاتووە)) [3].

کەواتە یاسای دەربڕاو بریتییە لە :**

3- دەربڕاو = رستە + دەوروبەر

---

[1]- Van dij: [1977: 190]

[2]- Van dij: [1977: 2]

[3]- Sebastian: [2002: 3-9]

* کورتکراوەی function بە F ، utterance بە U ،context بە C ، sentence بە r نیشانەکراون.

** بۆ زانیاری زیاتری بەراوردکاری رستەو دەربڕاو بڕوانە : [1990: 163-170] :LYONS

به گوێرەی ئەو زا نا زما نەوانیو لۆجیکیا نەی ورد تر لە سەر وا تای سیمانتیك کاردە کەن، هەوڵیا نداوە هەردوو زاراوە کە وا تای ر ستە لە وا تای دەر بڕاو جیابکە نەوە بە شێوەیەك یە کەمیان لە مەودای سیمانتیكو دووەم یان لە لێکۆڵیـنەوەی پڕاگماتیـکدا بەکاربهێنن. هەڵگرانی رێبازی بەرهەمهێنانی چۆمسکی بەراوردکردنی واتای رستەو دەربڕاو ( سیمانتیكو پڕاگماتیك) وەك بەراوردکردنی توانستو توانا دەکەن.[1]

بـنەمای جیاکرد نەوەی ئەم بەکارهێنا نە پەیوە ستەگیو ناپەیوە ستەگییە بە دەورو بەرەوە، لەبەر ئەوە زاراوەی دەر بڕاو لە هەردوو جۆری ز مانی نو سینو ئا خاوتن بە مەبە ستو نیاز بەکاردەهێنرێت، لەکاتێکدا رستە لە دەوروبەر ئازادە.

بەپێی ئەم لێکدانەوە یە لە درو ستەی و تاردا ( بڕوا نە: 1-2/1 ) بـچوکترین یە کەی دە قی سیمانتیکی رستەیەو دەقی پڕاگماتیکی دەر بڕاوە، شیکردنەوەی و تار وەك دە قی پڕاگماتـیك لە چەند دەربڕاو ێك پێ ـکدێت، کە بەهۆی (ئامرازە کانی بە ستن- conjunction و پەیوەندییەکانی بەندکردن- coherence )* پێکەوە دەبە سترێنەوە، بە گوزار شتێکی دیـکە بەهۆی پەیوەندیـ یەکانی نـ ێو دە قەوە پەیوە ندی دە قی یە کەم بە دە قی دووەم بە دە قی سێیەمو کۆتایی دەبەسترێنەوە.


شرۆڤەکاری پڕاگماتیکیا نەی ئەم لێکۆڵینەوە یە بەپێی بـچوکترین یە کە ئەنجا مدەدرێت کە دەربڕاوە، بەو مەبەستەی توێژینەوەیەکی ئەکادمیانە بهێنرێتە بەرهەم.

بەپێی بۆچوونی سیونسکیو برینکەر، ناونیشان هەمیشە لە دەق پێکدێت، بە پەسەندکردنی ئەم بۆ چوونە ناونیـ شانەدەقی پڕاگ ماتیکی و تار بە دەق دەستنیـ شاندەکرێت، بەڵام پێشەکییەدەقو کۆرپەدەقو ئەنجامەدەق لە چەند دەربڕاوێك پێکدێت، کە لە رووی واتا یەوە پەیوە ستە بە ناونیـ شانەدەقەوەو لە گۆ شەدا هەردوو ناونیـ شانەدەقو ناونیـ شانی گۆ شە هەندێکجار وەیەکن، هەندێجاری دیکەش واتاکانیان هاوبەندی یەکترن. (بڕوانە 3/2-2-2)

---

[1] محەمەدی مەحوی: [ 2001: 226 ]

* قەیس کاکل تۆفیق باس لەو پەیوەندیا نە دەکات کە دەقێك لە نـێو خۆیدا پا شان بە دەقێکی دیـکەوە دەبە ستێتەوە، بە مەش بە خـستنەڕووی هەردوو ئا ستی رێز مانو وا تا بە پـێی تیۆرە کانی دەقو کرتا ندنو بە ستنەوەو بریـتی خـستنو ئامازە کان، پەیوەندیـ یە واتا یەکانی دەق لە دە قە ئاخاوتنییەکا ندا شیدەکاتەوە، بڕوا نە ( قەیس کا کل تۆفـ یق: 2002، پەیوەندییەکانی نێو دەق) .




داڕشتەی ( 4-1 ) یەكەی دروستەی وتار بە پێی پڕاگماتیك

وەك لە داڕ شتەی (4-1) دا د یارە، وتار ێك كە بەپێی رێ ساو یا سا پڕاگماتیكی یەكان داڕێژرابێت، ئەوا ناونیشانەدەق بریتی دەبێت لە دەق، بەڵام هەر یەك لە پێشەكییەدەق و كۆرپەدەق و ئەنجامەدەق لە دەربڕاو پێكدێت.

## 3/1 توانستو توانا

### 1-3/1 توانستی زمان- ڕێزمان

بایە خدان بە □□ ز مانی دەرە کی -External language<< دەگەڕێ تەوە بۆ قوتابخانەی دروستەیی چاولێکەری بلومفیلدی یەکان، کە لە دە ستەبەرکردنی خە سڵەتەکانی زماندا پشتیان بە کۆکردنەوەی ڕ ستە بە ستووە، بەبێ ئەوەی لە شیکردنەوەیاندا بۆ هۆ کارە ناوکییەکانی ئاوەزی مرۆڤ بگەڕێنەوە.[1]

بلومفیلد- Bloom feld وەك دەروننا سێك لە روانگەی □□ هەژێنەرو بە دەنگەوەهاتن □□ دەڕوانێتە زمانو بە بەشێك لە رەفتاری مرۆڤی داناوە، بەم واتایە پتر هۆ کارە دەرەکییەکان کاردانەوەیان لەسەر فێربوونی زمانو پەرەسەندنی زمان دەبێت.[2]

سوسێر- Saussure پێیوایە، (( زمان فۆڕمە نەك ناوەڕۆك، بە پێڕەوێکی دەنگیی سەربەخۆ، پێناسەی دەکات، لەم رووەوە دوو چەمکی جیاکردووەتەوە:

ا- langue بەرامبەر بە زمان، تایبەت بە زمانێکی دیاریکراو، ئەو زانیاریانە دەگرێتەوە کە هەمان قسەپێکەرانی زمانێك لە ئاخاوتندا بەکاریدەهێنێت.

ب- Parole بەرامبەر بە هەڵسوکەوتی زمان، گوزارشتە لە توانای جێبەجێکردنی زمان )) [3].

سەرەتا کاری چۆمسکی لێکترازانی زمانی دەرەکی لە □□ زمانی ناوەکی- Internal language□□ و، جیاکردنەوەی هەردوو زاراوەی □□ توانست- Competence □□ و□□ توانا Performance- □□ بوو ، بە شێوەیەك کە توانستو توانا نزیك دوو چەمکە زمانییەکەی سوسێر بەکاردەبرا .[4]

---

[1]- Cook& Neweson: [1997:21- 26]

[2]- LYONS: [1990: 220]

3- هادی نهر: [1988؛ 39 ]، محەمەدی مەحوی: [ 2001؛ 12- 13 ]، LYONS: [1990: 23 ]

[4]- Cook& Newson: [1997: 22-23], LYONS: [1990: 220]

چۆمسکی به پێچەوانەی قوتابخانەی چاولێکەری بلومفیلدو قوتابخانەی سوسێرەوە، لە روانگەی ئاوەزی مرۆڤەوە راڤەکاری بۆ زمان کردووەو لە بەرجەستەکردنی خەسڵەتەکاندا گرنگیان بە هۆکارە ناوەکییەکان داوە .[1]

زمانی ناوەکی مامەڵە لەگەڵ زمان دەکات وەك ئاکاری ناو مێشکی مرۆڤ لەبری شتە دەرەکییەکان، لەبەر ئەوە زمان بە چەشنی تایبەتمەندێتی تاك لای چۆمسکی پێڕەوێکی نوێنراوە لە مێشکدا.

بەراوردکردنی هەردوو چەمکی تواناستو توانا بۆ بایەخدان بە زمانی ناوەکیو بانگەشەکردنی گۆڕانی زمانی دەرەکی بۆ زمانی ناوەکی دەگەڕێتەوە، بە ئامانجی دەرخستنی باری هۆشەکی زمانو راڤەکردنی زانیارییەکان وەك ئەوەی پەیوەستە بە ئاوەزی مرۆڤەوە، نەك هۆکارە دەرەکییەکان.

دەر بارەی هۆشەکی زمان چۆمسکی خاوەنی قوتابخانەیە کە بە نێوی ( بەرهەمهێنانو گواستنەوە )، قوتابخانەی بەرهەمهێنان بەوە لە قوتابخانەی سوسێر نزیکدەبێتەوە کە پەیوەستەبە بەراوردکردنی توانستو تواناوە.

توانست، زانیارییە زمانییەکان- Knowledge Language >> ی قسەکەر دەگرێتەوە، بەواتا هەموو ئەو زانیاریانەی قسەکەری زمانێك بە شێوەی شاراوەو نادیار دەر بارەی زمانەکەی هەیەتیو بەهۆیەوە دەتوانێت هەزارەها رستەو دەقی ئاڵۆز بەرهەمبهێنێت.*

چۆمسکی لە جیاکردنەوەی توانستی رێزمانی، دەنگ، سیمانتیك، پراگماتیك، پتر گرنگی بە توانستی رێزمانی دەدات، کە بە زمانی ناوەکی مێشکی مرۆڤ پەسنی دەکات، بەمەش لە بەکارهێنانی زمان use of language جیایدەکاتەوە، کە گرێدراوە بە باردۆخو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانەوەو هۆکارە دەرەکییەکان کاریگەری سەرەکیان لە بەکارهێنانی زماندا دەبێت، لە کاتێکدا توانستی رێزمانیی زگماکەو منداڵ بە زگماکی توانستی وەرگرتنو

---

[1]-Cook& Newson: [1997: 22-23], LYONS: [1990: 8, 218-235], Cook, Neweson: [1997:21]

* بۆ زانیاری زیاتر پەیوەست بە زانیاری بڕوانە: Victoria Fromkin .Robert Podmar: [1988: 4-12]

فێر بوونی ز مانی هە یە، ((تواﻧ ست  لە زمانێ کداو تواﻧ ست وەك توا نای وەرگرﺗ نی (ز مان پژا ندنو ز مان فێر بوون) و  بەکاربردنی زمانە کە هەمی شە ئاڕا ستەکردنەکەی  بەرەو  بۆ توا نای جێبەجێکرد نە.))[1] لەبەر ئەوە تواﻧ ستی رێز مان  سەربەخۆیەو ناوابە ستەیە  بە دەوروبەرەوە، بەڵکو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە قسەکەر چی دەر بارەی  درو ستەی  قوڵی  deep   structure  زمانە کەی دەزاﻧ ێت،  یاخود  چۆن ز مان وەردەگر ێتو زانیاری یەکان بەکاردەهێنێت، بۆیە توانست دەرخەری باری هۆشەکی زمانەو وابە ستەی  هەڵهێنجانی یا ساو رێساکانی زمانێکی دیاریکراوە، کە بەهۆی تواناکەیەوە یاسابەند دەکرێت.

توانا بەکارهێنانی کردەکی زمان یان هەڵسوکەوتی زمانە، لە رێگەی تواناوە  پەی  بە تواﻧ ست دەبرێتو وێنەگرتنی نیشانەو ئەسپێکتە رێزمانییەکانی نێوان فۆڕمو واتان.  بە دەربڕاوێ کی دیکە، توانستی رێزمان بە ئەنالۆژی لەگەڵ توا نای دەربڕی ندا وەک یەکنو بەهۆ یەوە  پەی  بە مۆدێلی توانستە زمانییەکە دەبرێت.[2]

---

1- محەمەدی مەحوی: [ 2001: 228- 229 ]

2- سەرجەم ئەم زانیاریانە لە سەرچاوەکانی : [1999: 31-35] :SMITH

LYONS: [1990: 162, 216, 25 238] وەرگیراوە.

## 2-3/1 توانستی پڕاگماتیکی

با سکردنی تواذ ستی رێز مان سەرەتایەکە بۆ نا سینو روونکرد نەوەی تواذ ستی پڕاگماتیك، ئەگەرچی چۆمسکی کەمتر لایەنە ئالۆزەکانی ئەم چەمکەی خستووەتە بەرباس.

لەبەرامبەر توانستی زماندا ئاماژە بە چەمکێکی تر دەدرێت کە نەبوونی تواذ ستی ز مان Incompetence-ە، ئەمیش کەمی زانیاری یە دەر بارەی یا ساو رێ ساکانی زمانە کەو نەزانینی پێکەوەهاتنی وشەکان لە رستەی درێژتردا، پەیوەست بە مە تیۆری کەمێتی Deficit theory لە کەمتوانستی ئەو منداڵا نە دەدو ێت کە سەر بە پۆ لە نز مەکانی کۆ مەڵنو ناتوانن بیرەکاذ یان بە ر ستەو دە قی ئاڵۆزو چڕ دەر ببڕن، بەڵکو لە کاتی وەڵامدا نەوەی پر سیاری ئاڕا ستەکراوی مامۆ ستاکانیاندا و شەی تاكو ر ستەی کورت بەکاردەبەن.

بە پێی تیۆری کەمێتی ئەم پۆ لە منداڵا نە بە بەراورد لە گەڵ تواذ ستی مندا ڵەکانی دیکەی هەمان پۆڵو تەمەندا، توانایان لاوازە - >> low performance ، ئەمەش پەیوەندی بە دەوروبەرو ئەو فەرهەنگەی لە ژینگەکەیەوە وەریدەگرێت هەیە، بۆ یە هۆ کاری کەمتواذ ستی م ندالْ بۆ کەمتواناییو نەگونجاوی دەورو بەر دەگەڕێ تەوە، بەمپ ێە ئەو منداڵا نەی لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی رۆشنبیریدا دەگوزەرێن، هەر لەو ژینگە یەوە داتا کانی زمانە کەی وەردەگرێتو فێردەبێت، لە کاتێکدا منالّی هەمان تەمەنی دەورو بەرێکی باڵای کۆمەڵا یەتیو رۆ شنبیریو ئا شنا بە تەک نەلۆژیا نوێ کانو بەکارهێ نەری ئامێرە وریا کەرەوەکان خاوەن زیرەکی لێهاتوویيو کارامەیی جیاواز لە پۆلەکەی دیکەنوخاوەن توا نای تێکردەو دەر کردەی رستەو دەقی رێزمانی بەهێزنو توانای شیکردنەوەو ئەفراندنی دەربڕاوی وەهایان دەبێت کە هەڵگری سیمای پڕاگماتیکی بن.[1]

( کارۆلین بۆون- Caroline Bowen لە لێکۆڵینەوەی- Semantic and pragmatic language Difficulties بەپێی زانستی- (SPLD) باس لە بێتوانایی منداڵ بۆ وەرگرتنی دە قی پڕاگماتیك لە دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتیدا دەکات، بۆ نمونە ئەو وشانەی لە دەوروبـەرێکدا بۆ خۆشەویسـتـکردن، یان تیـێکدانو شێوانـدنو چەواشەکردن، نائومێدکـردن، گاڵتـەپێکردن بەکاردەهێنرێت منداڵ ناتوانێت

---

[1]- Hudson: [1993: 214-215]

وەریانبگرێت یان بیانناسێتەوە، کە هەموو ئەم مەبەستانە پەیوەستن بە کارامەیی مرۆڤەوە)[1].*

 توانستی پەیوەندیکردن Communicative Competence  یەکێکە لەو توانا زمانیانەی لەلایەن دیل هامزەوە- Dill Hymze داڕێژراوە، زانیارییە پێویستییەکانی قسەکەرو گوێگر بۆ دروسبوونی پەیوەندییەکی دروستو شیاو دەگرێتەوە، بەشێوەیەکی بەرفراوانتر لە بنەما زانستییەکانی توانستی زمانی چۆمسکی- Ch0msky دەردەکەوێت، کە تەنها زانیارییەکانی یاسای زمانە.[2]

زانیاری توانستی پەیوەندیکردن پەیوەستە بە لەیەکترگەیشتنو حاڵیبوونی نێرەرو وەرگرەوە، کە بە تەنها بە زانیاری رێزمان چێنابێتو هەندێ فۆڕمی زمان بە پێی واتای سیمانتیکی کە ئاماژە بە واتای رێزمانی دەدات شیناکرێتەوە، بەڵکو پێویست بە ئاستێکی دیکەی زمان دەکات کە ئاستی پڕاگماتیکە.

هایمز پێیوایە توانستی پەیوەندیکردن بەهۆی رستەی رێزمانییەوە ناهێنرێتە بەرهەم، بەڵکو بەهۆی  گونجاو  Appropriate**ی لە زماندا و سەلیقەی لە چۆنێتی بەکارهێنانی زماندا دەهێنرێتە دیتن.

نێرەر بەمشێوەیە توانستە زمانییەکە وەردەگرێت، کە کەیو چۆن قسە بکات ؟ چی بڵێت ؟ لە کوێو بە چ شێوازێك پەیوەندی بکات، ئەم توانستە بەشێکی جیاوازە لە هەڵوێست، بەها، سۆزەکان، کە بۆ لێکدانەوەی پڕاگماتیکیانەی دەبڕاوێك گرنگن، چونکە پڕاگماتیك یاسای بەکارهێنانی هێماکانی زانستی زمانە لە دەورو بەردا. بە پێی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەو منداڵانەی لە ژینگەیەکی نەشیاوی رۆشنبیریدا گەورە دەبن، ئاستی کارامەیی کە سییان لاوازەو ناتوانن دەقی پڕاگماتیکی دەربڕن، بەمەش توانستی زمان ( بڕوانە: 1-3/1 ) لەگەڵ توانستی پڕاگماتیك پێکەوە توانستی پەیوەندیکردن دیاریدەکەن.

---

1- http://members.tripod.com/Caroline_Bowen/spld.htm

* (SPLD) کورتکراوەی (semantic- pragmatic disorder in some literature)، بە واتا لێڵی سیمانتیك- پڕاگماتیك لە وێژەدا، بە تایبەت لای منداڵ کە ئاستی وەرگرتنیان بۆ واتای پڕاگماتیك لاوازە.

2- Hudson: [1993: 219-224] , Levinson: [1997: 25]

** Appropriate< بەپێی فەرهەنگی: David Crystal:[ 2003: 30] زاراوەیەکی تایبەت بە زانستی زمانە، بە تایبەتی لە بوارەکانی زانستی زمانی کۆمەڵ، زانستی پڕاگماتیك، زانستی شێوازبەندی- STYLISTICS دەربارەی فۆرمێکی زمانی، کە لە بۆنەیەکی تایبەتدا واتایەکی گونجاو بدات بە دەستەوە بەکاردەهێنرێت.

تواذ ستی پڕاگماتـ یك چۆنێتی بەکارهێنانی زانیاریـ یەکانی زما نە لە دەورو بەردا، بە پێچەوانەی توانستی ڕێزمانەوە زگماك نییە، بەڵکو لە دەورو بەرو بارودۆ خە کۆمەڵا یەتییو سیا سیو کولْ تورییو رۆ شنبیرییەکانەوە وەردەگیر ێتو بەهۆی دا تای ئەزمونبەندا نەوە لە مێ شکدا دەچە سپێت، هەروەها پەیوە ستە بە یا ساکانی رێکـکەوتن، ئەو یا سایانەی کۆ مەڵ لەسەری کۆکە بۆ بەکارهێنانی دەربڕاوێکی میتافۆر بۆ کردەی لێکگەیشتن:

4- تەنها لە ئاشتیدا خەونەکان باڵ ئەگرن.*

5- فیستیڤاڵی پڕتەقاڵ

لە (4، 5 ) دا فۆرمەکان لە ئاستی تەکنشینیدا نا تەبانو واتا یەکی درو ستو گو نجاو لە سەر ئاستی سیمانتیك بە وەر گر ناگە یەنن، بەڵکو پەیکاڵ بە بارودۆخی هێنانەبەر هەمیان لە ئاستێکی دیـکەدا واتابەخـشن کە ئا ستی پڕگماتیـکە، وەكـ ئەوەی مەبە ست لە دەر بڕاوی (4) دەربڕ ینی هە ستی جوانیو بە هیوابوو نە لە ژ یان، دە قی (5) هەلو مەرجی ناونیـ شانی دەستەیەکی خوێ ندکارە کە بێلایەنا نە رەخـنە لە کەلێ نە جیاوازە کانی کۆ مەڵ بە تایـبەت پەیوەست بە خوێ ندکار دە گرن، چەندان فۆرمی دیـکە میـ تافۆری هەن کە لە دەورو بەری ئەدەبیدا، توانستی پەیوەندیکردنیان هەیە بە وەرگرەوە.

دیدی لیڤنـسن بۆ زانـستی پڕاگماتـ یك پـ شکنینی رێـساکانی **توانا یە** لە بەکارهێنانی زما ندا، هە ندێك لە زانا کانی ز مان پێیانوا یە **دەورو بەر**- Context خاڵی جیاکرد نەوەی ڕێزمانو پڕاگماتیکە، کاتزو فودەر لە تـ یۆری زانـستی پڕاگماتیـکدا پێـشنیازێکی سەرەتاییان دەر بارەی بەرجە ستەکردنی دەورو بەر کردووە، بەو ئاما نجەی دەورو بەر وا تا شاراوەو لێڵەکانی رستەو دەق دەرەوێنێتەوە.

کەواتە دەوروبەر کەناڵی گەیاندنی دەقی پڕاگماتیکییە، بۆ نمونە لە دەقێك یان دەربڕاوێکی گاڵتەئامێز- Ironic یان بەها شکاندن- understand mate بەهۆی ئەو دەوروبەرەی دەقەکەی بەرهەمهێناوە واتاکەی دیاریدەکرێت.[1]

---

1- ئەم نمونەیە لە : بکر عومەر عەلی : [2000: 8 ] وەرگیراوە.

[1]- Levinson: [1997: 8]

لیڤنسن- Levinson کێشەی بۆ چوونەکەی کاتز- Katz، سیمیس-Simith، وڵسن- Willson و کامپسۆن- Kampson به جفرەکرد نی نیشانەکانی درو ستەی زمان دەخا تەڕوو، بەوەی هەندێك جار ئەسپێکتەکانی درو ستەی زمان راستەوخۆ بەهۆی نیشانەکانی دەورو بەرەوە بەکۆددەکرێنو ناتوانرێت سنورێکی لەیەکترازاو لە نێوان توانستی پراگماتیکی وابەستە بە دەورو بەرو توانستی رێزمانی ناوابەستە بە دەورو بەر بکێشرێت، لەبەر ئەوە لیڤنسن پراگماتیك بە پەیوەندی نێوان زمانو دەورو بەر یان بە رێزمانیکردنی دەورو بەر پێناسە دەکات .[1]

(( کەرەسەکانی پەیوەندیکردن بە دەوروبەرەوە بریتییە لە :

1- بەکارهێنانی زمان  Language Using

2- جیهانی هۆشەکی  Mental World

3- جیهانی کۆمەڵایەتی  social World

4- جیهانی فیزیکی  Physical World))[2]

نیشانە پراگماتیکییەکانی کاتو شوێنو کەس لە چوار چێوەی چوار کەرەسەکەدا بە پێی گرنگی لە پراگماتیکدا رۆڵی لەیەکتر گەیشتن دەبینن.

لە بەرهەمهێنانی دەقی پراگماتیکدا، دەوروبەری زمانەوانیو دەوروبەری ئەبستمیو زانیاری دنیایی بنەمای چەسپاندنی توانستی پراگماتیکین لە مێشکی مرۆڤدا، کە بەگشتی لە داڕشتەی ( 1- 5) دا بەرجەستەکراوە:

---

[1]- Levinson: [1997: 9]

[2]- Jef Verschueren: 2003: [73-95]

6- توانستی زمان- جیهانی- Universal ⟵ ـــ ـ ـــ ـ ـــ زگماکه

↓

7- توانستی پڕاگماتیك ⟵ ـــ ـ ـــ ـ ـــ دەرەزمان ( سیمانتیك مەرجی راستی و راستیپێکان ) + دەوروبەر [1]

تواناو کارامەیی کەسی

فەرهەنگو یاسای زمان | رۆشنبیریو زانیاری دنیایی

دارشتەی (5-1) توانستی پڕاگماتیك

له (6) دا توانستی زمان، زانیارییەکانی رێزمانی قسەپێکەرانی زمانێك دەگرێتەوە، بە واتا یاساو رێساکانی نێو مێشکی مرۆڤ، بە پێچەوانەوە (7) بەکارهێنانی زمانە لەو دەوروبەرە دەرەکییەی کەرەسەیەکی پڕاگماتیکی تێدا بەرهەمدێت، بەمپێیە دەسنیشانکردنی توانستی پڕاگماتیك لە دەقی نوسراودا پەیوەستە بەجۆرو چۆنێتیو چەندێتی زانیاریە دەرەکییەکانەوە، کە توانای دەربڕینی واتاو مەبەستەکان یان کارامەیی کەسی بەهێزدەکەن.

واتا بەپێی گەیاندنی واتای سیمانتیکیو مەبەست بۆ دوو جۆری گرنگ جیادەبێتەوە :

(( 1- واتای زمانی Meaning Language

2- واتای قسەکەر Meaning Speaker )) [2]

نێرەر پەیامەکەی بەپێی دەوروبەر یان أ- وتـــــراوەکـە دەقاودەق- Literally هێماو وشەکان دەردەبڕێت، یان ب- دەربڕاوەکە واتای نادەقاودەق- Non literally ی دەبێتو لە پشت هێماکانەوە دەربڕ مەبەستی پەیامەکەی دەگەیەنێت، وەك پلار- Sarcasm، گاڵتەوگـــــەپ- Irony و میـــــــتافۆر- Metaphor

1- چاوپێکەوتن: محەمەد مەحوی: [ 2007 ]


2- Adrian, Richard.A, Ann.K, Robert.M: [1995: 215-217]

بڕوانه دارِشتەی ( 6-1 )*، ئەم جۆرەیان له واتا که چۆنێتی بەکارهێنانی زما نه مەبه ستی پڕاگ ماتیکی دەگرێ تەوەو بەهۆی دەورو بەرو باری کۆمەڵایەتیِ یەوە پەیوەندییه که دروستدەبێت.

بەپێی تویێژیِ نەوەکانی پڕاگمات یك، ز مانی ڤ سەکردن کراوه ته کەره سەی لێکۆڵیِ نەوەو سەلماندنی را ستی زاذ ستەکە، چونکه له پرۆ سەی پەیوەندیکرد ندا دەورو بەر کاریِ گەری سەرەکی له کردەی لەیەکگەیِ شتندا دەبێت، هەر لەم رووەوە دەورو بەر دەر بڕاوی و تراوی پڕاگماتیکی دێنێتەبەرهەم.

---

* هێڵکاری ( 1 - 6) له Adrian, Richard.A, Ann.K, Robert.M: [1995: 215-217] وەرگیراوە.




دارِشتەی ( 6-1) جۆرەکانی واتا

بەشدارنەبوونی راستەوخۆی □□ دەوروبەر □□ لە دەقی نوسراو بە تایبەتی و تار کە زمانو دەربڕینێکی ئاڵۆزەو خوێنەری ئاسایی درو ست مەبە ستەکانی بۆ شیناکرێتەوە ئەگەر پێشینەیەکی پڕاگماتیکی نەبێت، بۆیە زانیاریو رۆشنبیری دەبێتە خاڵی بەراوردکردنی دەقی نوسراو/ و تراو، دەشێت □□دەورو بەر□□ بەشێوەی نادیارو شاراوە لە پشت درو ستە میتافۆرەکانەوە دەربکەوێت، لە کاتیکدا لە دەقی و تراودا دەورو بەرەکان ئاشکران، بۆ نمو نە دەورو بەری زمانەوانی بەهۆی□□ ئاوازە□□ وە، یان بەهۆی دەورو بەری فیزیکی یان کۆمەڵایەتی مەبەستەکان ئاسانتر لێکدەدرێتەوەو دەگەیەنرێت.

## 4/1 واتــا

بەپێی لێکۆڵینەوە زانستییەکان، لەسەر ئاستی سیمانتیك ئا ماژە بە چەندین جۆری واتا دراوە، لیچ باس لە حەوت جۆری وا تا دە کات[1]، لە کتێبی( Linguistics An Introduction (Language and Communication) وەك بەشێك لە ڕێز مان با سی وا تای سیمانتیکی کردووەو دوو جۆری سەرەکی لە واتای فسەکەرو واتای زمانی ئاماژە پێداوە (بڕوا نە: لا: 21)و نیشانە واتاییەکانی ڕاڤەکردووە[2]، هەر یەك لە احمد موختارو[3] د. نور الهدی پێنج جۆر لە واتا یان دەستنیشانکردووە[4]، سبستیان لە کتێبی SEMANTICS دا لە سەر بنەمای سمیۆتیك و کۆمەلایەتیو خوێندنەوەی وا تایی و لۆجیكی و پەیوەندی وا تاییو کرداربەندی جۆرو لقەجۆری وا تای سیمانتیکی باسکردووە، محەمەد مەعروف فەتاح سێ جۆر وا تای جیاکردووەتەوە((واتای هۆشەکی، واتای کێشەکیەتی، وا تای با بەتی))[5] سازان ڕەزا لە لێکۆڵینەوەکەیدا کە لەسەر ئاستی سیمانتیكو پڕاگماتیکە (9) جۆر لە وا تای و شەی (( چەمکی، بارکراو، شێوازی، درو ستکراو، ڕەنگدانەوەو هێمالۆجی، پێکەوەلکێنراو، با بەتی، دەروو نی، شاراوە))[6] جیاکردووەتەوە، بەگشتی لێکدانەوەی واتا لە دەقدا یان بەپێی واتای فەرهەنگی یان بە پێی واتای ڕستە یاخود بەپێی وا تای پڕاگماتیك چێدەبێتو خوێنەر پەی بە مەبەستی ن/ ر دەبات.

### 1-4/1 واتای فەرهەنگی (وشە) Lexicon Meaning

سیما جیا کەرەوەکانی و شەیەك هەمبەر بە و شەیەکی دیکە وا تای فەر هەنگی فەراهەمدەکات، کە ((دروستەیەکی ئالۆزی لە مێشکی بەکارهێنەرانی زما ندا هە یە ))[7] و واتا کەی پەیوەستە بەو واتایایەی لە فەرهەنگی زماندا تۆمارکراوە.

گوزارشتێکی سادە یان ئالۆز کە پێویستە بناسرێتەوە، ئە گەر توا نای داڕ شتەی ئاوێ تەیی (ئید یەم) نەبێت، ئەوا هەڵگری واتای فەرهەنگییە، هەموو ئەو وشەو داتا زمانیانەی لە ئاوەزی مرۆڤدا

---

[1]- Geoffrey Leech: [1978: 10-28]
[2]- Adrian, Richard.A, Ann.K, Robert.M: [1995: 213-218]

3- احمد موختار: [ 1982: 36- 41 ]
4- النور الهدی:[ 1995: 40- 41]
5- محەمەد مەعروف فەتاح: [ 1990 : 158- 163 ]
6- سازان ڕەزا: [ 2005: 12- 16]

[7]- Sebastian Lobner, [2002: 40]

خەزنكراوە دەگرێتەوە، بەمپێیە و شەو ناوەڕۆك بە ئەنالۆژی* وەكیەكن و وەك یەكە یەكی سیمانتیكی دەپشكنرێت.

(( گرنگترین بواری لێكۆڵینەوە، پەیوەست بە فەرهەنگی ئاوەزییەوە لەمانەدا كۆكراونەتەوە: ا- نا سینەوەی و شە ب- رێكخراوە یی ناوەوەی سیمانتیكیانەو مۆرفۆلۆژیا نەی فەر هەنگی ئاوەزیو پ- هێنانو گونجا ندنی زانیاریەكان لە ناوەڕۆكی گفتو گۆدا یان لە ناوەڕۆكی دەقدا))[1]

زمانەوانەكان ئاماژەیان بە چەند كێشەو گیروگرفتێكی زمان داوە كە لە چوار چێوەی فەر هەنگی ئاوەز یدا چارە سەر ناكرێت ، وەك (( 1- كێشەی رەگەزدۆزیو فرەوا تایی 2- وا تاو بەكارهێنان، شێوەو شوێنی لێڵی لە زماندا))[2]، بۆ روونكردنەوەو راڤەكردنی ئەم كێشەیەش پەنایان بۆ وا تای رستە بردووە.

## 2-4/1 واتای رستە (رێزمان) - Sentences Meaning

زاناكانی زمان گریمانەی ئەوە دەكەن كە واتاسازی بەشێك بێت لە رێزمان، وەك رستەو دەنگسازی، زۆرجار دەوترێت رێزمان پەسنی زانیاری قسەكەر دەكات، كە چ شتێك دەربارەی زمان یاخود توانستی زمانەكەی دەزانێت، ئەمەش هۆكارێكی زانستییە بۆ ئەوەی (واتا) بە بەشێك لە وەسفی زانیاری زمانی قسەكەر دابنرێت، هەروەها (( لە ڕوانگەی سیمانتیكی لێكدەرەوە هەم بۆ چۆمسكیو هەم بۆ ئەوانەی دیكە، ئاستی سینتاكسە، كە توانای هێزی بەرهەمهێنانی ڕێزمانی تێدایە.))[3]

(( ڤاندایك پێیوایە رێزمان بریتیە لە رژێمی تیۆری بۆ یاساكانی دروستەو واتا))،[4] بە جۆرێكی دیكە (فۆرمو واتا) پەیوەندی مۆرفۆسینتاكسو سیمانتیك دیاریدەكات، لەتەك ئەم رایەدا زۆربەی زمانەوان واتای وشە لە چێوەی واتای رستەدا دەپشكنن.

---

* زاراوەیەكە تایبەت بە زانستی زمانی مێژوویی و بەراوردكاریو وەرگرتنی زمان، پرۆسەیەكی یاسابەندییە كە كاریگەرە لە پەسەندكردنی دروستەیەكی رێزمانی لە زماندا، لاینز دەڵێت: ((ئەنالۆجی لە وشەی گریكی (analogia) وە هاتووە كە بە واتای یاسابەندی (regularity) دێت، بە تایبەت هێمای رێزمانو ماتماتیكە. ( بڕوانە :[LYONS: [1990:202] )

1- محەمەدی مەحوی: [ 2006: 12 ]

2- كلود جێرمان، ریمۆلۆبلان :و: د. یوسف شەریف: [ 2006: 26-36 ]

3- محەمەدی مەحوی: [ 2006: 4 ]

4- VAN DIJK: [1989:2-3]

لاینز- LYONS ئەوە ڕووندەکاتەوە کە واتای ڕستە لە هەردوو واتای فەرهەنگیو ڕێزمانەوە بەرهەمدەهێنرێت، بۆ نمونە :[1]

8- The dog bit the journalist. **

9- The postman pacified the dog. ***

شیتەڵکاری ڕێزمانی کلاسیکی بۆ جیاکردنەوەی واتای سیمانتیکی (8،9) پەیوەستە بە ئەرکی ڕێزمانییەوە، کە سەگ لە (8) دا بکەرەو لە (9) دا بەرکارە، بە هەمان شێوە ڕۆژنامەنوس لە (8) دا بەرکارەو لە (9) دا نامەبەرە کە بکەرە، بەراوردکردنی سیمانتیکیانەی ڕستەی (8، 9) بەپێی قوتابخانەی نوێباو جیاوازی پەسنەکەرانەی هەیە، کە پەیوەستە بە "" مەرجی ڕاستیو ڕاستی پێکان- Truth condition "" ی لێکسیمەکانەوە، واتە لە بووندا سەگ گاز لە منداڵ دەگرێت، نەك بە پێچەوانەوە، پێچەوانەیی ئەم ڕستەیە نامۆبوونی واقیع دەردەخاتو دەبێتە جێی بایەخو گرنگی ڕۆژنامەنوسان.

لاینز- LYONS لە تەك مەرجی ڕاستەقینەدا، کە گرێدراوی واتای سیمانتیکییە باس لە ""بەهای ڕاستیو ڕاستیپێکان -Truth value"" دەکات، بەو پێیە ڕاستو هەڵە لە ڕستەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێمایانەی ڕستەکەیان پێکهێناوە.

10- هاوڕێکەم ئێستا دەگات.

لە ڕستەی (10) دا وەك دەکرێت بەهۆی هێزی گۆڕاوی نیشانە (م) و هێمای " هاوڕێکەم " و ئاماژەی کاتی ئێستاو کردارەکەوە، کە نرخی ڕاستەقینەن، تا کاتێکی دیارینەکراو لەسەر پێشنیازی نرخی ڕاستو هەڵەی ڕستەکە سوربین.

---

[1]-LYONS: [1990:156]

** سەگەکە گازی لە ڕۆژنامەنوسەکە گرت.

*** نامەبەرەکە گازی لە سەگەکە گرت.

11- بەفر سپییە.

نرخی راستەقینەی رستەی(11) کاتێك مەرجی راستەقینەی تێدا یە کە بەفر سپی بێت، واتە بەهای راستەقینە لە سپێتی بەفردایە.

چۆمسکی لە کتێبەکەیدا بە ناوی ( هەندێ لایەنی تیۆری رێزمانی- Aspects of the theory of syntax) ساڵی 1965 پێشنیازی ئەوەی کرد، کە ئاستی رێزمان لە ئاستی واتایی جیابکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە تیۆر یەکی هێنا یە ئاراوە کە بە تیۆری نموونەیی ناسرا. تیۆری ئاماژەپێدراو لە ئاست چارەسەرکردنی کێشەی لێڵی لە رستەکاندا شکستی هێناو بووە هۆی جیێی مشتومڕی زاناکانی زمان، ئەوە بوو واتای بەرهەمهێنان سەریهەڵدا، لاکۆف - Lacof وەك لایەنگری ئەم بۆچوونەو بۆ دەرخستنی جیاوازی رستەکان، گرنگی بە ئاستی رووکەش داو هەوڵی دا رۆڵی بەشداریان لە رووی واتاوە دەربخات ((بۆئەوەی پەیوەندییەکی لەبارمان لە رووی رۆنانی قوڵەوە دەست بکەوێت، دەبێت لایەنە لێکچووەکانی واتایی ئاستی سەرەوە بزانین، کە بەم پێیە پێویست دەکات دوو بارە توێژینەوە لە رۆنانی قوڵ لە ئاستێکدا کە زۆر دابڕاوترە لەو ئاستەی کە چۆمسکی پێشنیازی کردووە، بکەین))[1]. بەپێی بۆچوونی لاکۆف رستەکان پەیوەندی رۆنانی لۆجیکیو رێزمانی لە نێوانیاندا هەیەو لەوێوە دەست بە شیکارکردن دەکات.

چۆمسکی لە لێکدانەوەی واتاییدا تیشکی خستبووە سەر ئاستی قوڵی رستە، بەڵام لە دوای تاقیکردنەوەو بەراوردکردنی رستەکانو ئەو رەخنانەی روو بەڕووی بوونەوە گەشتە ئەوەی پێشنیازی ئەوە بکات، ((کە رۆنانی قوڵ لە مەودووا بە تەنیا ئەو ئاستە نییە کە خاوەنی جیاوگێکی وابێت کە لە رێگای ئەوەوە واتا پێشبینی بکرێتو لێك بدرێتەوە))[2] لەبەرئەوە بە فراوانکردنی تیۆریەکەی پێ شوی مۆدێلێکی دیکەی هێنایەکایەوە، کە بە تیۆری نموونەیی فراوانکراو ناساندی.

کردەی پەیوەندیو لێکەیشتنو لێکدانەوەی واتا لە ئاستی رستەدا دەستەبەر نابێت، پاڵەمەر هەمان بۆچوونی هەیە، پێیوایە هەندێ رستە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا یان بەهۆی ئاوازەو دەنگبەرزکردنەوەو هێزخستنەسەرو گۆڕینی دەنگەوە، واتای پێچەوانەکەی

---

1- کلود جێرمان، ریمۆلۆبلان :و: د. یوسف شەریف: [ 2006: 94]

2- سەرچاوەی پێشوو: [ 96- 97 ]

دەگە یەنێت بۆ نمو نە ( ئەوە کچە زیرەکەکە یە) پەیوە ستکردنی بە دەورو بەر یان بەهۆی دەوروبەری زمانییەوە مەبەستی رستەکە لە بەهاشکاندنی کچەکەدا دەردە کەوێت کە ز یرەك نییە*، بەمپێ یە ( وا تا - سیمانتیکو رێز مان ) هۆکار ێك نی یە ئا مانجو مەبە ستی نو سینو ئاخاوتنەکان فەراهەمبکات، بەڵکو پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی مرۆڤو رەوینەوەی لێڵی واتاکان لە ئاستێکی دیکەدا دەپشکنرێت کە پەیوەستی دەوروبەرەو بە ئاستی پڕاگماتیك ناو دەبرێت.

## 3-4/1 واتای پڕاگماتیکی

پەیوە ندی ئاڵوگۆڕکردنی بیرە کانی مرۆڤ لەنێو یەکتر یدا بە □□ مۆدیلی پەیام- MASSAGE MODEL □□ نا سراوە کە بیرۆکە کەی دەگەڕێ تەوە بۆ جۆن لۆکی فەیلە سوفو بنەما یەك بووە بۆ بیرە نوێ کانی سەردەم، هەروەك کاتز لە ئاڕا ستەکردنی پەیامی ن ێرەردا پێیوا یە بیرە کانی مرۆڤ بەهۆی فۆرمی دەنگی یەوە بەپێی یاساو رێسای زمانەکە لە دەربڕاوێکدا دەنوێنر ێتو لە رێگەی وا تا بەکۆدکراوەکانیا نەوە بۆ تێگەی شتن ئا مادە دە کرێن، ئەم مۆدێ لە پرۆ سەی پەیوە ندیکردنی زمانی یە لە ن ێوان قسەپێکەرانی زمانێ کدا، کە زان یاری هاو بەش کۆ یان دەکا تەوە، بەمپ ێە ئەو پەیا مەی لە مێشکدایە لە رێگەی زانیاری زمانەکەوە دەنگو رستەو واتا بەکۆد دەکرێنو ئاڕاستەی وەرگر دەکر ێت بە هەمان شێوە وەر گر لە پرۆ سەی ج فرە لێکدا نەوەدا پەیامە کە شیدەکاتەوەو واتاکان هەڵدەسەنگێنرێت.[1]

پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای توانستی ز مان درو ستدەبێتو بەردەوا مدەبێت، بەڵام نا شێت بەردەوامبوونێکی سەرکەوتووانە بێت، چونکە ئەو رستەو دەربڕاوە فرەوا تاو لێڵا نەی ن ێرەر بەکۆدی دە کات ئەنجامی نێ گەتیڤی لە سەرنەکەوتنی پرۆ سەکەدا لێدەکەوێ تەوە، کە ناتوانرێت لە چوارچێوەی □□ مۆدێلی پەیام □ Messag model□□ دا چارەسەربکرێت.[2]

---

* بڕوانە : palmer: [ 1981: 41]

1- Adrian, Richard.A, Ann.K Robert.M: [1995: 346- 352]

2- سەرچاوەی پێشوو: [ 346 ]

یەکێك  لە کێ شە د یارو ئا شکراکانی تێگە شتنی وا تا،  کە وابە ستەی فۆرمدرو ستی ئا ستی روکەشی رێزمان نییە، واتای پراگماتیکە.  ئەم چە شنە واتا یە  بەهۆی دەورو بەرەوە واتا کەی وەردەگیرێتو لێکدەدرێتەوە، لەبەرئەوە پێشنیازی مۆدێلێکی تر کرا بە ناوی  مۆدێلی هەڵهێنجان- Inference model . ئەم مۆدێ لە  چۆنێتی فێر بوونی پەیوە ندیکردنی زمانی یە،  کە تیا یدا  بروا هەمەچە شنەکانو گریما نەکان (( 1- گریما نەی زما نەوانی- 2Linguistic presumptio - گریما نەی گەیا ندن- 3 Communicative presumption- گریما نەی وتوو ێژکردن 4- presumption of Literalness  گریما نەی و ێژەیی  Conversation presumption))[1] بە شداریدەکەنو  چەند  ستراتیژێکی پەیوە ندیکردن دەگرێتەوە.

ن/ر  بە لەبەر چاوگرتنی گریما نەکان ئا سانتر  لە کێ شەی پەیوە ندیکردنی  بەدحاڵیبوون دەربازدەب ێتو پەیوەندی یەکی  سەرکەوتووانە م سۆگەردەکات، بە شێوەیەك  کە خوێ نەر دەتوانێت جگەلە بەڵگەو واتا دەقاودە قەکان، وا تا نافۆرمی یەکان  لە دەورو بەردا بنا سێتەوەو ناوەرۆکەکەی لە سیمانتیك جیابکاتەوەو مەبەستەکەی وەربگرێت.

---

[1]- Adrian, Richard.A, Ann.K Robert.M: [1995: 343]

## 5/1 سیمانتیك‌و پراگماتیك- دەوروبەر- لە وتاردا

### 1-5/1 سیمانتیك‌و پراگماتیك

بەراوردكردنی زمان- Langue هەڵسوكەوتی زمان- Language behavior، هەروەها تواناستو توانا، خاڵی لێدوانو بە ستنەوەی سیمانتیك‌و پراگماتیكە، هەردوو كێڵگەكە لە بواری واتایی دەكۆڵنەوە بەڵام دوو بەكارهێنانی جیاواز لە واتای كرداری‌و مەبەستی گەیاندنی پەیامدا .

ئەگەر د = دەق ئەوا بە بەرجەستەكردنی پرسیارەكەی لیچ، واتای سیمانتیك‌و پراگماتیكی دەق بەم شێوەیە گوزارشت دەكەینەوە :

12- واتای پەیوەندییە واتاییەكانی د چییە ؟ لەبری واتای X چییە ؟

13- مەبەست لە پەیوەندییە واتاییەكانی د چییە؟ لەبری مەبەست لە پەیوەندییە واتاییەكانی X چییە ؟

لیچ- Leech پێیوایە پەیوەندییە واتاییەكانی (12 )پەیوەندییەكی دوو لایەنەیە -dyadic ، بەگشتی زانا كانی زمان واتای (12 ) بەپێی ئاستی قوڵو یا ساو رێ ساكانی رێزمان لێكدەداتەوە، بەمەش پەیوەندییە واتاییەكانی (د) لە (12) هەڵگری واتای سیمانتیكن، بەڵام پەیوەندییە واتاییەكانی (13) كە پەیوەندییەكی سێ لایەنەیە- triadic وابەستەی دەوروبەر دەكات‌و وەك چۆنێتی بەكارهێنانی زمان دەیپشكنێت، لەمەشدا مەبەست لە (د) لە (13) دا هەڵگری واتای پراگماتیكە).[1]

سەرەتا فەیلەسوف‌و زمانەوانە ئەنگلۆ ئەمەریكییەكان، لە لێكۆڵینەوەكانیاندا گرنگیان بە واتای پراگماتیك داوەو بۆ ناسینەوەی ئەم چەشنە واتایە پشتیان بە هۆكاری دەرەوەی زمان  دەوروبەر بەستووە.

ساڵی 1932 چارلس پێرس ئاماژەی بە سێ جۆر لە هێما دا ((1- ئایكۆن- Icon 2- نیشانە- Indices 3- سیمبۆڵ- symbol ))[2] سلیڤرستان- Silverstein لە شیكردنەوەی ئەم هێمایانەدا كە سەر بە تیۆری هێمالۆجییە، هەردوو چەشنی (1،3) بە پێی پێرەوی

---

[1]- Geoffrey Leech: [1996: 6]
[2]- ELIZABETH BATES: [1996: 2]

سیمانتیکی پەسنکردووە، بەو مانایەیەی لە وەرگرتن و تێگەیشتنی واتاکانیاندا پشت بە چوارچێوەی رستەو دەق و ئاستی رێزمانی و واتای فەرهەنگی دەبەستێت، بەڵام چەشنی (2) بەهۆی دەورو بەرەوە واتا کەی لێکدەدرێتەوەو لە چوار چێوەی بەکارهێنانی زمانەندا بەکاردەبرێت.

لیڤنسن لە پێناسەی پراگماتیکدا دەڵێت : (( تەنها پشکنینی ئەو ئەسپێکتانەیە کە زمان و دەورو بەر پێکەوە دەبەستنەوەو ئەو نیشانە واتایانە دەگرێتەوە کە بە پێی تیۆری سیمانتیکی لێکنادرێتەوە ))[1]، هەو ڵدەدەین روونکردنەوەی ئەم بۆ چوونە بەم نموونەنە بەرجەستە بکەین :

14- ئەگەر سەرۆکی هەرێم بوویتایە !

دەقی (14) ناونیشانی وتارێکی کوردستانی نوێیە، زیاتر لەوەی وتراوە مەبەستە، خوێنەر لە خوێندنەوەی ئەم ناونیشانەدا ئەو وێنایە لای خۆی دەخولقێنێت کە رەنگە ئەگەر سەرۆکی هەرێم بوویایە، ئەوا هەرچی بۆ خواستو بەرژەوەندی خۆی بوایە بیکردایە، بەڵام دواتر ئاشنابوونی خوێنەر بە چوار چێوەی دەقەکە، مەبەستەکە لە رەخنەگرتن و ناسازی حکومەت و کاربەدەستبەتایبەت وەزیرەکان ئاشکرا دەبێت، ئەمەش لە رۆژنامەیەکدا نوسراوە، کە رۆژنامەی حیزبی دەسەڵاتە بە تایبەت لە ناوچەیەکدا کە خۆی حوکمی دەکات، لە راستیدا رەخنەیەکی وەها لە ناونیشانەدەقدا رەخنەیەکی سەرنجراکێشە، بەڵام بەستنەوەی ئەم وتارە بە دەوروبەرو کاتی نوسینەکەوە، کە ماوەی ئاشکراکردن و کاربۆکردنی چاکسازی دامودەزگای حکومەت و ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، رادەی تێگەیشتن و حاڵیبوون پتر سەرکەوتووانە دێنێتەبەرهەم، کەواتە بە تەنها وەرگرتنی نیشانە سیمانتیکییەکان و فەرامۆشکردنی دەورو بەر، خوێنەر دوو چاری لێ لێ تێگەیشتن دەبێت و شیکردنەوەی دەربڕاوەکە شیکردنەوەیەکی نادروست دەبێت.

پراگماتیک وابەستەی دەورو بەری دەرەوەی زمانە، بەمەش لە فرەواتاو رەگەزدۆزی جیادەبێتەوە کە بەپێی دەوروبەری ناوەوەی رستە واتاکانی لێکدەدرێتەوە، بۆ نموونەو شەی مانگ لە هەندێ رستەدا فرەواتایەو سەر بە ئاستی سیمانتیکە، بەڵام لە هەندێ دەربڕاودا مەبەستی پراگماتیکە :

---

[1]- Levinson: [1997: 21]

15- مانگی داهاتوو بەرەو نیشتمانی دایك دەگەڕێتەوە.

16 - ئەمشەو مانگ گیرا.

17- روخساری مانگ بوو دەدرەوشایەوە.

و شەی مانگ بە پ یی دەورو بەری ناوەوەی ر ستەکە لە (15، 16) دا فرەواتا یەو لە فەرهەنگەوە وەرگیراوە، لەمبارەیەوە هەردوو زانا جێرمانو لۆبلان پێیانوا یە (( لێڵی وا تای فەر هەنگی بە هۆی کۆ بەکارهێنانیان لە ر ستەدا دەرەوێ تەوە)) [1]، هەروەك لە و شەی □ مانگ□ دا رە چاوکرا، بەڵام لە دەر بڕاوی (17) دا و شەی مانگ مێ تافۆرەو بەهۆی دەوروبەری دەقەکەوە، کە دەوروبەرێکی ئەدەبییە واتاکەی لە جوانیو ستایشکردنی جواذیدا لێکدەدرێ تەوە. بە گوێرەی ئەم نمونە یە کەرە سەی □□ دەورو بەر□□ هۆ کاری گوا ستنەوەی واتای سیمانتیکییە بۆ مەبە ستی پڕاگماتیك، پەیوە ست بە مە لیچ- Leec لە جیاکرد نەوەی سیمانتیكو پڕاگماتیك وا دەخاتەڕوو کە یەکەمیان نواندنی فۆرمی لۆجیکی بێت لە ر ستەو دەقدا، دووەمیان بەکارهێنانی زمان بێت لە دەربڕاودا.

بەگشتی توانستی پڕاگماتیك ( بڕوانە: **2-3/1**) لە دەقی نوسراودا، بەکۆی توانستی سیمانتیكو دەوروبەر دێتەبەرهەم وەك لە (18) بەرجەستەکراوە:

18- توانستی پڕاگماتیکی نوسەر = □□ توانستی سیمانتیك + توانستی زمان (ڕێزمان) □ + دەوروبەری دەرەی زمان/ چوارچێوەی دەق □

ڕێزمانو واتاسازی بە تەنها یاسا حکومکەرنو توانستی زمان دیاریدەکەن، بەڵام بەهۆی دەوروبەرەوە توانستی پڕاگماتیکی لە مێشکدا دەچەسپێتو لە دەق یان کۆدەقی وتاردا تواناکە لە دەستەبەرکردنی مەبەستی پڕاگماتیکدا دەردەکەوێت، بەمەش دەسەڵاتشکانەوە بەسەر بەکارهێنانی زماندا بریتی دەبێت لە □□ رەوانبێژی-Rhetoric□□ و □□ میتافۆر- Metaphor □□، کە لە دەوروبەردا واتاکەی دەناسرێتەوە، بەمەش واتاسازی پەیوەستە بە ئاوەزو توانستی زمانی مرۆڤەوەو لە مێشکدا وشەکان کۆدەکرێنەوە، لە کاتێکدا پڕاگماتیك بەهۆی توانای مرۆڤەوەو لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا بە بەرهەمدێت، لێرەوە لاینز پێیوایە سیمانتیك توانستو پڕاگماتیك توانا بێت.*

---

1- کلۆد جێرمانو ریمۆ لۆبلان، و: د. یوسف شەریف سەعید: [ 2006: 30 ]

* بڕوانە: LYONS: [1990:171]، NEIL SMITH: [1999: 28, 34-37]

ئاشکرایە پراگماتیکی گشتی لە پەیوەندیکردنی زمان دەکۆڵێتەوە ئەو یاسایانە دەگرێتەوە کە بە رەوانبێژی ناسراوە ، لیچ- leech دوو جۆر لە پراگماتیکی گشتی جیادەکاتەوە[1] :

یەکەم/ پراگماتیکی زانستی زمان، پەیوەستە بە رێزمانەوە.

دووەم/ پراگماتیکی کۆمەڵ، پەیوەستە بە زانستی کۆمەڵناسییەوە.

وەك ئاماژەی پێدرا، ئەو زمانانەی بەهۆی رێزمانەوە پراگماتیك بەکۆددەکەن، ژمارەیان کەمە، لەبەرئەوە ئەم بۆچوونە پراوپڕ نییەو ناتوانرێت بەسەر زۆرینەی زمانەکاندا پەیرەو بکرێت، بەڵکو پراگماتیك لە دەوروبەردا واتاو مەبەستەکەی لێکدەدرێتەوە.

خەسڵەتی دەوروبەر لە بەرهەمهێنانی مەبەستو واتای گشتیو تایبەتیدا دوو جۆر لە پراگماتیك دیاریدەکات (( ا- پراگماتیکی جیهانی کە سیمای گشتی جیهانی هەیە . ب- پراگماتیکی نەتەوەیی)) [2] .

## 2-5/1 دەوروبەر

پراگماتیکی نەتەوەیی، لیچ- Leech بە پراگماتیکی زمانێکی دیاریکراو ناوی دەهێنێت، مەبەست ئەو دەوروبەرە تایبەتیانەیە کە دەبنە پێدانی مانایەکی پراگماتیکی بە دەربڕاوەکان یان وەها لە دەق دەکەن، کورترین دەربڕینو زۆرترین واتاو مەبەست بگەیەنێت.

دەورو بەر هۆ کاری فراوانکرد نی توا نای دەربڕاوێ کە، دەکر ێت دەورو بەر ز مانی ب ێت کە چاوەڕێدەکرێت پەیوە ست ب ێت بە دەق یان ئاخاوتنەوە، بەڵام مەودای دەورو بەر پتر لە ژینگەی کۆمەلا یەتیو فیزیکیدا دەردە کەوێت، بەگشتیش زانیاری <knowledge> دەگرێتەوە، کە هەموو ئەمانە رۆڵی سەرەکی لە لێکدانەوەی دەق یان دەربڕاودا دەبینین.

فێرس- freth دامەزرێنەری تیۆری دەوروبەر گرنگی بە ئەرکی کۆمەلایەتی زمان دا، جگەلە لۆینز کە پەرەی بە تیۆری دەوروبەری واتا دا، Mitchell, Sinclair, Mc Intosh, Halliday لە لایەنگرانی ئەم تیۆرە بوون، ئەمان بایەخیان بە واتای وشە لە دەوروبەردا، یان بەکارهێنانی زمان لە دەوروبەردا دەدەن.

تیۆری دەوروبەر لە دیاریکردنی واتای سیمانتیکی لە چوارچێوەی رستەدا کارییپێکراوە بۆ

---

1- Leech: [1996: 11]

2- سەرچاوەی پێشوو: [ 10 ]

ئەم مەبەستە K. Ammer چەند جۆرێك لە دەوروبەری جیاکردەوە:

((1- دەوروبەری زمانەوانی  Linguistic context

2- دەوروبەری سۆزداری  Emotional context

3- دەوروبەری بار  Situational context

4- دەوروبەری کولتوری  Cultural context)) [1]

پەیوه ست به دەورو بەری وا تای پراگ ماتیکی ج یاواز له دەورو بەری وا تای سیمانتیکی لێکدەدرێ تەوە، کە ناوەوەی ز مان بە دەرەوەی ز مان دەبە ستێتەوە، بۆ نمو نە دەورو بەری سۆزداری وا تای سیمانتیکی بۆ و شەی  حەز  و  خۆشەوی ستی  دوو بەکارهێنانی جیاوازە، لە کاتێکدا هەمان دەوروبەر بۆ واتای پراگماتیکی یان نیشاندانی رێز یان نی شاندانی پلارە.

بەگ شتی دەورو بەر لە هێنا نە بەر هەمی دە قی پراگ ماتیکی و تراودا چەند جۆر ێك دەگرێتەوە: [2]

1- دەوروبەری فیزیکی

2- دەوروبەری زمانەوانی

3- دەوروبەری کۆمەڵایەتی

4- دەوروبەری زانیاری دنیایی

5- دەوروبەری سایکۆلۆجی

دەورو بەر لە بەر هەمهێنانی دە قی و تراودا ج یاوازو هاو بەش بە شداریدەکەن، بۆ نمو نە (1،3،4) لە دەقی نوسراودا هەم بۆ بەرهەمهێنانو هەم بۆ شیکردنەوەی دە قی پراگماتیکی پێوی ستە، بەڵام (2،5) بۆ دە قی ئا خاوتنی پراگماتیك، لەم لێکۆڵینەوە یەدا پتر گرن گی دەدرێت بەو جۆرەی بەشداری لە دەقی نوسراودا دەکات. لێرەدا تایبەت بە دەقی نوسراو ئەم دەوروبەرانە بەشداریدەکەن :

---

11- احمد مختار: [ 1982: 69 ]

★ لیچ لە کتێبی SEMANTICS، ڤان دایك لە TEXT AND COTEXT، بەیتس لە LANGUAGE AND CONTEXT دا باسیان لە دەوروبەرو کاریگەری لەسەر واتاو مەبەست کردووە، لە ز مانی کورد یدا سازان رەزا ماستەر نامەکەی تایبەتە بە واتاو دەوروبەر کە تیایدا با سی لە دەورو بەری ز مانیو ناز مانی کردووە و بە پەیرەوکردنی بەسەر نمونەی کوردیدا تیۆرییەکەی سەلماندووە.

## 1-2-5/1 دەوروبەری کولتوری

هەر میلـ لەتێك بەپێی گرو پە جیاوازە کانی کۆ مەڵ، هەڵگری لـ قە هەمەچە شنەکانی رۆ شنبیری‌و کولـ تورین، کە وەك نا سنامەی ئەو گەل‌و نەتەوە یە لە سەردەم‌و قۆنا غە سەرەتایی‌و پەرە سەندووەکاندا کاریـ گەری کارای بە سەر رەو تی گروپەکانەوە هەبووە، لـێرەوە هـیدەر-Herder کولـتور بە بەلـگەی ئا شکراو د یاری دەروو نی نە تەوەو هاوبە ندی ز مان‌و بیر دا ناوە، ئەم خە سڵەتەش وای کردووە لە زانـ ستەکانی کۆمەڵناسی‌و بەتایبەت مرۆناسیدا کاری پێبکرێت.[1]

گود نۆ- Goodenough پێیوا یە کولـ توری کۆمەڵا یەتی هەموو ئەو زا نین‌و بیروباوەڕا نە دەگرێ تەوە کە بە شێوازێکی پە سەندکراو لە لا یەن ئە ندامانی کۆمەڵگایە کەوە بەکاردەهێنرێت، لەمەشەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە خەڵك کولتور وەك رەهە ندی میرا تی بە شێوەی بایلۆجی وەردەگر ێت یان فـ ێری دەبـ ێت، بە مەش زانـ یاری knowledge بەرهەمی وەرگرتن‌و فێربوون‌و واتای زاراوەکانە .[2]

چەمکی زانیاری Knowledge لای هودسن- Hudson هەردوو چەمکی زانین چۆن know how و زا نین دەر بارەی know that دەگرێ تەوە، لە سەر ئەم بنەمایە لاینز بەم شێوەیە راڤەی زاراوەی زانیاری ی کردووە :[3]

1- زانیاری بە شاراوەیی دەربڕین، بەڵام وەرگر لە تێگەیشتنی زانیاری ئاڕا ستەکراودا کێشەی نابێت، ئەمەش بەکردەیی کردن‌و زانـ یاری پێشنیازکراوە، کە زا نین‌و زانـ یاری چۆن هە ندێك کردە دەنوێنـ ێت‌و دەر بارەی بەردەوامبوونیش هە ندێك شت بەردەوام دەبـ ێت‌و هەندێکیش بەردەوام نابێت.

2- زانـ یاری پێـ شنیازکراو دەپـ شکنرێت، بە ما نای بە بەلـ گەبوونی هە ندێ را ستی‌و بەڵام هەندێك دەربڕاو‌و رستە نەراستن نە هەڵە.

---

[1]- JOHN LYONS: [1990:301-302]
[2]- Hudson: [1993:74]
3- سەرچاوەی پێشوو: [ لا 74 - 75]، JOHN LYONS: [1990: 302- 303]

هود سن لێرەدا کەلتور بەو ئاماژانە دەناسێنێت، کە تاك وەك حەقیقەتێك لە مێشکیدا هەڵیگرتووەو لە خەڵکی ترەوە فێری بووە، بۆ نموونەو شەکانی  مرۆڤ، بەخشین، ئازادی، ژیان  هەر یەك لەمانە وەك چەمك هەلگری سیما واتایی یە فەرهەنگی یەکانن، کە لە مێشکدا بە کۆگاکراون، کاتێك دەخرێنە تەك یەك بەمەبەستی دروستکردنی رستەیەکی وەك

 مرۆڤ ئازادی بە ژیان دەبەخشێت. (ناوەکە: مرۆڤ )  پێشنیاز - Proposition

ە کە، ئاراستەی یەك ناوەڕۆك بە لێکدانی چەند و شەیەك دەکات، یاخود مۆرفیمێك (بە)کە رستەکەی پێدا هەڵواسراوە.

Proposition: بە شێکە لە واتای دەربڕاو لە  رستەی راگەیەنراو- Declarative

sentence> دا ، کە پەسنی حاڵەتی هەندێ لە کردارەکان دەکات، حاڵەتی کردارەکان

کەس- Person یان شت- Thing دەگرێتەوە بەهۆی دەربڕینیان لە رستەدا.[1]

ئەو چەمك و ئاماژانەی لە بیرگەی مرۆڤدا بە کۆگاکراون، لە دوو روانگەی جیاوازەوە لێی دەڕوانرێت:

((1- بەشێوەی ئەزموونی تاکەکەسی.

2- لە خەڵکانی ترەوە فێری بووەو هەڵیگرتووە))[2].

خاڵی یەکەم هەلگری چەمکی ناکەلتووری و خاڵی دووەم هەلگری واتای کەلتووری یە، بۆ نموونە:

19- من نیوەڕۆ گۆشتی برژاو دەخۆم .

رستەی (19) پەیوەست نییە بە دابونەریتی کۆمەڵگاو لە خەڵکی ترەوە وەرنەگیراوە، بەڵکو حەزو خواستی کەسێکە بۆ خواردن، بەهۆی هێماکانو ریزبەندی ریزمانی رستەکەوە واتاکەی دەستەبەر دەبێت. لێرەوە هودسن پێوایە کولتور بەشێکە لە بیرگەی مرۆڤ، کە لە کۆمەڵەوە وەریدەگرێت و دەبێت بە بەشێك لە فەرهەنگی زمانی بەکارهێنانی تاکە کەس و لە دەوروبەری دیاریکراودا وەك پراگماتیك بەکۆددەکرێت.

---

[1]- R. Hurford& Heasley: [1996: 19]

[2]- Hudson: [1993:76]

20- ژنبەژن دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییە.

بەڵام دەر بڕاوی(20) وابە ستەی میرا تی كوڵ تورەو بایلۆجیا نە ماوە تەوە، پەیوە ست بە دەوروبەری كولتوری كوردی وەك دیاردەیەكی دزێو لێدەڕوانرێتو مەبەست لە دوا كەوتوویی ئەو شوێنە یان بنەماڵەیەیە كە بەو نەریتە هاوسەرگیری دەكەن. لەمەوە هودسن ئا ماژە بە سێ جۆر لە زانیاری دەدات:

((1- زانیاری كولتوری

2- زانیاری هاوبەشیكردنی ناكولتوری

3- بەشدارنەبوونی زانیاری ناكولتوری)) [1]

هودسن پێناسەی  پێشنیاز- Proposition << بەو راستیانە دەكات، كە مرۆڤ بە شێوەی ئەزموون ف ێری بووە، بە مەش پێ شنیازەكان هەردوو زاد یاری كوڵ توریو ناكولتوری دەگرێ تەوەو بە شێكن لە بیر گەی مرۆڤ، كە توا نای بە كۆدكردن لە دەربڕی نی مرۆ ڤدا بەهێزدەكەن، لێرەوە دەروونناسەكان گرنگ یان بە كاریگەری ز مان لە سەر بیركرد نەوە داوە، كە پێشتر ساپیرو هۆرف- Sapir& whorf لە بیردۆزەكەیاندا خستۆیانەتەڕوو. [2]

بەمپێە  بیر گە -Memory << ،  وەر گرتن - Perception>> كاریگەری سەرەكیان لە سەر بەكارهێنانی ز مانو دەربڕاو ێك هە یە كە لە دەورو بەرێكی شیاوی كۆمەڵایەت یدا بەكاربهێنرێت، بە گوزارشتێكی دیكە توانای بەكۆدكردن پەیوە ستە بە بیر گەو وەرگرت نەوە، ئەو چەمكو ئاماژانەی لە بیرگەی مرۆڤدا كۆگاكراون دەتوانر ێت بە مەبە ستو وا تای دیكە لە دەوروبەری دیاریكراودا بەكاربهێنرێت.

هودسن لە چوار خاڵدا پەیوەندی زمانی بەهۆی زانیارییەوە رونكردووەتەوە:

((1- ئایتمەكانی زمان چەمكن.

2- واتاكان چەمكن

3- كەتیگۆرییە كۆمەڵایەتییەكانی زمان چەمكن


4- رستە واتادارەكان ئاماژە زمانییەكانن)) [3].

---

1- Hudson: [1993:77]

2- سەرچاوەی پێشوو: لا : [ 76 ]

3- سەرچاوەی پێشوو: لا: [ 82 -84 ]




دارِشتەی (7-1) هەڵهێنجانی واتا*

بەمپێیە چەمكو پێشنیازەكان وەك زمانو كولتور لە بیرگەی مرۆڤدا هەڵگیراون، كە قسە یان نوسینی لێوە هەڵدەهێنجرێتو پەیوەندیكردنی زمانی هێناوەتە ئاراوە.

لایەنی پەیوەندی نێوان زمانو كولتور، بەگواستنەوەیەكی بایەلۆجیانەی جێنەكانەوە دەبەستێتەوە. قسەپێكەرانی زمان بە ناچاری فێری زمان نابن بەڵكو بەهۆی ئەندامێتیان لە كۆمەڵدا كولتوریانە دەگوێزرێتەوەو بەهۆیەوە زمان دەپژێتو وەردەگیرێت.

(( گواستنەوەی جێنەتیكیانەی كرۆكە زمان نابێتە هۆی زمان وەرگرتنو فێربوون ئەگەر داتاكانی زمان لە كۆمەڵدا كارپێنەكرێتو وەك توانای گفتوگۆكردنو كاریگەری ئاشكرای لەسەر گەشەسەندنی هۆشو سۆزی منداڵ نەبێت، بێگومان ئەمەش ئاماژە بەوە دەكات، كە زمانو كولتور كارلەیەكتر دەكەنو هاوبەندی یەكترن ))[1].

نوسەر لە بەرهەمهێنانی وتارو دەقی پراگماتیكیدا كار بە پێشنیازەكانو كولتوری زمان دەكات، ئەگەر نوسەر خاوەنی پاشخانی كولتوری نەبێت، ئەوا لە پرۆسەی گەیاندندا كەمتوانست دەبێت، یان نوسینێـــــــــكی نەگەیەنراو پێشكەشدەكات، لە بەرامبەر ئەمەشدا خوێنەر وەك جەمسەری دووەمی پرۆسەكە، گەر كەمتوانست بێت لە كولتوری زمانەكەیدا، كردەی لێكگەیشتنەكە سەركەوتوو نابێت، بۆنمونە ئەگەر خوێنەر زانیاری لەسەر ئەفسانەی ( سیزیف) نەبێت، توانستی شرۆڤەكردنی مەبەستی دەقەكە بەرامبەر توانای نوسەر ناهاوسەنگ دەبێت.

* ئەم هێڵكارییە لە كتێبی Hudson: [1993:84] وەرگیراوە.

1- JOHN LYONS: [1990: 303]

## 2-2-5/1 دەوروبەری مێژوویی

بایەخی پراگماتیك لە كورتبڕیدایە، نوسەر لە دەستنیشانكردنی كاتە مێژووییەكا ندا ، چەندێتیو چۆنێتی ئاماژەبە ندی - Reference >> و ئا ماژەپێكراو -Referential >> لە سەر ئا ستی سیمانتیك سنوربەند دە كات، بەڵام لە سەر ئا ستی پراگمات یك ئا ماژە مەبە ستێكی دی كەی هە یە، كە ئاماژەپێكراوە كەی لە واقـ عدا نیـ یە (بڕوانە:2/ 6).

زانیاری مێژوویی وەك دەوروبەری فیزیكی لە دە قی نو سراوی پراگماتیكیدا لە د یاریكردنی گریما نەی پێ شەكیدا با یەخی هە یە، بۆ نمو نە ناونیـ شانەدەق یان با بەتی رۆژنامە یەك، دەكرێت بەهۆی مێژووی دەرچوونی رۆژنامەكەوە پێشەكییەك لە سەر بابەتە كە بە خوێنەر بگەیەنێت، یان بەخشكەیی مەبەستێك دەربڕێت.

هە ندێ ناوو زاراوە بەپێی كولتورو ئاینو مـ ێژووی كورد وەك دەورو بەری مـ ێژوویی لە لێكدا نەوەی دە قدا بەكاردەهێنرێت، هەروەك مەلایی، جەلالی، گرانییە كە، لافاوە كەی سلێمانی، هەر یەك لەم دە ستەواژانە ئاماژە یە بۆ كاتێكی د یاریكراو، كە دە كرێ بەپێی دەوروبەری گونجاو بە مەبەستی پراگماتیك بەكاربهێنرێت.

## 3-2-5/1 دەوروبەری ئەدەبی

وشەو رستە لە دەورو بەری ئەدەبـ یدا لێكدا نەوەی جـ یاواز لە وا تای سیمانتیكی هە ڵدەگرێت، بوونی زاراوەو ناونیـ شانی ئەدەبی ما نای هەڵگرتنی خوێند نەوەی پراگماتیكیا نەی دە قە، كە ن/خ بەهۆ یەوە لە پرۆ سەی فیدبا كدا دە توانن مەبە ستی هەمەچە شنە ئاڕا ستەی یەكتر بـ كەن، دەورو بەری ئەدەبی ئاماژەدا نە بە بەزا ندنی شامەرجەكانی گرایس، ئەدەبنوس مەبەستەكانی بە ئاشكرا دەرنابڕێت بەڵكو لەژێر پەردەی كەرە سە زمانییەكا نەوە بیری خوێـ نەر سەرقاڵ دە كات ئە مەش دژ یاری رێـ ساكەی گرایـ سە (بڕوانە: 2/2 ) بە لادان لەم رێسایە، پێشنیازی گریمانەی بەخشكەیی دەربڕین دەكرێت.

لیـچ لە با سكردنی ئەركی Ideation, Interpersonal, Textual دوو سەرەی رەوانبـ ێژی Rhetoric لە Textual, Interpersonal جیاكردووەتەوەو پێیوا یە وابە ستەی لێكدا نەوەی

پراگ ماتیکین، بەڵام ئەرکی Ideation دەکەوێ تە چوار چێوەی ڕێزما نەوە. لە کاتێ کدا هاڵ یدای پێ چەوانەی ئەم بۆ چوونەیەو تێ کرا لە سێ ئەرکە کە بە ئەرکی ڕێز مانی دەبە ستێتەوە، هاڵ یدای پێ شانی دا کە  تایبەتمە ندێتی ڕەوانب ێژی Interpersonal Rhetoric، چوارچێوەی دەقی ڕەوانبێژی-Textual Rhetoric  پتر چەمکێکی گو نجاوی ڕێز مانین بەپێی  ئاوازی ڤ سەکردن - Prosodic  و وا تای تەواوی دەر بڕاو >>Periodic<< * ڕێکدەخرێن.

لیچ ڕەخنەی لە هالیدای گرت بەوەی کە Interpersonal Rhetoric, Textual Rhetoric مەیلی سەرو ڕێزمانی- over grammaticalazation لە زماندا دەکەن.

بە پێی لێکدانەوەی لیچ ڕەوانبێژی کە بەشێکی گرنگی ئەدەبە لە هەردوو سەرەی تێکردەی پێر سوناڵێتی ڕەوانب ێژیو دەر کردەی چوار چێوەی دە قی ڕەوانب ێژی مەیلی ڕێ ساو کەتیگۆرییەکانی پراگماتیك دەکەن.

ن/ر لە بەکارهێنانی کەرە سە ئەدەبییەکا ندا کە می تافۆر بە شێکی گرنگی یەتی، پشتبە ستوو دەبێت بە کاتو شوێنی ڕووداوەکان، کە بنەمای لێکچوون پێوەری گەیاندنی واقیعو کەرە سە میتافۆرییەکە یە، لە لا یەکی دی کەوە لە ستونو و تاری ئەدەبیدا زاراوە کانو کە سایەتییە ئەدەبییەکان، یان گریمانەی پێشەکی سیمانتیکی بە زانیاری هاوبەشی ن ێوان ن/ر خ یان بە پشتبە ستن بە دەورو بەرێکی د یاریکراوی بەر هەمهێنانی مەبە ستی دەقە کە، گریمانە یەکی پراگماتیکی بە خوێنەر دەبەخشن.

---

[1]- Geoffrey Leech: [1996: 56-58]

* واتە تا کۆتایی دەربڕاوەکە یان ڕ ستەکە مەبە ستەکەی دەرنا کەوێت، لە دەنگسازیدا form wave ی دەنگەکان بەپێی کات دەگرێتەوە.

و/1

**جەلیل قەیسی.... مرۆڤێك لە ئاوریشم**

کەی روو بەڕوو ئەم مرۆ ڤەم نا سی- هەر چەندە خۆی لە نامەیەکیدا باسی سێ دەیەك دەکات- نە یە کەم دانیێ شتنم لە یادەو نە دوا سەفەر. لەبەر ئەوەی هە ندێ نا سینو پەیوە ندی رووداو هەن لە حاڵەتی مەستی دەچن، مەستی بە مانای دابڕان لە زەمانو پەوەیوەندییە ئاساییەکانی ناو ژ یان ما نەوە لەو چرکە ساتانەدا کە تەنیا خۆتـ یتو ئەوالنی دەوروپشتیـ شت بوون بە تۆ، ئەم بە یەکتربوونو توانەوەیە هەموو مەوداکانی زە مانو زە مین دە سڕێتەوە، عە شقێکە توا نای ئەوەی هەیە ببێت بە پێکێك لە شەرابی ئاگر بۆ سەر خوانی مەستان، یان بە بڵسێەی نوورێك بۆ خەڵوەتی خواپەرستان. لەو مە ستی و سوتانەدا رووخـ سارە جوانو رۆ حە بە لەنگێزەکان دەبـ نە د لۆپ د لۆپی شەرابو دەتکێـ نە ناو گ یانی پەژموردەو نا ئارامی یەکدیـ یەوە پا شان بە تەمێکی زۆر سپی لەبەر چاوە ئا سابیەکان ون دەبن. نە ئەوانە دەیانبینن کە چاوی کونپشکنینیان دیوار ئەبڕن، نە بۆنی ئەوانیش دە گرن کە بە بۆنی عەترە هەرەخۆشو جوانەکانی پاریس نامۆن،

★★★★★

جەلیل لە نامەیەکی تریدا کە لە 2003/10/25 نوسیویەتی دەڵێت ((خۆشەویستم، وا جارێکی تر نامەت بۆ دەنووسم، زریانی خۆشەویستیتان لەپڕێکدا پێچامییەوە، بە تایبەتی بۆ تۆ : دەڵێن گەلێك لە خۆشەویستیو نائومێدییە، ئەی مرڤی تەنیا چیبکات. ئەو کەسەی لەگەڵ تەنیایدا راهاتووە، رەووف من لەو کاتەوە تەنیام هاتمە ناو دنیای ئەدەبەوە، تەنیایم کرد بە هاوسەرم، وەلێ ئەمە بەو مانایە نییە کە من هەندێك جار تووشی نائومێیەکی وا نەبم کە خەمێکی ماتەمین ئاسایی هەیە، بێئەوەی بەخۆم بزانم هەست ئەکەم هێڵی تەلەفونەکانی سەرم لەکارکەوتوون، بێجگەلە هەندێ شتی دەگمەن هیچی ترم لەیاد نامێنێت، رۆژانی وا هەیە چەند جارێك یادت دەکەم، یادی هەمووتان دەکەم، لە بیرمدا چەند پارچە تابلۆیەکی درەوشاوە هەن کە لە نەستمدا هەڵکەنراون، پرمدەکەن لە ئازارو شادییەکی مەزن. هەندێك جار گوێم لە دەنگە خۆشەکەت دەبێت کە وەك زەنگێکی ناسك زیاد لە جارێك ناوم دێنێت جەلیل ..جەلیل..جەلیل چۆنی.. ئەحواڵت شێرکۆی داهێنەر راست ئەکات کە لە قەسیدەکەیدا دەڵێت: هەر بە رەنگ دەزانم تۆنی

ئەو دەنگە خەمبارە یان بەختەوەرە. بێگەردی دروست ئەکات، ئێمەی نووسەریش تێکەڵییەکی ئازیزم، چۆن باڵندە هەر بە غەریزە هێلانە غەریبو ئالۆزین لە ئارەزوو،... )

وتاری ئەدەبی، وەك دەورو بەری ئەدەبی، لە لێكدانەوەی سیمبوڵو هێما كانی دە قدا ب نەما ئاسا رۆڵدەبینێت، زاراوەو کەسایەتی شاعیرو روداوی ئەدەبی لەودیو فۆرمی بەکارهێنانەوە فرە مەبەستی بە خوێنەر دەگەیەنێت.

21- جەلیل قەیسی.... مرۆڤێك لە ئاوریشم

لە ناونیشانەدەقدا جەلیلی قەیسی کە وەك ئاماژە یەك بەکارهێنراوە تەنها مەبە ست لە ئاماژەبۆکراوەکەی نییە لە واقیعدا، بەڵکو خوێنەر بەهۆی زانیاری پێشینە دەر بارەی جەلیل قەیسی، هەردوو ئاستی ئەدەبی نوسەرو باسلێکراو دەخەملێنێت، کە نزیکایەتی هەردووکیان بۆ پیشەی ئەدەبیان دەگەڕێتەوە.

بەهۆی زانیاری لەسەر پیشەی ئەدەبی نوسەر کە چیرۆکنوسە، خوێنەر ئاشنا دەبێت بە دەقی (21) کە شێوازو دارشتەیەکی ئەدەبیانەو میتافۆرییە، ناونیشانەدەق بە رە چاوکردنی بۆ چوونەکەی لیچ دەرکردە یەکی رەوانبێژی یەو مەیلی پراگماتیك دە کەن، وا تە سەرو رێز مانینو لە لێکدانەوە یدا پ شت بە دەورو بەرو سنوری بەکارهێنانی هێما كانی ز مان دەبەسترێت.

لە پێ شەکییەدەقدا، خوێنەر بەهۆی دەورو بەری ئەدەبی نو سەرو با سلێکراو پەی بە مەبەستی وتارەکە دەبات کە نوسەرو جەلیل پێوە ندی نامەگۆڕینەوە لە نێوانیا ندا هە یەو بیرو ئاراستەی فکرییان لە یەکەوە نزیکە.

ئەم مەبە ستە لە ئا کامی لادان لە شامەرجەکانی گرایس ( بڕوا نە:2/2 )و دەورو بەری ئەدەبی هەردوو نوسەر (رەوف بێگەردو جەلیلی قەیس) پەیپ ێدەبرێت، نو سەر بە ئا شکرا ئەم نیازە دەرنابڕێت، شێوازی ئەدەبییانە، کە شێوازێکی رێکخراو نییەو پتر شێوازی شیعری بە سەر دەقەکا ندا زا ڵە، بەخ شکەیی دەهێنێ تە ئارا، بە مەش پەیوە ندی ن ێوان ن/خ لە سەر باگراوندی زانیاری کەسێتی نوسەرو جۆری خوێنەرە.


---

★ ئەم وتارە بەشێوەی چەند ستونێك نوسراوە، بەڵام وەرگرتنی لەم لێکۆڵینەوە یەدا پەیوە ندی بەوەوە هە یە کە وتاری بابەتی ئەدەبی بە شێوەی یەك ستون نانوسرێت، چونکە بابەتێکی گشتیو فراوا نە بیرو بۆ چوونی نو سەر پێویستی بە مەودایەکی فراونتری دەربڕین هەیە، لە کاتێدا گۆشەو ستون پتر پەیوەستە بە بابەتێکی دیاریکراوی رۆژەوەو دەکر ێت لە گۆ شە یان ستونێکدا دەربڕ ێت، لەبەر ئەوە زاراوە ئەدەبیـ یەکانو میـ تافۆرو در کە وەك دەوروبەری ئەدەبی لە شیکردنەوەی دەقدا رۆڵدەبینن.

سەرکەوتنی پرۆسەی پەیوەندیکردن لە مۆدێلی پەیامدا، پەیوەستە بە کارلێککردنی (کەسێتی نوسەر + جۆری خوێنەر)، ئەگەر خوێنەر پێشینەیەکی زانیاری دەربارەی نوسەر نەبێت کە چیرۆکنوس و روناکبیرە- ، ئەوا پرۆسەکە کەمبەها دەبێت، بەڵام خوێنەری ئەدەبدۆست و پەروەردەی دەوروبەرێکی رۆشنبیریی ئەدەبی، زووتر کارلێکی بیری لەگەڵ نوسەر دەکات و ئاکامی پرۆسەکە لە لێکدانەوەی پراگماتیکدا ( بڕوانە: داڕشتەی ( 8-1 ))، بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێدەهێنێت.

بوونی پێشینەی زانیاری فەلسەفی خوێنەر لەسەر دەقی یەکەم، مەرجی ناسینەوەی هێماکانی نوسەرە، بەمەش گریمانەی پێشەکی لە دەقی یەکەمدا، گەڕانەوەیە بۆ ئەو پنتە فەلسەفییەی کە پێیوایە مرۆڤ لە دەرەوەی واقیع، زەمەنی دەبێتە سفرو بەرەو ناخ و رۆح دەگەڕێتەوە، لەوێدا کات سفرە، هەربۆیە مرۆڤ وێنای هەرچی بکات دەتوانێت گوزارشتی بکات و خۆی لەو بەرگەوە بپێچێت کە خوازیارێتی، بەمەش گریمانەی پێشەکی لە (22)دا دەکرێت.

22- فەلسەفەیەك سەبارەت بە بوون بە زەمەنی سفری مرۆڤ هەیەو نوسەر لەو دەمەی سەرقاڵی بیرکردنەوەو نوسینە زەمەنی دەبێتە سفر، ئیتر ئەمە هۆیەکە بۆ ئەوەی سەرەتاو کۆتایی ئەم ناسینەی لە یاد نەبێت .




داڕشتەی( 8-1 ) پرۆسەی پەیوەندیکردن

23- عەشقێکە توانای ئەوەی هەیە ببێت بە پێکێك لە شەرابی ئاگر بۆ سەر خوانی مەستان، یان بە بڵسێەی نوورێك بۆ خەڵوەتی خواپەرستان

نوسەر پەیوەندیو ناسینەکە بە عەشق دەچوێنێت، وشەی عیشق لە بواری ئەدەبیدا وەك هێما یەکی ئەدەبی تەنها خۆشەویستی مرۆڤ بۆ خودا نییە، بەڵکو مەدلو لەکانی عیشق دواپێتی خۆشەویستیو شەیدایی مرۆڤە بۆ شتگەلێك، وەك عیشقی مەیخۆر بۆ مەی کە مەستو سەرخۆشی دەکاتو لە زەمەن دایدەبڕێت، بەمەش دەتوانێت وێنای هەر شتێك بکات کە دەیخوازێت. لە لایەکی دیکەوە بە پێشینەی زانیاری دەربارەی بەکارهێنانی  مەی/پێك لە بواری ئەدەبدا، عیشق بە مەی چوێنراوە، وەکچۆن مەی مەستو سەرخۆشت دەکات ئاوا عیشقی کەسێك بۆ کەسێکی دیکە مەستت دەکات، یان چوێنراوە بە خوداپەرستی کە مرۆڤ لە پەرستگادا بە نوری خوا مەستو سەرخۆش دەبێت، لێرەوە مەبەستی نوسەر لەوەدا ئاشکرا دەبێت، کە ناسینی جەلیل قەیسی بۆ رەئوف بێگەرد وەك مەی وا بووەو مەستی کردووەو لە زەمەن دایبڕیووە.

لە دەورو بەری ئەدەبیدا خوێنەر چاوەڕێی کەرەسەی زمانی میتافۆر دەکات، کەرەسەی میتافۆری وەك مەبەستی پڕاگماتیك لە دەقدا ئاماژەی پێدەدرێت، چونکە ئەو هۆکارەی دەقێك بە پڕاگماتیك دەکات دەورو بەری دەرەکییە، لێرەدا خودی ئەدەب وەك دەورو بەری دەرەوەی زمان راڤەکراوە.

لیچ پێیوایە کەرەسەی میتافۆر بەکارهێنانی زمانە لە دەورو بەردا، کە بە شێوەی رەوانبێژی -Rhetoric دادەڕێژرێت[1]، لێرەوە نوسەر لە ئینتەڵمێنتی وتارەکەدا بە کەرەسەی میتافۆری حاڵەتی مەستبوونو دابڕینی لە واقع پەسندەکات. ئەم پێشەکییە پڕاگماتیکییە گریمانەی کەسایەتی نوسەر لە دەربڕینی پەیوەندی کۆمەڵایەتیو ئەدەبیدا بە خوێنەر دەدات، پێشینەی زانیاری لە بەکارهێنانی فۆرمە زمانییە کەدا دەق بە دەرەوەی زمان دەبەستێتەوە، وەك لە دارشتەی (1-9) دا دەرخراوە :

---

1- Geoffrey Leech: [1996: 57]

دارِشتەی( 9-1 )

24- جەلیل لە نامەیەکی تریدا کە لە 2003/10/25 نوسیویەتی دەڵێت (خۆشەویستم، وا جارێکی تر نامەت بۆ دەنووسم...

لە دە قی (24) دا ، نو سەر ئا ماژە بە کاتی نا مەی جەلیلی قەیس دە کات، بە مەش بە پێچەوانەی پێشەکییە دە قەوە، خوێنەر لە خەیاڵ دادەبڕێت و دەیگەڕێنێتەوە بۆ وا قع، مەبەست لەم ئاماژەدا نە پێدانی گریما نەی پێشەکییە بەوەی پەیوەندی نامەگۆڕینەوە لە نێوان هەردوو نوسەردا هەیەو ئەمەش رێگرتنەبەری نەریتێکی باوی ئەدەبییە کە لە رێگای نامەوە بیروبۆچوونەکان ئاڵوویر دەکەن.

لە کۆرپەدە قدا در ێژکراوەی ناونیشانو پێشەکییە دەق دەبینرێت، کەرەسە میتافۆرییە کە دەرکەوتەی مەبەستی نوسەرە لە درێژکراوەی پێشەکییە دەقدا.

25- رەووف من لەو کاتەوە تەنیام هاتمە ناو دنیای ئەدەبەوە، تەنیایم کرد بە هاوسەرم، ... شێرکۆی داهێنەر راست ئەکات کە لە قەسیدەکەیدا دەڵێت: هەر بە رەنگ دەزانم تۆنی ئەو دەنگە خەمبارە یان بەختەوەرە.

دەر براوی (25) در ێژکراوەی دەر براوی (24) ەو نو سەر وەك بەڵگە یەك ئەو دە قە دەنوسێتەوە کە ئاماژە بە ناوی دراوە، لێرەدا ئاماژەی  رەووف  ئاماژەبۆکراوەکەی نوسەر خۆیەتی، هەستو دنیابینینی باسلێکراوە بەرامبەر بە ژیان، دەورو بەری ئەدەبی ناسراوی کەسایەتی نوسەرە (بڕوانە : 4-2-5/1)، ئەمەش وا دەکات خوێنەر دوور بکەوێتەوە لە لێڵی واتایی بەرامبەر بە داتاکانی جەلیل قەیسی.

دیسان ئاماژەی شێرکۆ بۆ زانینی ئاماژەبۆکراوەکەی بەهۆی دەرورو بەری ئەدەبییەوە دەرك پێئەکرێت، بۆ نمونە ئەگەر لە وتارێکی زانستی پەتیدا ئەم ناوە بنوسرێت ئەوا خوێنەر بۆ ئەوەنا چێت کە مەبەستی نوسەر شێرکۆ بێکەسی شاعیرە، بەڵکو بەهۆی دەرو بەرو چوارچێوەی وتارەکەوە مەبەستەککە لە شێرکۆ بێکەسدا بە دیدەکرێت.

## 4-2-5/1 کەسێتی نوسەر

کە سێتیو ناو بانگی ن/ر  لە را ڤەکردنو د یاریکردنی مەبە ستی دەر بڕاوو دە قدا، ڕۆ ڵی  کارا دەبینێت بە شێوەیەك، ناتوانر ێت فەرامۆ شبکرێت، بۆ نمو نە کە سێتی فەرهاد پیربال، کە بە شێوازێکی تایبەت دەنو سێت، زۆر جار لە شێوازی ساتیرو گاڵتەئامێز نزیکدەبێتەوە بە جۆرێك هەندێ بە سوریالیزم دەیدەنە قەڵەم، ئەم خە سڵەتە لای خوێ نەر وەك دەوربەری ناسینەوەی نوسین ڕەچاودەکرێت، یان ڕێبین هەردی کە و تاری ڕۆژنا مەوانی دەنو سێت، خوێ نەر بەبێ پێ شینەی زان یاری لە سەر کە سایەتی نو سەر ناتوان ێت ما ناو مەبە ستەکانی لە وتارە کەدا شیبکاتەوەو بە ئەودیو فۆر مە زمانییە کە ئا شنا بێت، بەڵکو پەیوەندییەکی ناسەرکەوتو لە گەیاندنی پەیامەدا دروستدەبێت.

خوێ نەر بە ئا شنابوونی کە سایەتی ن/ر دەتوان ێت تواز ستی پڕاگمات یك لە دەقە کەدا دەستنی شانبکات، چونکە هە ندێ ن/ر بە دە قی پڕاگماتیکیيا نە دەنو سن، وەك ستونو گۆشەکانی شێرکۆ عەبدوڵا، ڕێبین هەردی، ڕێبوار سیوەیلی، ڕەوف بێگەرد...

کەسێتی نوسەر بەپێی باری رۆشنبیریو ئا یدۆلۆژیو شوێنی نی شتەجێبوونو ئاینو ئا ستی کۆمەڵایەتی جیادەکرێتەوەو هەموو ئەمانە وەك دەوروبەری ناسینەوەی دەق ڕۆ ڵدەبینن، لە هەمانکات لێکدانەوەی کەسێتی نوسەر لە شێوازی نو سینو پێ شینەی زان یاری گ شتی بەپێی جۆری خوێنەرو کاردانەوەی ڕۆشنبیری نو سەر لە سەر ئا ستی کۆمەڵا یەتی کە لەم پۆلا نەدا دەخرێنەڕوو، دەگۆڕێت:


1- ن/ر- کۆمەڵا یەتی : شێوازی نو سینیان بۆ زۆری نەی خوێ نەر- ڕە شۆك- ە، ئەو بابەتا نە دەنوسن کە پەیوەستە بە خەڵکە ڕەشۆکەکەوە، لەبەرئەوە هێماو شێوازی نوسین پێویستە لە ئا ستی کۆمەڵا یەتی ئەو چینەدا ب ێت، بەمپێ یە ن/ر دووردەکەوێ تەوە لە بەکارهێنانی پڕاگماتیك، بەڵکو تەنها پەیوەست بە دەورو بەرێکی د یاریکراو و ئا شکرا ن/ر پڕاگماتیکیا نە دەنوسێت.

ن/ر ⟵ خوێنەری کەمپێشینە

دارِشتەی (1/10-1)


2- ن/ر رۆژنا مەوان : با بەتی (سیا سی، کۆمەلاَ یەتی، رووداوی رۆژا نە) لە بابە تە سەرەکییەکانی ئەم جۆرەن، لەبەر ئەوە دەگونجێت خوێنەری ئەم بابەتا نە لە هەر سێ جۆرەکە بێت ( بڕوانە: 5-2-5/1 ).

ئا ستی رۆ شنبیری رۆژنا مەوان گ شتییەو بەکارهێنانی پڕاگماتیك ئا ستێکی سەرەکییە لای رۆژنا مەوان، کە بە شێوەی کردەی ق سەیی ناڕا ستەوخۆ، بەخ شکەیی دەر بڕین و پێ شەکی شاراوە مەبەستەکەی بە خوێنەر دەگەیەنێت بە تایبەتی بۆ جۆری خوێنەری سێیەم.




دارشتەی (1-10/2)

3- ن/ر ئەکادیمی: بابە تە زان ستییەکانی (زان ستە مرۆڤایەتیی یەکان، زان ست، پزیـ شکی، ئامار،...) لەسەر ئاستی سیمناتیك بە بەڵگەوە بە شێوازێکی ئەکادیمی دەنو سرێت، جۆری سێیەم خوێنەری ئەم جۆرە دەقانەن.




دارشتەی (1-10/3)

## 5-2-5/1 جۆری خوێنەر

خوێند نەوەی دەق و لێکدا نەوەی واتا کەی لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێ نەرێکی دیکە بە پێی ئاستی پێشینەی رۆشنبیری یان زانیاری هاوبەش و زانیاری دن یایی دەگۆڕێت، لێرەدا بە گوێرەی پێکانی پرۆسەی پەیوەندی نێوان ن/ر□خ و پێکدا چوونی خوێنەر لە گەڵ دەقدا دەکرێ سێ جۆر لە خوێنەر دەستنیشانبکرێت:

1- خوێ نەری کەمپێ شینە /   پێکدا چوونی  ئەم  جۆرە لە گەڵ دە قدا  بە ئاڕا ستەیەکی نێگەتیڤە، خوێنەر لەگەڵ هێماکاندا وەکخۆی رەفتار دە کاتو ناتوانێت پەی بە هەڵوێستو زەمینەی بەر هەمهێنانی دەقە کە بەرێت، لەبەر ئەوە پرۆ سەی پەیوە ندی نێوان مەبە ستی ن/ر خ ناسەرکەوتوو دەبێت.

دەق ≠ خوێنەر

26- گومان لەوەدا نییە، کە دەستووره پێشنیازکراوەکە لەڕووی ئا ستی دانانی ئا شکراو بێ سڵکردنەوەو را ستەوخۆ بە ما فە نەتەوەیە یەکانی رە گەزی ناتورك، ناتوانێ شان لە شانی دەستووری (2005) ی عیراق بدات.

لە دە قی (26) دا ئە گەر خوێنەر پێ شینەی زانیاری دەر بارەی دە ستوری عیراق (2005) پەیوەست بە مافە نەتەوەیەیەکانی ناتور کەوە نەبێت، ئەوا ناتوانێت لە مەبە ستی دەقە کە بگات، لەبەرئەوە پەیوەندییەکە ناسەرکەوتوو دەبێت.

2- خوێنەری ئاسایی / ئەم جۆرە بەهۆی بوونی کەمێك زانیاری گشتی سەبارەت بە دەقە کە، پێکدا چوونەکە بە ئاڕا ستەیەکی گو نجاو لە پێ کانی وا تای دە قدا درو ستدەبێت، بەڵام لە شیکردنەوەو پەیبردن بە مەبە ستی ن/ر شکست دێنێت، چونکە بە تەنها وا تای هێما کان مەبە ستی نو سینەکە دەرنا خەن، بەڵکو لادان لە رێ ساکانی هاو کاریکردنو مەرجی کردە قسەییەکان لە پلارو هەڕەشەو رەخنەو سوپاسگوزاریو... لە وتاردا رەنگدەداتەوە.

27 - زەلام نیە ئەششەوبیلا بۆ ئەو قسەیە نەکات کە ئەڵێ: سلێمانی فرە کوێخایە،...

لە دەر بڕاوی (27) لێک سیمی  زەلام  بەپێی کولتوری هەولێری بۆ  پیاو  ، بەڵام بەپێی سلێمانی بۆ هەردوو رەگەزە کە بەکاردەهێنرێت، ئە گەر خوێنەرێکی هەولێری لە سنوری سلێمانی، شارەزای بەکارهێنانی ئەم وشەیە نەبێت ، ئەوا تێگەیشتنو لێکدانەوە یەکی بەرتە سکی دەبێت بۆ دەقە کەو پەی بە مەبە ستی ن/ ر- ە کە نا بات، لە لا یەکی دیکەوە نا سینی کە سایەتی شیرکۆ عە بدوڵا کە بەرهە مەکانی لە بواری کۆمیدیادا یە، دەکەو نە چوار چێوەی می تافۆرەوەو ناڕا ستەوخۆ مەبە ستەکە دەگە یەنێت، پتر خوێ نەر ئاوێزانی دەقەکە دەکاتو بارودۆخی دەرەوەی زمان بە ناوەوەی دەق دەبەستێتەوە.

3- خوێ نەری کارا مە / تواذ ستی پڕاگ ماتیکی ئەم جۆرە وا دە کات پێکدا چوونی خوێ نەر لەگەڵ مەبەستەکانی وتاردا پڕاوپڕ بێت، بە شێوەیەك کە تەواوکارا نە دەق بە دەرەوەی دەق دەبەسترێتەوەو مەبەستەکە لێکدەدرێتەوە.

28- شێرو خەتبازەکانی دنیای سیا سەت لە هیچ شتێکا را ستیان نەکردبێ لەوەدا را ستیان کردووە کە ئەڵێن ناخۆ شترین یاریی بریتی یە لەو تاو ڵە دۆڕاوەی کە هەمی شە مەرزو ئۆینێکت لەژێر مەرحەمەتی هینە هین هاوبێژەکانی ئەمو ئەودا بن.

لە دەربڕاوی (28) ئەم جۆرە لە خوێنەر بە بوونی زانیاری دەربارەی  شێرو خەت، تاو ڵەو مەرزو ئۆین  بەستنەوەی بە دەرەوەی دەقو بۆنەی بەرهەمهێنانی دەقەکە پەی بە لایە نە شاراوەکانی وتارەکە دەبەن، کە بە شێوەی میتافۆر دەربڕاوە.

### 6-2-5/1 جۆری رۆژنامە

بەپێی ستراتیژو ئا مانجی دەر چوونی رۆژنا مە، چوار جۆر لە رۆژنا مە بە دەورو بەری ناسینەوەی مەبەستی وتار جیادەکرێتەوە:

1- رۆژنا مەی حز بی/ پڕاگ ماتیکی گەیا ندنی و تاری رۆژنا مەی حز بی بە ئاڕا ستەی بەرژەوەندیو لەبەرچاوگرتنی سودو پ شتگیریی حیزبیی یە، کردە قسەییەکانو ه ێزی وا تای نافۆرمیو بەخ شکەیی دەر برین دژ ئاڕا ستەی پەیامی دژە حزبیەکە یە، لە لا یەکی دیکەوە هەموو ئەو خزمەتگوزاریا نە دەخا تە بەردەم خوێ نەر کە خز مەت بە حزب دە کەنو وەك پڕۆژەی خز مەتگوزاری پێشکە شی دە کەن، هەروەك دە قی (29) نمو نەی رۆژنا مەی (کوردستانی نوێ) یە

29- بەخۆ شحاڵییەوە بۆ ئەم ساڵی خوێ ندن وەزارە تی پەروەردەی هەرێمی کورد ستان بەرنامەو پلانێکی نوێی دا ناوەو لەکانگای د ڵەوە ه یوای سەرکەوتنی بۆ دە خوازین، ئاواتی هەمووا نە کە باری لاری پەروەردە را ستبکاتەوەو ئا ستی زاذ ستیی هاو شانی ولا تە پێشکەوتووەکان بەرزبکاتەوە.

2- رۆژنامەی ئەهلی / بە پێچەوانەی جۆری یەکە مەوە، پڕاگماتیکی رۆژنا مەی ئەهلی یان لیبراڵ، گەیاندنی کەلێ نە سیا سیو کۆمەلا یەتیو ئابووریو دی نیو ... ەکا نە، بە گ شتی بە

پێ چەوانەی ئاڕا ستەی حزبیی یەوە وتارە کان دەردە بڕن، کردەی قە سەیی لە هەڕە شەکردن، پلارگرتن، رەخنە، گلەیی‌و پێشنیازکردن دەبینرێتەوە.

30- ئا یا ما نای ری فۆرم ئەوە دەگە یەنێت کە گوڵ بژێری با شترین کادێری ڕاگەیاند نەکان بکەیت بۆ پڕۆژەیەك کە ڕەنگە تا هەنو کە خەڵك ڕووخسارو ناوەڕۆکە کەی بە تەواوەتی نەبینێت؟

دەر بڕاوی (30) لە رۆژنا مەی هاوڵاتیدا بڵاوکراوە تەوە، رۆژنامە یەکی سەربەخۆو بێلایەنانە یە، زیاتر ئەو بابەتا نە بڵاودەکا تەوە، کە رەخنەئامێزەو پلارو تە شەر ئاڕا ستەی لایە نە جیاوازە کان دەکات، هەروەك نوسەر لە (30) دا بە ئا شکرا رەخنە لە پڕۆ سەی ری فۆرم دەگر ێت، بەخ شکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە ری فۆرم ما نای هەڵبژاردنی با شترین کادێری راگەیاند نە بۆ پڕۆژە یەك کە ناواخنەکەی ئاشکراو دیار نییە، بەدیوێکی تر ئەمەش نمونەی گەندەڵییە.

## 3- رۆژنامەی رێکخراوەیی ناحزبی  ناحکومی/ بێلایەنی

پڕاگماتیکی بەکارهێنانی وشەکان بێلایەنانەیە، وشەی ر ێزدارو بەکارهێنا نە بەخ شکەییەکانی ر ێزداری، یان کردەی قە سەیی بە مەبە ستی شکاندن‌و لەکەدارکردن یان پۆزەتیف‌و پ شاندانی خۆشەوی ستی، بەکارهێنانێکی بێلایەنانە یەو فەر هەنگی ئەم جۆرە وشەگەلێکی رۆژنامەوانیی بیلایانەنایە.

31- هەموو ناوە ندەکانی خوێ ندن جمەیان د ێت لە خوێ ندکارو مامۆ ستاو فەرمان بەر، خوێندن گە سەرەتاییەکان، ناوە ندی‌و دواناوەندی یەکان، پی شەیی‌و ئامادەیی یەکان، زان کۆو پەیمانگاکان، هەموویان پڕ بوون‌و تەنا نەت بواری ئەوە نەماوە کە بە ئی سراحەتی خۆ یان ئەهلی ئەو ناوەندانە بێن‌و بچن.

دە قی (31) لە رۆژنا مەی ئەهلی ( سۆڵیداریتی) بڵاوکراوە تەوە، رێک خراوی سۆڵیداریتی خوێ ندکاران کە رێکخراوێ کی ناحکومی یە، بێلایەنا نە مەبە ستەکان دەردەبڕ ێت‌و دوورە لە لایەنداریێتی بۆ حیزبیك لە حزبەکان.

4- رۆژنامەی حکومی/ هەندێ سەرچاوە ئەم جۆرە بە رۆژنا مەی رە سمی ناوزەد دە کات، لە سیستەمی دیموکراسیدا ئەو پارتەی باڵادەستەو بەشدارە لە هەیکلی حکومڕانیدا وتارەکان لە

بەرژەوە ندی  خۆی بلاودەکا تەوە،  کردەی پڕاگ ماتیکی و تار،  بە ئاڕا ستەی بەرژەوە ندی حکومەت دەبێت.

32- لەگەلێ بۆنەو سەکۆدا قسەوباس لەسەر پرۆسەی ئاشتیو تەبایی کراوەو دەکرێ، بەلام ئەوەی جارێکی دیکەش وامان لێدەکات کە ز یاترو ز یاترو  چڕ  تر  پێ لە سەر  ئەو مە سەلە دابگرین ، ئەوەیە  کە ڕەو شی کورد ستان ئێستا  ئالۆزیو ئا شوبێکی بێ  سەمەر  بە خۆ یەوە دەبینێ، شەڕێکی تر یەخەی گەلەکەمانی گرتووە کەنەك هەر هیچ لایەکی تێدا  براوە نییە، بەلکو تەنیاو تەنیا داگیرکەران  سوودی  لێ دەبینن‌و خۆ شمان زەرەرمە ندو کێشەمان  ئالۆزو دۆخی گەلەکەشمان گرژترو ئاشوبتر  دەبێ.

دە قی (32)  لە رۆژنا مەی  هەرێمی کورد ستاندا بلاوکراوە تەوە،  کە رۆژنامە یەکی حکومی بووەو حکومەتی هەرێمی کوردستان بلاویکردووەتەوە.

# بەشی سێیەم

## کردەی جێبەجێکردنی مەبەستی پڕاگماتیك بەپێی تیۆری بەشی یەکەمو دووەم

## 2- مەبەستە پڕاگماتیکییەکان لە وتاردا

### 1/2 کردە قسەییەکان- Speech act *

لە پ شت ت یۆری کردە ق سەییەکانەوە باکگراو ندێکی فەل سەفی هە یە، کە سەرەتاکەی بۆ ڕا ستو هە ڵە لە ر ستەکاندا دەگەڕێ تەوەو دوورە لە نی شانەی پڕاگ ماتیکیو گریمانەی پێشینەییو واتای بەخشکەیی دەربڕین، بەڵکو کێشەی ڕاستو هە ڵە پەیوە ستە بە مەرجی واتای سیمانتیکی لە ر ستەکاندا، ئەم فەلسەفەیە بۆ ڕێ بازی پۆزەتیڤزمی لۆجیکی ساڵی 1903 دەگەڕێتەوە، کە بە پێی لۆجیك لە واتاو بێ واتایی وشەکان دواون.

دواتر ویتگینستین- Wittgenstein لە لێکۆڵی نەوە فەلسەفییە لۆجیکییەکە یدا، بە کاریگەری ڕێبازی پۆزەتیڤیزم، لێکدانەوەیەکی فەلسەفی لە ژ ێر ناوی ( وا تا بەکارهێنا نە ) ئەنجا مداو پەسنی ز مانی بە ( گە مەکانی ز مان ) کرد، ت یۆری کردە ق سەییەکانی ئۆ ستن بە هێڵێکی تەریبی نێوان ( بەکارهێنانی زمان )و ( گەمەکانی زمان ) ی Wittgenstein دادەنرێت.[1]

دەربڕاوەکانی کردە قسەییەکان ناکرێ ڕاست یان هەڵە بن، بەڵکو نی شاندانی کردەوەیە کە بۆ نمونە (بەڵێن دەدەم) ئەم دەربڕاوە زیاتر بە ئەنجامدانی کردەیەکە لەوەی وتن بێت.[2]

ئۆ ستن- Austin لە ئەنجامی شیکردنەوەی ما ناو مەبە ستەکانی دەربڕاوە کان، دوو جۆر کرداری ج یاکردەوە ( ) کرداری بەجێهێنان ( ) و ( ) کرداری بەجێ نەهێنان ( )** کە هەردوو جۆرەکە لە ناسینەوەی حاڵەتو جەختکردنو هەڕەشەکردن پێچەوانەی یەکترن.[2]

---

* یول زاراوەی speech event بۆ ئەو بارودۆخ یان دەوروبەرە داناوە، کە چوارچێوەی واتای پڕاگماتیکی کردە قسییەکان دیاریدەکات، لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها زاراوەی دەوروبەر بۆ هەموو ژینگەو چوارچێوەی دەرەوەی دەق لە پێکهاتنی واتای پڕاگماتیکدا بەکارهێنراوە.

[1]- Levinson: [1997: 227-228]

[2]- Adrian, Richard.A, Ann.K, Robert.M: [1995:374]

** د. محە مەد مەحوی پێیوا یە لە بری هەردوو زاراوە( )ڕاپەڕا ندنو ڕانەپەڕا ندن ( ) زاراوە کانی ( ) بەجێهێنانو بەجێ نەهێنان( ) دابنر ێت، چونکە لە ڕووی وا تاو مەبە ستەوە مەرج نی یە ق سەکەر( ) ن/ر کارە کە ڕا پەڕێنن، بەڵکو بەجێ یدەهێنن، بۆ نمو نە کاتێك ق سەکەر دەڵێت: ( ) کارە کەم بە ئەو کرد.( ) ئەوا ئەرکێکی بەجێهێناوە نەك کارە کەی ڕاپەڕاندبێت، بە پەسەندکردنی ئەم بۆچوونە هەردوو زاراوەکە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارهێنراوە.

کرداری بەجیێهێنان هەردوو چە شنی (ئا شکراو نائا شکرا ) دەگرێ تەوە، کرداری بەجیێهێنانی نائا شکرا هەڵگری خە سڵەتی را ستو هە ڵە نین، بەڵکو ئەوەی دەکر ێت ز یاترە لەوەی دەوتر ێت، بۆ مەرجی کرداری بەجیێهێنان ئۆ ستن سێ خاڵی دەستنی شانکرد کە بە مەرجی گونجاندن ناساندی،[1] * دواتریش سیریەل ئاماژەی بە خاڵێکی ترداو بە مەش چوار مەرجی گونجاندن بۆ تیۆری کردە قسەییەکان دەستنیشانکرا.

جین- Jean بە شێوەیەکی گشتی تیۆری کردە قسەییەکان بە دوو چەشن ئاماژە پێدەدات :

((1- کردە قسەییە راستەوخۆکان/ بەهۆی فۆرمی زمانەوە کردەکە جێبەجێدەکرێت.

2- کردە ق سەییە ناڕا ستەوخۆکان/ لە پ شت فۆر مە زمانییە کەوە مەبە ستی کردە کە دەگەیەنێت)) [2].

33- کۆمپانیا یەکی سپی، سپی وە کو بەفر، بەفر وە کو ز ستانی سەر چیا، چیاش وە کو سەفین... بیرم کەو تەوە کۆمپانیای سەفین. ساڵی 1998 مۆ ڵەتێکی رە سمی لە وەزارە تە لەتەکەی هەولێری حکومەتی هەرێم وەرگرتووە.

رۆژنا مەنوس بە شێوەیەکی زنجیرە یی و شەکانو وا تای سیمانتیکیان بە دوای یە کدا وەك پڕۆ سەیەکی بیرکەوت نەوە دەهێن ێت، کە لە را ستیدا مەبە ست لە پڕۆ سەی بیرکەوت نەوە بەهۆی کۆدەکانی بەفر، زستان، چیا نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ کردەی قسەیی بە مەبەستی پلارگرتن چێدەکات.

لە زمانی کوردیدا رەنگی سپی بە واتای پاکیو بێگەردی بەکارهێنراوە، بەفریش بە هەمان واتا بۆ پەسنکردنی جوانیو پاکی بووە، لە تەك ئەمە شدا چیا هەمیشە نیشانەی بەرزیو بەرگریکردن بووە، بە پێ چەوانەی ئەم واتایا نەوە و تارنوس خە سڵەتی دز ێویو سەلبی کۆمپانیای سەفین لە پێ شەکییە دە قدا دەخا تەڕوو، بە مەش کردەی قسەیی رەخنەگرتنو پلاگرتنە لە کۆمپانیای سەفین.

---

[1]- Yule: [2000:52]

* لە زمانی کوردیدا هەردوو لێکۆ ڵەر قەیس کا کلو ئافێستا کەمال (تیۆری کردە قسەییەکان) خستووەتەڕوو، بۆیە بە پێویستمان نەزانی جارێکی دی ئەم تیۆرە دابڕێژینەوە، تەنها وەك پەیرەوکردنی بەسەر وتاردا باسمانکردووە.

[2]- Aitchion: [1992: 96]

34- زانكۆكانی هەرێمی كوردستانو بازاڕی كار

35- زانكۆ بە یەكێك لە دامەزراوەكانی خوێندن دائەنرێت، بەوەی كە ناوەندی پەرەپێدانی زانستە لە بوارەكانی هزرو مەعریفەدا، هەروەها سیستمێكی بەرهەمداریشە كە پشت بە كۆ مەڵێك پێداویستی ئەبەستێت كە هاوردە ( مدخلات) زانستییەكەی خوێندكارەو دەرهاویشتەكەشی (مخر جات) دەرچوانییەتی، بەو مەو سەفاتانەی كە كۆمەڵ پێویستی پێدەبێت. راستییە مێژوویییەكان سەلماندوویانە كە دامەزراوەكانی خوێندن بە تایبەتی زانكۆكان لە دەوڵەتە گەشەسەندووەكاندا ( هەرێمی كوردستان باشترین نموونەیە) بوونەتە كار گەی بەر هەمهێنانی ژمارەیەكی زۆر لە دەر چووانی بێكار، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆ كار، لەوانە كەمتوانایی دامەزراوە بەرهەمداریو خزمەتگوزاریییەكان لە گرتنەخۆی ئەو ژمارە زۆرەی دەرچووان بە هەموو ئەو پسپۆڕیو تایبەتمەندییە زانستیو تەكنیكییەی هەیە، لە لایەكو لە لایەكی تریش، نەگونجانی ئەو پرۆگرامو بەرنامەی خوێندنەیانە لەگەڵ واقعی كۆمەڵدا.

پرۆسەی مۆدێل لە زماندا بەهۆی دوو سەرەی نێرەر / وەرگر بە پشتبەستن بە  زانیاری هاو بەش - common knowledge  و  پێشینەی هاو بەش - common backgroun دروستدەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش نوسەر ئەو پەیامەی لە مێشكیدایە بە شێوەی نوسین ئامادەی دەكات، هەوڵدەدات رەچاوی هەردوو خاڵی پێشینەو زانیاری هاو بەش بكاتو بیكاتە مەرجی ناسینەوەی بابەتەكەی، لە هەمانكات كردەی قسەیی لە داهاتوودا جێبەجێبكات.

لە دەقی (34)دا ئەو زانیاریانەی بەهۆی هێماكانی ناونیشانەدەقەوە نوێنراوە، زانیاری دووسەرەی ن/خ- نو كۆكن لەسەر بابەتی قسەلەسەركراو، بەتایبەت نوسەرو خوێنەرێك، كە پێكەوە هاوبەش بن لە یەك كەلتورو شوێنو بابەتی قسەلەسەركراو.

نو سەر لە دەقی (35) دا هەوڵێ ستی خوێندكارانی زانكۆ لە بەر هەمێكی چەندێتیدا هەڵدەسەنگێنێت، ئاستی زانستی خوێندكارو نابەرهەمداریتیانو سستی جوڵەو كاریگەری یان بێكاریان لە كۆمەڵدا ئاشكرایە، ئەم زانیارییە هاوبەشەی نێوان ن خ دەبێتە مەرجی ناسینەوەی وتارەكە لە لایەن خوێنەرەوە.

نو سەر لەبا سکردنی هۆ کاری بێ کاری خوێ ندکاران پابە ندە بەو هۆ کارەی، کە خوێ نەر وتارە کەی پێدەنا سێتەوە، لە هەمانکات وروژا ندنی وە ها با بەتێك کە بێ کاری دەر چووانە ( دڵسۆزی-sincerity ) ی نوسەر لە کرد نی هەڵوێ ستێکدا دەخا تەڕوو، هەروەها نو سەر لە دەربڕ ینی هۆ کاری بێ کاری خوێ ندکارانی دەر چوو لە را بردوودا بە بەرهە مداریێتی خوێ ندکار لە رووی چەندێتییەوە بە ئێ ستا یان دا هاتوو پابە نددەکات، کە ئۆ ستن ئەم پابەندبوونە بە ( مەرجە پێشنیازکراوەکان- proposition condition ) ناوزەددەکات.

سیریەل- Searle ( هـ ێزی وا تای نافۆرمی - illocutionary force ) لە چوار چێوەی دەقدا بە ( مەرجی پێویـستی - Essential Condition ) دا ناو لەم دە قەدا گەیا ندنی ئەو مەبەستەیە، کە نو سەر دە یەوێت لە پـشت فۆر مە زمانییە کەوە بیگەیەنێ تە خوێ نەر، بە مەش دەقە کە هەڵگری ( مەرجی گونجا ندن -Felicity condition ) ەو تیا یدا کردارە کە بەجێهێنانێکی ئاشا شکرای گرتووە تەخۆ، کە رەخ نەگرتن و ئاگادارکرد نەوەی دا مەزراوەکانی حکومە تە، لە بەردەم رێگەپـ ێدان بەو ژ مارە زۆرەی خوێ ندکار دەردە چێت و ساڵانە ژمارەی بێکارە کان روو لە ز یادبوون دە کەن، بێ ئەوەی چارە سەرێکی گو نجاو بۆ ئەو گرفتە زانستییە بدۆزنەوە.

ئەو بابە تەی نو سەر دەیوروژێن ێت کاری گەری لە سەر خوێ نەر درو ستدەکات، چونکە لە شوێنێکدا بڵاویدەکاتەوە، کە لە رووی ژینگەییو رامیاریو کۆمەڵایەتییەوە، نوسەرو خوێنەر تیایدا بەشدارن، کەسی ( ئاماژەپێدراو -Referential ) لەگەڵ باری وتنە کەدا گو نجاوە، چونکە بێ کاری خوێ ندکارانی زان کۆ شاراوەو ناد یار نی یە، بەڵکو ئەو بارە بۆ هەموو خوێ نەرێك ئا شکراو د یارە، بە مەش ئەو کەتیگۆریا نەی ئۆ ستن لە مەرجی گونجاند ندا دەستنیشانیکردووە، لە وتارەکەدا لەبارو گو نجاوەو کردار وابە ستەی دەق دە کات نەك رۆ ڵی بابەتیانە لە ئاستی رێزماندا.

دەکرێ لە هەموو جۆرە وتارێکدا، ر ێژەی مەر جەکانی گونجا ندن دیاریبکر ێت، بە تایبەت لە ستون و گۆشەدا، کە پەیوە ستە بە با بەتی رۆژ یان رووداوی رۆژەوە، چونکە ن/ر پێش نو سینی بابەتە کە ئامادە کاری بۆ نو سینەکە وەك مەرجی سەرەتایی دە کات و بە شێوەیەك دایدەڕێژێ تەوە، کە پابە ند نی یە بە کاتی کردارە کەوە، بۆ نمو نە کاتی روودا نی

بابەتەکە رابردووە، بەڵام نو سەر لە (پێ شنیازکردن، رەخ نەگرتن، هاو کاریکردن، پلار گرتن، هەڕەشەکردن، پۆزشهێنانەوە، گلەییکردن، سوپاسکردن، دا خوازیکردن، وروژا ندن ...) کاتە کە بە رانەبردوو دەردەبڕێت، لەکاتێکدا بۆ پا شگەزبوونەوە یان پە شیمانبوونەوە پەیوە ستە بە کاتی را بردووەوە، کە ئە مەش مەرجی پێ شنیازکردنە لای سیریەل، هەروەها دڵسۆزی ن/ر وادەکات بایەخ بە نوسینی بابەتەکە بداتو هەڵوێستێك لەو بارە یەوە وەك مەرجی دڵسۆزی بەرجەستە بکات.

گۆشەو ستون لە هەر جۆرێکی دیکە پتر پەیوە ستە بە دەورو بەری دەرەکی یەوە (کات، شوێن، کولتور، جۆری رۆژنامە، کەسێتی نوسەر، جۆری خوێنەر)، خوێنەر بە لێکدانی دەربڕاو/ دەقەکە بە دەوروبەر، مەبەستی نوسەر لە واتای نافۆڕمیدا دەناسێتەوە.

بەپێی ئەو هێزانەی ئۆستن بۆ هێزی واتای نافۆرمی کرداری بەجێهێنان ج یایکردەوە، وەك یول- Yule دیاریکردووە هەردوو کرداری (promise- بەڵێندان، warn- ئاگادارکردنەوە) لە کردارەکانی بەجێهێنانن. ن/ر لە نو سینی و تاردا بە پ ێی جۆرە کانی، پ شت بە کردارە کانی بەجێهێنانو بەجێنەهێنان دەبەستێت، لە بەکارهێنانی کردارە کانی بەجێهێنان بە شێوەی ئا شکراو نائا شکرا لە چۆنێتی بە ستنەوەی و شەکان بە دەورو بەری دەرەوەی زما نەوە جیادەکرێتەوە، لە و تاری رۆژا نەو سەروتارو و تاری شیکاریدا کرداری بەجێهێنانی ئا شکرا بەکاردەهێنرێت، چونکە گەیاندنی زانیارییە هە مە چە شنەکانە بە خوێ نەرو لە هەمانکات بەجێهێنانی کردەیەکە، کە بەهۆی نی شانە سیمانتیکیو سینتاک سیەکە بە خوێ نەر دە گات، هەروەها ئەو کردارانەی لە پشت فۆر مە زمانەیە کەوە کردە یەك بە خوێ نەر جێبج ێدەکات، بەهۆی دەورو بەری دەرەوەی دەق دەنا سرێتەوە، بۆ نمو نە کات ێك لە وتارێ کدا باس لە کاری گەری خوێ ندکارانی فەرەن سا دەکر ێت، کە بەهۆی خۆپی شاندانو بەردەوامبوونیان لە شۆڕش کاریگەری گەورەیان لە م ێژوودا تۆ مارکردووە، ئەوا ن/ر دە یەوێت بە ناڕا ستەوخۆ بزوتنەوەیەکی خوێندکاری بوروژێنێت.

کرداری بەجێنەهێنان مەبەست زانیاری بەخ شینە بە خوێ نەر لە ر ێی کردارەکا نەوە، نەك جێ بەجێکردنی کرده یەك، بۆ نمو نە لە سەروتاردا، کە دەرخ ستنی بیری سەرنو سەرە هەندێجار بۆ بەجێ نەهێنانی کردە یە، بەڵام بەپێی پێوی ستی سیا سیو دی نیو کۆمەڵا یەتی

رۆژنامەو بارۆخەكە دەشێت بۆ بەجێهێنانی كردە یەك بێت لە خوێنەر، بەمپێیە ناكرێت هێڵی جیاكەرەوە بە گوێرەی رێساو یاسایەك بۆ كرداری بەجێهێنان‌و بەجێنەهێنان لە وتاردا دابنێنین، بەڵكو ستراتیژو دیپۆلۆماسییەتی رۆژنامەكە دەیگۆڕێت، ئەگەرچی و تاری شیكاری، كە پشتبە ستووە بە ( بەڵگەو دیكیۆمێنت ) دەكرێت بەگشتی بە كردەی ڤ سەیی بەجێنەهێنان دەستنیشانبكرێت.

لە گۆشەو ستونی رۆژنامەدا، كرداری بەجێهێنانی نائاشكرا رۆڵی سەرەكی لە بە پراگماتیكبوونی دەقدا دەبینێت، كە بەمەبەستی جیاواز لە پێشنیازكردن، پیرۆزبایی، توانج، سوپاسگوزاری، پەیوەستبوون، داخوازیكردن... بەكاردەهێنرێت.

ن/ر بەهۆی ئەو كردارانەی مەبەستەكانی پێدەردەبڕن، كاریگەری لەسەر خوێنەر دروستدەكەن كە ئۆستن بە perlocution ناوی دەبات[1]، ئەم كاریگەر یەش جێبەجێكەری كردەیەكە لە خوێنەردا، چونكە بە بێ بوونی دروستبوونی كاریگەری خوێنەر كاردانەوەی نابێت‌و رۆژنامەو راگەیاندن نابێتە دەسەڵاتی چوارەم.

لە هەموو وتارێكدا كردەی ڤ سەیی بە شێوەی ناراستەوخۆ، بە مەبەستی تەشەر، پلار، پێشنیازكردن، سوپاسگوزاری، هەڕەشەكردن، پۆزشهێنانەوە، پەشیمانبوونەوە، گاڵتەو بەهاشكاندن، بەكاردەهێنرێت. كە بە پێی جۆری رۆژنامەو كەسێتی ن/ر مەبەستەكان بە ئاراستەی پۆزەتیف یان نەگەتیف دەگۆڕێت.

[1]- Levinson: [1997: 227]

## 2/2 گریمانەی واتای بەخشکەیی دەربڕین  *Implication

وا تای بەخ شکەیی دەر بڕین یەکێ‌کە  لە بیرۆ کە گرن گەکانی پڕاگماتـ یك،  کە خەسڵەتی  بەکورتبڕی تـ ێدا کۆدەبێتەوە،( ئەوەی مەبە ستە) ز یاتر ( لەوەی و تراوە)و  لەودیو فۆڕ مە زمانییە کەوە  هەڵوێ ستەی لە سەر دەکر ێت،  لە دەقەکا نداو  نو سەر  بۆ گەیا ندنی مەبە ستەکەی،  پتر گرن گی  بەم  سیمایەی پڕاگماتـ یك دەدات، با یەخی وا تای بەخ شکەیی دەربڕین لە دەربڕینی چۆنێتی شیاوی واتاو مەبەستەکاندایە، تا چەند خوێنەر پەی  بە وا تا شاراوەکانی دەقەکە دەبات.

واتای بەخشکەیی دەربڕین وەك لـ قی زانـ ستی پڕاگماتـ یك  لە سرو شتو هـ ێزی راڤەکاریا نەی پڕاگماتـ یك   لە د  یاردەی زمانەوانـ یداو   لە دەرەوەی رێ  سا گ  شتییەکانی هاوکاریکرد  ندا دەردەکەوێت.

گرایس- Grice بەرلە تیۆری  رێساکانی هاوکاریکردن، ئاماژەی بە دوو جۆر واتا دا :

((1- واتای سروشتی- natural meaning : بۆ نمونە هەور نیشانەی باران بارینە

2-  وا تای ناسرو شتی- non- natural  meaning : مەبە ستی پەیوە ندیکردن دەگرێ تەوە))

کەسێتییەکانی واتای ناسروشتی بەم شێوەیە پەسنکردووە** :

1- ئە گەر ( ق )  پەیامێکی  بە مەبە ست بکا تە دەر بڕاو  بەهۆی کاریـ گەری بیرو  باوەڕە توندوتیژەکانی وەرگرەوە.

2- ئەگەر ( ق) دەربڕاوی بەمەبەستی ( 1 )  بە ئا سانی بەر هەمبهێنێت  بەهۆی نا سینەوەی واتای (گ ) کە مەبەست لە ( 1 )

---

* Implication لە فەرهەنگی ئازادیدا بە واتای بەتوێکڵ دێت، کە پێشینەی کەڵتوری کورد  بۆ و شەی  بەتوێکڵ  بۆ وا تای نێگەتیـ ڤە  لە کاتێ کدا Implication  بە وا تای نێ گەتیڤو  پۆزەتیڤ د ێت، لەبەر ئەوە  د. محە مەد  مەحوی پێشنیازی زاراوەی واتای بەخشکەیی بۆ کردووەو لەسەر ئەم پێشنیازە، ئاڤێستا کەمال  لە ما ستەرنامەکەیدا  ئەم زاراوە یەی بەکارهێناوە، لەم لێکۆڵینەوەیەشدا لەبەر دروستی زاراوەکە لە رووی زانستییەوە هەمان زاراوە بەکارهێنراوە.

1- Levinson: [1997: 16]

** کورتکراوەی هێماکان بەم شێوەیەیە:

قسەکەر : ق

دەربڕاو : د..... گوێگر : گ..... توندوتیژی بیروباوەڕی یەکێك بۆ گوێگر : ت

نێرەر/وەر گر بەهۆی  دوو سەرەی زان یاری  یەوە پڕۆ سەی پەیوە ندیکردن ئەنجا مدەدەن، کە پەیا مەکان بەهۆی کاری گەری بیرو باوەڕەوە دەنا سنەوەو پێکهێنا نەوەی پەیوەندییەکان راستەخۆ لەسەر بنەمای رێککەوتنە.
کێشەی ئەم تیۆرەی گرایس لەوەدا دەبینرێ تەوە، کە پەیوە ندیکردن تەنها بە پ ێی ب نەمای رێککەوتن نییە، بەڵکە دەربڕاوو دەقی وەهاش بەرهەمدەهێنرێت، کە پێوی ستی بە شیکاری وردو لە دەرەوەی رێککەوتنی پەیامی ن ێوان زان یاری دوو سەرەیە، بۆ نمو نە  بەخ شکەیی دەربڕین  لەبەرئەوە پێشنیازی تیۆرێکی دیکەی کرد بە ناوی رێساکانی هاوکاریکردن.
بەخشکەیی دەربڕین، لە ئەنجامی پێکدادانی رێساکانی هاوکاریکردن دێتەکایەوە، بۆ ئە مەش گرایس چوار مەرجی ج یاکردەوە کە بە  مەر جەکانی هاو کاریکردن- Cooperative principle ناوی برد.
رێ ساکانی هاو کاریکردن پەیوەندی یەکی ئا شکراو روو نی ن ێوان نێرەر/وەر گرە، نو سەر پەیامەکەی بە ئاشکرا ئاڕاستەی خوێنەر دەکات بەهۆی پابەندبوونی بەم مەرجانەوە:
((1- مەرجی چۆنێتی : هەوڵ بدە بەشداریکردنت راستو دروست بێت، بە تایبەتی :
ا- شتێك مەڵێ کە بڕوات پێی نەبێت.
ب- شتێك مەڵێ کە بەڵگەی پڕاوپڕت بۆی نەبێت.
2- مەرجی چەندێتی
ا- با بە شداریکردنت ئەوە ندەی زان یاری ت ێدا ب ێت کە داوات لێ کراوە بۆ ئەو مەبە ستەی ئاڵوگۆڕی دەکەی.
ب- بەشداریکردنت زیاتر لەو زانیاریانە نەبێت کەداوات لێکراوە.
3- مەرجی پەیوەستبوون
با بەشداریکردنت پەیوەستدار بێت.
4- مەرجی شێوازبەندی
1- دووربکەوەرەوە لە شاراوەیی.
2- دووربکەوەرەوە لە لێڵی.
3- بوێر بە .

4- ڕێك‌و پێك‌و ڕێكخراوبه))[1].

له خستنه‌ڕووی مه‌رجه‌كانی گفتوگۆی ئاشكرا، گرایس پێیوایه لادان‌و بازدان له یه‌كێك یان له‌به‌ر چاونه‌گرتنی چوار مه‌رجه كه جۆر ێك له لێ ڵی له وا تادا دێ ته‌ئاراوه، كه به وا تای به‌خشكه‌یی ده‌ناسرێت.

گرایس تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی گریمانه‌ی واتای به‌خشكه‌یی له چوار خاڵدا خسته‌ڕوو:*

((1- توانای ڕه‌تكردنه‌وه یان پاشگه‌زبوونه‌وه - cancellability

2- خه‌سڵه‌تی لێكجیانه‌كراوه  non-detachability

3- توانای ئه‌ژماركردن- calculability

4- خه‌سڵه‌تی ناباو- non-conventional ))[2]

لیڤنسن- Levinson ئاماژه‌ی به‌و گرفته گشتگیریانه دا، كه وه‌ك د یوێكی ناوازه له ده‌ره‌وه‌ی تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی واتای به خشكه‌یی ده‌رده‌كه‌وێت، وه‌ك را ڤه‌كردنی لا نه‌دان له ستانداردی مه‌رجی چه‌ندێتی واتای به خشكه‌یی، لێكدانه‌وه‌ی میتافۆر به لادان له شامه‌رجی چه‌ندێتی، هه‌روه‌ها گریمانه‌ی شیاوی په‌یوه‌ندی نێوان واتای به‌خشكه‌یی‌و دروسته‌ی زمان.

وه‌ك پێشتر ئاماژه به ڕێساكانی هاوكاریكردن درا، كه لادان له هه‌ر شامه‌رجێك‌و ڕه‌چاوكردنی تایبه‌تمه‌ندییه‌كان، هۆی هێنانه به‌رهه‌می یان ده‌ركه‌وتنی واتای به‌خشكه‌ییه، بۆ نمونه (36)

---

[1]- Adrian, Richard.A, Ann.K, Robert.M: [1995: 381- 382]

* لیڤنسن ئه‌وه‌ی خسته‌ڕوو، گریمانه‌ی پێشه‌كی به پێچه‌وانه‌ی گریمانه‌ی به‌خشكه‌یی ده‌ر بڕین، خه‌سڵه‌تی لێكجیاكراوه‌ی هه‌یه، كه ئه‌كرێ له ڕێگه‌ی تره‌وه هه‌مان پێشه‌كی ده‌ربڕێت، ئه‌مه‌ش له و تاردا ن/ ر بۆ ده‌ربڕینی جیاواز له پێدانی پێشه‌كی به خوێنه‌ر كه‌ڵكی لێوه‌رده‌گرێت بۆ نمونه: ده‌توانرێت له ناونیشانه‌ده‌قدا له بری ئه‌وه‌ی بنو سرێت :  سه‌ردانه‌كه‌ی سه‌رۆك تا له‌بانی بۆ ئا مه‌ریكا كاردا نه‌وه‌ی با شی هه‌بوو. بنو سرێت :  سه‌ردانه‌كه‌ی تاله‌بانی كاردانه‌وه‌ی باشی هه‌بوو. .... كه‌واته خه‌سڵه‌تی لێكجیاكراوه‌یی له گریمانه‌ی پێشه‌كیدا كار ناكاته سه‌ر تێكچوونی مه‌به‌ستی ن/ ر .

[2]- Levinson: 1997: 116-117

واتای بەخشکەیی (37) ، لە راستیدا دەتوانرێت (37) وەك (38) رەتبکرێتەوە :[1]

36- Joe taunted Ralf and Ralf hit him*

37- First Joe taunted Ralf and then Ralf hit him**

38- Joe taunted Ralf and Ralf hit him, but not necessarily in that order ***

دەربڕاوی (36) دەقاودەق واتا لێڵە لە نێوان هەردوو چەمکی and یەکەمیان هاواتای and ی لۆجیکیو ئەوی تر یان and then ، (37) واتا لێڵ نییە and تایبەتییە بەهۆی نیشانەکردنەوە، کە خوێندنەوەی and then مەبەست نییە.

تایبەتمەندی لێکجیانەکراوە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی واتای بەخشکەیی، بەڵام سادۆك ئاماژە بە دەرەوەی ئەم خاڵە دەداتو وای بۆ دەچێت، کە واتای بەخشکەیی بەشێکە لە ناوەڕۆکی سیمانتیکی هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی کۆمەڵە هاوواتایی- Synonymous ەکان وەك لەم نمونانەدا رونکراونەتەوە :[2]

39- Some of the boys went to the soccer mach****

40- Not all of the boys went to the soccer mach*****

41-Some and perhaps all of the boys went to the soccer mach ******

دەبینرێت (39) واتای بەخشکەیی (40) هەمان مەرجی راستیو راستیپێکان لە (39)،(40)و (41) دا هەمان واتاو بەشداری لە هەمان واتای بەخشکەییدا دەکەن، بەڵام بە تەنها (39) واتای بەخشکەیی (40) نییە.

---

[1]-Levinson: [1997: 119]

* جۆو راڵفی گرتو راڵف لێیدا.

** سەرەتا جۆو راڵفی گرتو پاشان راڵف لێیدا.

*** جۆو راڵفی گرتو راڵف لێیدا، بەڵام بەتەواوی وەك ئەو نا .

**** هەندێك لە کوڕەکان چوون بۆ یاری تۆپی پێ.

***** هەموو کوڕەکان نەچوون بۆ یاری.

****** هەندێك یان پێدەچێت هەموو لە کوڕەکان، چووبن بۆ یاری تۆپی پێ.

[2]- Levinson: [1997: 116-117]

وا تای بەخ شکەیی لە ا- چی دەوتر ێت، ب- لا نی کەمی رێ سکانی هاو کاریکردن- CP هەڵدەگوێزێت. لیڤنسن لە تێڕامانی گرفتی واتای بەخ شکەییدا، چەند پر سیارێك دەر بارەی چییەتی وتن، ئەو ئاستە زمانییەی بەشدارە لە واتای بەخشکەییدا، ئاڕاستەدەکات: ئایا وا تای بەخ شکەیی لە درو ستەی رو کەش، نوا ندنی سیمانتیکی یان بەهۆی مەرجی را ستیو راستیپێکانەوە بەرهەمدێت؟

لیڤنسن ئا ستی نوا ندنی سیمانتیکی، بە بنەمای شێوازی وا تای بەخ شکەیی دادەنێت، کە سنوری فۆرمی لۆجیکی دەگرێ تەوە، شێوازی وا تای بەخ شکەیی دەر بڕین ناتوانر ێت لە دەرەوەی لێکدا نەوەی درو ستەی روکە شەوە خوێند نەوەی بۆ بکر ێت، هەروەها لە مەرجی راستیو راستیپێکانی رستە دەربڕاوەکەوە هەڵنەهێنجراوە [1]

(42) چەند دەربڕاوێکن کە جیاوازن لە دروستەی روکەش، بەڵام بە شداری لە هەمان وا تای بەخ شکەییدا دە کەن، (42) وا تای بەخ شکەیی (43) بێگو مان وا تا بەخ شکەیەکە رەتناکاتەوە[2]:

42- Perhaps
Maybe P

Possibly P

Potentially P

43- Possibly not p

یەکێك لە گرفتەکانی دیکە ئەوەیە کە بەپێی رێسای گشتی واتای بەخشکەیی دەربڕین، هەندێك لە (A) ەکان دەبن بە (B) ((ئەوەی پێشتر درێژکراوەی ئەوەی دواتر نییە، لەبەرئەوەی ئەوەی پیشتر دەکرێت راست بێت لە کاتێکدا ئەوەی دواتر هەڵەیە)) [2]

44- All of the arrows didn’t hit the target.*

---

[1]- Levinson: [1997: 123]

2- سەرچاوەی پێشوو: [ 123 ]

* هەموو تیرەکان لە نیشانەکەیان نەدا .

له (44) دەربڕاوەکە جۆرێکە لە لێلّی وا تایی لە نێوان دوو چەمکدا، کە فۆرمی لۆجیکیان لەم یاسایە پێکدێت:

45( x(A(x) ⟶ Hit (x, the target)))

بەپێی یاسای (46) واتای دەربڕینەکە وەك واتای (44) لێدێت:

46- X (A (x) ⟶ (Hit (x, the target)))

47-Non of the arrows hit the target.*

بەلاّم لە (47) هەموو (A) نابن بە (B) ؛ ((not all As are B)) بە مەش ئەم واتا یە دەبەخشێت:

48-some of the arrows hit the target. **

کەواتە (46) دوو خوێندنەوەی هەیە، کە واتای بە خشکەیی (48) ، واتای بەخشکەیی ناکرێت لە درو ستەی روکە شەوە هەڵبهێنجرێت، بەڵکو لە هە ندێك وا تای سیمانتیکییەوە بەهۆی خوێندنەوە یەکی تایبە تەوە ئاوازە/ هـ یز دێتەبەر هەم. لە یرەدا لیڤنـ سن بۆ ز یاتر خستنەڕووی ئەم حاڵەتە، کە واتای بەخشکەیی بە شێکی پێکها تەی ئا ستی سیمانتیکییەو زۆر بەی جار ناتوانرێت تەنها بە مەرجی راستیو راستیپێکان ئەژماربکرێت، ئاماژە بە یاسایەك دەدات:

49- P

50- P and if p then p

لە کاتیکدا (49) راست بێت ئەوا (50) راست دەبێت، هەروەها بە پێچەوانە شەوە، کەوا تە (50) بە تەنها بەراوردی وا تای بەخ شکەیی دەربڕ ینە، هەروەها هەردوو دەربڕوا کە لە مەرجی را ستیو را ستیپێکاندا وەك یەکن، بەلاّم لە فۆرمی لۆجیکیدا جیاوازن، ئە مەش وادە کات وا تای بەخ شکەیی ج یاواز دە ستەبەربکەنو هە مەجۆری لە هاووا تای نزیکدا دەربکەوێت، هەروەها تۆتیۆلۆجی tautology کە واتای بەخشکەیی دەگەیەنێت، بە هەمان رێ سا لە ئا ستی سیمانتیکییەوە وەردەگیر ێت، نەك بە تەنها درو ستەی رو کەشو مەرجی راستیو راستیپێکانی هێماکان بڕوانە ئەم دوو نمونەیە [1]:

51-A square has four sides

52- Boys are boys

* هیچ لە تیرەکان لە نیشانەکەیان نەدا.

** هەندێ لە تیرەکان لە نیشانەکەیان دا.

1- Levinson: [1997: 124]

لە زمانی کوردیشدا وەك پەند دەوترێت "يەك جار دەڵێن زستان ساردە"، يان وەك نمو نە ئینگلیزیەکە (51) چوارگۆشە هەر چوار لای هە یە، مەبە ست نکوڵی نەکرد نە لە با بەتێك يان راستییەك کە دەوترێت، هەروەك لە دەربڕاوی (52) یشدا بە هەمان شێوە دەوترێت کوڕ هەر کوڕە.

## 1-2/2 جۆرەکانی واتای بەخشکەیی دەربڕین

گرایس ئاماژەی بە دوو جۆر لە واتای بەخشکەیی دا، کە لیڤنسن ناوی نا "ستاندارد" (standard)، ئەم دوو جۆرە لە ئەنجامی لادان یان پەیرەو نەکردنی رێ سکانی هاو کاریکردن دێ نەئارا، پەیوە ستەگیو ناپەیوە ستەگی بە دەورو بەرەوە خاڵی بەراوردکاری هەردوو جۆرە کەن، ((1- وا تای بەخ شکەیی گ شتگیر پەیوە ست نی یە بە دەوروبەرێکی تایبەتی یان سیناریۆیەکی تایبەتی یەوە بە پێچەوانەوە 2- وا تای بەخ شکەیی تایبەت پەیوەستە بە دەوروبەرێکی دیاریکراوەوە، بەمپێیە جۆری یەکەم دانانی دەربڕینێکی کرداربەندی یە، کە وێ ناکردنی کرداربەندی یە گۆڕینۆکە کە نز یك نی یە لە ڤ سەکەرەوە، بەپێ چەوانەوە کرداربە ندی گۆڕی نۆك لە جۆری دووە مدا پەیوە ستە بە دەورو بەرێکی تایبەتییەوە)).[1]

گرایس پێی لەوە ناوە مەرجی ناڕاستیو راستیپێکانی هێماکان، جۆرێکی دیکە جیادەکا تەوە کە ناوی نا "وا تای بەخ شکەیی باو- conventional implicature"، بە وا تە لە مەرجی ناڕا ستیو را ستیپێکانی و شەکانەوە بەرهە مدێت، تایبەتمەندی یەکانی وا تای بەخ شکەیی وەك (توا نای رەتکرد نەوە، لێکجیا نەکراوە، ئەژمارکردن ) ناگرێ تەوەو هاو کات پەیوەست نییە بە رێسکانی هاوکاریکردنەوە.

لەمبارە یەوە گرایس تەنها دوو نمو نەی داوە کە هەردوو و شەی "and, therefore"ە، بەڵام لیڤنسن ئاماژەی بە دیاکتیکی ئاخاوتنەیی و دیاکتیکی کۆمەڵایەتی داوە:[2]

---

[1]- Yule: [2000: 40, 42], Levinson: [1997: 126]
[2]- Levinson: [1997: 128]

ن/ر له نوسینی وتاری شیکاریدا ناتوانێت واتای بەخشکەیی بەکاربهێنێت، چونکە ئەم جۆرە وتارە بە پشتبەستن بە ڕێسکانی هاوکاریکردن دێتەبەرهەم، هەروەها ئەو بەڵگا نە پێویستە بخرێتەڕوو، کە ڕاستی باسەکە دەسەلمێنێتو خوێنەر لە لێکدانەوەی فرە مەبەستی دوور دەخاتەوە، بۆ ئەمەش پێویستە بوێرو ڕێکخراو بێتو هەموو ئەو زانیاریانە پێشکەش بکات کە لە خزمەتی وتارەکەدا یە، نەك مەبەستێکی دیکە لە پشت فۆرمەکەوە بە خوێنەر بگەیەنێت، بەڵام لە ستونو گۆشەدا نوسەر پتر کەڵك لە واتای بەخشکەیی دەبینێت، تەنانەت ناونیشانی گۆشە لە لای ئەو ن/ر- ا نەی تواناستی پڕاگماتیک یان بەهێزە، بە چەشنێکە کە لەودیو فۆرمە زمانییە کەوە مەبەستەکە بگەیەنێت، جگە لەوەش بابەتی ستونو گۆشە وروژاندنی ڕووداوی ڕۆژەو مۆرکی نوسەرەکەی پێوە دیارە، بە واتا گوزارشت لە بیروبۆچوونی ن/ر- ەکە دەکات، کە بە شێوەی کردەی قسەیی پڕاگماتیك یان واتای بەخشکەیی مەبەستەکە دەردەبڕێت.

خەسڵەتی توانای ڕەتکردنەوە لە وتاردا وەك پرۆسەی گفتوگۆکردن یان ئاخاوتن نییە، کە تێیدا دەوروبەری فیزیکی ڕۆڵی کارا دەبینێت، بەڵکو پەیوەستە بە بیروبۆچوونو باوەڕی دینیو حیزبی ن/ر خ، ئەگەر هەردوو سەرە یەکباوەڕ بن، ئەوا توانای ڕەتکردنەوەی دەربڕاو یان دەقەکە لاواز دەبێت، بەڵام ئەگەر دژ بن، ئەوا خوێنەر لێکدانەوەی بۆ دەقەکە بە پێچەوانەی مەبەستی ن/ر- ەو توانای ڕەتکردنەوەکە بەهێز دەبێت. هەروەها دانانی فۆرمەکانی پەرژین- Hedge * توانای ڕەتکردنەوە بە دەقەکە دەبەخشێت، هەروەك بەهۆی فۆرمە ئەگەرییەکان وەك: لەوانەیە، دەکرێت، وابزانم، دەشێت ... دەردەبڕێت، بەکارهێنانی ئەم فۆرمانە پەیوەستە بە کەسێتی ن/ر- ەوە، ئەو نوسەرانەی بەبێ باگراوندێکی زانیاری باش بەتێك باسدەکەن یان کەسایەتی حیزبین، بۆ دوورکەوتنەوە لە ڕەخنە پەنا بۆ ئەم شانە دەبەن، بەپێچەوانەوە خاوەن پێشینە زانیارییەکان، کەمتر بەکارهێنەری فۆرمە ئەگەرییەکانن، لەهەمانکات هەندێك نوسەر فۆرمی وابزانم بە

---

* بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی Hedge پەرژینەکان بڕوانە [Yule: [2000:38-40

شێوەی پڕاگماتیك بەکاردەهێنێت، کە مەبەست لێی ئەو پەڕی دڵنیابوونێتی لەو بابەتەی دەینوسێت.*

خەسڵەتی لێکجیا نەکراوەیی کە واتای بەخشکەیی دیکە بەهۆی وشە هاوواتاکا نەوەدروستناکات، ن/ر کەڵك لەم خەسڵەتە وەردەگرێت بەوەی تا چەند بەتوانا یە لە دوبارەنەکردنەوەی دەربڕاوی وەکیەکدا، وێڕایئەوەش سادۆك-Sadoch ئاماژەی بەوە داوە، کە هەندێ و شەی هاووا تا واتای بەخشکەیی دروستدەکات[1]، بۆ نمونە لەزمانی کورد یدا □ درێژ، بالآبەرز، کەڵەگەت □ هاوواتان، بەکارهێنانی هەردوو وشەی □ بالآبەرز، کەڵەگەت□ دانانی لەبرییەکتر، واتای بەخشکەیی دروستناکەن، بەڵام و شەی □ در یژ □ لە دەورو بەرێکی دیاریکراودا بە مەبەستی سوکایەتی پێکردنو ناشرینکردن بەکاردەهێنرێت، لە هەمانکات لە دەورو بەری فیزیکیدا هەر یەك لەو فۆرمە و شانە بەمەبەستی پڕاگماتیك دەردەبڕێت، لە پرۆسەی ئاخاوتندا هەردوو و شەی □ بالآ بەرز، کەڵە گەت □ بە مەبەستی بەستەبالآ لە دەورو بەری فیزیکیدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە پرۆسەی نوسیندا بە بەرجەستەکردنی حاڵەتەکە لە دەوروبەری دیاریکراودا بە تایبەت لە نوسینی شانۆو سیناریۆدا بە مەبەستی پڕاگماتیك دەنوسرێت.

واتای بەخشکەیی باو لە نوسینی وتاردا زۆر جار بەمەبەستی جیاواز لە واتا سیمانتیکیەکە بەکاردەهێنرێت، بۆ نمونە فۆرمی □ گەورەم □ لە وتارێکی رەخنەییدا دەشێت مەبەست پێچەوانەکەی بێت کە کەمکردنەوەی رێزو ستایشە. (بڕوانە و/6،2 )

توانای رەتکردنەوە لە دەقو دەربڕاوی وتاردا، بۆ دیکۆدکردنو توانای تێگەشتنی خوێنەر دەگەڕێتەوە، چونکە ن/ر پشت بە بیرو دیدگاو هەستیو ئایدۆلۆژییەتی خۆی بابەتەکە گوزارشتدەکات، نەك پشتبەستن بە بەڵگەو دۆکیۆمێنت.

---

* ئەو نوسەر یان رۆژنامەنوسانەی با بەتی رۆژنامە حزبییەکان دەنوسن پتر لە مەبەستی بەخشکەیی دەربڕیندا پەرژینەکانی □ لەوانەیە، دەشێ، پێدەچێت، ئەگەر، □ بەکاردەهێنێت، بەڵام بەکارهێنانی ئامرازی لێکدەری □ ئەگەر □ لای ن/ر رەخنەگرەکان بۆ مەبەستی دڵنیایی لەو بابەتەی دەیروژێننو قسەی لەسەر دەکەن دەینوسن.

[1]- Levinson: 1997: [116-117]

## metaphor -ميتافۆر 2-2/2

تویژینەوەی میتافۆر پەیوەستە بە پۆلێکی ترەوە یاخود بە  پۆلی دەستە وشەی بە واتا -figures of speech  وە، (( میتافۆر تەنها ناوەندی شیعر نییە، بەڵکو لە راستیدا بەشێکی گەورەی بەکارهێنانی زمانە)) [1] .

بەپێی لێکۆڵینەوەی ترادسیۆن، میتافۆر ناوەندی لێکۆڵینەوەی سیمانتیك بووە، دوور بوو لەهەر کێشەیەکی پراگماتیکی، بۆ ئەم مەبەستە دوو تیۆری سیمانتیکی دانرا: ((1- تیۆری بەراوردکاری- the comparison theory : ئەم تیۆرە کار لەسەر بنەمای لێکچوون دەکات، بۆ نموونە  I ago is like an eel  بە لابردنی یەکێك لە کرداربەندییەکان، واتای دەربڕاوەکە، سیمانتیکیانە وەکیەکن.

2- تیۆری کارلێککردن- the interaction theory : بەکارهێنانی تایبەتی دەربڕینی زمانە، کە بەشە میتافۆرییەکەی بە بەشە دەقاودەقییەکەی دەبەسترێتەوە، یاخود بە پێچەوانەوە)) [2].

لیڤنسن پێیوایە ئەم دوو تیۆرە لە پشکنینی میتافۆردا پڕاوپڕ نییەو نوشستدەهێنێت، بۆ ئەمەش سەرەتا نمونە بە پەیرەوکردنی هەردوو تیۆرەکە پێشکەشکرد، هەروەك لە دەربڕاوی  بەردەکە مرد.  the stone died  فیچەرە سیمانتیکییەکانی وشەی  بەرد، مردن ی خستەڕوو، بەمپێیە بەرد ئەم نیشانە واتایانەی هەیە:

 فیزکییە، بێلایەنە، نازیندووە، بەرجەستەیە.... هەروەها فیچەرە واتایەکانی کرداری مرد  پرۆسەیەکی زیندەگییە ، گۆڕانە لە هەبوونەوە بۆ نەمان.

وەك لە رستەکەدا ئاشکرایە، بەرد خەسڵەتی زیندوێتی تێدانییە، لە رووی سیمانتیکەوە رستەکە نەشیاوە، چونکە بەرد نامرێت، بەڵکو خەسڵەتی نازیندەیی بەرد بۆ مەبەستی میتافۆری

---

[1]- Levinson: [1997: 147]

3- سەرچاوەی پێشوو: [ 148 ]

بەکارهێنراوە، بەمەش لە رووی پڕاگماتیکەوە دەربڕاوەکە شیاوو مانابەخش دەبێت.*

ئەو گرفتانەی بە گرفتی میتافۆر ئەژماردەکرێت:

((1- میتافۆر وەك خوێند نەوەی مەبەست دەردە کەوێت، لەبەر ئەوە بە تەنها بە باشی پارافرەیز ناکرێت: پڕۆسەی نەخشەی فیچەرەکان لە روونکردنەوەی هێزی میتافۆردا هەم پڕۆسەکە دیاریدەکات، هەم دەرخەری دەربڕاوەکە دەبێت.

2- هەندێك لە ئەسپێکتەکان کە هێزی زیاتر یان هەیە، بە چەند شتێکی تروەوە دەبەسترێنەوە، مانای راستەقینەی وشەیەك، بۆ فۆکسی میتافۆری کە زیاترە لە فیچەری سیمانتیکی، دەخرێتەپاڵ ئاماژەبۆکراوەکە، بەمەش دەتوانێت بانگەشە بۆ واتای دەربڕاوەکە بکات)) [1].

هەندێك بانگەشەی ئەوە دەکەن، زمانی سروشتی سیمانتیك خەسڵەتی لاستیکی- elasticity هەیە، کە رێگە نەك تەنها بە میتافۆر، بەڵکو بە پێکداچوونی نێوان وشەوچەمکەکان دەدات بۆ بەشداریکردنی پڕۆسەی ستاندارد لە لێکدانەوەی سیمانتیکیدا.

میتافۆر بە شێکی گرنگی پڕاگماتیە کە دەکرێت بە سێبەری گەیاندنی واتایی- connotational penumbra پێناسەبکرێت، واتە دەربڕاوەکە زیاتر چاوەڕێی پاشکۆی واتایی لێدەکرێت وەك لە کەسێتیو تایبەتمەندی وشەکە خۆی، هەروەها زانیاری خەسڵەتە حەقیقییەکانی ئاماژەبۆکراوەکانو زانیاری دەربارەی جیهان بە گشتی دەگرێتەوە.[2]

میللەر دنیادیدەییو کارامەیی بە بنەمای تێگەیشتنی میتافۆر دەزانێت، لە هەر سنورێکی سینتاکسی یان سیمانتیکی دووریدەخاتەوە، هەمبەر بە مە تیۆرییەکی پێشکەشکرد کە وەك تیۆری سیکۆلۆجییە لە چۆنێتی تێگەیشتنی میتافۆردا.

میللەر سێ چەشن لە میتافۆر دەستنیشانکردووە :[3]

1- میتافۆری ناوی - nominal metaphor : فۆرمی ئەم جۆرە لە شێوەی BE (x, y)

---

* بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم نمونەیە لە رووی بەکارهێنانی کردارەوە بڕوانە: Levinson: [1997: 149]

1- Levinson: [1997: 150]

2- Levinson: [1997: 149]

3- سەرچاوەی پێشوو : [152-154 ]

**بە پێی یاسای (53) دارێژراوە :**

53-BE (x, y) +>

**میتافۆری (x) ، لە جۆری (y ) لێکدەدرێتەوە وەك دوو خەسڵەتی کرداربەندی گۆڕینۆکی F ، G کە x خەسڵەتی F هەیە، بەهەمانشت y خەسڵەتی G هەیە.**

2- **میتافۆری کرداربەندی-** predicative metaphor **: ئەمجۆرە لە شێوەی**

{G (x, y) **یان** G (x)}*

**میتافۆری x جۆری کرداربەندی گۆڕاوە، لێکدەدرێتەوە بە : خەسڵەتی کرداربەندییەکە F و یەکە یەك y ئەوە ندە لە کرداربەندییە کەی x دە چێت، کە وەك کرداربە ندی گۆڕاوی y وایە.**

54-Mrs. Gandhi is doing something which is like something steaming ahead **

55-Mrs. Gandhi's progress in the election is like a ship steaming ahead***

3- **میتافۆری ر ستەیی-** sentential metaphor **: ئەم جۆرە کاتیگۆری هە ڵە نی یە، بۆ نمونە لە واقعدا ئایگۆ قولاپی ماسی نییە، یان گاندی** steaming ahead**.... نییە.**

**لیڤنسن بە پێچەوانەی تیۆرییە کەی میلەر، با یەخ بە دەستوری سینتاکسیو سیمانتیکی دەربڕاوەکان دەدات، ئەو پێیوایە هەردوو دەربڕاوەکە لە ئاستی قوڵدا وەکیەکنو لە ئاستی روکە شدا فۆرمی وەکیەکە کەی لا براوە، بە مەش پرۆ سەی سیمانتیکی(54) وەك (55) لێــکدەدرێتەوە، لەگەڵئەوەشدا ئەو گرفتەی خستەڕوو، کە لە هە ندێ دەر بڕاو یان دە قدا ناتوانرێت فۆرمە لابراوەکە بە ئاسانی بدۆزرێتەوە، بڕوانە نمونەی (56):**[1]

56-Your defense is an impregnable castle. ****

---

* بۆ زانیاری دەربارەی یاساکانی میتافۆر بگەڕێرەوە بۆ [Levinson: [1997: 152-153

** گاندی هەندێك کار دەکات، کە وەك (steaming ahead)ە، واتە پێش سەردەمی خۆی کەوتووە وەك چۆن کە شتی هەڵمی پێش هەڵمەکەی دەکەوێت. کورد دەڵێت:  ئەڵێی تویسکەی تفەنگە

*** پروگرێسەکانی گاندی لە هەڵبژاردندا ، وەك (steaming ahead)ە

1- Levinson: [1997: 157]

**** بەرگریکردنەکەت وەك قەڵا وایە.

57-Freud lived here. *

له (56) و (57) دا بەبێ گەڕانەوە بۆ دەوروبەری دەقەکە ناتوانرێت بە ئاسانی دەسنیشانی فۆرمە کوژێنراوە کە بکرێت، هەروەها دەکرێت دەربڕاوی (56) و (57) دە قاودەق واتای سیمانتیکی هەبێت یان میتافۆری بێت، کەوا تە پێدە چێت میتافۆر واتا یەکی دە قاودەقی هەبێت، بەبێئەوەی لابدات لە شامەرجی چۆنێتی یاخود پەیوەندییەکی ناپڕاوپڕی هەبێت.

سیریەل لەبارەی چۆنێتی جیاکرد نەوەی فۆرمی میتافۆری لە جۆرە کانی تری درکە ( trope ) پێشنیازی ئەوەیکرد، کە میتافۆر بە رێسای پڕاگماتیکی یان لێکدانەوە دە چوێنرێت، پاشان با شترین چواندن کە لە گەڵ مەبەستی پەیامی قسەکەردا بگونجێت هەڵدەبژێرێت، کەواتە لێکدانەوەی دەربڕاوێکی میتافۆری، درێژکراوەی ئەو لێکچونە دەبێت کە وەرگر مەبەستی نێرەری پێدەخەملێنێت.[1]

تراسك بەهەمان لێکدانەوە، لێکچون بە بنەمای میتافۆر دادەنێت، پاشان باس لە میتافۆری هۆشەکی- cognitive metaphor دەکات، کە بەستنەوەیەکی قوڵی لە زماندا هەیە.[2]

دەوروبەر خاڵی سەرەکی گرێدانی میتافۆرە بە پڕاگماتیکەوە، هەندێ دەربڕاوی میتافۆری بێدەوروبەر ناتوانرێت لێکدانەوەی بۆ بکرێت، د. بەکر عومەر عەلی لە لێکۆڵینەوەکەیدا گرنگی میتافۆری لە دەوروبەردا دەرخستووە هۆکارەکەشی بۆ سێ خاڵ گەڕاندووەتەوە:

1- (( تەنیا دەوروبەرو باری دواندن دەری دەخات و شەیەك یان دەربڕینێك بەکام لە واتا ستاندەرەکان بەکارهاتوون.

ب- مەودای فراوانکردنی موفرەداتی زمان (فەرهەنگی زمان) بە زمان دەبەخشێ، بەجۆرێك کە بتوانێت هەموو هەستو بۆچوونو تێڕوانینێك دەربڕێت...

* فرود لێرە دەژی.

[1]- Levinson: [1997: 158]

[2]- Trask: [1999: 128]

پ- هەربۆچوونێك بۆ میتافۆر لایەنی دەوروبەر فەراموش بکات بە بۆ چوونێکی سەرکەوتوو تەواو ناژمێر ێت، چونکە ئە گەر بـ شتوانێت هۆی سەرهەڵدانو بەکارهێنانی می تافۆریش چارە سەر بـکات، ئەوا ناتواند ێت ئەوە روون بکا تەوە کە گوێگر/خوێ نەر چۆن لە می تافۆر دەگات...)) [1]

میکارسی- Mccarthy میتافۆر بە وێنە یەکی ئەدەبی بەراوردکاری با سدەکات، کە خە سڵەتی لێکچوونی تێدایە. [2]

لە دروستەی وتاردا، ن/ر دەقی میتافۆری لە ناونیـ شاندا بەکاردەهێنێت، خوێ نەر پەیکاڵ بە دەوروبەری دەرەکی، دەقە میتافۆرییەکە دیکۆدە کاتو مەبە ستی وتارنو سەکە لێکدەدا تەوە.

هەروەها لە کۆدە قەکانی دیـ کەی و تاردا بە شێوەی دەر بڕاو جیادەکرێ تەوەو بەلادان لە شامەرجی چەندێتی وا تای بەخـ شکەیی دەر بڕین می تافۆری پەیوە ست بە چوار چێوەی دەقەکەوە دەستنیشاندەکرێت.

نو سەر بەپێی بـ نەمای لێکـچوونو هەڵـبژاردنی و شەکانو گر ێدانی بە دەورو بەرەوە، وا تای نافۆرمی بەخـ شکەیی لە گەیا ندنی مەبە ستی جـ یاوازدا دێنێ تە بەر هەم، لە تەك ئەمە شدا توانستی پراگماتیکی نوسەر، کە بەهۆی تواناکە یەوە دە ستەبەردەکرێت، لە گەیا ندنی وا تای می تافۆری پراگماتیـ کدا خاڵی کاریـ گەرە، هەروەك لە گۆ شەو ستونی رۆژنامەواد یدا پتر لە جۆرەکانی دیکە تێبینیدەکرێت.

---

1- بکر عومەر عەلی:[ 2000، 75- 76 ]

2- Michael McCarthy: [2004: 14]

## ئیدیەم -Idiom 3-2/2

ئید یەم زاراوە یەکی تای بەت  بە زمانەوانی یە، سەرجەم پێنا سەکان  لەوەدا گ شتگیر دە بن، کە وا تای ئید یەم  لە بە شە پێکهێنەرەکانی یەوە  نەهاتووە، بەڵکو ترا سك پێیوا یە هەڵگری (( واتا یەکی  یەکگرتوو- non composition )) وەو  بەدەرە  لە ڕێز مان، یاخود (( ڕێزمانییەکی بەستو- syntactically frozen)) وە.[1]

ئەورەحمانی حاجی مارف ئیدیەم بە فرێزی گیراو ناو دەبات کە واتایەکی ئامادەکراوی هە یە لە ئاخاوت ندا، لەمە شدا  سێ چە شن ((فریزیۆ لۆژی تێک چرژاو، فریزیۆ لۆژی  یەکگرتوو، فریزیۆلۆژی تێکئالآو)) [2] لێجیاکردەوە، لەگەڵئەمە شدا نا سینەوەی وا تای هە ندێ ئید یەم  لە دەوروبەردا خاڵی لێکدانو یەکتربڕینی ئیدیەمو پڕاگماتیکە، کە واتا کەی  بەبێ رە چاوکردنی دەورو بەر ل ێڵ دەب ێتو مەبە ستەکە ناپێک ێت، لەبەر ئەوە  بەکارهێنانی پڕاگماتیکیا نەی ئیدیەم بەشێکە لە نوسینی وتارو نوسەر  بۆ خ سنەڕووی مەبە ستەکانی  بە لێکدانی لە گەڵ دەوروبەری نازمانی، هێزی واتایی  بەپێی بوارە کانی پڕاگماتیك بە بابەتە کەی دەبەخ شێت، لەلایەکی دیکەشەوە توانستی پڕاگماتیکی نوسەر گونجاوو بەهێزدەکات.

لە دروستەی و تاردا، ناونیشانەدەق  بە پەیوە ستکردنی  بەو رووداوو بابە تەی  کە هە یە، بە شێوەی ئیدییەم دادەڕێژرێت، ئیدیەمەکەش بە شێوەی:

1- نیشانە پڕاگماتیکیەکان: نیشانەی کە سی وەك ناز ناوو  بە مەبە ستی  جوانکردن  یان ناتۆرە، یان نیشانە کەسییەکان بە شێوەی راناوو بەستنەوەی بە دەرەوەی دەق، یان نیشانەی شوێنیو کاتی کە بەهۆی چوارچێوەی دەقەکەوە مەبەستەکە دەپشکنرێت. (بڕوانە:5/2)

2- گریما نەی پێ شەکی ئید یەمی:  بەهۆی فرێزە کانی  ناویو   خاوەنێتیو کردارە کانی راستەقینەو ناڕاستەقینەو واتای شاراوەوە دەردەبڕێت. (بڕوانە: 3/2)

---

1- ALAN CRUSE: [2006: 82]

2- ئەوڕحمانی حاجی مارف: [ 2002: 61 ]

3- وا تای بەخ شكەیی ئید یەمی: ئید یەمی وا تای بەخ شكەیی بە لادان یان بەزا ندنی شامەرجەكانی رێساكانی هاو كاریكردن بەرهە مدێت، ئا شكرایە ئید یەم لادا نە لە شامەرجی چەندێتی وەك مێ تافۆر كە با سكرا، چونكە ئید یەمو مێ تافۆر خاڵی بەراوردكاری لە نێوانیاندا هەیە. (بڕوانە: 2/2)

4- كردەی قسەیی ئیدیەمی: بەكارهێنا نە كرداری یەكانی فۆرمی ئید یەمیو بە ستنەوەی بە دەورو بەری د یاریكراوەوە، مەبە ستی ج یاواز لە وا تای سیمانتیكی دەگە یەنێت، ن/ر بە مەبە ستی درو ستكردنی كاری گەری لە خوێ نەردا پەنا بۆ ئەم جۆرە ئیدیەما نە دە بەن. (بڕوانە: 1/2)

فۆرمكین- formkin لە دەستنیشانكردنی زانیارییەكانی مۆرفێم، و شەی سادە، و شەی ئاڵۆزو واتاكانیان، باس لە فرێزی تێكچڕژاو دەكات كە لە و شەیەك ز یاترە، بەڵام واتاكانیان ز یاترە لەو و شانەی فرێزە كەیان پێكهێ ناوە، یان واتاكانیان لە درو ستەی روكە شی فرێزە كەوە دەستەبەرنەكراوەو بەهۆی یاساو رێسای سیمانتیكەوە لێكنادرێتەوە، ئەمجۆرە فر ێزەش پ ێی دەوترێت ئیدیەم. [1]

---

[1]- Formkin: [1988: 236]

## 3/2 گریمانەی پێشەکی- presupposition *

ئا ماژە هێمای یەکانی نو سەر گریما نەی پ ێدانی هە ندێ زاڵ یاری نوێ یە بە خوێنەر، کە بەهۆیەوە مەبەستی پڕاگماتیك دەگەیەنێت.

□□ زەمینەی هاو بەش- common ground□□ ی بە شداربووەکانی پڕۆ سەی گفتو گۆکردن گریمانەی پێشەکی پێشنیازدەکات، نێرەر بەپێی ئەو زانیاریا نەی لە سەر بابەتە کە هە یەتی گریمانەی دەربڕاوێك دەکات، کە ئەو گریمانەیە لەسەر ئاستی پڕاگماتیك نە راستە نە هە ڵە، لێرەوە ئایبد- ibid پێیوایە ئەو رستانەی وەریان دەگرین ناکرێت راست بن یان هەڵە ، بەڵام رەتکرد نەوەی هەبوونی هەر ئاماژەیە کە ،لە سەر ئەم بنەما یە نەبوونی ئاماژە کان لە رستیلەکانیاندا ،دەرخەری کاتێکن لە رستەکەدا. [1]

58- لە بەردنا شۆی فەیلە سوفیان پر سی ، لە جیها ندا چیت زۆر بەد ڵە، لە وەڵا مدا و تی : گوڵ و منداڵ.

نو سەر لە (58) دا بەپێی ئەو پێ شینە زانیاری یەی دەر بارەی بەرنارد شۆ هە یەتی با بەتی وتارێك سازدەکات، ئەوە دەبەخشێتە خوێ نەر، کە فەیلە سوفێك هە یەو ناوی بەرنارد شۆیە، ئەم ناوە خاوەن کەسایەتییەکی تایبەتە، دیدگای جوانی بۆ منداڵ هەبووە، بە شێوەیەك وەك گوڵ وێنای کردووە، ناسراوی ناوەکە واتا دڵنیایی دەقە کە بە خوێ نەر دەگە یەنێت، فرێگەر- Frege دەڵێت :

((ئە گەر هەر شتێك بە □□ دڵنـ یایی/ د یاریکراو - Assertion □□ دەوە دەربڕ ێت، ئەوا هەمی شە گریمانەی پێشەکییەکی راشکاوانەی دەبێت، کە بە بەکارهێنانی خەسڵەتی ئاماژەیی ناوی سادە یان لێکدراوە.)) [2] بەم پێە ناوی بەرنارد شۆ خە سڵەتی ئا ماژەی بە دەرەوەی دەق دەب ێت، کە کە سێکی راستەقینەیەو خاوەنی فەلسەفەیەکەو رێبازێکی دیاریکراوی هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت،

---

>>Presupposition<< لە چواچێوەی لێکۆڵینەوەکانی زانستی زماندا زاراوەی جیاوازی بۆ دانراوە □□ گریمانەی پێشبینیکردن، پێشەکی، پێشینە □□ د. محە مەد مەحوی ج یاواز لەو زاراوا نە، زاراوەی □□ ناواخنی وا تایی□□ی بۆ دا ناوە بە وا تا لە ناوەڕۆکی و شەکانەوە مەبە ستەکە دیاریدەکرێت، لەم لێکۆڵینەوە یەدا بە پڕاکتیککرد نی گریمانە کە بە سەر وتارەکا ندا، زاراوەی پێ شەکی بە گو نجاو زا نرا، چونکە بەهۆی پێ شینەی زانیارییەوە خوێنەر گریمانەی پێشەکی لەسەر بابەتەکە لەسەر هەردوو ئاستی (سیمانتیك، پڕاگماتیك) دەکات.

1- Levinson: [1997: 170]

2- سەرچاوەی پێشوو: [ 169 ]، http://www-rcf.usc.edu/~soames/forthcoming_papers/Meaning_and_Assertion.pdf

فۆڕمی لۆجیکی بەرناردشۆ کۆمەڵێك زانیاری دەبەخشێتە خوێنەر، فریگەر پێیوا یە ئە گەر نەرێی فۆرمە لۆجیکییەکە بەکاربهێنین، ئەوا خە سڵەتی ئا ماژەیی نابێت، ئەمە شی لە تیۆریەکە یدا بە بێمانا لە قەڵەم دا، بۆیە بۆچوونێکی دیکەی بۆ زیادکرد:

ئەو ناوەی ئا ماژە بۆ هە ندێ شت دە کات تەنها گریما نەی پێ شەکییە لە وتنێ کی بێ پێچوپەنادا * بۆ نمونە (58) وەك نەرێکردنەکەی وا یە لە وتنێکی ئا شکردا، بەڵام ر ستەکە رێگە بە هیچ ئاماژەیەکی تر نادات لە رستەی ناسەرەکی" پاڕستە" ەکەدا جێی بگرێتەوە، بۆ نمونە بەرنارد شۆی فەیلە سوف بکر ێت بە ئارامی فەیلە سوف، کە وەك دەر خەری ناوی لە رستەکەدا هاتووە.

فریگەر سکێچی تیۆری پێشەکی بەم خاڵانە پێشنیازکردووە:

((1- فرێزی کاتیو فرێزی ناوی هەڵگری سیمای گریمانەی پێشەکین.

2- رستەیەك لەگەڵ نەرێکردنەکەیدا وەك هەمان گریمانەی پێشەکی ئەژماردەکرێت.

3- گریمانەی پێشەکی، پێویستە راست یان رازیکەرانە بێت)) [1].

بەپێی چۆنێتی گەیاندنی واتای دەق سێ جۆر لە گریمانەی پێشەکی جیادەبێتەوە : [2]

یەکەم : گریمانەی پێشەکی سیمانتیکی/ پشت بە بەهای را ستی لێکسیمە سیمانتیکییەکان دەبە ستێت، ستراو سنو فرێ گەر لەم کێڵگە یەدا بۆ یەکلاکرد نەوەی چە شنی سیمانتیك کاریانکرد، بە تایبەت لەو بەشەدا کە ناونرا  درێژکراوە- entailment  یان ز نجیرەی لۆجیکی، یاساکە بەم شێوەی (59) داڕێژراوە :

59- درێژکراوەی B لە هەموو هەڵوێستەکاندا کە A راست بێت ئەوا B راست دەبێت، یان

60- لە هەموو جیهاندا A راست بێت B راست دەبێت .

ستراوسن یاسایەکی دیکەی بۆ گریمانەی پێشەکی دانا :

---

* فرێگەر لە گریما نەی پێ شەکیدا گرنگی دا بە بەراوردکردنی نێوان چەمكو ئاماژە کان بۆ ئە مەش پێیوا بوو کاتێك ئاماژە کان ئا ماژەبۆکراوێکی پڕوا تای نەبێت، ئەوا بەهای را ستی لە دە ست دەدات بۆ ئە مەش تیۆری یەکی دا نا بە ناوی theory of description، بۆ زانیاری ز یاتر لە سەر بۆ چوونەکانی فرێگەر دەر بارەی گریما نەی پێ شەکی، بڕوا نە سەرچاوەی پێشوو لا: [ 170- 171 ]

[1]- Levinson: [1997: 170]

[2]- BATES: [1996: 20]

61- ئەگەر A راست بێت ئەوا B راست دەبێت.

62- ئەگەر A هەڵە بێت، ئەوا B هەر راست دەبێت.

ئەمە بنەمایەك بوو بۆ دارِشتنەوەی گریمانەی پێشەکی سیمانتیکی :

63- لە هەموو بارەکاندا کە A راست بێت، B راست دەبێت.

64- لە هەموو بارەکاندا کە A هەڵە بێت ئەوا B راست دەبێت.

در یژکراوەی سیمانتیکی لە بەرجە ستەکردنی یا سا ئا ماژە پێکراوەکا ندا بۆ نەرێکردنی رستەکە ئەو خەسڵەتە وەردەگرێت، کە درێژکراوەکە نە راستە نە هەڵەیە.

65- Aدرێژکراوەی B

66- نەرێی A درێژکراوەی B

دووەم : گریما نەی پێ شەکی پراگ ماتیکی/ بە پێ چەوانەی چە شنی یەکە مەوە پ شت بە دەوروبەر دەبەستێت، بە واتا هەمان دەق لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا کە هەڵگری واتا یەکی شیاوی کۆمەڵایەتی بێت لێکدانەوە یەکی دیکەی بۆ دەکر ێت، کە دوورە لە بەهای را ستی و راستیپێکانەوە، ئەمەش گریمانەی پێشەکییەکی نوێ بە خوێنەر دەدات، کە گریمانەکردنە کە نە راستەو نەهەڵە.

سێیەم : گریما نەی پێ شەکی دەروو نی/ زا نا بەیتس- bates دەستنی شانی جۆرێکی دی کەی کردووە کە بە گریما نەی پێ شەکی دەروو نی ئا ماژەی پ ێداوەو پەیوە ستە بە دەروو نی نێرەرەوە، بەیتس پێیوایە ئەم چەشنە کردەی بەکارهێنانی ر ستەیەکە، کە تیا یدا قسەکەر زاد یاری نوێ <<Comment بەهۆی ئا ستی رووکە شی درو ستەکەوە بە گوێگر دەبەخشێت.((گریمانەی پێشەکی ئەوەندە بەرفراوانە کە قسەکەرو گوێگر لە ن ێوان زاد یاری دڵنیایی‌و گریمانەی زانیاریەکەدا هەمان باسمەندو زانیاری نوێ پێکدەهێنن. )) [1]

جۆرج یول حەوت جۆر لە گریمانەی پێشەکی دەستنیشانکردووە : [2]

1- گریمانەی پێشەکی شاراوە- potential presupposition : مەبەست لەو گریمانەیەیە، کە لە دەربرِینی پێشەکییەکەدا تەنها پشت بە دەوروبەر دەبەستێت.

---

2- BATES: [1996: 25]

1- Yule: 2000: [27-29]

2- گریمانەی بوون- existential presupposition : ئەم جۆرە گریمانە یە بەهۆی فر ێزی دەرخەری یان فرێزی ناوی یەوە دەردەبڕ ێت، بۆ نمو نە  بەرنارد شۆی فەیلە سوف  ئا ماژە بەو راستییە دەکات کە بەرناردشۆ فەیلەسوف بووە، جگەلەمەش فرێزی خاوەنێتی  بوون ئەم جۆرە گریمانەیە دروستدەکات، بۆنمونە قەڵەمەکەت  بە وا تا گریما نەی ئەوە دە کات کە تۆ قەڵەمێکت هەیە.

3- گریمانەی پێشەکی را ستەڤینە- factive presupposition : لە نا سینەوەی ئەم جۆرە گریمانەیەدا ، یۆل ئاماژەی بە چەند کردارێك داوە: ئەو کردارا نەی زا نین دەگرێ تەوە، ئەو کردارا نەی پە شیمانبوونەوەو پا شگەزبونەوە دە نوێنن، ئەو کردارا نەی بۆ بیرکرد نەوەو بیرکەوت نەوە بەکاردەهێنرێت، ئەو کردارا نەی دڵخۆ شیو سەمەرەیی دەگە یەنن، (( کردارە ڕا ستەڤینەکان بە نەرێ کردن یان ئەرێ بوون یان هەمان گریما نەی پێ شینەی ڕا ستەڤینە دەنوێنن وەك کردارەکانی داوای لێبوردن دەکەم، خۆشحاڵم، پەشیمانم))[1]

4- گریما نەی پێ شەکی فەر هەنگی-lexical presupposition : پ شت بە فێ چەرە سیمانتیکییەکانی وشەکە دەبەستێت، واتا بەدەرە لە دەوروبەر.

5- گریمانەی پێ شەکی درو ستەیی- structure presupposition : بەکارهێنانی زنجیرە یەك و شە یان فر ێزە، کە وەك پێکهاتە یەکی ڕێکخراوە یی یان باو لێکدەدرێ تەوەو بە شێکە لەو دروستەیەی کە گریمانەی راستی پێشەکییەکە دەکات.

6- گریمانەی پێشەکی ناڕاستەڤینە - non factive presupposition: بە هۆی کردارە کانی ناڕاستەڤینەوە دەردەبڕێت وەك : خەوبینین- dream، وێناکردن- imagine، وادەرخستن- pretend.

7- گریمانەی پێشەکی ساختە- counterfactual: مەبەست لەم جۆرە گریمانەیە پێچەوانەی را ستەڤینەیە، وا تە نەك هەر را ست نیـ یە، بەڵکو پێ چەوانەی واقـعە، ئە مەش بەهۆی رستیلەی ئەگەرییەوە دەردەبڕێت.

---

1- ئاڤێستا کەمال: [2006: 105 ]

گریما نەی پێ شەکی بە پ ێی ئەم جۆرا نە، دەتوانر ێت بە چۆنێتی وابە ستەکردنی بە دەوروبەرەوە بۆ دوو چەشن جیابکرێتەوە:

چە شنی یە کەم: گریما نەی پێشەکی سیمانتیکی کە هەر یەك لە (5،4،3،2) دەگرێ تەوە، ن/ر بە پ ێی جۆرە کانی و تارو چۆنێتی بابەتە کە پ شت بەم جۆرە گریمانە یە دەبە ستێت، کەمتازۆر لە هەموو جۆرە وتارەکاندا دەبینرێت، چونکە بەبێ گریمانەی پێشەکی سیمانتیکی کە کرۆکی بابەتی وتارەکە دەگرێتەوە، نو سین بەرهەمنا یەت، گریما نەی پێ شەکی پێ شینەی زانیاریو لێکدانەوەی ن/ر- ە بۆ بابەتەکە، کە لەسەر ئاستی سیمانتیك نە را ستە نە هە ڵە، بەڵکو هەڵسەنگاندنو دیکۆدکردنی بابەتەکەو بێلایەنی خوێنەر لە رووی سۆزەوە دەر خەری دروستیو نادروستی وتارەکەیە.

چەشنی دووەم: گریمانەی پڕاگماتیکی کە (7،6،1) دەگرێتەوە، گریمانەی پێ شەکی بە هۆی دوو سەرەی زانیاری ن□خ- ەوە لێکدەدرێتەوەو پەیوەندییەکی شیاو درو ستدەبێت، پێ شینەی زانیاریو گرێدانی بە دەوروبەرەوە مەبەستی نو سەر لە گەیا ندنی پەیامەکە یدا دەردە خات، هەروەها لە گریمانەی پێشەکیدا دەتوانرێت کردەی قسەیی بە شێوەی ئا شکرا یان نائا شکرا جیابکرێتەوە.

***و/ 2***

**گەورەم گۆشتی مێرولەش دەخورێ**

**ئاری عەبدول لەتیف**

دنیای ئەفسونگەری سیا سییەکانی ئێ مە دن یای کو شتنی بەهە شتەکانی خەڵكو ئاوەدانکرد نەوەی جەهەننەمەکا نە بۆ یانو زیندوکرد نەوەی کۆێ لەیىو کەنیزە کە لێ یان و ڕو خانی ئاوەزو ئارەزووەکانیانە و زەوت کردنی ئازادییەکانیانە، ئاخر کەمێ بڕوانینە عەیشو نۆ شی ئەم گەورەو ئا غاو دەرەبەگا نە، بە تای بەت د یوی نەبینراوی ژیان یان هەر زو هە ست دە کەین ناعەدا لەتیو ئەنانییەتو خۆ بژێویو گەندەماڵی ئەمانە لە لوتکەدایەو هیچیان لە مرۆ ڤی کورد نا چن چجای ڕێبەریکردنو لێپرسراوێتی نەتەوەیەك،.....

خۆ گر فت لەوەدا نی یە ئەما نە ئاوا تەخ شانو پەخ شانی پارەو سامانی نی شتمان دە کەن، گر فت لەوەدایە خەڵکێك دەبینیو دەبیستێو نییەتی و ئیدی شێت دە بێ، خەڵکێك سەیر دە کات ئەما نە

چۆن دەژینو ئەویش چۆن بۆ قوتی رۆژانەی منالّەکانی لە بەیانی خوا رۆژ دەکاتەوە تا ئێوارە پالّ بە عەرەبانەوە دەنیٚو ئەوەی پەیدای دەکات دوو کیلۆ تەماتە ناکات.....
گرفتیش لەوەدا یە ئەم د یاردەو نەخۆ شییە لە پەرە سەندندایەو هەر رۆژە بە شێوازێك لە بەر چاوماندا دەردەکەون مەگەر هێزی گۆدۆ بێتو لەم پیاوە زەبەلاح بەلاّم بچوك ڕزگارمان بێت.
67- گەورەم گۆشتی مێرولەش دەخوریٚ
رۆژنامەنوس بە ناونیشانەدەقی پڕاگماتیکی دە ستپێدەکات، دەورو بەری جۆری رۆژنا مە، کە هاولاّتییە، هۆکارە بۆ ناسینەوەی هێماکانی (67) وەك فۆر مە و شەی  گەورەم  مەبە ست لەو بەرپر سانەیە کە بازر گانی بە سامانی نی شتیمانییەوە دە کەن، بە بوونی زانـ یاری پێشینەی رخ دەربارەی چۆنێتی رەفـتارو گوزەرانی زۆر بەی بەرپر سان گریما نەی پێ شەکی شاراوە لە ناونیشانەدەقدا دەکات کە لە (68) خراوەتەڕوو:
68-  لە کورد ستان کۆ مەلّێك بەرپرس هەن دوورن لە هە ستی نیـ شتمانیو سامانێکی زۆریان لەبەردەستدایەو کە بە خواستی خۆ یان گە مەی پێوەدە کەن، ئە مەش ما نای ئەوە یە یاری بە داهاتی نەتەوەیی دەکەن تەنانەت ئەگەر گۆشتی مێرولەش ببوایە دەیانکرِی.
لە هەمانکات بە لادان لە شامەرجی پەیوە ست، بەخـ شکەیی لە بەها شکاندنی ئەو جۆرە کەسایەتیانە لە پشت فۆرمە وشەی  گەورەم  بە خوێنەر دەگەیەنێت.
69- دنـ یای ئەفـ سونگەری سیا سییەکانی ئێ مە دنـ یای کو شتنی بەهە شتەکانی خەلّكو ئاوەدانکردنەوەی جەهەننەمەکانە بۆیانو زیندوکرد نەوەی کۆیـلەییو کەنیزە کە لێ یان و ڕو خانی ئاوەزو ئارەزووەکانیانە و زەوت کردنی ئازادییەکانیانە،
دە قی (69) در ێژکراوەی پڕگ ماتیکی (67)، کەرە سەی میـ تافۆری لە پێ شەکییەدەقدا کە بەزا ندنی شامەرجەکانی چۆنێتیو چەندێتییە بەخـ شکەیی رەخـ نەو بەها شکاندن لە پێشەکییەدەقدا دەردەبڕێت:
70-+ سیاسیەکانی کوردستان ئەوەندە ژ یانێکی خۆ شگوزەران رادە بوێرن، کە وەك شتێکی ئەفـ سونی لێ هاتووەو بەرە بەرە لە واقـ یع دووردەکەوێـ تەوەو لە دنـ یای خەیالّی ئەفـ سون نزیکدەبێتەوە، هەروەك دنیای بەهەشت وایە بۆ خۆ یان، لە بەرامـبەر ئە مەش خراپکرد نی گوزەرانی خەلّكو روخانی خۆزگەو ئاواتەکان بەمەش ژیانی خەلّك بە گـشتی وەك دۆزە خی لێدێت.

71- خۆ گرفت لەوەدا نییە ئەمانە ئاوا تەخشانو پەخشانی پارەو سامانی نیشتمان دەکەن، گرفت لەوەدایە خەڵكێك دەبینیو دەبیستیو نییەتی و ئیدی شێت دەبێ، خەڵكێك سەیر دەكات ئەمانە چۆن دەژینو ئەویش چۆن بۆ قوتی رۆژانەی منداڵەكانی لە بەیانی خوا رۆژ دەكاتەوە تا ئێوارە پاڵ بە عەرەبانەوە دەنێو ئەوەی پەیدای دەكات دوو كیلۆ تەماتە ناكات.....

كۆرپەدەقی (71) دریژکراوەی سیمانتیکی (67،69 )، ئەمەش بەپێی یاسای (65)، دەقی (69) دریژکراوەی پراگماتیکی (67)و ، بەپێی یاسای (66)، (71)دریژکراوەی نەرێی (69)یە.

72- گرفتیش لەوەدایە ئەم دیاردەو نەخۆشییە لە پەرەسەندندایەو هەر رۆژە بە شێوازێك لەبەر چاوماندا دەردەكەون مەگەر هێزی گۆدۆ بێتو لەم پیاوە زەبەلاح بەلام بچوك رزگارمان بێت.

لە وتاردا گریمانەی پێشەکی بەدیناکرێت بەڵکو بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناونیشانەدەق، پاشان پێشەکییەدەقدا پێشبینی دەکرێت، چونکە گریمانەی پێشەکی بەتایبەت لە جۆری سیمانتیك پەیوەستە بە زانیاری دوو سەرەی نێوان ن/ر خ ، بەمەش ن/ر پێشەکییەکی زیاتر لەسەر بابەتی قسەلەسەرکراو بە خوێنەر دەبەخشێت، بەمپێیە لە (72) پێشبینی گریمانەی پێشەکی ناکرێت، بەڵکو کۆی واتای دەقەکانی ترە بەمەش (72) دریژکراوەی (67،69،71).

## 4/2 ئاماژەبەندی - reference

(( وشەکان گوزارشت لە شتەکان دەکەن، بەمەش پەیوەندی نێوان زمانو جیهان دروستدەبێت، کە پێی دەوترێت ئاماژە و لێکۆڵینەوەیە لە ناوەوەو دەرەوەی زمان)) [1]، بەمپێە واتاسازی فەرهەنگی بە بێ بوونی بەکارهێنەری زمان، پەسنی پەیوەندی نێوان زمانو جیهان دەکات. لاینز پێیوایە کاتێك قسەکەر بە دەربڕینێکی گونجاو لە کۆمەڵدا گوزارشتدەکات، دەربڕینو ئاماژەکانی بەهۆی کردەی ئاماژەکانەوە لە بەرکردووە، ئەم بۆچوونەش راڤەی ئاماژەی پراگماتیکی بەدوای خۆیدا هێنا، کە بۆ شیکردنەوەی دەق بەکارهێنراوە.

(( چەمکی ئاماژەی پراگماتیکی بۆ ستراوسن- Strawson دەگەڕێتەوە، بانگەشەی ئاماژەکردن دەکات بەوەی ئاماژە هەندێ شت نییە، بەڵکو دەربڕنێکی کردەییە، کە ئاماژە بۆ هەندێ شت دەکاتو دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ دەربڕین)) [2].

73- لێدوانەکانی ئەم دواییەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئۆردوگان سەبارەت بە کەرکوكو فیدراڵیو دەستوری عیراق ،...

لە دەربڕاوی (73)دا سەرۆك وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب : ئاماژەیە بۆ کەسێك لە دەرەوەی زمان کە بوونی راستەقینەی هەیە.

کەرکوك : ئاماژەیە بۆ شوێنێك ( شارێك) لە دەرەوەی زمان، کە بوونی راستەقینەی هەیە.

عیراق : ئاماژەیە بۆ شوێنێك (دەوڵەتێك) لە دەرەوەی زمان کە بوونی راستەقینەی هەیە.

دەربڕاوی (73) بە شێوەی رێزمانی بۆ فرێزی ناویو فرێزی کرداری دابەشدەبێت:

ف.ن ف. ك

لێدوانەکانی ئەم دوایەی سەرۆك وەزیرانی تورك یا رە جەب تەیب ئۆردوگان سەبارەت بە کەرکوكو فیدراڵیو دەستووری عیراق

فرێزە ناوییەکان بەشێکە لە زمانو (شوێنو کەس) ەکەش بەشێکن لە جیهان.

---

[1]-R. Hurford& Heasley: [1996: 25]

[2]- BROWN& YULE: [1989: 28]

له نو سین یان قسەکردندا ئا ماژە دە کرێ چەند > ئا ماژەبۆکراو  Referent  ێکی هەبێت[1]، دەوروبەر لە نیشاندانی ئاماژەبۆکراوەکەدا رۆ ڵی پڕاگماتیك بە دەربڕاوەکە دەدات، بۆ نمونە یەك ئاماژەی ناوی دەكرێت دوو ئاماژە بۆكراوی جیاوازی هەبێت :

74- سەرۆك كۆماری عیراق لە ساڵی 1980 سەدام حسینو لە ساڵی 2006 جەلال تا لەبانی بووە .

لە (74) دا سەرۆك كۆماری عیراق ، ئاماژە یەكی فر ێزی ناوییە بەهۆی دەورو بەری کا تەوە ئاماژەبۆكراوەكانی (سەدام حسین 1980- جەلال تالەبانی 2006) نیشاندراوە.

ئا ماژەبۆکراو  Referent  : (( تەنی بەرجە ستەكراوی بوو نە، نیـ شانەكانی كاتو شوێنو كەس یان سەرباسی بابەت ئاماژە بە ئاماژەبۆكراو دەدەن)) [2].

هەموو ئەو كەرەسانەی رووبەڕویان دەبینەوە ئاماژەیەكی  نەگۆڕ- Constant  هە یە، كە ن/ق دەتواﻧ ێت لە مێ شكیدا وێ نای بـ كات، بۆ نمو نە فر ێزی كوڕە كە لە ر ستەدا دەتوانر ێت وێ نا بكر ێتو ئا ماژە بە كە سێك لە دەرەوەی ز مان بـكات، بەڵام لە دەر بڕاودا بەهۆی دەوروبەرەوە لێكدەدرێتەوە.

دوو ئاماژەی جیاواز بە پێی دەوروبەر، دەكرێت یەك ئاماژەبۆكراوی هەبێت :

75- سەرۆك كۆماری عیراقو سكرتێری یەكێتی نیشتمانی كوردستان

دەربڕاوی(75) لە دوای ساڵی ( 2005 ) یەك ئا ماژەبۆكراوی هە یە كە مام جەلا لە، د یارە ئەمەش پەیوەستە بە  دەورو بەری كاتی  ەوە كە ئاماژەبۆكراوەكە دەستنیـشاندەكات، لێرەوە چەمكێكی دیكە جیادەبێتەوە بە دەربڕینە ئا ماژە Referring Expression ناسێنراوە.

دەربڕینە ئاماژە : هەر دەقێكە كە لە دەربڕینێکدا بۆ گوزار شتكردن لە كە سێك یان شتێك بەكاربهێنرێتو مەبەست لە ئاشكرایی دەربڕینی كۆی ئاماژەكانە، بە واتا ئەو كەسە یان شتە لە مێشكدا بوونی هەبێت.[3]

 جوان  لە دەربڕاوێكی وەك (76) دا:

---

[1]-R. Hurford& Heasley: [1996: 26]
[2]- Yule: [2000: 19], R. Hurford& Heasley: [1996: 26- 27]
[3]-R. Hurford& Heasley: [1996: 35]

76- جوان خێرا بە لامدا تێپەڕی.

 جوان  لای ن/ ق کەسێکە لە مێشکیدا بوونی هە یە، لەبەر ئەوە  جوان  دەربڕینە ئاماژەیە.

فرێزی ناوی ناسراو دەربڕینە ئاماژە دیار یدەکات، بەڵام فرێزی ناوی نەناسراو دە شێت دەربڕینە ئاماژە بێت یان پێچەوانەکەی بێت.

77- نانسی شووی بە نەرویجییەك کرد.

لە (77) دا  نەرویجییەك فرێزی ناوی نەناسراوە لەگەڵئەوە شدا دەربڕینە ئاماژە یە، چونکە واتای رستەکە لێڵ نییەو لە بوو ندا دەستنیشانکراوە، هەمان رستە بە زیادکردنی کرداری حەزوئارەزوو ، کە لە دەقی (78) دا دەبینرێت:

78- کچەکە دەیەوێت شوو بە نەرویجییەك بکات.

رستەکە لێڵ دەکات، لەبەر ئەوە دە شێت نەرویجییەك دەربڕینە ئاماژە بێت یان نا، کە پەیوەستە بە بوونی دەورو بەر یان بۆ نەی هێنانە بەر هەمی دەربڕاوە کەو بەهۆیەوە دەربڕینە ئاماژە کە دیار یدەکرێت، بە واتە بەهۆی دەورو بەری فیزیکییەوە دەزانرێت نەرویجییەك کێیە کە کچەکە دەیەوێت شووی پێبکات، کەواتە دەقی (78) بەبێ بوونی دەوروبەر دەقەئاماژە نییە.

هەمان رستە بە زیادکردنی (دیاریکراو) فرێزەکە دەکاتە دەربڕینەئاماژە :

79- نانسی دەیەوێت شوو بە نەرویجییەکی دیاریکراو بکات.

لێڵی واتای رستەکە لە ( 79 ) دا دەڕەوێتەوە چونکە و شەی دیاریکراو ئەوە دەگەیەنێت کە لە مێشکی قسەکەردا نەرویجییەکە دیاریکراوە.*

بەپێی ئەم روونکردنەوە یە، لە گۆ شەو ستوندا ئاماژە کان بە شێوەی دەربڕینەئاماژە بەکاردەهێنرێت، چونکە ناوهێنانی هەر بەرپرسو وەزیرو بەڕێوبەرو سەندیکایەك کە دەهێنرێت، لە مێشکی خوێنەردا بوونی هەیەو ئەمەش دەبێتە زانیاری دوو سەرە لە نێوان ن/ر خ- دا.

---

* ئەو نموونانەی بەکارهاتووە لە R. Hurford& Heasley: [1996: 36] وەرگیراوە.

جێ ناوی سەربەخۆو لـ کاو لە سەر ئا ستی سیمانتیك بە پرۆ سەی □□ ئی ندۆفۆریك- Endophoric□□ دەبە ستڕێنەوە، لە و تاردا ئاماژە کان بە شێوەی ناو ( کەس، شوێن) بەکاردەهێنرێنو جێناوی سەربەخۆ کەمتر با یەخی پ ێدەدرێت، بەڵام جێناوە سەربەخۆ لکاوەکان بە (پرۆسەی ئی ندۆفۆریك بە پێش □□ دە قە ئا ماژەی پێ شەوە- anaphoric یان پاش □□ دە قە ئا ماژەی دواوە □cataphoric□□ ی ر ستەکەوە دەبە ستڕێنەوە)*، لەکاتێ کدا لە سەر ئا ستی پڕاگماتیك دیاکتیك نی یە، وا تە جێناوە کان پەیوە ست نی یە بە کە سی ن ێو دەربڕاوەکە، بەڵکو بەپێی دەوروبەر مەبەستەکە دەستنیشاندەکرێت.**

* بڕوانە : قەیس کاکل تۆفیق: [ 2002: 48-51 ]

** د. هۆگر مەحمود فەرەج لە نامەی دوکتۆراکەیدا (پڕاگماتیكو واتای نیشانەکان) هەردوو زاراوەی □□ چاو لەپێشو چاو لە دوا□□ بۆ anaphoric, cataphoric □□ لە بەکارهێنانی نائا ماژەیی دا دەستنی شانکردووە، لەم لێکۆڵینەوە یەدا لەبەر زاراوەی دەق کە دروستەی وتاری پێجیاکراوەتەوە، بە شیاو زانرا هەردوو زاروەکەی د. قەیس کاکل بەکاربهێنرێتەوە.

## 5/2 نیشانە پڕاگماتیکییەکان- DIEXES

نیشانە پڕاگماتیکییەکان یەکێکە لەو نیشانانەی لە کردەی ئاخاوتندا پەیوەست بە دەوروبەر بە مانای دیاریکردن- pointing بەکاردەهێنرێت.[1]

لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ نزیك لە قسەکەر کە زاراوەی proximal بۆ دانراوە، ئەدڤێربلی now, this, here ، هەروەها بۆ دوور لە قسەکەر کە بە زاراوەی distal ناودەبرێت، ئامرازی نیشانەو ئەدڤێربلەکانی then, there, that دەگرێتەوە، هەروەها شوێنی قسەکەر لە جەمسەرەکانەوە- deictic centre لێکدانەوەی جیاواز بە پێی دەوروبەری دیاریکراو لە نیشانەکانەوە هەڵدەگرێت.[2]

لە زمانی کوردیدا بۆ نزیك لە قسەکەر: (ئەم، ئێستا، ئێرە، هەر ئێستا ) بۆ دوور لە قسەکەر (ئەوە، لەوێ، ئەوێ، دواتر، پاشان ...) بەکاردەهێنرێت.

نیشانە پڕاگماتیکییەکان بەپێی سەرچاوە زانستییەکان بە شێوەی جیاواز پولکراوە، بە گشتی لەچەند جۆرێکی هاوبەشدا کۆدەبنەوە:[3]

### 1-5/2 نیشانەی کەسی

قسەکەر هەڵگری سیستەمی چەقی نیشانەکانە، ئاراستەی پەیوەندییە کەی لە بەشداربوونێکەوە بۆ بەشداربوونێکی دیکە دەگۆڕێت، جیف دەڵێت: (( بۆ پەیوەندیکردنی رووبەڕوو چەند ئەکتەرێك رۆڵدەبینێت، کە بنەمای رۆڵەکانیان لەنێوان کەسی یەکەم کە چەقی نیشانەکەیە، کەسی دووەم گوێگرە، کەسی سێیەم ئەوانی ترە))[4].

لە پرۆسەی نوسیندا ن/ خ هەمبەر بە ق/ گ وەك نیشانە کەسییەکان رۆڵی هاوبەش لە بەرهەمهێنانو شیکردنەوەی دەقدا دەبینن، کە بەشێوەی ناراستەوخۆ لە کردەی پەیوەندیکردندا بەشداریدەکەن.

---

[1]- Yule: [2000: 9]

[2]- Jef Verschueren: [1999: 20]… Yule: [2000: 9]

[3]- Levinson: [1997: 68- 89]… Jef Verschueren: [1999: 20-21]

[4]- Jef Verschueren: [1999: 20]

نیشانه كه سییه پڕاگماتیكیەكان بەپێی چۆنێتی هاتنیان له دەقدا لێكدەدرێتەوەو كەسی یەكەمو دووەمو سێیەم بەپێی مەبەستی نوسەر دەگۆڕێت، بۆ نمونە مەرج نییە كەسی یەكەم لە وتاردا بۆ نوسەر ، یان تۆ/ ئێوە بۆ كەسی دووەمو ئەو/ ئەوان بۆ كەسی سێیەم بگەڕێتەوە.

80- ئێمە مولزەم نین بەو داواكارییەكانەی كە دەوڵەتی سوننە لێمان داوائەكەن.

ن/ر پەیوەستە بە باسكردنی ئەو بابەتەی لە دەورو بەرێتی، لەبەر ئەوە دەورو بەری دەق لە و تاردا وەك دەورو بەری ن/ر لێكدەدرێتەوە، بەمپێیە لە دەر بڕاوی (80) دا ئێمە بۆ نوسەر+ كەسی یەكەمی كۆ ناگەڕێتەوە، بەڵكو بەهۆی پێشی دەربڕاوەكەوە دەستنیشانی جێناوەكە دەكرێت كە بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە، ئەمەش ئەو وتارانە دەگرێتەوە كە نوسەر و تەی یەكێك وەك بەڵگەی بابەتی وتارەكەی باس دەكات، هەروەك ئێمە و تەی لێپرسراوێكی شیعییە، كە نوسەر ئاماژەی پێداوە.

بە گشتی جێناوەكان كەمتر لە وتاردا بەكاردەهێنرێت، بەڵكو نوسەر زیاتر گرنگی بە ئاماژە كان وەك ناو دەدات، كە پێشەكییەك زانیاری دەبەخشێتە خوێنەر لە هەمانكات راستیو دڵنیایی لە ناوهێناندا پتر دەستەبەردەكرێت.

نیشانە پڕاگماتیكە كەسییەكان دەكرێن بە چەند گروپێكەوە، كە هەر گروپەی بە مەبەستی جیاواز لە دەقدا واتا دەبەخشن:★

1- جێناوە كان / بەكارهێنانی جێناوە كان ( سەربەخۆو لكاو) لە سەر ئاستی سیمانتیك دابەشبوونی كەسەكانە بەپێی تاكو كۆ، كە لە پرۆسەی نوسیندا بەشداربووەكان بریتی دەبێت لە كەسی یەكەمی تاك/ نوسەر، كەسی دووەمی تاك/ خوێنەر، كەسی سێیەمی تاك قسەلەسەركراو/ بابەت، كە بەشێوەی هاوبەشی نائامادە لە دەقدا بەشداریدەكەن.

جێناوە لكاوەكان لەسەر ئاستی سیمانتیك بە پرۆسەی ئیندۆفۆریك دەبەسترێتەوە بە پێش یان پاشی دەقەكە، بەڵام لەسەر ئاستی پڕاگماتیك دەبەسترێتەوە بە دەورو بەری نوسەرەوە نەك جێناوە سەربەخۆكان.

---

★ د. هۆگر مەحمود فەرەج لە نامەی دوكتۆراكەیدا كە تایبەتە بە ( نیشانە پڕاگماتیكییەكان لە زمانی كوردیدا) بە وردی باسی لەم نیشانانە كردووە، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە لاپەڕەكانی [ 7-31 ]

جێناوەکان لەسەر ئاستی سیمانتیك لە بابەتی قسەلەسەرکراودا دابەش دەبن بۆ کەسی (یەکەم، دووەم، سێیەم) تاك و کۆ، بەڵام لەسەر ئاستی پڕاگماتیك، دەورو بەر گونجاوی بە واتاکەی دەبەخشێت

2- بەکارهێنانی ئاماژەیی، ئاماژەکان لە زمانی کورد یدا بۆ نزیکی تاك/ کۆ (ئەم، ئەمە/ ئەمان، ئەمانە) بۆ دووری تاك/ کۆ (ئەو، ئەوە/ ئەوان، ئەوانە) ن. (بڕوانە: 4/2)

81- بۆ دەبێت رۆژێك لە رۆژان ئەوانەی کە بە کورسییەکانیان وەکو قیرو بنێشت پێوەی نوساون بیر لەوە نەکەنەوە کە مردن هەیە؟

جێناوی ئاماژەی  ئەوانە  لە دەر بڕاوی (81) دا لەناو دەقەکەدا ناد یارە بەڵام پەیکاڵکردنی جۆری رۆژنامە، کە هاوڵاتییەو رەچاوکردنی بارودۆخی سیاسی کوردستان بە گشتی، پەی بە مەبەستی نوسەر دەبرێت لە رەخنەگرتن لەو بەرپرسانەی جێگەی دڵنیایی و دڵسۆزی جەماوەر نین و خیانەت لە پۆستی حکومەت و خەڵك و نیشتمان دەکەن.

3- ناوی تایبەت، لە رێزماندا وەك فرێزی ناوی دەر خەری دەردەکەوێت، گریمانەی پێشینە دەر بارەی کەسێتی ناوە کە بەخوێنەر دەدات، بۆنمونە ناوهێنانی (بیکەر هاملتون)خوێنەر بەهۆی زانیاری دەورو بەرەوە کەسێتی ئەم ناوە دەناسێتەوە، نوسەریش تەنها بە (ناو) ە کە وەك ئاماژە یەك، گریمانە یەکی پێشەکی بە خوێنەر دەبەخشێت.

4- ناوی خزمایەتی وەك (تیرەو بنەماڵەو عەشیرەت)، لە گۆشەو ستوندا ناوی خزمایەتی بۆ مەبەستی پلارگرتن و رەخنەگرتن یان بۆ پاتکردنەوەو جەختکردنەوە یە، بۆنمونە تیرەی قورەیش لای هەندێ نوسەر بەمانای پۆزەتیف لای هەندێکی دیکەیان بە مەبەستی نێگەتیف بەکاردەهێنرێت. ناوهێنانی تیرەو بنەماڵە دەگەڕێتەوە بۆ پلەی پێکدا چوونی بیرو سۆزی نوسەر لەگەڵ رووداوەکانی ئەو بنەماڵەیەدا، لەبەر ئەوە ئینتماو بیرگەی ن/ر پێوەرە بۆ چۆنێتی بەکارهێنانی تیرەو بنەماڵە لە وتاردا.

5- نازناو، نوسەر بە مەبەستی جوانکردن ( پۆزەتیف )، یان بە پێچەوانەوە بە مەبەستی (نێگەتیف) بە کاریدەهێنێت. ( بڕوانە پەراوێزی **2-3/1** ؛ 21 )

## 2-5/2 نیشانەی شوێن

هەموو ئەو چەمکانە دەگرێ تەوە کە ئا ماژە بە شوێن دە کەن یان شوێن دیاریدەکەن[1]، واتە پەیوەندی شوێنی نێوان ن/ر□ رووداوەکە، ن/ر□خ- ه.

نیشانەی شوێن هەموو ئەو ئاوەڵکردارو مۆرفیمە تایبەتانەی بە شوێن دەگرێتەوە، کە لە سەر ئاستی سیمانتیك مەودایەك دیاریدەکەن، بەڵام لە سەر ئا ستی پڕاگماتیك بەپێی مەبە ستی نو سەر دیکۆددەکر ێت، دە شێ ئاوەڵکردارێکی شوێنی وەك □ گۆڕ ستان □ بۆ مەبە ستی شوێنەکە دەر نەبڕابێت، بەڵکو پەیوە ست بە دەورو بەری نو سەر، بە وا تا مەبە ست لە ناونیشانی کتێبێك بێتو گوزارشت بێت لە ئازارو تاریکی.

ئاوەڵکردارەکانی شوێن (ئێرە، ئەوێ، ئەمبەر، لێرە، لەوێ، لەو بەر) بۆ نزیكو دوور بەپێی دەورو بەری نو سەر وەك ئا ماژەی شوێنی بەکاردەهێنرێت، ئە گەر پەوەندیە یە واتاییە کە بەهۆی ریزبەندی سینتاکسی دەقەکەوە نەگەشتبێت، ئەوا لە سەر ئا ستی پڕاگماتیك پەیکاڵ بە دەوروبەر لێکدەدرێتەوە.

82- کەرکوك لە دوا ساتەکانی ماددەی 140 دا

لە (82) دا کەرکوك وەك فۆرمی ناوی شوێنی، جیاواز لە ناوی شارەکانی دیکەی عیراق دیکۆددەکرێت، کە پەیوەستە بە بارودۆخی سیاسی عیراقو کورد ستانەوە، لەبەر ئەوە و شەی کەرکوك ئەوە ندەی مەبە ستێکی ستراتیژیو سیا سی لە پ شتەوەیەو وەك سەنتەری بەر هەمهێنانی نەوت لە کورد ستاندا رە چاودەکرێت، ئەوە ندە بە وا تای شوێنی پەیوە ست نییە، کەرکوك چ لە ناونیشانەدەقدا چ لە هەر وتارێکی دیکەدا ئەم مەبە ستە چێدەکات، کە تاکی کوردی بە تێپەڕبوونی کات لای کەڵەکە بووە.

83- گێڕانەوەی ئەمبەرو ئەوبەری حزبایەتی لەناو کادێری سیا سیو پێشمەرگە بە هەموو پلە جۆراوجۆرەکانیانەوە،....

واتای لێکسیمی □ ئەمبەر، ئەوبەر□ پەیوەستە بە واتای رێزمانی ئاوەڵکرداری شوێنی، بەڵام لە دەر بڕاوی (83) دا پەیکاڵ بە دەورو بەری زانیاری لە دوای راپەڕینەوە بەگ شتی بۆ هەردوو

[1]- Yule: [2000: 9]

حزبی پارتیو یەکێتی بەکارهێنراوەو لە بەرنامە کۆمیدییەکانی راگەیاندندا بە تایبەت بەرنامەی کە شکۆڵو بەرنامەی بەرنامەی، کە چواندویەتی بە پەتپەتێن، بۆ گۆڕینی ئایدۆلۆژییەت بە ئاسانی بەو شێوەیەی، کە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو کەسەدا گونجا بێت وتراوە، لەمەشەوە هەردوو وشەی ئەمبەرو ئەوبەر، کە لە بنەڕەتدا گۆڕینی شوێنە، واتاکەی بۆ مەبەستی گۆڕینی بیروباوەڕ بەکارهاتووە.

فرە رەهەندی شوێنە باسکراوەکان لە لایەن نوسەرەوە سێ ئاراستە دیاریدەکەن:

1- شوێنی نوسەر/رۆژنامەنوس : شوێنی باسکراو هەمان شوێنی نیشتەجێی ن/ر، پەیوەندی پراگماتیکی سەرکەوتوانە تر لەگەڵ خوێنەرێك کە هەمان شوێنی (ن/ر)ە دروستدەبێت، چونکە هاوبەشن لە دەوروبەری رۆشنبیری، ئابووری، میدیایی، بۆ نمونە دەربڕاوی (83) ئەگەر نوسەر لە شوێنی بەکارهێنانی هەمان دەوروبەری زایاریدا نەبێت، نازانێت کە ئەمبەرو ئەوبەر بۆ گۆڕینی حیزبایەتی بەکارهاتووە.

2- شوێنی نزیك لە نوسەر/رۆژنامەنوس: دراوسێ سنوری وڵاتو باسکردنیان، وەك شوێنی نزیك لە ن/ر رەچاوەکرێت، لێرەدا مەبەست لە ن/ر کە لە عیراقدا بێتو باس لە تورکیا، ئێران، سوریا،... بکات لە رووی سیاسییەوە هەر یەك لەو وڵاتانە باگراوندێکی تایبەتیان لە لای کورد کەڵەکە کردووە، کە خوێنەر دەتوانێت داتاکان یان کەرەسەکانی زمان لەو تارەدا بە ئاسانی بناسێتەوە.

3- شوێنی دوور لە ن/ر: واتە باسکردنی شوێنێك لە ئەمەریکا، ئەگەر خوێنەر پێشینەی زانیاری لەسەر ئەو شوێنە نەبێت، ناتوانێت دەرك بە مەبەستی ن/ر بکات، چونکە بە پێچەوانەی (1،2) ن/ر و خوێنەر هاوبەش نین لە یەك شوێنو کەلتورو زمانو ئاینو .... هتد

لە (1،2،3) دا مەرج نییە کە ن/ر خ ئاراستەکانیان وەك یەك بێت، بەڵکو مەودای دەرچوونی رۆژنامە بەربڵاوەو خوێنەرەکانیش نادیارن، لەبەرئەوە پێدەچێت ئاراستەکانیان پێچەوانەی یەکتر بن:

## 3-5/2 نیشانەی کات

ئاوەڵکردارەکانی ( پێشتر، دوێنێ، بەسرپێرێ، هەفتەی رابردوو... ، ) بۆ رابردوو، (ئێستا، ئەمرۆ، ئەمشەو،...)بۆ کاتی ئاخاوتن، (بەیانی، دوو بەیانی، هەفتەی ئایینده، ...) بۆ داهاتوو، هەروەها کردارەکانی زمانی کوردی کە کاتو کەسدارن، مۆرفیمەکانی ( ئە/دە+ رە گی کردار، ێ- بکەر نادیار) بۆ را نەبردوو، (Ø، ووە، دە+ قەدی کردار، بوو، ا  بکەر ناد یار) بۆ کاتی را بردوو لە سەر ئا ستی سیمانتیك بەکاردەهێنرێن، بەڵام لە کردەی پراگماتیکدا نیشانەی کات بۆ مەبەستی دیکە دادەڕێژرێت، کە بە پێی دەوروبەر جیادەکرێتەوە.
رۆژنامە هۆکاری گەیاندنی پەیامی ن/ر بە خوێنەر، لەبەر ئەوە ئەو کا تەی ن/ر بابەتە کەی دەنو سێت  Code Time  کاتی بەکۆدکردنی پەیامەکە یەتی، لە گەڵ دەر چوونو دابەشکردنی رۆژنامەکە کاتەکە بە خوێنەر < Receive Time * دە گات، ن/ر لە دوای رووداو نی رووداو ێك یان کێ شەیەك، دە ست بە نو سینی بابەتە کەی دە کات، وا تە رووداو و نو سینەکە هاو کات نین، لێرەدا خاڵی جیاوازی لە گەڵ پرۆ سەی ئاخاوتندا ئەوە یە، کە قسەکەرو بەکۆدکردنی بابەتەکەی هاوکاتن.
هەندێ فۆرمی دیکە بە پێی کەڵتوری ئیسلام بە پراگماتیك بە مەبە ستی کات گەیا ندن بەکاردەهێنرێن وەك (بەربانگ، پارشێو، بانگی خەوتنان، مانگی رە جەب، رە مەزان، قور بان، حەج)[1].

80- .... لە سەردەمی یەکەم بزوتنەوەی سیاسی نوێ کە بە سەردەمی ( جەلالیو مەلایی) ناسراوە دەستپێدەکات.

---

* ئەو کاتەی ن/ر بابەتەکەی تێدا دەنوسێت، جیاوازە لەو کا تەی بە خوێنەر دە گات ئە مەش خاڵی بەراوردکاری پرۆسەی نوسینو ئاخاوتنە، چونکە لە پرۆسەی ئاخاوتندا قسەکەرو گوێگر روو بەڕوو گفتوگۆدە کەن، پەیا مەکان یەکلەدوای یەك بەیەکتر دەگات، لەبەرئەوە کات وەك نیشانەی پراگماتیك لە پرۆسەی ئاخاوتندا زیندووە، بڕوا نە Jef Verschueren, [ 2003: 37-39] ) :

1- هۆگر مەحمود فەرەج: گۆڤاری زانکۆی سلێمانی: [19: 2007: 121-142 ]

هەردوو ناوی جەلالی‌و مەلایی بە پێی کولتوری حزبی گەڕانەوە یە بۆ دوو کاتی جیاواز، بە تایبەت لەو کا تەی مام جەلال لە مەلا مستەفا جیابووە، ئیدی و شەی مەلایی و جەلالی جگە لەوەی بۆ شوێنکەوتووانی ئەو دوو ڕێ بازە بەکارهێنراوە، بۆ دەستنیشانکردنی کاتەکانیشیان بووە، وا تە لە گەڵ د یاریکردنی حیز بەکان د یاریکردنی دوو کا تە لە رووی مێژووییەوە، بەمەش هەردوو ئاماژە ناوییەکە وەك دوو زاراوەی کاتی بەکاردەبرێت.

## 4-5/2 نیشانەی دەق

نیشانەی دە قی ئا خاوتن یان نو سین، لە هە ندێ دەر بڕاودا بۆ گوزار شتکردنی بەشێك لە دەربڕاوەکە بەکاردەهێنرێت، کە پەیوەستە بە چوارچێوەی دەقەکەوە.
پەیوە ندی ن ێوان ئەنا فەرو نی شانەی دەق وەك بەکارهێنانی ئا ماژەیی، دەگەڕێ تەوە بۆ ئاماژەبۆکراوەکان یان، ئەنا فەر لەناو دەقدا یە بەڵام نی شانەی دەق هەڵگری لێکدانەوە یەکی هۆ شەکیانەیە، خوێ نەر لە بەدیکۆدکردنی نی شانەکانی دە قدا نی شانەی شوێنی‌و کاتی پەیویست بە چوارچێوەی دەق لێکدەداتەوە، بۆ نمونە نیشانەی شوێنی لێرە لە دەقێکی و تاردا بەپێی دەرو بەری شوێنی دەر چوونی رۆژنامە کە بۆ شوێنی نی شتەجێی ن/ر-ە کە ناگەڕێتەوە، بەڵکو مەبەستی نوسەر لە قسەلەسەرکراوەکە دیاریدەکات.
بەگ شتی لە و تاردا، نی شانەی دەق بە شێوەی ئا ماژەیی کەمتر بەکاردەهێنرێت، چونکە وتارنوسین بۆ چەندین تو ێژی جیاوازەو باس لە بەهای با بەتێك کە بۆ ئێستای خوێ نەر گرنگە، دەکات، لەبەرئەوە نیشانەی شوێن وەك بەڵگەی درو ست دەخرێ تە بەردەم خوێ نەر، ن/ ر بە گشتی دووردەکەوێتەوە لە کەرەسەی میتافۆر یان شێوازی ناڕا ستەخۆ لە گەیا ندنی و تاردا وەك بەخ شکەیی دەر بڕین لە زما ندا، بەڵام هە ندێ کە سێتی ن/ر بە شێوەی ساتیرو بەخشکەیی دەنوسێت، هەروەك گۆشەکانی د. شێرکۆ عەبدوڵا لە کوردستانی نوێ.
هەندێ وشەو فرێز پەیوەندییەکانی ناو دەق درو ستدەکەن، بۆ نمو نە لە ز مانی ئینگلیز یدا هێما کانی سەرەتای دەربڕاو ێك وەك (but, therefore) بۆ ئەنجام، هەروەها هێما کانی بۆ دژ یان ( still, however, anyway, well, besides, actually, all in all)

پێچەوانەیی بەکارهێنراوە، کە لا نی کەم بەرهەڵستی وا تای مەرجی را ستیو را ستیپێکان دەکەن، بەوەی کە دەربڕاوە کان پێکدێن لەما نە بۆ بەردەوامیو وەڵامدا نەوەی بە شێك یان تەواوی دەقەکە.[1]

لە زمانی کوردیدا ئەم ئامرازانە ن/ر لە سەرەتای دەربڕاو ێك یان لەناو دە قدا بۆ مەبە ستی جیاواز لە واتای رێزمانی بەکاریدەهێنێت، بۆ نمونە  بەڵام  کە دوو رستەی ئەریو نەرێ پێ کەوە دەبە ستێتەوەو لە رووی رێزما نەوە ر ستەی لێ کدراو پێ کدەهێنن، لە سەر ئا ستی پڕاگماتیك وەك نیشانەی دەق، بە مەبە ستی دڵنیایی لە کردن یان نەکردنی کارێکە، بە تایبەت لە گۆ شەو ستوندا کە خستنەڕووی کەلێنو پەرتەوازەییەکانی کۆ مەڵو سیا سەتو د ینو...  بەڵام  وەك کەرە سەیەکی پڕاگ ماتیکی بەکاردەبرێت، لێرە شدا تواند ستی ن/ر چونێتی بەکارهێنانی ئەم بەستەرانەیە بە پێچەوانەی هەڵگری بەهای را ستیو را ستیپێکان یان مەرجی راستیو راستیپێکان.

## 5-5/2 نیشانەی کۆمەڵایەتی

فیل مۆر- Fillmore پێنا سەی نی شانە کۆمەڵایەتی یەکان، بەو ئە سپێکتانە کردووە کە پەر چەکردارن یان چە سپاون یان دەردە خرێن بەهۆی حەقی قەتی بۆ نەی کۆمەڵا یەتی لە کردە قسەییەکاندا.[2] لیڤنسن- Levinson باس لەو ئە سپێکتانەی ز مان دە کات، کە پەیوە ندی کۆمەڵا یەتی درو ستدەکەن، بۆ نمو نە هە ندێ ز مان بۆ رێز گرتن جێناوی رێزمانی بەکاردەهێنێت، واتە رێزمان پەیوەست بە بەکارهێنانی پڕاگماتیك دەبێت، بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا جێناوی (تۆ) بۆ ئاستی نزم، بە پێچەوانەوە جێناوی  ئێوە  بۆ گوێگری تاك، بۆ ئاستی کۆمەڵایەتی بەرز بەکاردەهێنرێت.

---

1- Levinson: [1997: 158]

2- سەرچاوەی پێشوو: [ 58 ]

قسەکەر بە تایبەت ئەگەر پۆستێکی د یاریکراوو خاوەن کە سایەتییەکی بەرزی کۆمەڵا یەتی بێت، ئەوا جێناوی کەسی یەکەمی کۆ  ئێمە  بەمەبەستی رێزگرتن لە خەڵك‌و خۆکردن بە بەشێك لە گوێگر، بەکاردەهێنێت، بەڵام لە پرۆسەی نو سینداو بە تایبەت لە گۆ شەو ستونەوتاردا جێ ناوی کە سی یە کەمی کۆ لە لا یەن ن/ر- ەوە دوو مەبە ستی بەکارهێنانی هەیە:

1- ن/رو هاوپیشەی ن/ر: بۆ نمو نە ئە گەر ن/ر مامۆ ستا بێت، ئەوا مەبە ست لە نو سەر خۆی‌و مامۆستاکانی تریشە.

81- بمانبوورە ئەی سەندیکا نازدارو خەمخۆرە کەمان، ئەوە تۆ یت بە تەك مەنهە جە سواوەکان‌و...

زانیاری دەر بارەی دەورو بەری کە سێتی نو سەر، دەزانر ێت کە لە (81) دا جێ ناوی لکاوی (مان) بۆ کەسی یەکەمی کۆ مەبە ست لە هاوپیشەی نو سەرە کە مامۆ ستایە، لەناو تو ێژی مامۆستاشدا تەنها ئەو مامۆستایانە دەگرێتەوە، کە بە شداری خۆپیشاندانیانکردووە.(بڕوانە: و/7)

2- بەمەستی وروژاندنی بابەتێك بە ناوی خەڵکەوە: کاتێك ن/ر بەناوی خەڵکەوە قسەبکات، بە واتە خۆی بکات بە بەشێك لە خوێنەر لە رووی داواکاری‌و ئەو بابەتەی دەیورژێنێت.

82- هەر هەموومان ماسی وردین، لەناو تۆڕێك داین‌و لە ئاسمان یاخود لە بۆ شایییەك دا بە قیست گیان دەدەین،

لە (82) دا مەبەستی (مان) لە خەڵکە، نەك توێژێکی دیاریکراو.

لە ژانرە کانی رۆژنا مەدا بە تای بەت هەواڵ، نـ شانەی کۆمەڵا یەتی بە شێوەی  تۆپ یك- Topic * دەردەکەوێت، کە ئـەوەی مەبەسـت‌و جێی گرنـگی ئایدۆلۆژییـەتی رۆژنامـەکە

---

* زاراوەیەکە تایبەت بە زانستی سیمانتیك‌و رێزمان، وەك ئەڵتەرناتیفی بەراوردکاری دوانەیی بکەرو بەرکارە لە درو ستەی رستەدا، بە واتا پێشخستنی ئەو زانیاریانەی لای قسەکەر، نوسەر، نێرەر گرنگ‌و پێویستەو نـێرەرو وەر گر تیا یدا هاوبە شن دەیخاتە سەرەتاوە، کە لە هەندێ سەرچاوەی کوردیدا بە زانیاری کۆن/ زانیاری زانراو ناونراوە، بۆ زانیاری ز یاتر دەر بارەی سەرتۆپ لە رێزمانی کوردیدا بڕوانە : ( کاروان عومەر : "رستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا" 2006 )

بێت دەهێنرێتە سەرەتای دەق، یان دەر بڕاوەوە، بە تایبەت لە رۆژنامە حزبییەکاندا بە مەبەستی گەورەکردنو ستایشکردنو رێز گرتن، وەك کەرەسەی تۆپیك بەکاردەهێنرێت، بەڵام لەو رۆژنامانەی کە سەربەخۆنو بایەخ بە بڵاوکردنەوەی بابەتو تاری رەخنەیی دەدەن بە مەبەستی شکاندنو ناتۆرە دەنوسرێت.

83- گەورەم ... سوڵتان هاشم

بەهۆی دەوروبەری فیزیکیو بارودۆخی ئێستای عیراق، خوێنەر پەی بە نێگەتیڤی فۆرمەو شەی  گەورە  دەبات، کە لە بنەڕتدا واتاکەی بۆ رێزگرتنە، بەڵام بە لێکدانی بەدەورو بەرو چوار چێوەی وتارەکەوە مەبەستەکەی بۆ سوککردنو بێبەهاکردنی ناوبراو دەگۆڕێت، ئەمەش بەمەبەستی زەقکردنەوەو پێداگیری واتا نێگەتیڤەکەی کراوەتە کەرەسەی تۆپیك لە ناونیشانەدەقدا.

# بەشی دووەم

# مەبەستە پڕاگماتیکییەکان لە وتاردا

## 1/3 وتار، کردەی جێبەجێکردنی پراگماتیك

### و/ 3

دیمۆکراسیو بینین

مەریوان وریا قانع

له قوڵایی سیستەمێکی دیمۆکراسیدا توانایەکی گەورەی دەرکەوتنو بینین هەیە به رادە یەك دەتوانێت بڵێت دیمۆکراسییەت ئەو سیستمەیە کە تیایدا ئینسانەکانو دیاردەکانو بڕیارە کان دەبینرێت. له راستیدا توانای بـینین گرنگترین سیفەتێکە کە دیمۆکرا سییەت له سیـستەمە سیا سییەکانی دیـ کە جیادەکا تەوە. ئە گەر کۆنترین سیـ ستەمی دیمۆکرا سی له دنـ یادا سیستەمێکی سیا سی یۆ نانی د ێرین بـ ێت، ئەوا دەز گای سەرەکی ئەم سیـستەمە یەکێك له گۆڕەپا نە گەورەکانی شاری ئە سینا بووە، لەم گۆڕپا نەدا هاوڵاتـ یان کۆدەبوو نەوە بۆ گفتوگۆکردنو راگۆڕینەوەو بڕیاردان لەسەر ئەو مەسەلە گشتیانەی پەیوەندی بە ژیانی هەر یەکێکیانەوە هەبوو. سیفەتی هەرە سەرەکی گۆڕە پانیش بـینینو دەر کەوتنی ئەو شتانەیە کە تیا یدا روودەدەن، یە کدی بینیـ نی ئا مادەبووانو ئا شکرابوونی قـ سەو جو ڵەو هەڵسوکەوتەکانیانە بۆ یەکتری، لە را ستیدا گۆڕە پانی شار وەك فەزا یەکی گـشتیو کراوەو ئا شکرا گرنگترین دەز گاو دەر کەوتنی یە کەمین ئەزموونی دیموکرا سییە لە مـ ێژووی مرۆڤایەتیدا.

بەپێـ چەوانەی سیـ ستەمی دیموکرا سییەوە سیـ ستەمە نادیموکرا سییەکان ر ێك ئەم توا نای بینینو دەرکەوتنو تەمەشاکردنە لەناو دەبەن. ئەم سیتمە نادیموکراسیانە چەند لە یە کدی جیاواز بووبن، هەموویان لەو خا ڵەدا یەکبوون کە لە سەر شاردنەوەو لاوازکرد نی توانا کانی بینین کاریانکردووە، نهێنیکاری ئاکاری سەرەکی ئەخلاقی سیا سیان بووەو شاردنەوە را گری کۆڵەکەکانی دەسەڵاتیان بووە.

هەر ئەم مەسەلەیە شە وایکردوە ستەمگەرە کۆ نەکان لەباتی گۆڕە پانی شارو کۆبوو نەوەی ئا شکرا پێویـ ستیان بە قەڵای قایمو دا خراو، ژ ێرزەمینو ژوورو داڵا نی نهێـ نی بـ ێت بۆ کۆبوو نەوەو بڕ یاردانو داڕ شتنی پلان. ئەوانە شی لەو داڵانو ژوورو قەڵا داخراوا نەدا

کۆبوونەتەوە هاولاتیان نەبوون، بەڵکو کەسە نزیكو شوێن باوەڕەکانی ستەمگەر خۆی بووە، ئەو دەستەو دایرە بچوکە بووە کە بە دەوری ستەمگەردا کۆبوونەتەوەو دنیاو نهێنییەکانیان لەگەڵدا بەشکردووە.ئەگەر سەرنجبدەین پەرلەمانی

هاو چەرخی سیتمی دیموکرا سیش در ێژکراوەی هەمان ئەو گۆڕەپا نە یۆنانیە کۆنە یە، پەر لەمان لە بەرهەمهێنانەوە یەکی نوێو رە مزی ئەو شوێنە ئا شکرایی یۆ نانی کۆ نە کە تیا یدا بە ئا شکرایی د یالۆگو را گورکێو بڕ یاری تێدا دەردە کرا، (بێگو مان مەبە ستم پەرلەمانێکە کە بە را ستی پەر لەمان بێت، وا تە بەرا ستی گفتو گۆو کێبڕ کێو را گۆڕکێی سیاسی تێدا بکرێتو بەراستی توانای بەدواداچوونو چاودێریکردنو لێپر سینەوەی هەبێت، نەك پەرلەمانێکی بێرۆحو بێخوێنو بێکاراکتەر کە هەمیشە تەماشای قامکی پیاوانی ر یزی یەکەمی حیزب بکات بۆ ئەوەی بزانێت چی بکاتو چی نەکات ).

لەڕا ستیدا پەر لەمان دەزگایە کە خۆی چەند کراوەو بینراوە ئەوە ندەش توانا کانی بینین لەدەرەوەی خۆیدا گەورە دەکات، شوێنێکە تیایدا هێزە سیاسییە جیاوازەکان یەکدی دەبینین، هێزی دەسەڵاتدار بە ئاشکرایی لەبەردەم هێزی ئۆپۆزسیۆنو هێزی ئۆپۆزسیۆن بە ئا شکرایی لە بەردەم هێزی دە سەڵاتداردا ئامادە یە، هەموو شیان لە بەردەم خەڵكو م یدیاو جیهانی دەرەوەدا بینراون . بیرۆکەی سەرەکی پەر لەمانی هاو چەرخ، تەواو وەك بیرۆکەی سەرەکی گۆڕەپا نە یۆنانیەکان، بیرۆ کەی بەدیتراوکردنی کۆی گەمە کەرە سیا سییەکانو بەبینراوکردنی شێوازی بەرخوردو گفتوگۆو بڕیاردانی سیاسییە.

بێگو مان مەبە ستی سەرەکی سیستمی دیموکرا سی لە گەورەکردنی روو بەرەکانی بینین دە ستەبەرکردنی توا نای چاوێریکردنە. بینین لە پێ ناوی بینداني یەو ئارەزووی خودنمایشکردن بەرێوەی نابات، بەڵکو بۆ ئەوەیە کەسو لایەنە بینراوەکان بتوانن چاودێری یە کدی بکەن، مەبە ست لە بینین لە پەر لەمانێکی هاو چەرخدا ئەوە یە کە ئەم لایە نە بتوانێت چاودێری ئەویدی بکات، ئۆپۆزسیۆن بزانێت هێزی حاکم چی دەکاتو چۆن دەکاتو بۆ دەکات. وەك چۆن هێزی حاکمیش بتوانێت بزانێت ئۆپۆزسیۆن چۆن بیر دەکا تەوەو چی دەخوازێتو رەخنەکانی کاما نەن. لەڕا ستیدا فەلسەفەی دابە شکردنی دە سەڵاتەکان، کە جەوهەری سیستمی دیموکرا سییە، فەلسەفەیەکە لە سەر توا نای بینین درو ستبووە، لە سەر

دەر كەوتنی تەواوی هەر یەكێك لە تەوەرەكانی دە سەڵاتو بینی نی هەر بە شێكیان بۆ ئەویدیكە دروستبووە. ئەم توانای بینینە لە سیستمی دیموكراسیدا وا دە كات بڕ یارو پلانو ستراتیجییەكان لە ژووری داخراوی دوو نەفەرىو سێ نەفەریدا دانەنرێن، گۆڕە پانی كراوەی شارە دیموكراتییەكانی یۆنانی كۆنو هۆڵی پەرلەما نە هاو چەرخەكان بە قەڵا قایمو ژووری داخراوی دەسەڵاتی ستمەگەرەكان نەگۆڕدرێ نەوە. توا نای ب ینین وا دە كات بە ئا شكرایی كار بكرێتو بە ئاشكرایی بڕیار بدرێتو بە ئاشكرایی پلان دابنرێت.
ئەوە رێكەوتێكی قابیلی دووبارە نەبوو نەوە نی یە كە سیا سیو سەرۆك حكو مەتو وەز یرو دە سەڵاتدارانی سی ستمی دیموكرا سی لە ئەوروپادا بە ئا سانی دەبی نرێنو بە ئا سانی دەردە كەونو بە ئا سانیش چاودێری دە كرێن. ئی شكردنی قوڵی توا نای ب ینینو بەگەڕخستنێكی گەورەی ئەم توانایەیە وا دەكات سیاسییەكان بۆ نموونە بە پاسكیل ب چن بۆ سەر كارەكانیان، بێ فەوجێك بە حیما یەو پا سەوانو چەك ب سوڕێنەوە، خەڵكی ئا سایی لە كتێبخانەو چاخانەو شوێنە گشتییەكاندا بیانبینین. لە كاتێك كە ستەمگەرەكان نەك كەس دەیانبنێتو نە كەس دەزانێت چی دەكەنو نە كەس دەزانێت چۆن دەژ ین. ئە گەر هەی بەتی سیستمی دیموكراسی لە ئامادەیی سیستەمەكەدا بێت بۆ بینینو دەركەوتن، ئەوا (هەی بەتی) دە سەڵاتی ستەمگەری لە سەر نەبینینو دەرنە كەوتنو خۆ شاردنەوە درو ستبووە، بێگو مان ستراتیژییەتی سەرەكی نەبینینو دەرنەكەوتن، جگەلە درو ستكردنی جۆر ێك لە پیرۆزی بۆ دەسەڵاتداران، بۆ رێگە گرتنە لە رەخنەو لێپرسینەوە. كەسێك كە نەبینرا، كە نەزانرا چۆن كار دە كاتو چۆن بڕ یار ئەداتو چۆن بیر دەكا تەوە، دە یەوێت خەڵك بێ بە شكات لە سادەترین زانیارییەك كە بكرێت سەرداوێكی بچوكی لێپرسینەوە بدات بە دەستەوە.
بەڵام دەسەڵاتی نادیموكراسی دەسەڵاتێك نییە كە هەموو تواناكانی بینین لەناوببات بە هیچ جۆر ێك ب ینین بە شێك نەبێت لە پێكها تەی سیا سەتەكانی. بە پێ چەوانەوە دە سەڵاتی نادیموكراسیش لە ئاستێكی تایبەتدا توانای بینین بە شێوەیەكی سەرسوڕهێنەر دەخاتە گەڕ، بەڵام ئەم بە گەڕ خ ستنە بۆ دوو مەبە ستە. یە كەم بەر هەمهێنانی ترس، دوو هەم نمای شكردنو نی شاندانی ه ێزو توا ناو زە بری دە سەڵات. لەیەكەمیا ندا دە سەڵات لە دۆ خی سزاداندایە، واتە سزای نا حەزەكان دەداتو لە ر ێی ئەم سزایەوە هەمووان دەتر سێنێت. لە

دووهەمیا ندا له دۆ خی خۆنمایشکردنی تواناکانیدا یە. ستەمگەرەکان چەند زیاتر خۆ یان بشارنەوە ئەوە ندە سزاکانیان دەکه نه سزای ئا شکراو ئەوە ندەش نمایشەکانی دە سەڵاتیان دەکه نه سزاو نمایشی بیـنراو. سزای هەڵوا سینی خەڵك له شوێنه گشتییەکاندا، گولـله بارانکردن له گۆڕەپانەکا ندا، راکێشانی تەرمی کوژراوەکان له دوای ئوتومبیلەکان، هێنا نه سەر تەلەفزیۆنی بە خائینو ناپاککراوەکان نموو نەی یەکەمیانو خۆپیشاندانو سزادانی ئاهەنگو بۆنەی حیزبیو سەۆبازی مەدەنی هێجگار گەورەش نموونەی دووەمیانە.

ئەگەر یەکێك له ئەرکەکانی تەماشاکردنو دەرکەوتن له سیستمی دیموکراسیدا ئەوە بێت که جیاوازییەکان دەرکەونو رۆحی فەردی ئاشکرا بـێت، ئەوا جێبەجێکردنی ئەم ئەرکه له سیستمی نادیموکراسیدا بۆ لەناوبردنی بیرۆکەی جیاوازیو کوشتنی رۆحی تاکه کەسییە.

★★★★★★

توانستی پراگماتیکی نوسەر لەم وتارەدا، بەکارهێنانی ئەو هێماو گوزارشتانەیه که جگەله کۆنیشانەکانی فەرهەنگ، هەڵگری سیمای دەرەکی دەورو بەرە، لێرەوە نوسەر له گۆشەی (ئەودیو شتەکان) جیهانبینییەك بۆ چەمکی دیموکراسیەت دەکات.

دونیابینی نوسەر وێرایئەوەی زانیاری بەخشینە بە خوێنەر له سەر چەمکی دیموکراسیەت، لەهەمانکات (فرە مەبەستی) له کارتێکردنە سەر بیروبۆچۆنی خوێنەر ئامانجی سەرەکی نوسەرە.

84- دیمۆکراسییەتو بینین

ناونیشانەدەق له (84) دا بە لێکدانی دوو چەمکی سیمانتیکی، بەواتا هەڵگری نیشانە واتایـ یەکانی فەر هەنگ بـ بینین= +ئە ندام (چاو)، +ئاڕاستە، + ئید یەم، - جوڵە هەروەها دیمۆکراسییەت= + ئەبستراکت، + بیر، - ئە ندام، - ئاڕاستە، - ئید یەم★، دە ستپێدەکات، که لێکدا نەوەی له سنوری وا تادا کورتدەهێنێت، بەڵام بە گرێدانی ئەو دەوروبەرەی وتارەکه دەهێنێتەبەرهەم، فرەمەبەستی

---

★ د. هیدایەت عەبدوڵا، چاوپێکەوتن: 2008

له چوار چێوەی دەقە کە له مێ شکدا بەگۆگادەکات، هەروەك جۆری رۆژنا مە، کە سێتی نو سەر، پێ شینەی زاد یاری له سەر ئەو بابەتا نەی مەریوان دەینو سێت، هەم دەورو بەر، کۆنێ شانەی ناسینەوەی مەبەستی وتارن.

دابڕانی  دیمۆکراسیی‌و بینین له دەوروبەر، له سنورێکی دیاریکراودا واتادەبەخشێت :

دیمۆکرا سییەت، وەك چەمك له ر یزی زاراوە سیا سییەکان پۆ لدەکرێت، چاوگی بـ ینین له تەك نێ شانەکانیدا کرداری له کاتو کەس خراوە، بەمپێ یە لێ کدانی هەردوو فێ چەرە واتای یەکانی دیمۆکرا سیو بـ ینین  له سەر ئا ستی پاڕادیگ ما تاڕادە یەك نەگونجاو دەبـ ێت، یان سنورێکی بەرتە سکی وا تایی دەبـ ێت، چونکە خە سڵەتی بـ ینین بۆ شتی بەرجە ستەکراوە نەك ئەبـ ستراکت، لەبەرئەوە له دەوروبەردا مەبەستەکە دەپێکێت، کە ئەو کردەوەو رەفتارانە یە کە سانی بەرپرس وەك کەسایەتی دیمۆکراسیخواز فەراهەمیدەکەن.

له دەوروبەردا وێڕای پێکەوە بەستنی سیما سیمانتکییەکانی هەردوو چەمکەکەو پەیوە ستکردنی بە دەورو بەرەوە، کردەی ڤ سەیی بریتی دەبـ ێت له توا نجدان لەو سیا سەتە دیموکرا سییەی له کورد ستان پەیڕەودەکرێت، ئەویش بەهۆی ئەم دەوروبەرا نەوە، کە له خ شتەی (1-3) دا پیشاندراوە مەبەستەکەی پێدەناسرێتەوە:

| زانیاری | وتار | دەوروبەر |
| --- | --- | --- |
| کەسێکی رەخنەگرو رۆشنبیرە | مەریوان وریا قانع | کەسێتی |
| رۆژنامە یەکی ئەهلی ئازادە، بێلایەنانە وتارەکان بڵاودەکاتەوە | ئاوێنە | جۆری رۆژنامە |
| مەبە ست له هەڵ بژاردنی ئەم ناونێ شانە گۆ شەیە له رووی واتای یەوە، بینیـ نی ئەو کەلێنانە یە کە کە سێکی ئا سایی نایبینـ ێتو نو سەر دە یەوێت ئا شنای بـ کات بە خوێ نەر، ئەم گۆ شەیە هەفتا نە مەریوان وریا قانع دەینوسێتو هەر جارەی تایبەت دەکات بە با بەتێکی سیاسی. | لەودیو شتەکان | گۆشە |

خشتەی (1-3)

لەودیو ناونیشانەدەقەوە، مەبە ستێك هە یە، کە در یژکراوەی سیمانتیکی بۆ را ڤەکردن لەو حاڵەتە، بەدوای خۆیدا دەهێنێت:

مەبە ستی نو سەر لە پاڵ شیکردنەوەی ( بـ ینن‌و دیمۆکرا سییەت) دا ، بەراوردکردن‌و خستنەڕووی هەمان سیستەمی دیمۆکراسی دەسەڵاتی کوردییە، بەمەش لە (85) دا بەشێوەی سیمانتیکیانەو هەم پڕاگماتیکیانە باس لە چەمکی دیمۆکراسییەت‌و بینین دەکات :

85- لەم گۆڕپانەدا هاوڵاتیان کۆدەبوو نەوە بۆ گفتو گۆکردن‌و راگۆڕ ینەوەو بڕ یاردان لە سەر ئەو مەسەلە گشتیانەی پەیوەندی بە ژیانی هەر یەکێکیانەوە هەبوو.

لە دەر بڕاوی (85) ی پێ شەکییەدەقدا ئا ستی سیمانتیك بەخ شینی زانیار یە دەر بارەی پێ شنەی مـ ێژووی د یالۆگی سیا سی لە یۆ نان، بەڵام لێکدا نەوەی پڕاگماتیکی پەیوە ستە بە ئاستی رۆشنبیری خوێنەرەوە، بە شێوەیەك مەبە ستی نو سەر تەنها پێنا سەکردنی ئەو دوو چەمکە نی یە، بەڵکو خوێ نەر لەودیو و شەکانەوە پێوی ستە پەی بە ئا مانجی نو سەر بـ بات، کەواتە لەم و تارەدا جۆری خوێ نەر وەك دەورو بەری دەرە کی ز مان لە بە پڕاگماتیککردنی دەقەکە رۆڵدەبینێت، خوێنەری کارامە هێڵێکی بەراوردکاری لە نێوان هۆڵەکانی ئەو کاتە کە خەڵك بە چینە جیاوازەکا نەوە تێ یدا بە شدار دە بوون، لە گەڵ هۆ ڵەکانی ئێ ستا دەکێ شێت‌و لێرەوە مەبەستی نوسەر لە دەربڕاوەکەدا دەپێکێت.


خوێ نەری ئا سایی وەك و شە بەکارهێنراوەکان لە دەقە کە دە گات، بە مەش پڕۆ سەیەکی پەیوە ندی ناکا ملێ لە نـ ێوان ن/خ درو ستدەبێت، خوێ نەرێك کە باگراو ندێکی رۆ شنبیری دەربارەی چەمکی دیمۆکراسییەت لە لایەك‌و سیستەمی سیاسی کورد لەلایەکی دی‌کە هەبێت، ئەوا بە فرەمەبەستی نوسەر ئاشنا دەبێت، چاوگی  بـ ینین  لە کات‌و کەس خراو، تەنها مەبە ست لە پڕۆ سەی بـ ینین نی یە، کە سی ستەمی دیمۆکرا سی لە سی ستەمەکانی دی کە جیادەکاتەوە، دەنا لە سیستەمەکانی دیکەشدا بینین هەیە، بەڵکو مەبە ست لە دوای بینی نە کە ڤ سەکردنە لە سەر ئەو د یاردەو ئێ سان‌و بڕیارا نەی دەبینر ێت، لە لا یەکی تر ی شەوە مەبەست لە هەنگاوەکانی مرۆ ڤە بۆ سازدانی پڕۆژەی هەمەچە شنە بە بێ ئەوەی دو چاری ساز سۆرو رێ گرتن بێ تەوە، ئەم خەسڵەتە شە دیمۆکرا سیەت لە سی ستمەکانی دی کە جیادەکاتەوە.

نو سەر  بە لاڕێکرد نی ڕێ ساکانی هاو کاریو لادان  لە  چۆنێتیو  چەندێتی،  بەخ شکەیی بەراوردی پێنا سەکردنی  ئەم  چەمکە  بە  بەکاربردنو جێ بەجێکردنی  لە پێ شەکییەدەقدا دەردەبڕێت.

86- بەپێچەوانەی سیستەمی دیموکراسییەوە سیستەمە نادیموکرا سییەکان ر ێك  ئەم توا نای بینینو دەرکەوتنو تەمەشاکردنە لەناو دەبەن.

بەپێی ڕێ سای گریما نەی پێ شەکی،  نەرێکردنی بـنەمای دە قی یە کەم  بە را شکاوی،  هەمان ئەنجامی دەبێت، کۆرپەدەق کە نەرێی در ێژکراوەی پێ شەکییە دە قە،  بەپێی ڕێ سای  ناوبراو هەمان ئەنجامی هەیە :

87- ⬚⬚ سیستەمی دیکتاتۆری ئەو سیـستمەیە  کە دەرکەو تەو بینیـنی تـێدا نیـیە، ئە مەش خاڵی جیاکەرەوەیەتی لە سیستەمی دیمۆکراسی.




دارِشتەی ( 1-3 )

توانستی سیمانتیکیو توانستی پراگماتیکی نوسەر، پەیکاڵی فەرهەنگی کوردیو چۆنێتی بەکارهێنانێتی لە بارودۆخە جیاوازەکاندا، بە شێوەیەك دەربڕاوێکی گونجاو پەیوەست بە بارودۆخێکی گونجاو بهێنێتەئارا.

88- توانستی پراگماتیك= هێمای فەرهەنگی + دەوروبەر

توانستی سیمناتیك لە سەرەتای کۆرپەدەقدا بریتییە لە راڤەکردنی سیستەمی دیمۆکراسیو سیستەمی نادیمۆکراسی، بۆئەمەش گەڕانەوە بۆ مێژووی یۆنان، لێرەوە گریمانەی پێشەکی لە (89) دا دەکرێت:

89- □□ لە یۆنانی کۆندا سیستەمی دیموکراسی پەیڕەوکراوە، لە بری پەر لەمان هۆڵی گەورەیان هەبووە، کە خەڵکی ئاسایی هاووڵاتیان تێیدا کۆدەبوونەوە.

توانستی پراگماتیکی نوسەر، هەڵبژاردنو باسکردنی بابەتێکە، کە خوێنەر دەتوانێت هاوکات بە بارودۆخی ئێستا شیبکاتەوەو بۆ خۆی بەراوردی بکات، ئەم بارودۆخ گونجاندنە دەبێتەهۆی ئەوەی دەوروبەری دەرەکی هێماکانی نوسەر بناسرێنەوە، کە تەنها مەبەست لە راڤەکردنی چەمكو مەودای دیموکراسیو نادیموکراسی نییە، بەڵکو وروژاندنی خوێنەرە بۆ وەرگرتنی ئەو کەلێنانەی لە پەیڕەوکردنی چەمکی دیموکراسیدا هەیە.

دەورو بەری زانیاریو زەمینەی هاوبەشی ن□خ، ئەم لێکدانەوە یە بەرەو ئاراستەی بە پراگماتیکبوونی دەقە کە دەباتو نوسەر بە شێکی زۆری وەرگرتنی وتارە کە بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵێت، بە شێوەیەك ئاماژەو ئاماژەپێکراو لە نێو دەقەکەدا ونە، بەڵام نوسەر بە بەبریدانان جارێکی تر خوێنەر بۆ نێو دەقەکە رادەکێشێتەوە، بەپێی هاوکێشەی (90،91) واتاو مەبەستی وتارەکە بە خوێنەر دەگات :

90- هێماکانی نوسەر + زانیاری خوێنەر = پرۆسەی گەیەنراوی پراگماتیکی

91- هێماکانی نوسەر □ زانیاری خوێنەر = پرۆسەی پەیوەندی سیمانتیکی

بوونی زانیاری دنیایی خوێنەر، کردەی رەخنەگرتنو لە هەمانکات بەخشکەیی دەربڕین لە ئەنجامی بەزاندنی شامەرجەکان دەستەبەردەکات.

92- +  له كورد ستان گۆڕه پانى گەورەى كراوه نى يە، بەڵكو پەر لەمان هە يە كە هۆڵێكى داخراوه، بەمەش لە سيستەمى ناديموكراسى نزيكدەبينەوه، چونكە دەرگاى داخراو نەبوونى ديالۆگ لە نێوان هاووڵاتىو دەسەڵاتدا، ديارده‌ى بينينو دەركەوتن دەرەوێننەوه.
نوسەر تەنانەت يەك جاريش ئاماژەى بە كوردستان نەداوه، وەرگرتنى نو سينەكە لە لا يەن خوێنەرەوە پەيوەستە بە كارلێكو پێكداچوونى هێماكانو ئەو دەورو بەرەى هاوكا تە لە گەڵ بلاوكردنەوەى وتارەكەدا.
93- ئەم توانايە وا دەكات سياسييەكان بۆ نموونە بە پا سكيل بچن بۆ سەر كارەكانيان، بێ فەوجێك بە حيمايەو پاسەوانو چەك بسوڕێنەوه، خەڵكى ئا سايى لە كتێبخا نەو چاخانەو شوێنە گشتييەكاندا بيانبينين.
لە دەر بڕاوى (93) دا  سيا سييەكان  لە رووى رێزما نەوه فر ێزى نا سراوەو بە پ ێى ئا ماژبۆكراوى لۆجيكيش بۆ پەر لەمانتارانو بەرپر سانى ئەوروپا دەگەڕێ نەوه، بەلام مەبەستى نوسەر لە وشەى  سياسى + يەكان و بێ فەوجێك حيمايەو چەك سوڕانەوه بە وا تە گر ێدانى بە كرداره كانى بچن، بسوڕێنەوه، بيانبينن ، پەيوه ستى دە كات بە بارودۆخى ئێ ستاى كورد ستانەوەو كردەى ڤ سەيى لە دەربڕاوه كەدا بە رەخ نەگرتنو بەراوردكارى پێ چەوانەيى دەخا تەڕوو، بە مەش خوێ نەر ئۆتۆ ماتيكى د يمەنى سي ستەمى ديمۆكراسى لە ئەوروپا دەگوێزێتەوه بۆ كوردستانو بەراوردى دەكات بە پرۆسەى ديمۆكرا سى لە ئەوروپا، وەك لە خشتەى (2-3) خراوەڕوو:

| ئەوروپا | كوردستان |
|---|---|
| 1- بەرپرس بە ئاسانى دەبينرێن. | بە ئاسانى نابينرێن |
| 2- هۆڵەكانى پەرلەمان كراوەن بۆ هاووڵاتى | هۆڵەكانى پەرلەمان داخراون |
| 3- هاووڵاتىو دەسەڵات لەيەك نزيكن | هاووڵاتىو دەسەڵات لەيەك دوورن |
| 4- بەرپرسەكان بە پاسكيل هاتوچۆ دەكەن | بەرپرسەكان بە سەيارەى جامڕەش هاتوچۆدەكەن |

خشتەى (2-3)

94- ئەگەر یەکێك لە ئەر کەکانی تەما شاکردنو دەر کەوتن لە سیستمی دیموکرا سیدا ئەوە بێت کە جیاوازییەکان دەرکەون‌و رۆحی فەردی ئاشکرا بێت، ئەوا جێبەجێکردنی ئەم ئەر کە لە سیستمی نادیموکراسیدا بۆ لەناوبردنی بیرۆکەی جیاوازی‌و کوشتنی رۆحی تاکە کەسییە.

لە ئەنجامەدەقدا نوسەر ئەو سیستمەی کە بینینی تێدا نییە، بە ستمگەر ناو دە بات، لێرەوە خوێنەر جارێکی دیکە هێما کان دەگوێزێتەوە بۆ ئەو شوێنەی، خۆی تێدا یە، لە هەولێر چاوی خوێنەر لە سەر پارتی دەبێت، لە سلێمانی لە سەر یەکێتی، بۆ خوێنەرێکیش کە بابەتیانە بخوێنێتەوە بە گشتی سەیری کە سایەتی حیز بی دە کات، ئا یا ئەو کە سایەتییە تا چەند لەگەڵ سیستەمی دیموکراسی هاوتایە، بەمەش خوێند نەوەی کۆدەقی وتارە کە بەپێی جۆری خوێنەر دەگۆڕێت، بۆ خوێنەرێك رەنگە پارتی، بۆ خوێنەرێکی دیکە رەنگە یەکێتی یان حیزبەکانی دیکە یان هیچیان، دیموکراسیخواز یان ستەمگەر بن، هەروەها کردەی قسەیی لە ئەنجامەدەقی( 94) دا بە شێوەی نائاشکرا دەربڕینە، کە نو سەر بە بەکارهێنانی کرداری کو شتن خەڵك لەو جۆرە سیستمە دیمۆکرا سییە ئا گادار دەکا تەوە، لە دە قی (94) دا چاوگی کو شتن بە کەڵك وەر گرتن لە فی چەرەکانی وا تای سیمانتیکی بۆ مەبە ستێکی پڕاگماتیکی بەکاردەهێنرێت، کە بەپێی زانیاری‌و دەورو بەری د یاریکراو وا تای بەخشکەیی جیاواز دەردەبڕێت‌و بە جۆری بەخشکەیی دەربڕینی نا باو دەستنیشانکراوە، ئەمجۆرە بەوە جیادەکرێتەوە، کە کۆ مەڵ لە سەر بەکارهێنانی واتا کەی ریکنە کەوتووە، بەڵکو بەهۆی دەوروبەرەوە دەناسرێتەوە، بەمپێیە چاوگی کوشتن بە واتە لە کارخستنی هزری تاکە کەس‌و هەڵسوڕاندنی وەك لاشەیەکی بێرۆح.

### و/4

سلێمانی‌و پڕۆژەی ئاینده

چەند مانگێك لەمەو بەر و تەی لێپر سراوێك زۆر دڵشادی کردم بەوەی کە وتبوی (دەبێت هەولێر بکەین بە دو بەی) . چی بێت لەوە خۆ شتر شارێکی دێرینی کورد ستان وا برازێنرێتەوە بگاتە ئاستی ئەو شارەی بۆتە بووکی ئیمارات.

له لای خۆمەوە وام چاوەڕوان دەکرد کە دەبێت پریشکی ئەو پڕۆژانەی هەولێر دێنە ئاراوە سلێمانیش بگرێتەوە، بەڵام بەدا خەوە ناو بەناو گوێبیستی پڕۆژەی خز مەتگوزاری و ئاوەدانیو نیشتەجێبوونو جوانکاری دەبین کە بە دەستەوەیە بۆ هەولێرو هیچیش ناگاتە سلێمانی. لە دڵی خۆ مدا وتم: تۆ بڵێی ( هەولێر دەکەینە دو بەی) ئەوە بگە یەنێت کە سلێمانیش دەبێتە (عجمان). نا نابێت وابێت! بەڵکو پێویستە لەو پڕۆژانەدا کە بۆ هەولێری پایتەختی سیاسی دەکرێت، بە هەمان شێوەش سلێمانی پایتەختی رو ناکبیری بە شی خۆی هەبێت.

ئەوەی وایلێکردم ئەم ستونە بنوسم، ئەو لێدوانەی سەر چاوە بەرپرسەکەی وەزارەتی خوێندنی باڵا بوو کە لە ژمارەی رۆژی $2/18$کوردستانی نوێ  دا بڵاوکرا بووەوە کە وتبووی (بۆ ساڵی داهاتوو چەندین کۆلێجی ئەهلی لە هەولێر دەکرێنەوە ) بەڵام بەهیچ جۆرێك ناوی سلێمانی لە کولەکەی تەڕیشدا نەبوو.
دەپرسم بۆ ؟ ئایا خوێندکارانی سلێمانی ئەمساڵ کەمیان ناحەقی لێکرا لە لایەن قبوڵ مەرکەزییەوە، تا ئەمەشی بێتەسەر ؟ بۆ دەبێت جارێکی تر خوێندکاران لە سلێمانییەوە بنەوبارگە بپێچنەوە بۆ هەولێر ؟ لەوێش جگە لە کرێی ساڵانەی کۆلێجەکە دەبێت شوێنی نوستنو گوزەرانی خۆشیان دابین بکەن، دیارە ئەم هاتو چۆو مەسرەفە زیادەیە دەبێتە ئەرکێکی گران بەسەر خوێندکارو کەسوکارییەوە، ئەوەی نەیچەشتبێت نازانێت چەند گرانە !!
لەبەرئەوە هیوام وایە وەزارەتی خوێندنی باڵا لە تاوتوێکردنی بڕیاردان لەسەر ئەو کۆلێجە ئەهلییانە ئەوە رەچاوبکات کە دەبێت چەند کۆلێجێکیان لە سلێمانی بێت، بۆ ئەوەی ئەو خوێندکارانەی لە لایەن قبوڵ مەرکەزییەوە تووشی نەهامەتی بوون بواری خوێندنیان بۆ بڕەخسێ.

*******

95 - سلێمانیو پڕۆژەی ئایندە
بەهای راستیو راستیپێکان هێماکانی ناونیشانەدەق لە (95 ) دا، هەواڵدانە بە خوێنەر، کە لە سلێمانی لە داهاتودا پڕۆژەی نوێی دەبێت، پڕۆژە کەش ( پڕۆژەی ئایندە ) لە رووی

ڕێزمانەوە فرێزی کرداری نادیارە بەمەش واتای سیمانتیکی نادیاری پڕۆژەکە دەگەیەنرێت، دیپلۆماسییەتی نادیاری پڕۆژەکە فۆکسی خوێنەرە بۆ ناو وتار.

شیکردنەوەی ناونیشانەدەق بەپێی سیمانتیك دەگەڕێتەوە بۆ :

1- جۆری ڕۆژنامە ( کوردستانی نوێ ) ڕۆژنامەیەکی حیزبییە، هەمیشە بیری خوێنەر بە ئاڕاستەی خزمەتگوزاریدا دەبەن بەتایبەت لەو ناوچانەدا کە باڵادەستە.

2- خاڵی (1) وادەکات ئەو کەسانە ڕێپێدراو بن، کە بابەتی پیاهەڵدان بڵاودەکەنەوە، یان بابەتێك کە لە بەرژەوەندی ڕۆژنامەکەدا بێت.

ئەگەر خوێنەر لە یەکەم تێڕوانیندا ناونیشانەدەق بە واتای سیمانتیکی وەربگیرێت، ئەوا چاوەڕێی درێژکراوەی سیمانتیکی لە پێشەکییەدەق دەکات، بەڵام مەبەستی ڕۆژنامەنوس بەرە چاوکردنی دەورو بەری پراگماتیکی پێ چەوانەکەیەتی، لەبەر ئەوە درێژکراوەی ناونیشانەدەق لە دەقەکانی تردا پراگماتیك دەبێت.

96- چەند مانگێگ وتەی لێپرسراوێك زۆر دڵشادی کردم.

بەپێی ئەو مەرجانەی کە ئۆستن بۆ جێبەجێکردنی کرداری بەجێهێنان دایناوە، پێویستە کاتەکەی ڕا نەبردوو بێت، بەڵام لێرەدا کاتی پێخۆشحاڵبوونەکە بە ڕابردوو دەربڕاوە، ئەمەش مانای بەجێنەهێنانی کارێکە کە دەبوو بکرایە، بەجێنەهێنانی کارەکە بە دووسەرەی ن/خ لێکدەدرێتەوە :

لەلایەکەوە فرێزی کرداری لە (96) دا پەیکاڵ بە واتای کۆدەقی وتارەکە، مانای پێخۆشحاڵنەبوون و توانجە لەو بەرپرسەی، کە هیچ پڕۆژەیەکی پێشکەش بە سلێمانی نەکردووە، لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆژنامەنوس لە دەربڕینی  زۆر دڵشادی کردم  کرداری پەشیمانبوونەوە دەردەبڕێت، کە کاتەکەی پەیوەستە بە ڕابردووە، بەمەش کرداری بەجێهێنان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ کردەی قسەیی لە مەبەستی پەشیمانبوونەوەدا دەردەبڕێت، بەتایبەت لەو دەقەوتنەدا دەبێت هەولێر بکەین بە دوبەی ئاماژەی هەولێر دێتەئاراوەو بە پراگماتیکبوونی دەقەکە دەستپێدەکات.

| ئاماژە | ئاماژە پێکراو | پڕاگماتیکی دەق/ دەوروبەر |
|---|---|---|
| هەولێر | شارێکی کورد ستانەو ناوەندی دەسەڵاتی پارتی دیموکراتە | کورد ستانی نوێ یەکێتی نیشتمانی دەریدەکات |
| دوبەی | شارێکی بازرگانییە | هەولێر وەك دو بەری لێدەکرێت نەك سلێمانی |

خشتەی (3-3)

زانیاری دنیایی لە خشتەی (3-3 ) دا دەر خەری مەبەستی نوسەرە لە کۆرپەدە قدا، کە توانجدانە نەك دەستخۆشیلێکردن.

97- نا نابێت وابێت! بەڵکو پێویستە لەو پرۆژانەدا کە بۆ هەولێری پایتەختی سیاسی دەکرێت، بەهەمان شێوەش سلێمانی پایتەختی روناکبیری بەشی خۆی هەبێت.

هەردوو میتافۆری  پایتەختی سیاسیو پایتەختی رووناکبیری  لە دەر بڕاوی (93) دا بۆ دوو ئاماژەبۆکراوی شوێنی جیاوازن، کە لە رووی پڕاگماتیکەوە مەبەستێکی دیاریکراو بە خوێنەر دەبەخشێت، بەکارهاتووەو بە بەزاندنی شامەرجی چەندێتیو چۆنێتی مەبەستەکەی لە فەرامۆشکردنی شاری سلێمانی کە پایتەختی رووناکبیرییە نەك سیاسی بە خشکەیی دەربڕیووە.

بەکارهێنانی هەولێرو سلێمانی وەك دەربڕینەئاماژە بوونی هەیە لە مێشکی خوێنەردا، بەڵام بۆ خوێنەرێك کە هاوبەشی کولتورو دەوروبەری زانیاری رۆژنامەنوس نەبێت، ئەوا ناتوانێت دەر بڕاوی میتافۆری پایتەختی سیاسی بۆ هەولێرو پایە تەختی روو ناکبیری بۆ سلێمانی جیابکاتەوە، کە رۆژنامەنوس بە مەبەستی توانج بۆ هەولێر بەکاریهێناوە.

98- ئەوەی وایلێکردم ئەم ستونە بنوسم، ئەو لێدوانەی سەر چاوە بەرپر سەکەی وەزارەتی خوێندنی باڵا بوو کە لە ژمارەی رۆژی 2/18 کورد ستانی نوێ  دا بڵاوکرا بووەوە کە وتبووی (بۆ ساڵی داهاتوو چەندین کۆلێجی ئەهلی لە هەولێر دەکرێنەوە ) بەڵام بەهیچ جۆرێك ناوی سلێمانی لە کولەکەی تەڕیشدا نەبوو.

وا تای سیمانتیکیانەی ئامرازی بە ستنەوەی  بەڵام  لە کۆر پەدەقی (98) دا پێچەوانەکردنەوەو نەرێکردنی رستە یان دەر بڕاوی پێش خۆیەتی، لەم دەقەدا بە چوونە

پێش ئید یەمی له كوله كەی تەڕێ شا ناوی نەهێنا دوو جار دەربڕاوە كەی نەرێكردووەتەوە، بەمەش كردەی بەجێهێنان به شێوەیەكی ناڕاستەخۆ له جەختكرد نەوەی ناونەهێنانە كەدا ئەنجا مداوه، ( ئا ماژەی كه سی بەرپر سی خوێ ندنی باڵا ) له دەر بڕاوی (98)دا كه دەربڕینە ئاماژەیەو بەكارهێنانی له رۆژنا مەی كورد ستانی نو ێدا، وەك نیشانەی كەسی پڕاگماتیك رۆڵدەبینێت، چونكە كەسی ئا ماژەبۆكراو له رووی حزبییەوه هەمبەر به سیاسەتی رۆژنامەكەیە، لەبەرئەوە لای خوێنەر بەرپرسی خوێندنی باڵا زیاتر پەیوەستە به گرینگیدان به ناوەندی دەسەڵاتی خۆی كه هەولێره، پاشان دەوروبەری‌و شارەكانی دیكە، كه سلێمانی یەكێكه لەوان، كەوا تە نو سەر گریما نەی بەخ شكەیی دەر بڕین لەم دە قەدا، به رەخنەگرتن له هەڵوێستی ئاماژە كەسییەكه به شێوەی نائاشكرا بەجێدەهێنێت.

99- دەپرسم بۆ ؟ ئایا خوێندكارانی سلێمانی ئەمساڵ كەمیان ناحەقی لێكرا له لا یەن قبوڵ مەركەزییەوه، تا ئەمەشی بێتە سەر ؟ بۆ دەبێت جارێكی تر خوێ ندكاران له سلێمانییەوه بنەوبارگە بپێچنەوه بۆ هەولێر ؟

ئەنجا مەدەق چەند دەربڕاوێ كی پر سیارییه، كه نو سەر بەهۆ یەوه چەند مەبە ستێك به خشكەیی به خوێنەر دەگەیەنێت:

100- + خوێندكارانی سلێمانی ناحەقیان لێكراوه

101- + قبوڵ مەركەزی زوڵمی له خوێندكارانی سلێمانی كردووه كه له هەولێر وەرگیراون

كردەی قـ سەیی لەم و تارەدا له ناونیـ شانە دە قەوە دە سپێدەكات، بۆ ئەم مەبە ستەش رۆژنامەنوس پابەندی مەرجی گونجاندن- Felicity condition بووه:

1- با بەتی قـسەكردن / رۆژنا مەنوس نو سینەكەی ئا مادەكردووه، ئۆ ستن ئەم مەر جەی به مەرجی سەرەتایی -Preparatory Condition ناوبردووه، كه رەخ نەگرتن‌و توانجدانە لەو بەپرسەی وتویەتی هەولێر وەك دوبەی لێدەكەین‌و سلێمانی لێ بەدەركردووه.

2- له ئەنجامی ئەو كەموكوڕی‌و لایەنگیری یەی له قـ سەكانی بەرپر سەكەدا هەبووه، پێشنیازێك ئاڕاستە دەكرێت، كه كاتەكەی پەیوەستە به فر ێزی كرداری دەربڕاوەكەوه، لەم و تارەدا كات رەخنەگرت نه له را بردوو، پێ شنیازەكە پێشكە شكردنی داواكاری یه له جێبەجێكردنی پڕۆژەكان له ئایندەدا.

کاتی یەکەم : چەند مانگێك لەمەوبەر

کاتی دووەم : پێشنیازکردنی رەچاوکردنی بڕیارەکان

102- بواری خوێندنیان بۆ بڕەخسێت ...

کرداری  بڕەخسێ  لە ئەنجامەدەقدا پێشنیازکردنە بۆ داهاتوو:

ب: مۆرفێمی ئیلزامی کاتی رانەبردوو

رەخس: رەگی کرداری رەخساندن

ێ : بۆ کاتی رانەبردوو

لە کرداری  بڕەخسێت  لە رووی واتایەوە بۆ پێشنیازکردن بەکاردەهێنرێت، کردار لە زمانی کورد یدا کەس و کا تدارە، بەم پێ یە کرداری  بڕەخ سێت  هەڵگری کە سە، کە ئاڕا ستەکردنی کە سی دووە می تا کە (وەز یری خوێ ندنی باڵا) ، هەروەها کاتە کەی بەهۆی مۆرفێمی ( ێ ) دەستنیشانکراوە کە ئایندەیە.

3- دڵسۆزی نوسەر بۆ خستنە بەرباسی بابەتەکەو بە تەنگەوەهاتنی کێشەی خوێندکاران، بە تای بەتی و سلێمانی بە گ شتی هۆ کارە بۆ نو سینی ئەم بابە تە، ئۆ ستن ئەم مەر جەش بە مەرجی دڵسۆزی-Sincerity condition  ناودێردەکات.

4- ئەو زانیاریانەی نوسەر قسەی لەسەر دەکات، لە لا یەن خوێ نەرەوە دەنا سرێتەوە، چونکە نخ یەك زەمی نەی هاوبە شیان هە یە، لەبەر ئەوە کەرە سە میتافۆری یەکان بەپێی ئەو دەورو بەرە دەنا سرێتەوە، ئەم مەر جەش سریەل بە  مەرجی پێوی ستی- Essential condition  ناوی دەبات.

تاکولۆ

***و/5***

ئە گەر وەزارە تەکان کەم بکرێ نەوەو وەزیرا نی ئێ ستایان وەك وەز یرو وەکی لەکانیان وەك وەکیل و مودیر عامەکانیان کە بە خاس دانراون بە مودیر عام، خانەن شینبکرێن، ئەوا تکا دەکەین کەمیان مەکە نەوە با زۆر نەبن، لەم وڵا تە عەداڵ ستانەی ئێ مەدا، ئە گەر بتەوێت هەتا ماوی بۆ دوای نەمانی شت مو چەیەکی پلە خا ست هەبێت، ئەوا ئە گەر خۆ شت خاس

نەبیت، تەنها خاسە بەرپرسێکت هەبێت بە سە بۆ ئەوەی بۆ حەوت پ شتت مو چەیەکت بۆ ببڕ نەوە کە بە شی هەموو شتێکت بکات، خەڵکی دا ماوی وا هە یە، عەیامێکە لە ئەورووپا سەری خۆی کز کردووە، کە چی بۆ ماوە یەك دەهێنرێتەوە بۆ وڵاتو دەکرێتە بەرپر سی شوێنكو دوای ماوەیەك بە پۆستو پلەی شوێنەکەی خانە نیشینی بۆ دەبڕ نەوەو دەڕوا تەوە بۆ ئەورووپا ، ساڵی جار ێك بۆ تازەکرد نەوەی وەلا، دێتەوەو دەڕوا تەوە، سەیرە کاتی لاوی ئەمانە بەسەر نەچووەو زودێتەوە، من دەپرسم ئایا دەکرێت کە سێك راژەی هێندەی تە مەنی بەهارێکی نیشتمان بۆ حکومەت کردبێتو ئیدی هەموو ساڵانی ساڵان بە پلەی تایبەت، خانە نشین بکر ێت؟ ئەم پر سەم بۆ ئەوە یە، لەم سەرو بە ندی بانگە شە بۆ تەر شیقی ئیداریو تەقەشوفی مالییەدا، ئایا ناکر ێت بە مو چەی بەرپر سە خانەنشینکراوەکانیشدا بچنەوە، تا لەو ێدا بب ینن، چۆن ئەم گە نجە خوێنگەرما نە بە مو چەی خاس لە لیستی خانەنشیندا خەسێنراون.

دەوتر ێت 167000 حیما یەی بەرپر سان لە بۆرۆ ندی، مو چە وەردە گرن بەڵام وجود یان نییە، زانیاری واش هەیە لەو وڵاتەدا حکومەتیش فێری ئەوە بووبێت فەرمانبەر بەڕیز لە لیستی موچەدا ڕیزبکات، بەڵام وجودیان نەبێت.

لای خۆشمان گوایە حکومەت بوە بە یەك، بەڵام لەو پاداشتانەدا کە حکو مەتی پایتەخت لە هەولێر دەریدەکات، وا دەردەکەوێت بوبێت بە دیو، چونکە لەم مانگەدا دوای ئەوەی دوای چەند مانگێك وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی یەکگرتوو لە هەولێر، لوتفی درە نگ وەختی نوا ند، کە بە بڕی 150000 دینار پادا شتی ئەو مامۆ ستایە بکات لە خولێکی میدیایی وەزارەتە کەدا لە سلێمانی، لەژێر چاودێری مەعالی کرا بوو، وا نەیانوتبووەوە، بەڵام مەعالی وەزیری دارایی لە سلێمانی بڕەکەی کردە 75000 دینار، بۆ ؟ نازانم.نازانم ئەگەر حکو مەت یەکە، بۆ بڕیار نیوە، ئەگەر یەکە بۆ بڕیار دووە، نازانم!!!

*******

## 103- تاکولۆ

ناونیشانە گۆ شەو ناونیشانەدەق لە (103) دا وەك یەك فۆرم، وا تای وتارە کە دە پێکنو دەردەکەون، واتای فەرهەنگی وشەی  تاکولۆ  کە ناهاوسەنگی یان در ێژیو کورتی بەپێی

فەرهەنگی هەمبارە بۆرینە دەگەیەنێت، بە وابەستەکردنی بە دەورو بەری جۆری رۆژنا مەو ئەو کاتو رووداوەی دەقە کەی بەر هەمهێناوە، مەبە ستەکەی بۆ رەخ نەگرتنو پلاردان دەگۆڕ ێت، وا تە لێرەدا مانا کەی تەنها لە ناوهاو سەنگیدا قالبە ند نابێت، بەڵکو لە پ شت فۆرمی تاکولۆوە کۆ مەڵێك غەدرو فێڵو ناداد پەروەریی‌و بێیا سایی هە یەو وەك تەوق کراوەتە ملی هەژارو کارمەندێکی ماندوی بەرامبەر بە 150000 دینار، کە لە سەر حسابی گیرفانی ئەمانە گیرفانی وەزیرەکانی پێ پڕدەکرێت.

104- ئە گەر وەزارە تەکان کەم بکرێ نەوەو وەزیرا نی ئێستایان وەك وەز یرو وەکیلەکانیان وەك وەکیلو مودیر عامەکانیان کە بە خاس دانراون بە مودیر عام، خانەنشینبکرێن، ئەوا تکا دەکەین کەمیان مەکەنەوە با زۆر نەبن،


نوسەر لە (104)دا بە ئامرازی بە ستنی ئە گەر دە ستپێدەکات، مەبە ستی پراگماتیکی ئەگەر پەیوەستە بە بەجێهێنانی کردارەوە، بە واتا هێشتا تا کاتی قسەکردن یان نو سینی ئەم وتارە وەزیرەکان کەمنەکراونەتەوە، بەڵام پێشنیازێك بۆ چۆنێتی کەمکردنەوەی وەز یرو مودیرعامو وەکیل کراوە، کە ئەو پێشنیازە جێگەی رەخنەگرتنو قسەلە سەرکردنە، ئە مەش بەپێی تیۆری کردە قسەییەکانی ئۆستن، مەرجی پێشنیازکردنە لە وتارە کەدا، ئەم راڤە یە گریما نەی پێ شەکی لە سەر کارا مەیی‌و باگراو ندی زاڵ یاری نو سەر لە سەر با بەتی تاکولۆ دەخاتە بەردەم خوێنەر، بەشێوەیەك نوسەر زانیاری هەیە دەربارەی چونێتی کەمکرد نەوەی وەزیرەکان، ئەوەی لێرەدا دەبێتە زانیاری هاوبەش لە نێوان نوسەرو خوێنەر، کەمکرد نەوەی وەزیرەکانە کە بە تۆپیك ناودەبرێت، بەڵام ئەوەی شارەوەیە لە خوێ نەر بەگشتی چۆنێتی کەمکردنەوەیەتی ئەمەش دەبێتە تەوەری گرنگی بابەتەکە کە بە فۆکس یان زانیاری نوێو کۆمێنت ناوزەدکراوە*.

---


* بڕوانە کاروان عومەر : [ 2006 : 10، 104- 109 ]

105- ئەوا تکا دەکەین کەمیان مەکەنەوە با زۆر نەبن
کردەی بەجێهێنانی قسەیی لە فۆرمی  تکا دەکەین  بە وا تای فەر هەنگی تکاکردن نی یە، بەڵکو مەبەستی بەجێهێنانی کردەیەکی ترە کە توانجدانە لە چۆنێتی کەمکردنەوەکە، کە بەهەمان موچە خانەنشین دەکرێن، ئەمەش لە رووی داراییەوە هیچ کاریگەری یەکی ئیجابی نییە، بە پێچەوانەوە پە ستانێکی ز یاتر دەخە نە سەر بود جەی هەرێم لەبەر ئەوە نو سەر و تەنی ز یاددەبن نەك کەمبب نەوە، لە دەر بڕاوی (106) دا نو سەر بە و شەیەکی دی کە گوزارشت لەم حاڵەتە دەکات کە  خاسە بەرپرس ە :
106- تەنها خاسە بەرپرسێکت هەبێت بەسە بۆئەوەی حەوت پشتت موچەیەکی بۆ ببڕ نەوە کە بەشی هەموو شتێکت بکات،  خاس  بەپێی فەر هەنگی ئاوەزی بە ما نای خە سڵەتی باش ( پۆزەتیڤ) بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە ێرەدا رۆژنا مەنوس بە بەزا ندنی شامەرجی چەندێتی، نەرێیەکەی مەبەستە کە فیچەرە خراپەکان لە خۆ یدا کۆدەکا تەوە، هەروەك ئەو خا سەیە بووە تە هۆی بوونی بڕ یاردانی ناسرو شتیو نایەک سانیو زوڵم کردن لەوانی تر، کەواتە خاسە بەرپرس واتە کەسی نەشیاو کە پۆستێکی شیاوی دراوەتێو مو چەیەکی خا سی بۆ بڕاوەتەوە.
دوبارەکردنەوەی وشەی خاس بە شێوەی کردارو ئاوەڵناو، ما نای جەختکرد نەوە بە نەرێیی خاس دەگەیەنێت:


107- موچەیەکی پلە خاس




108- ئەگەر خۆشت خاس نەبیت




109- خاسە بەرپرس = بەرپرسی خاس




دارشتەی( 2-3 )

وەك دەبینر ێت دوبارەکرد نەوەی و شەی  خاس  لە دەربڕاوێ کدا، ھ ێزی ز یاتر به دەرکەوتنی مەبەستی نو سەر دەبەخ شێت، کە توانجدا نە لە بەرپر سی نادرو ستو گە ندەڵ، جگە لە لادان لە شامەرجی چۆنێتی، نو سەر به بەڵگە نەھێنا نەوەو دەستنی شاننەکردنی بەرپرسەکە، دوورکەوتووەتەوە لە شامەرجی چەندێتی بەمەش بە شاراوەیی مەبەستی خۆی لە گەندەڵی بەرپرسدا خستووەتەڕوو:

110-  + لە کورد ستان بەرپر سەکان شای ستەی ئەو پۆ ستە نین کە وەر یانگرتووە بەڵکو بەھۆی واستەو واستەکارییەوە کە بە شێکە لە گە ندەڵی بوونە تە خاوەنی ئەو پۆ ستە، ئەم بەرپرسە ناشایستەیە بەو موچە شایستەیەی کە وەر یدەگرێتو ئەوەش کە کردوو یەتی بە خاوەنی ئەو پۆستە خیانەت لە خەڵك دەکەن وەك مشەخۆر لەسەر گیرفانی خەڵك دەژین.

111- خەڵکی دا ماوی وا ھە یە، عەیامێکە لە ئەوروپا سەری خۆی کز کردووە، کە چی بۆ ماوەیەك دەھێنرێتەوە بۆ وڵاتو دەکرێ تە بەرپر سی شوێنێكو دوای ماوە یەك بە پۆ ستو پ لەی شوێنەکەی خانەن شنی بۆ دەبڕ نەوەو دەڕوا تەوە بۆ ئەوروپا، ساڵی جار ێك بۆ تازەکرد نەوەی وەلا، دێ تەوەو دەڕوا تەوە، سەیرە کاتی لاوی ئەما نە لە دەستنە چوەو زودێتەوە،

نوسەر بە بوونی پێشینەی زانیاری دەربارەی ئەو کە سایەتیانەی لە ئەوروپا دەگەڕێ نەوەو بێ سێودوو دەکرێنە بەرپرسی یەکێك لە دامودەزگانی حکو مەت، لە پێ شەکییە دە قدا وەك در ێژکراوەی دەربڕاوە کانی پێ شتر تەواوکاری گەندەڵییە کە لە گەڕا نەوەی ھاندەری یەکان دەستەبەردەکات، ڕۆژنامەنوس بە تەنھا دەرخستنی ئەم لایە نەی مەبە ست نی یە، ئەوە ندەی مەبە ستێتی ئا ستی نارۆ شنبیری و نانی شتمانی ئەو کە سانە بخا تەڕوو، ئە مەش بەھێماکانی  خەڵکی دا ماوی وا ھە یە  دەنوێن ێت، وا تە کردەی قە سەیی بەجێھێنانی نائا شکرایە، کە ئاگادارکرد نەوەی خەڵكو حکومە تە لە وە ھا دیاردە یەکی دز ێو، لە ھەمانکات بەکارھێنانی و شەی  دا ماو  بەپێی دەورو بەری ز مانی، بە مەبە ستی ج یاواز د ێت وەك لە ھە ندێ دەورو بەردا بە مەبە ستی ھەژارو نەدار، لە ھە ندێکی تردا بە نەخۆشو پەککەو تە، لەم

دەوروبەرەشدا كە باسكردن لە گەندەڵی سیاسیو نەتەوەییە، بە مەبەستی دڵسۆزنەبوون بۆ نیشتمانو ناڕۆشنبیری دێت.

112- من دەپرسم ئا یا دەكرێت كە سێك راژەی هێندەی تەمەنی بەهارێكی نیشتمان بۆ حكومەت كردبێتو ئیدی هەموو ساڵانی ساڵان بە پلەی تایبەت، خانەنشینبكرێت؟

یەكێك لەو فۆرمانەی كە واتای بەخشكەیی دێنێتەبەرهەم، فۆرمی پرسیارییە، لێرەدا نوسەر ناخوازێت زانیاریەك لە گوێگر/ ئاراستەكراو داوابكات، بەڵكو دەیەوێت بڵێت هەرگیز ناكرێت كە سێك ئەوەندەی وەرزی بەهارێك كە میتافۆرەو رووی لێكچواندنی بە كورت لە نێوان وەرزو تەمەندا وەرگیراوە، خزمەتی نیشتمانی كردبێت كە چی بە قەد هەموو تەمەنی حكومەت خزمەت بەو بكاتەوە.

لە دەربڕاوی (112)دا فرێزی ناوی  بەهاری نیشتمان  میتافۆری ناوییە، رووی لێكچوونی كە وەك بنەمای میتافۆرە كە بەكارهێنراوە، كورتی وەرزی بەهارە بە خزمەتكردنی نیشتمان، بەواتا ناگونجێت كە سێك بە خزمەتێكی كەمەوە بەرپرسیاریتییەكی هەستیارو گەورەی بدرێتێ.

ئەم واتای بەخشكەییە، بە پەیوەستبوونی بە دەربڕاوی دوای خۆی ئەو ئەنجامە دەستگیردەكات، كە بەهۆی خانەنشینی بەرپرسان بە هەمان موچەی پۆستەكەی گەنجان رەنج بە با بوونو گیرۆدەی نامۆبوون بوونەتەوە، ئەمەش بە وشەی  خەساندن  لە دەربڕاوی (113)دا گوزارشتكراوە.

113- بە موچەی خاس لە لیستی خانەنشیندا خەسێنراون

دیارە بەكارهێنانی پراگماتیكیانەی ئەم وشەیە بۆ دەوروبەری كولتورو ئەدەبیاتی كوردی دەگەڕێتەوە، وشەی  خەساندن  لە بنەڕەتدا بۆ ئاژەڵ بەكاردەهێنرێ، چیرۆكنوسو رۆماننوسەكان لە بواری ئەدەبدا، بەواتای باركراو بۆ مرۆڤ بەكاریانهێناوە، نوسەر كەڵكی لەم وشەیە وەرگرتووە، بۆ گوزارشتكردن لە دەستبەستنەوەو رێگرتن لە هەوڵو بەرهەمداریێتی تاكە كەس یان كۆمەڵ، كە دواجار دەبێتەهۆی خەمۆكیو بیزاربوون لەو بارودۆخەی هەیە، لە لایەكی دیكەوە دەستەوەستان لەبەردەم ئەو زوڵمەی لێیان دەكرێت،

بەمپێیە رۆژنامەنوس بە بەکارهێنانی ئەدەبیانەی  خەساندن  دەیەوێت بڵێت، حکو مەت زوڵم لەو گەنجا نە دە کات، کە بە مو چەیەکی کەمو بە گورِو تێنێکی زۆرەوە خز مەت بە حکومەت دەکەن.

114- دەوتر ێت 167000 حیما یەی بەرپر سان لە بۆرۆ ندی، مو چە وەردە گرن بەڵام وجودیان نییە، زانیاری وایش هەیە لەم وڵاتەدا حکومەتیش فێری ئەوە بووبێت فەرمانبەر بە ریز لە لیستی موچەدا ریز بکات، بەڵام وجودیان نەبێت.

لە (114) هێنانی ئاماژەی بۆرۆندی بۆ لێکچواندنی هەردوو ئاماژەپێکراوی سیمانتیکی ( ئەو شوێنەو کورد ستانە لە بارێکدا ) بە وا تا مو چەوەرگرتنو و جود نەبوونی فەرمانبەر دوو دیاردەی وەکیەکی بۆرۆ ندیو کورد ستانە، لە پشت ئەم دە قەوە نو سەر گەندەڵیەکی دیکە دەستنیشاندەکات، بەڵام دانانی فۆرمی نادڵنیایی  دەوترێت  ئەگەری رەتکردنەوەی را ستی دەقەکە بە خوێنەر دەبەخشێت، کە بە  پەرژین ەکان نا سراوە، چونکە نو سەر هیچ بەڵگەو ئامارێکی وەهای نەخستووەتەڕوو کە راستی دەقەکەی بسەلمێنێت، بەپێچەوانەوە بە فۆرمی نادڵنیایی دە ستپێکردووە کە یەکێ کە لە خە سڵەتەکانی رەتکرد نەوەی وا تای بەخشکەیی‌و هێزی کەمبڕوایی‌و متمانەیی بە بابەتەکە دەدات.

115- لای خۆشمان گوایە حکومەت بوە بە یەك، بەڵام لەو پاداشتانەدا حکومەتی پایتەخت لە هەولێر دەر یدەکات، وا دەردەکەوێت بووبێت بە دیو، چونکە لەم مانگەدا دوای ئەوەی دوای چەند مانگێك وەزارە تی رۆ شنبیریی حکو مەتی یەکگرتوو لە هەولێر، لوتفی درە نگ وەختی نواند، کە بە بیری 150000 دینار پاداشتی ئەو مامۆ ستایانە بکات کە لە خولێکی میدیایی وەزارەتەکەدا لە سلێمانی، لەژێر چاودێری مەعالی وەزیری دارایی سلێمانی بڕە کەی کردە 75000 دینار، بۆ؟ نازانم.

ئەنجامەدەق درێژکراوەی کۆدەقەکانی پێشتر نییە، بەڵکو نو سەر پەڕیوە تە سەر با بەتێکی دیکە کە درەن گوەختی وەرگرت نی پادا شتی مامۆ ستایانە، بە مەش لێکترازا نی لە نێوان دەقەکاندا دروستکردووە، کە بیرگەی خوێنەر لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکە دەگوێزێتەوە، لە رووی سیمانتیکەوە لا سەنگی وا تایی دەکەوێ تە نێوان دەقەکا نەوە، بەڵام لێکدا نەوەی پڕاگماتیکیانە کە پەسەندکردنو گونجا ندنی دەر بڕاوو دەقەکا نە لە دەورو بەردا، مەبە ستی

نوسەر بۆ دەرخستنی لا یەنێکی دیکەی رەخنەیی دەگۆڕ ێت، هەروەك پە شیمانبوونەوە لە بڕیار بەبێ ئاماژەدان بە هۆکارەکەی، بەپێی مەر جەکانی ئۆ ستن دڵسۆزی رۆژنامەنو سە بۆ لا یەنێکی پەیوە ستدار بە چینوتوێژێکەوە کە لە بەرژەوە ندی ئەو دە ستەیە بابە تە قسەلەسەرکراوەکە دەخاتەڕوو.

لە (115) دا وشەی نادڵنایی  گوایە  ئەگەری پە شیمانبوونەوە بە دە قی پێ شوتر دەدات، بەڵام لەم دەقەدا مەبە ست لە پلار گرتنو گومانکرد نە لە یەکگرتنی هەردوو پارتە کە، کە هەر بەناو یەکیانگرتووە، بەمەش لە پەرژینی بەخشکەیی دوور دەکەوێ تەوە بە پێ چەوانەی وا تای سیمانتیکییەوە مەبە ست لە دڵنیایی یەکی بە رەخنە یە، رەخنە کەش لە دەر بڕاوی دوا تردا بە ئامرازی بە ستنی  بەڵام  دەردەبڕ ێت کە وا تای پێ چەوانەیی دەبەخ شێت، کردەی قسەیی لە ئەنجامەدەقدا لەوەدایە کە بەناو وەزارەتەکان بوون بە یەك، بەڵام بڕ یاری تاکلایە نە لە هەولێر دەردەکر ێت، لێرە شەوە رۆژنا مەنوس دە یەوێت کاری گەری لە سەر خوێنەر بە بڕیاری نیو دروستبکات کە ئۆ ستن بە  <per locution >> ناوی دە بات، ئەم کاریگەری یەش تەنها لە سەر ئەو خوێنەرا نە درو ستدەبێت کە هەمان کێ شەی بابە تە قسەلەسەرکراوەکەیان هەیە، بەمەش پەوەیندی نێوان ر خ چێدەبێت.

116- نازانم ئەگەر حکومەت یەکە، بۆ بڕیار نیوە، ئەگەر یەکە، بۆ بڕیار دووە، نازانم؟؟؟

لە دەر بڕاوی (116) دا بە فۆرمی پر سیاری، گو مان بڕیارە کان دەکر ێت کە ن یوە، نەك یەکنەبوونی حکو مەت بە مەش رۆژنا مەنوس بەخ شکەیی نا تەبایی ن ێوان دوو پارتە کە بە یەکنەبوونی بڕیارەکان لە حکومەتێکی یەکگرتوودا، دەردەخات.

***و/6***

**گەورەم... سوڵتان هاشم**

**ڕێبوار ئەوڕەحمان**

**پێمسەیر نیە ئێستا بڕیاری لە سێدارەدانت لە ئەگەرو نەگەردایە، چونکە پیاوی گەورە هەر گەورەیە، جا لە سەردەمی داگیرکەری ئەمەریکیداو لە نێو زیندا ندا بێت، یان لە سەردەمی حکو مەتی نیشتمانیو دیموکرا سی بەعسدا.. ئێستاش خەڵکی عیراق باس لە ئازا یەتیو چاونەترسی تۆ دەکەن، تۆیەك کە بەبێ هیچ ترسێکەوە ڕووبەڕووی ئیران بوویتەوەو پا شان ئەندازیارێکی باشی لەناوبردنی خائین ووردە بەکرێگیراوەکانی باکوور بوو یت، ئەوا نەی لە دوای دەستگرتن بەسەر بارەگەکانیاندا دەستبەجێ مژدەی سەرکەوتنی ئێجگارەکیت بەخشیە عیراقی مەزنو بانگی کۆتو زنجیرکرد نی هەموو بەکرێگیراوانت دا بە دا ستانەکانی ئەنفالی مەزنو نەمر، تۆیەك کە بە دەیان هەزار بەکرێگیراوی باکورت ئاخنیە زیندانەکەی نوگرە سەلمانو بەشێکیانت کردە خۆراکی سەگە ڕەشەکەو بەشەکەی تریشیان بە خۆراکی (عەجاج)، تۆیەك کە بە سوتاندنی گوندەکانی باکوور بڕبڕە پشتی ئابووری زا یۆنیزمو ئیمپریالیزمی ئەمەریکیو بەکرێگیراوانیانت شکاند، کێ دەتوانێت نکولی لەم ئازایەتییەت بکات؟**

**بە دڵنیا یەوە هەمووومان کۆکین لەسەر ئەوەی کە نابێ تۆ لە سێدارە بدرێیت، چونکە چەندین بەڵگە لەسەر ئازایەتیی تۆ لەسەر بەرگو لە دوو تویێی لا پەڕەی گۆڤارو ڕۆژنا مەی ( ئەلف باو ئەلسەورەو ئەلعیراقو ئەلجمهوریەو ئەلقادسییە) ی سەردەمی حوکمی نیشتیمانیدا لە کتێبخانەکاندا ماون، ئاڕا مەکانی ئازا یەتی کەلەسەر دا ستانەکانی ئەنفال پێشکەشتکران، تائێستا لە لای خێزانەکەت پارێزراون، ئەو قەڵەمەی ئیمزای سەرکەوتنی عیراقی مەزنت پێکردلە (سەفوان) ئێستا براوەتە مۆزەخانەی نیشتمانی، گەر هەرکەسێکیش ئینکاری لەسەر هەموو ئەم بەڵگا نە بکات کەلەسەر گەورەییو ئازا یەتیو پیاوەتیو نیشتمانپەروەریتی تۆن، ئەوا رایدەگەیەنن کە (دایکت کوردە)و ئیتر بەوە کەس ناتوانێت داوای لە سێدارەدانت بکات.**

**گەورەم**

وەك هاولاتی یەكی زۆر بچوكی ئەم عیرا قە مەز نە، دە مەوێت دڵنیات بکەم كە هەڵوێستە نیشتمانپەوەرییەكانی تۆ لە سەردەمی حكومی نیشتیمانیدا قەڵغانێكی پتەون بە دەستەوەو گو مانی تێدا نییە كە دەبنە هۆی لێبوردنت لەو سزا ناڕەوا یەی كە بە كرێگیراوە كانی داگیركەر سەپاندوویانە بەسەرتدا، هەروەك دەمەوێ گەشبینی خۆم نیشان بدەم بەوەی كە رەنگە بەرێوتان لە ئایندە یەكی دوور یان نزیكدا ببنە سەرەك كۆ مار و ولات بگەڕێننەوە سەردەمە زێڕینەكەی، چونكە ئاماژەكان بەو ئاڕاستەیەدان كە تەنها گەورە یەكی وەك تۆی پڕ لەدارو بە ئەزموون لە پارا ستنی سنوورەكانی نیشتمانی مەزنما ندا لە دە ست فار سە چاوچنۆك‌و بەكرێگیراوەكانیان دەتوانێت گۆمی شڵەقاوی عیراقمان مەنگ بكاتەوە.

گەورەم.. دڵنیا بە گەر مقۆمقۆ كان دەر بارەی لێبوردنت ببنە وا قعو بەرێزتان لەم سزا ناڕەوایە رزگارتان ببێت، ئەوا دەبێت تەواوی رۆ ڵەكانی عیرا قی مەزن لە بەردەم بەرێزتا ندا وەك جاران تەحییە بكەنەوە، هەروەك دڵنیاین لەوەی كە چیدی رێگە بە كرێگیراوە كانی فار سە مەجو سییەكان نادە یت چیدی ئاوا عیراق مان بكە نە گۆمی خوێن‌و رۆ ڵە بە ئەمەكەكانمان لەناوبەرن، چونكە جگەلە هەڵوێستە شەرەفمەندانەكانت لە سەردەمی حوكمی نیشتیمانیدا، تۆ لەبەر ئەوەی دڵنیا بوو یت لە پاكێتی‌و نیشتمانپەروەریت‌و بێتاوانیت لەو كردەوانەی ئێستا بە بوختانی بەكرێگیراوان كراونەتە تاوان‌و بە سەر حكو مەتی نیشتمانی پێشودا سەپێنراون، بۆیە بەچەند مەرجێك خۆت تەسلیم بە داگیركەران كردوو ئەوانیش دڵنیا یان كرد یت كە وەك خۆت بە پڕ لەو ئاڕ مەكانی ئازا یەتی‌و تەنا نەت بە ج لەكانی جاراندەوە كە فەرما ندەی فەیلەق بوو یت دێیتەوە مە یدان‌و خز مەت بە عیرا قی مەزن دەكەیت، ئەو رۆژەش زۆر نزیكەو لە ئێستاوە عیراقییەكان دەستیان لە پەنا گوێیاندا یە بۆ مەبەستی سلاوكردن بۆ شۆڕشگێڕەكان.

*******

117- گەورەم... سوڵتان هاشم

ناونیشانەدەق كردە یەكی وا تای نافۆرمییەو لێكدا نەوەی واتا كەی پەیوە ستە بە زانیاری پێشینەی بەكارهێنانی فۆرمە كەوە، فۆرمی  گەورەم  لە ز مانی كورد یدا بەپێی جۆری دەوروبەری فیزیكی بەكارهێنانە كەی دەگۆڕێت، لە وا تا سیمانتیكییەكەیدا وەك نازناو یان

بانگکردن بەمەبەستی ڕێزگرتن بەکاردەهێنرێت، واتای پڕاگماتیکیی، کە دەورو بەر واتا یەکی گونجاوی پێدەبەخشێت بۆ مەبەستی ڕێزنەگرتن یان شکاندنو سوکایەتیپێکردنی کە سایەتی باسلێکراوە، لێرەدا فرێزی ناوی  سوڵتان هاشم  کە دەربڕینەئاماژەیە واتای گریمانەی پێشەکی بە ناونیشانەدەق دەداتو هەردوو دیاردەی پڕاگماتیکی کردە قسەیی‌و پێشەکییە دەق پێکەوە گرێدەدات.

زانیاری پێشینە دەربارەی سوڵتان هاشم زانیاری هاوبەشی نێوان نوسەرو خوێنەرە، ئەگەر خوێنەر زانیاری لەسەر ئەم ناوە نەبێت، ئەوا واتای فۆرمەکە بە سیمانتیکی گوزارشت دەکاتو وا دەزانێت کە سوڵتان هاشم شۆڕشگێڕێکی گەورە بووە، بەڵام بوونی زانیاری مەبەستی نوسەر لە گەیاندنی مەبەستی نەفرەتکردن لە سوڵتان هاشم دەپێکێت، بەمەش سەرجەم وتارەکە بە لادان لە شامەرجی پەیوەست کە پەسنکردنی سوڵتان هاشمە بە گەورەیی، گریمانەی بەخشکەیی دەردەبڕێت لە پێچەوانەکەیی‌و ڕەخنەگرتن لە دەستەی دادگاییکردنو هەڵوێستی کورد سەبارەت بەم دادگایکردنە.

118- پێمسەیر نیە ئێستا بڕیاری لە سێدارەدانت لە ئەگەرو نەگەردایە

دەر بڕاوی (118) در یژکراوەی  ئینتەڵمێنت  پڕاگماتیکی ناونیشانەدەقە، کە جارێکی دیکە بە فۆرمی گەورە لە فرێزی  پیاوی گەورە  دا جەخت لە دڕندەیی سوڵتان هاشم دەکات، لێرەدا خوێنەر بە رە چاوکردنی دەورو بەری فیزیکی، کە کاتی مقۆمقۆکردنی ڕاگەیاندنەکان بوو لەسەر لە سێدارەنەدانی سوڵتان هاشم، تێدەگات نوسەر دەیەوێت لەپاڵ ڕێزنەگرتنی سوڵتان هاشمدا ڕەخنە لە دادگاو ڕاگەیاندنو خەڵك بگرێت لە نەبوونی هەڵوێست بەرامبەر ئەو مقۆمقۆیە.

نیشانەی کاتی  ئێستا  کە بۆ ڕا نەبردووی نزیك بەکاردەهێنرێت، لەواتا پڕاگماتیکیەکەیدا مەبەست لە رابردووی ئەو بارودۆخە سیاسییە دادگاییە، کە ئەو وتارەی بەرهەمهێناوەو نوسەر بەهۆیەوە دەتوانێت پەی بە مەبەستی کۆدەقی وتارەکە ببات، ئەمەش بە دەربڕاوی دواتر دەبەستێتەوە کە لە ڕابردوودا بێت یان ئێستا گەروە هەر گەورەیە:

119- چونکە پیاوی گەورە هەر گەورەیە.

لە دەربڕاوی (119)، فرێزی دەر خەری پیاوی گەورە دو بارە بۆ دوپاتکرد نەوەی وا تای نافۆرمی لێک سیمی گەورە یە کە بەها شکاندنو رێز نەگرتنی سوڵتان ها شمە ، هەروەها بەکارهێنانی تۆتیۆلۆجیا نەی پیاوی گەورە هەر گەورە یە وەك میتافۆر لە دەرو بەری کولتوری کوردیدا زۆربەی جار بۆ رێزنەگرتنو توانجدانە لە کەسی بەرامبەر یان باسلێکراو، بە پێ چەوانەوە دە قی (119) لە دەورو بەرێکی د یاریکراوی دیکەدا بە مەبە ستی وا تا سیمانتیکییەکەی بەکاردەهێنرێت، بەمپێیە پێشەکییەدەق بەهەمان مەبەستی ناونیشانەدەق گوزارشتکراوە.

120- ئێستاش عیراق باس لە ئازایەتی چاونەترسی تۆ ئەکەن ..

نو سەر بە وە سفکردنی کارە کانی سوڵتان ها شم کردەی قسەیی لە نیشاندانی دڕ ندەییو بێبەهاکردنی مرۆڤدا دەخاتەڕوو، کە لە ژێر ناوو فر ێزە ناوییەکانی ( باکور، نوگرە سەلمان، سەگی رەش، عەجاج، ئێرا نە مەجو سەکان، بەکرێگیراوەکان، حوکمی نیشتمانی) زاذیاریو دەوروبەری پڕاگماتیکی لە مەبەستی بەکارهێنانیاندا ئاشکرادەکات.

هەر یەك لەو ئاماژا نە مەبە ست لە بەکارهێنانی ئەو سەردەمەی بەعسییەکانە کە بە کوردستانیان ئەوت باکور، بە پێشمەرگەو تەنزیم بەکرێگیراوو بە ئیران مەجوسو حوکمی بەعسی عەرەبی بە حوکمی نیشتمانی، ئەم جۆرە ناوهێنانە کارامەییو توانستی پڕاگماتیکی نوسەر لە بەکارهێنانی وشەو ئاماژەکانی زماندا بەپێی دەوروبەری مێژوویی دەردەخات.

| | دەوروبەری مێژوویی | |
|---|---|---|
| ناو/فرێز/ئاماژە | بەکارهێنانی ئاماژەبۆکراو / رابردوو / بەعس | ئاماژەبۆکراو/ ئێستا/ کوردپەروەران بۆ رابردوو |
| باکور | باکوری عیراق | کوردستان |
| بەکرێگیراو | ئەوانەی لە دژی بەعس ئەجەنگین- بەکرێگیراو | پێشمەرگە / تێکۆشەر |
| حوکمی بەعس | حوکمی نیشتمانی/ لایەنگرانو بەعسییەکان | بەعسی فاشست |
| مەجوس | بەکرێگیراو/ مەجوسییەکان | ئێران |

| پرۆسەی ئەنفال/ بنبڕکردنی نەتەیەوەك | داستانی ئەنفال/ پاڵەوانێتی | ئەنفال |
|---|---|---|
| بەڵگەیە لەسەر ئەو پرۆسە دژ بە مرۆڤایەتیو ئەو ئەنجامدەرانەی لەوێدا تۆمارکراوەو | هەموو ئەم رۆژنامەو گۆڤارانە بۆ ئەو کاتە نیشانەی سەرکەوتنو پێشکەوتنی حزبی بەعس بووە | ئەلف با<br>ئەلسەورە<br>ئەلقادسیە<br>ئەلعیراق<br>ئەلجمهوریە |

خشتەی ( 3-4 )

121- بە دڵنیا یەوە هەمووومان کۆکین لە سەر ئەوەی کە نابێ تۆ لە سێدارە بدرێیت، لە کۆرپەدەقدا نیشانەی کە سی پراگ ماتیکی ( مان) بە پرۆ سەی ئەنا فەری نەبە ستراوەتەوە بە پێش یان پاشی دەقەکەوە، بە واتە بە پێی  تیۆری حکومکردنوبەستنەوە- Government and Boundary Theory  کە وەر گری دۆ خی رێزمانی یەو پەیوە ستە بە وەچەبەستێنەرەکەیەوەو هەڵگری واتای سیمانتیکییە، مەبەستی نوسەر شیبکرێتەوە، بەڵکو مەبەستێکی پراگماتیکی بە دەق دەبەخشێت، واتە مەبەست لە ئێمەی عیراقی یەو نو سەر لە بەکارهێنا نە رابردووەکە یدا بە شێوەی توانج بۆ ئێ ستا بەکاریهێناوە، هەروەك ناوهێ نانی رۆژنا مە کۆ نەکانی سەردەمی بەعس ( ئەلف با، ئەلـ سەورە، ئەلعیراق، ئەلجومهوری یەو ئەلقاد سیە) دەورو بەری نا سینەوەی مەبە ستی نو سەرە، لە چۆنێتی خ ستنەڕووی وا تای ئێ مەی عیراق یدا، لە هەمانکات وەك بەڵگە یەك لە سەر دڕاندا یەتی سوڵتان ها شم ئا ماژەی پێداوە.

122- ئارِ مەکانی ئازا یەتی کەلە سەر دا ستانەکانی ئەنفال پێشکە شتکران، تائێ ستا لە لای خێزانە کەت پارێزراون، ئەو قەڵە مەی ئێ مزای سەرکەوتنی عیرا قی مەزنت پێکرد لە ( سەفوان) ئێ ستا براوە تە مۆزەخا نەی نی شتمانی، دەر بڕاوی (122) کە لە نـ ێو ئەنجامەدەقدایە، لادانە لە شامەرجی چۆنێتی، ئەوە دەخا تە بەردەم خوێ نەر، کە سوڵتان ها شم کە سی یە کەم بووە لە تاوانی جێ بەجێکردنی پرۆ سەی ئەنفا لدا، هەروەك چۆن کەلو پەلی سەرۆکە ناودارو درِ ندەکان دەبرێ نە مۆزەخا نە، بەم شێوەیە ئەو قەڵە مەی گەورەترین تاوانی پێ ئەنجامدراوە بە دەستی سوڵتان هاشم، وەك شتێکی سەمەرە هەڵگیراوە،

ئەم دەر بڕاوەش در ێژکراوەی بەخ شکەیی ناونیـ شانەدەق‌و پێ شەکییەدەق‌و کۆرپەدە قە، بنەمای وەرگرتنی رووی لێکچوونی دەربڕاوەکە بە بەکارهێنانی موزەخا نە دەربڕاوەکە دەکاتە دەربڕاوی میتافۆری، کە لێکچوونە بنەڕەتییەکە نادیارەو نوسەر باسی نەکردووە.
ئەنجامەدەق دوبارە درێژکراوەی پڕاگماتیکی دە قەکانی پێشوترە، کە بەهۆی فۆرمی ئە گەر پەرژینی وا تایی لە پا شگەزبوونەوەی گریما نەی بەخ شکەیی دەقە کەدا دا ناوە، بە مەش مەبەستەکە لە واقعدا بۆ ئەگەرو نەگەر دەگەڕێتەوە، کە کردەی ناڕاستەوخۆی پلارگرتنە لە خەڵکی عیراق بە گ شتی‌و بەڕێوەبردنی دادگاییە کە بە تای بەتی، جگە لەوەش لەپ شت مەبەستی ئەنجامەدەقەوە ئەوە دەبینرێت، سوڵتان هاشم بەوە بەرگری لە خۆی دە کات کە دایکی کورد بووە، بە مەش ناهەڵوێ ستی کورد بەرام بەر بە کە سێکی دڕ ندە کە پرۆ سەی ئەنفالی جێبەجێکردووە دەردەخات.

*7/و*

نووکەیەك بۆ یەکێتی مامۆستایان

م. دانا عەبدولرەحمان

(مەڵێین بۆ رۆژنامەکان رەخنەمان لێدەگرن بڵێین بۆ هەلیان بۆ رێکدە خەین کە رەخ نەمان لێبگرن ) سەعید زەغلول

بمانبوورە ئەی سەندیکا نازدارو خەمخۆرەکەمان، ئەوە تۆ یت بە تەك مەنهە جە سواوەکان‌و کەچە موچەکانمانەوەیت، ئەوە تۆ یت بە دەم ئاخ‌و ئۆفەکانما نەوەیت، تەنا نەت خۆ مان بە ئەندامێکی بێکەڵکی رێکخراوە کەت نازانین‌و ئیعتراف بە و جودت نا کەین. زۆر جاریش بە قەڵەمەکانمان هەستی بێگەردت بریندار ئە کەین بەڵام تۆ هەمی شە وەك باوك ێك بە کوڕی بچوك‌و بێفەڕی خۆتمان دەزانی‌و مانگانە پێنجسەد دیناری بریمەرمان بۆ دەکەیتە ئابوونە.
ئاخر وا ئێمە بوونی خۆمان زانی بۆ ئێوە، بەڵام بوونی ئێوەی بەڕێز چی دەگەیەنێت!! ئێ مە هێندە سپڵەین، قەدری ئێوەی بەڕێز نازانین کە لە گرنگترین گۆڕانی ژیانما ندا دە ستمان دەگرن‌و یارمەتیمان دەدەن بە پێشینەی هاوسەرێتی (سلفە زواج) بە بڕی 750000 حەفت سەدو پەنجا هەزاردیناری چاپە بریمەر کە ساڵی حەفت سەدو پەنجا هەزار جار دەیدە نەوە بە رووماندا.

ئاخر ئەو برە پارەیە تەنیا بەشی دانیشتنێکی سەر مێزی شەوانە دەکات؟ کە چی هەمیشە شانازی پێوە دەکەنو دەیکەنە منەت بەسەر ئێمەوە.

لە سایەی ئێوەدا هێندە مو چەکانمان با شە خەریکە هەموو شار دەبنە کرێچیمان، خوا هەڵناگرێت کەچە مووچە وەهای لێکردووین سەرگەرمی کاری تر بین، ما ڵەوەمان لێبوەتە ئۆتێلو تەنها شەوانە مناڵەکانمان ببینین، ئەوە ئێوە بوون ئێمەتان کێشی رێپێوان دەکردوو ئێمەش گوێڕا یەڵێکی بێگوێ بووین، بەڵێ ئەوە یەکێتی مامۆستایان بوو رێپێوانەکەی (2005/4/10) ی بەرز نرخاندو پیشتگیریی خۆی دەربڕی.

ئەوەش لە شاشەی تەلەفزیۆنو رووپەڕی رۆژنامەکەماندا ئێمە بە گێرەشێوێنو ئاژاوەچی لە قە ڵەم دەدا یەکێتی مامۆستایان نەبوو، ئەوەش کە دەیویست بە هەرە شەو تۆقا ندن رێپێوانەکە بگرێت لە شەوی پێش رێپێوانەکەدا، سکرتێری یەکێتی مامۆستایان نەبوو!! ..

ئاخر مۆدێلی دەستێوەردانو گێرەشێوێنو تەخریب میرا تی کەڵتوورە چەقبەستووەکانی بەعسە، کە دەبووایە لەسەر دەستی ئێوەدا ئەم ڤایرۆسە لە عەقڵیەتی حیزبو رێکخراوە پیشەییەکاندا فرێ بدا تە دەرەوە، نەك جارێکی تر ئەم میتۆدو عەقڵیە تە بە خۆمان بفرۆشینەوە، بە موزایەدەشەوە.

رێکخراوە ئازیزەکەم، من سوورم لەسەر کولاندنەوەی بریننەکانت. بەڵام زۆر مەبە، تۆش وەك سەرجەم موئەسەسات حکومییەکان، وەك سەرجەم وەزیرو بەڕێوبەرەکان ....هتد .

لە شەفافیەتی دارایی خۆت ئەترسیت، لە بەردەم پر سیارێکی رۆژنامەییدا ناوێری کۆی بودجەو داهاتەکانی خۆت کەشف بکەیتو بخەیتەڕوو. دەڵێی ناتوانم پێتان بڵێم، ئەزانم ئەمە سری میهنەیە.. بەڵام مەترسە پێمان بڵێ، تازە ئێمە خۆشیمان بێو ترشیمان بێ هەر ئەندامی رێکخراوەکەی ئێوەین، ئێوەش هەزاران خور شیدو خاوەر کان بۆ برێ سنو بخوێننەوە، ناتوانن نوێنەری راستەقینەی ئێمە بنو ناشتوانن نوێنەری دڵسۆزی بە ئەمەکی بەرژەوەندییەکانی خۆتانو راستگۆی حزبیش نەبن.

123- نووکەیەك بۆ یەکێتی مامۆستایان

وشە باری نییەو مەودای بەکارهێنانی لە بۆنەیەکەوە بۆ بۆنەیەکی تر دەگۆڕێت، ئەم خەسڵەتەش فرەواتایی بە وشە دەبەخشێت، هەروەك وشەی نوکە کە لە (123) دا بە مانای

ئاگادارکرد نەوەو رەخ نەگرتن بە مەبە ستی کەمکرد نەوەی بەهای سەندیکای مامۆ ستایان، بەکارهێنراوە. بەکارهێنانی و شەی نو کە بە چەند مەبە ستێکی ج یاواز بۆ دوای هاتنی ئامێری موبایل دەگەڕێتەوە، وەك بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە، کات ێك دوو کەس لە ن ێوان خۆیاندا لەسەر ئەو نوکەیە رێککەوتبن، یان بە مەبەستی رابواردن کە بۆ بێزارکردنی ئەوی تر بووە، یاخود بە مەبە ستی قۆ شمە بۆ نمو نە کات ێك شتێك ون بووب ێت بۆ گاڵتەکردن وتراوە  نوکەیەکی بۆ بکە.

لە ناونیشانەدەقدا بەکارهێنانی نوکە لە تەك فرێزێکی دیار خەردا، کە ئا ماژە بە ( کەس- زیندوو) دەکات نەك موبایل، لە رووی سیمانتیکەوە لە ئاستی پاڕادیگمادا نەگونجاو دەب ێت، لەبەرئەوە لە ئاستێکی دیکەدا درو ستی واتا کە دەپێک ێت، کە مەبە ست لە ئاگادارکرد نەوەی سەندیکای مامۆستایانە لەو کەمتەرخەمیا نەی بەرام بەر بە ما فەکانی مامۆ ستایان هەیا نە، ئەویش ئاستی پڕاگماتیکە.

دوای ناونیشانەدەق، نوسەر بە پشتبەستن بە وتە یەکی فەل سەفی سەعد زەغ لول مەبە ستی نو کە لە پلار گرتن‌و ئاگادارکرد نەوەی سەندیکای یەکێتی مامۆ ستایان لە بە دی کۆدکردنی ناونیشانەدەق لای خوێنەر دڵنیادەکاتەوە.

124- مەڵێن بۆ رۆژنا مەکان رەخ نەمان ل ێدەگرن ب ڵێن بۆ هەلیان بۆ رێکدە خەین کە رەخنەمان لێبگرن.

واتای سیمانتیکی لە (124) دا دەقاودەق بۆ بارودۆخێکی تایبەتی لە هەر شوێنێك‌و کاتێکدا بێت بە وەرگرتنی رووی لێکچوونی بە رووداوی باسلێکراو، بەکاردەهێنرێت، بە مەش وتە کە دەبێتە دەوروبەری زانیاری بۆ بابەتەکە، وەك لە (125) دا خراوەتەڕوو.

125- وتە کەی سەعد زەغ لول ⟵ دەورو بەری وا تای سیمانتیکییە بۆ پێ کانی مەبەستێکی پڕاگماتیکی.

126- بمانبوورە ئەی سەندیکا نازدارو خەمخۆرەکەمان.

بە پێی بنەماکانی مەرجی گونجا ندن کردەی ق سەیی لە (126) دا کردارێکی بەجێهێنانی ناڕا ستەوخۆی تێدا یە  بمانبوورە کە توانجدا نەو تاواند بارکردنی سەندیکایە بەوەی ئەندامەکانی خۆیان فرامۆ شکردووە، هەروەها گریما نەی پێ شەکی لە (126) دا بە شێوەی

شاراوه  له (127) دا مەبەستەكە  بە خوێنەر دەگەیەنێت، بەهۆی پیشەی نوسەرەوە  كە مامۆستایەو ئەندامی سەندیكای مامۆستایانە:

127- سەندیكای مامۆستایان  نەك پشتگیری ئەندامەكانی خۆیان ناكەن، بەڵكو  لە داواكردنی مافەكانیشیان لە حكومەت، بەرەنگاریاندەكەنەوە.

128- ئەوە تۆیت بە تەنگ مەنهەجە سواوەكانو كەچە موچەكانمانەوەی. ئەوە تۆیت بەدەم ئاخو ئۆفەكانما نەوەیت، تەنانەت خۆمان  بە ئەندامێكی بێكەڵكی رێكخراوەكەت  نازانینو  ئیعتراف  بە و جودت ناكەین.زۆر  جاریش  بە قەڵەمەكانمان هەستی بێگەردت بریندار دەكەین. بەڵام تۆ هەمیشە وەك باوكێك بە كوڕی بچوكو بێفەڕی خۆتمان دەزانیو مانگانە پێنج سەد دیناری بریمەرمان بۆ دەكەیتە ئابوونە.

بەپێی لادان لە شامەرجی پەیوەست، كە پێچەوانەی واقعی هەڵوێستی  سەندیكایە بەرامبەر بە خۆپیشاندانی مامۆستایان، گریمانەی بەخشكەیی  لە  نەرێی دەربڕاوەكانی نێو دەقی (128) دا دەكرێت :

129- + ئەوە تۆ نیت بەدەم مەنهەجە سواوەكانی سەردەمی بەعسو ئەو كەمە موچەیەی كە بەقەد بازاڕی ئەمڕۆ...تاد

130- + ئەوە تۆ نیت بە دەم كێشەكانی ئێمەوە هاتبیتو چارەسەرتكردبێت، لە كاتێكدا ئەندامێكی چالاكی سەندیكابووینو دڵسۆزانە كارمان بۆ كردووە، بەڵام سەندیكا سەرەڕای سەندنی ئابوونە  كە  تەنها  ئەوە  بە  كاری خۆیان دەزانن، هیچ كارێكیان  بۆ مامۆستا نەكردووە.

132-  ئاخر ئێمە  بوونی خۆمان زانی  بۆ ئێوە،  بەڵام  بوونی ئێوەی  بەڕێز  چی دەگەیەنێت!!

پێشەكییە دەق واتای بەخشكەیی لە پێچەوانەی واتای رووكەشەكەدا دەگەیەنێت، نیشانەی پڕاگماتكی  خۆمان  لە دەقی (132) دا  بە پڕۆسەی ئەنافەری  بە  پێش  یان پاشی دەقەكەوە نەبەستراوەتەوە،  بەڵكو  بەهۆی دەورو بەری دەقو  كورتكراوەی ( م )  بۆ مامۆستا دەزانرێت، كە مەبەست لە (نوسەر+ مامۆستاكانی دیكە)  یە، كە خۆیان بە

ئه ندامێکی دڵ سۆزی رێکخراوه که زاذ یووه، بەڵام ئەوان له رووی مافو ئەر کەوه هیچ کاردانەوەیەکیان نەبووە.

له کولْ توری کورد یدا که دەوتر یْت  کوڕه بـ چوك  به ما نای ر یْزو ستایش بۆ که سی بەرامبەرە، نوسەر سود لەم دەورو بەرە کولْتوری یه، بۆ ئاوەژووکرد نەوەی وا تا سیمانتیکییە کولْتوورییەکە، وەردەگرێت، بەمەبەستی پلارگرتن له سەندیکا که هیچ ستایـشێکی مامۆ ستا نەکراوەو له جـیاتی ئەوەش له ماف یان کەمدەکرێ تەوە، بەمـ شێوەیە به پێ چەوانەی وا تای کولْتورییەوە بەکارهێنـراوە.

له دەقی (132) دا له دەربڕاوی پر سیاری  بەڵام بوونی ئـێوەی بەڕێز چی دەگه یەنێت

بەهۆی نیشانەی پڕاگماتیکی (ئـێوە) بەخـ شکەیی ئەوە دەردەبرِ یْت، که بوونی ئەوان هیچ نییە، کەواتە نیشانەی کەسی پڕاگماتیکی ئەو پەیامە دەگەیەنێتە خوێنەر بوونی سەندیکای یەکێتی مامۆستایان هیچ کەلێنێك پڕناکاتەوە.

133- ئێمە هێندە سپڵەین قەدری ئێوەی بەڕێز نازانین، که له گرنگترین گۆانی ژیانما ندا دە ستمان دە گرن‌و یار مەتیمان دەدەن به پێ شینەی هاو سەرێتی ( سلفەی زواج) به بڕی 750000 حەفت سەدو پەنجا هەزار دیناری چاپی بر یمەر که ساڵی حەفت سەدو پەنجا هەزار جار دەیدەنەوە به رووماندا.ئاخر ئەو بڕە پارە یە تەنها به شه سەر مێزێکی شەوانە دەکات؟ کەچی هەمیشە شانازی پێوە دەکەن‌و دەیکەنە منەت بەسەر ئێمەوە.

له دەر بڕاوی (133) دا به پێ چەوانەی وا تا سیمانتیکییەکەی، نو سەر له پ شت فۆر مە زمانییەکەوە ستایـ شی خۆ یان دە کات، که دڵسۆزبوون بۆ سەندیکاکەیان، بەڵام ئەوان هیچ پەر چەکردارێکی ئەرێییان نەبووە، هەربۆ یە چەمکی بەڕێز به رووە نێگەتیڤە کەی بەکاردەبات‌و گلەیی لەو بڕە کەمە پێشینە هاوسەرێتییە دەکات، که بۆیان د یاریکردوون‌و له هەر بۆنەیەکدا دەدرێتەوە به روویاندا، کردەی قسەیی له کرداری ئەدرێتەوە به رووماندا پەیوەستە به فیچەرە سیمانتیکیەکانییەوە:

-134

+ دوبارەکر
+ نەرێنی
+ ئیدیۆم
- مرۆڤایەتی

ئەم ئیدیۆمە کرداریيە لە دەقی (133) دا بە واتای (134) بەکارهێنراوە، بە مەش کردەی توانجدان لەسەر کارەکانی یەکێتی مامۆستایان ئەنجامدراوە.

135- بەڵێ ئەوە یەکێتی مامۆستایان بوو رێپێوانەکەی (2005/4/10)ی بەرز نرخاندو پیشتگیریی خۆی دەربڕی.

بە ئاماژەدان دەوروبەری مێژوویی 2005/4/10 لە دەربڕاوی (135) لای خوێنەر ئاشکرا دەبێت کە ناونیشانەدەقو کۆرپەدەق درێژکراوەی رێپێوانی ئەم رۆژە بوون کە سەندیکا نەك پێ شتیوانییەکی خۆی بۆ رێپێوانە کە پی شان نەداوە، بەڵکو لە راگەیاندنەکا ندا بە گێرەشێوەنو ئاژاوەچی لکەدار کراون، هەوڵیانداوە رێ لە رێپێوانەکە بگرن.

136- رێکخراوە ئازیزەکەم، من سوورم لەسەر کولاندنەوەی برینەکانت. بەڵام زور مەبە، تۆش وەك سەرجەم موئەسەسات حکومییەکان، وەك سەرجەم وەزیرو بەرێوبەرەکان ....هتد لە شەفافیەتی داراییی خۆت ئەترسیت، لە بەردەم پرسیارێکی رۆژنامەییدا ناوێری کۆی بودجەو داهاتەکانی خۆت کەشف بکەیتو بخەیتەڕوو. دەڵێی ناتوانم پێتان بڵێم، ئەزانم ئەمە سرِی میهنەیە.. بەڵام مەترسە پێمان بڵێ، تازە ئێمە خۆشیمان بێو ترشیمان بێ هەر ئەندامی رێکخراوەکەی ئێوەین، ئێوەش هەزاران خورشیدو خاوەرکان بۆ برێسنو بخوێننەوە، ناتوانن نوێنەری راستەقینەی ئێمە بنو ناشتوانن نوێنەری دڵسۆزی بەئەمەکی بەرژەوەندییەکانی خۆتانو راستگۆی حزبیش نەبن.

ئەنجا مەدەق بە پێ چەوانەی دەقەکانی دیکەوە بە شێوەی سیمانتیکیو لەهەندێ دەربڕاویشیدا بە پراگماتیك دەربڕاوە، ئەمەش کۆی ئەنجامی دەقەکانی دیکەیە بە لوتکەی

کێشەکە، کە بودجەو بواری دارایی یەکێتی مامۆستایانەو نەیانتوانیووە ئابووری مامۆ ستایان مـ سۆگەر بـ کەن، بە مەش نو سەر بە خـ شکەیی ئەوەی دەرخـ ستووە، سەندیکای مامۆ ستایان دا مەزراوە حکومیـ یەکانی تر بە شی شێری بە نایا سایی بۆ خۆی هەلگرتووە، هەروەك لە (136) دا خراوەتەڕوو.

ذ یدیۆمی خۆ شیمانبیّو تر شیمانبیّ لە دە قی (136) دا بە وابە ستەی چوار چێوەی دەقەکانی تر، مەبە ستی پڕاگـ ماتیکی لە بێـ هودەیی چارە سەر نەکردنی کێـ شەی مامۆ ستایان لەلا یەك‌و بەها شکاندنی یەکێتی مامۆ ستایان لە لا یەکی دیـ کەوە دە ستەبەردەکات‌و مەبەستەکە لە ناپاکیان دەپێکێت

## و/8

کوردو تورکیا... عەقلاًنییەت یان توندڕەوی؟

ئاسۆس هەردی

گەلێکجار ئەلێن هەموو تو ند بوو نەوەو گرژبوونەوە یەك، وەك چۆن دە شێت تەقیـ نەوەو شەڕی لێدەکەوێتەوە ئەوەش دەشێت لە گەلّ خۆ یدا چارە سەر بێـ نـ ێت. رەنـ گە مە سەلە ئەوە بـ ێت کە لە گەلّ نزیکبوو نەوەی ئـە گەرەکانی شەڕو لەدەستدەر چوونی هەلومەرجە کەدا مەتر سییە را ستەقینەکان زۆر تر لە واقـ یع نزیکبـ نەوەو وا لە گە مەکارەکان بـ کەن پێش ئەوەی بە یەکجاری خۆ یان بدە نە دە ست قەدەری شەڕو دەرەنجا مە چاوەڕواننەکراوەکانی، هەلۆێستەیەك بکەن‌و باش بیر بکەنەوە.

تەجرو بەی چەند سالّی حکومەتە کەی ئۆردۆ غان رەنـ گە ئەوەمان پیّ بلّـ ێت کە لانیـ کەم لا یەنگری ئەوە نیـ یە بە چەك مامە لّە لە گەلّ کێـ شەی کورددا بـ کات. ئا سان نیـ یە سەرۆك وەزیرانێك لە تورکیا جورئەت بکات بە (پ.ك.ك) بلّـێت (واز لە چەك بـ ێنن‌و وەرن چیتان دەویّ لە پەرلەمان باسی بـ کەن) تەنا نەت ئـە گەر هەر لـ ێدوانێکی رۆژنا مەوانیش بـ ێت. ئەم جۆرە تێڕوانینە لەناو میدیای تورکی خۆشیدا دەنگدانەوەی هەبووە، هەر بۆ نموو نە دو ێنیّ (دوو شەممە) دوو رۆژنا مەی میللـ یەت کە یەکێـ کە لە دوو رۆژنا مە سەرەکییەکەی تورکـ یاو بەوە نا سراوە کە لە سوپاو ناسیۆنالیـ ستەکانەوە نزیـ کە، دوو و تاری بە هەمان تـ ێڕوانین بلاّوکردۆ تەوە.( سەمیح ئـ یدز) لەژێر ناونیـ شانی ( شەڕ لە گەلّ (پ.ك.ك) تەنها بە چەك

ناکرێت) و ( جان دو ندار) لەژێر ناونیشانی ( پێش چەك، سیاسەتو دیپلۆماسی). سەمیع ئیدز بە ئاشکرا نموونەی مامەڵەی بەریتانیا لەگەڵ سوپای کۆماریی ئیرلەندا دێنێتەوەو ناڕاستەوخۆ دەیەوێ بڵێت دەشێت ئێمەش ئەو مۆدێلە وەربگرین. جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە هەموو سەرکردەکان ( بە جەنەراڵەکانیشەوە) دان بەوەدا دەنێن ئەم کێشەیە تەنها بە چەك چارەسەر ناکرێت، بەڵام کەس نایەوێ یان ناوێرێ بڵێ چی تر مان پێویستە! ستایشی جورئەتی ئەردۆغانیش دەکات سەبارەت بەو لێدوانەی سەرەوەی.

بەکورتی، لەناو خودی تورکیادا تەوژمێك هەیە هەوڵدەدات وڵاتەکە بەرەو عەقلانییەتو کرانەوەی زیاترو کەمکردنەوەی دەسەڵاتی عەسکەر بەرێت. دیارە نەك لەبەر خۆشەویستی کورد، بەڵکو لەو تێگەیشتنەوە کە ئەم ئاڕاستەیە نەك هەر تورکیا لە ئەوروپاو جیهانی دیموکراسی نزیك دەکاتەوە، بەڵکو هەنگاو بە هەنگاو دەسەڵاتو نفوزی سوپاو هێزە ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان بەرەو لاوازی دەبات.

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە، خوێندنەوەیەکی وردی هاوکێشە سیاسیەکانی تورکیاو لێرەشەوە بیرکردنەوەیە لە مامەڵەی واقعیانە، بە شێوەیەك لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هەرێمو کورددا بەگشتی، یەکبگرێتەوە. لەمەشدا ڕەنگە باری گران زیاتر لە ئەستۆی (پ.ك.ك) بێت کە دوای حەماسەت نەکەوێت. چونکە هەموو بڕیارێکی حساب بۆ نەکراو، دەشێت دەستی توندڕەو و ڕەگەزپەرستە تورکەکان واڵا بکاتو نەك هەر (دۆزی باکوور) چەندین هەنگاو بەرەو دواوە بەرێت، بەڵکو بارودۆخی (باشووریش) بە تەواوی بشێوێنێت. نابێ (پ.ك.ك) چاوەڕێی ئەوەش بێت، لە شەوو ڕۆژێکدا تورکیا ببێتە بەهەشتی ئازادی کوردان، بەڵکو ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەنەو وەك دەڵێن ( سەبرو پشوی شۆڕشگێڕانە) ی دەوێت. ڕاگەیاندنی ئاگر بەستیش دەشێت سەرەتایەکی باش بێت بۆ بەگەڕخستنی ئەو پرۆسەیە.

دوا پێشهاتەکان ئاماژە بۆ بەهێز بوونی ئەگەری زاڵبوونی عەقڵ بەسەر توندڕەویدا دەکەن. ئەمەش هەلێکە دەبێت هەوڵ بدەین زرۆترین سوودی لێ ببینین، چونکە مەرج نییە هەموو ڕۆژێك زلهێزێکی وەك ئەمەریکا هەبێت دەماری گرژی تورکە توندڕەوەکان خاو بکاتەوە.

*******

137- کوردو تورکیا... عەقلانییەت یان توندڕەوی؟
پێشینەی زانیاری دەربارەی ناونیشانەدەق، بۆ کێشەی نێوان (پ.ك.ك)و تورکیا دەگەڕێتەوە، مێژووەکەی پەیوەستە بە هەڕەشەی تورکیا بۆ سەر پ.ك.ك کە لە کوردستان بنبڕکرێت، لەمەشدا هەڵوێستی کورد بەرامبەر بەمە دژی بڕیارەکەی تورکیا بوو.
ئاسۆس هەردی وەك دەورو بەری کەسێتی نوسەر لەگەیاندنی دەقی پراگماتیک یدا رۆڵدەبینێت، لەسەر بابەت یان رووداوی رۆژ ستونەکانی دەنوسێت، زۆر کاتیش هێندەی لەسەر ئاستی جێنشینی یان سیمانتیکی پەیامەکانی ئاڕاستەی خوێنەر دەکات ئەوەندە پەیوەست نییە بە هێزی گەیاندنی نافۆرمییەوە، ئەمەش شێوازێکی تایبەت بە نوسینەکانی ئاسۆس هەردی بەخشیووە.
پێشینەی زانیاریی ناونیشانەدەقو کەسێتی نوسەر لە شیکردنەوەی دەقی (127) دا، کە دەقێکی پڕ سیاریی پەیکاڵ بە دەورو بەرە، دەر خەری مەبەستی نوسەرە، لە چۆنێتی گەیاندنی پەیامەکەیدا:
138- + کوردو تورکیا ئەمڕۆ کێشەی سیاسی لە نێوانیاندا هەیە، کە دەنگی شەڕو سەرهەڵدانی جەنگ پتر لە راگەیاندنەکانو لەناو خەڵکدا بەربلاوە.
139- + بە شەڕ ناگەیتە ئامانجێکی پۆزەتیف، بەڵکو بەکارهێنانی بیری سیاسیو دنیادیدەییو کارامەیی رێگەچارەی گونجاوی ئەم کێشەیەیە.
گریمانەی پێشەکی لە دەقی (138)دا پەیوەستە بە پێشینەی زانیاری کێشەکە، بەڵام گریمانەی بەخشکەیی دەر بڕین لە (139) دا پەیوەستە بە ئاستی رۆشنبیری رۆژنامەنوسەوە.
140- گەلێکجار ئەڵێن هەموو تووندبوونەوەو گرژبوونەوەیەك، وەك چۆن دەشێت تەقینەوەو شەڕی لێدەکەوێتەوە ئەوەش دەشێت لەگەڵ خۆیدا چارەسەر بێنێت.
فۆرمی ئەڵێن لە (140) دا، بۆ کولتوری بەکارهێنانی فۆرمەکە دەگەڕێتەوە، زۆر کات مەبەست لە پێشینانە، یان نادیاری سەرچاوەی وتنەکەیە، واتا دەشێت پێشینانیش نەبێت، بەڵام ئەو دەر بڕاوەی لە دوای ئەڵێت،یان ئەڵێنەوە دێت، ئەوا دەبێتە دەورو بەری سیمانتیکی بۆ لێکچوونی ئەو رووداوەی لە ئێستادا باسدەکرێت، لە دەر بڕاوی (140) دا

خوێنەر دەبێت بۆ دەوروبەری شوێنیو کاتی رووداوەکە بگەڕێتەوە، بۆ نمونە لە سلێمانی دژی بڕیارەکەی تورک یا ئیمزاو ناونو سینکرا بۆ چەکهەڵگرتنو شەڕکردن، لە هەولێر خۆپیشاندان، ئاسۆس هەردی مەبەستێتی ئەو گرژبوونەوەو تەقینەوەیە بەم هەڵوێستەی کورد بچوێنێتو لێرەوە باس لە هەڵوێستی راگەیاندنەکانی تورکیا بکات.

141- رەنگە مەسەلەکە ئەوە بێت کە لە گەڵ نزیکبوونەوەی ئەگەرەکانی شەڕو لەدەستدەرچوونی هەلومەرجەکەدا مەترسییە راستەقینەکان زۆرتر لە واقیع نزیکببنەوەو وا لە گەمەکارەکان بکەن پێش ئەوەی بە یەکجاری خۆیان بدەنە دەست قەدەری شەڕو دەرەنجامە چاوەڕواننەکراوەکانی، هەڵوێستەیەك بکەنو باش بیر بکەنەوە.

رۆژنامەنوس لە دەربڕاوی (141) دا بە لێکسیمی ئەگەری □ رەنگە □ بە خشکەیی پەرژینێك بۆ رەتکردنەوەی بۆچوونەکەی دادەنێت، هەروەك لە (142) دا دەربڕاوە:

142- □+ دەشێت پێچەوانەکەشی بێت، لە گەڵ نزیکبوونەوەی ئەگەرەکانی شەڕ، واقیعەکە مەترسیدار نەبێتو بە بەرژەوەندی تورکیا یان گەمەکەرەکان کۆتایی پێبێت.

وشەی □ گەمەکەر+ەکان □ لە دەربڕاوی (141)دا میتافۆرەو رۆژنامەنوس بە مەبەستی سیاسەتمەداران بەکاریهێناوە، لە روو پەڕی رۆژنامەو گۆڤارەکانیشدا بە تایبەت لە بابەتی فەلسەفیدا بۆ هەمان مەبەست بەکارهێنراوە، لەبەرئەوە ئەم وشە میتافۆرە بەرەو ئەوە دەچێت بە تەواوی جێگەی سیاسەتمەدار بگرێتەوە.

143- ئاسان نییە سەرۆك وەزیرانێك لە تورکیا جورئەت بکات بە (پ.ك.ك) بڵێت (واز لە چەك بێننو وەرن چیتان دەوێ لە پەرلەمان باسی بکەن)

دەورو بەری زانیاری لە سەر هەڵوێستی ئۆردوغان بەرامبەر بە کورد، پەیوەندی رۆژنامەنوسو خوێنەر لە ئاراستەکردنی پەیامەکەدا سەرکەوتووتر دەکات، ئۆردوغان وەك کەسایەتییەکی ناسیۆنالیستی تورکی لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی کوردییە، بەڵام کاتێك سیاسەتێکی میانڕەوانە لە بارودۆخێکی وەهادا لە گەڵ (پ.ك.ك) بەکاردەهێنێت وەك لە دەربڕاوی (143) دا خراوەتەڕوو، ئەوا دەیەوێت گۆڕینی هەڵوێستی تورکیا بە ئاراستەیەکی دیکە دەربخات، لە لایەکی ترەوە لە دوو ناونیشانی تردا، کە لە لە لایەن دوو گەورە نوسەرەوە نوسراوە، گۆڕینی سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە پ.ك.ك دەردەخات.

144- (سەمیح ئیدز) لەژێر ناونیشانی ( شەڕ لەگەڵ (پ.ك.ك) تەنها بە چەك ناكرێت( و (جان دوندار)لەژێر ناونیشانی (پێش چەك، سیاسەتو دیپلۆماسی).
دەوروبەری زانیاری كەسێتی هەردوو نوسەر  سەمیع ئیدز، جان دوندار  لە دەربڕاوی (144) دا كە رۆژنامەنوس لە كۆرپەدەقدا ئاماژەی پێداوە، لە رێگەی ناونیشانی بابەتەكانیانەوە رێگەی عەقلانییەتیان لەبری شەڕ هەڵبژاردووە، ئەم راڤەیەش وەك شێوازی تایبەتی ئاسۆس هەردی لە كۆرپەدەقدا بە راستەخۆ بەرجەستەكراوە.
نەبوونی پێشینەی زانیاری لەسەر هەردوو ئاماژەی  سەمیع ئیدز، جان دوندار  لێڵی وا تایی لای خوێنەر دروستدەكات، لەبەر ئەوە ئاماژەكان لە دەرەوەی دەربڕینەئاماژە دەبن، بەڵام بۆ خوێنەرێك كە پێشینەی زانیاریە كە وەك دەوروبەری ناسینەوەی بەكارهێنانی ئاماژەكان هەبێت ئەوا دەبێتە دەربڕینەئاماژە. (بڕوانە: خشتەی (3-5) )
هەردوو ناونیشانەكە بەلادان لە شامەرجی پەیوەست، بە خشەكەیی رێگە چارەی عەقلانییەت هەڵدەبژێرنو گۆڕینی ئاڕاستەی سیاسەتی توركیا دەردەخەن، بەڵام نوسەر بە شێوەی سیمانتیكی ئەم سیاسەت گۆڕینەی باسكردووە، لە هەمانكات هەردوو ناونیشانەدەقی ئاماژەپێدراو دەبنە دەوروبەری زانیاری بۆ گەیاندنی ناونیشانەدەقی وتار.
145- دوا پێشهاتەكان ئاماژە بۆ بەهێز بوونی ئەگەری زاڵبوونی عەقڵ بەسەر توندڕەویدا دەكەن. ئەمەش هەلێكە دەبێت هەوڵ بدەین زرۆترین سوودی لێ ببینین، چونكە مەرج نییە هەموو رۆژێك زلهێزێكی وەك ئەمەریكا هەبێت دەماری گرژی توركە توندڕەوەكان خاو بكاتەوە.
رۆژنامەنوس بە دەرێژكراوەی سیمانتیكی كۆرپەدەق، لە ئەنجامەدەقدا رای خۆی لەسەر قۆستنەوەی ئەم هەلە، كە گۆڕینی ئاڕاستەی توركیایە لە (145)دا دەردەبڕێت، چونكە لە ئێستادا كە ئەمەریكا پاڵپشتی كوردەو بەرگری لێدەكات مەرج نییە لە داهاتوودا هەمان هەڵوێستی هەبێت.
كردەی قسەیی بەپێی بنەماكانی ئۆستنو سیریەل لەم وتارەدا، پێشنیازكردنی رۆژنامەنوسە بۆ هەڵوێستی كورد بە گشتیو (پ.ك.ك) بە تایبەتی بە هەڵبژاردنی رێگەی عەقلانییەت لەبری بەكارهێنانی چەك.

| ئاماژەبۆكراو | دەوروبەر | ئاماژە |
|---|---|---|
| سەرۆك وەزیرانی توركیا | كەسێتی/ ناسیۆنالیستی توركی | ئۆردۆغان |
| نوسەرێكی توركی | كەسێتی | سەمیح ئیدز |
| نوسەرێكی سیاسی توركی | كەسێتی | جان دوندار |
| بەرهەڵستكار/ كوردی توركیا | زانیاری دنیایی | پ.ك.ك |

خشتەی (3-5)

***و/ 9***

**كشە كشە پۆپنە رەشە**

**د. شێركۆ عەبدوڵا**

**شێرو خەتبازەكانی دنیای سیاسەت لە هیچ شتێكا راستیان نەكردبێ لەوەدا راستیان كردووە كە ئەڵێن ناخۆشترین یاری بریتیە لەو تاولە دۆڕاوەی كە هەمیشە مەرزو ئۆینێكت لە ژێر مەرحەمەتی هینە هین هاوبێژەكانی ئەمو ئەودا بن، جا ئەموو ئەو كە كێن ئەوە ئەبێ خۆتان هەڵی بێننو بە تەمای قەڵەمە دەم شڕەكەی من مەبنو چونكێكوم ئیتر ئەو زەمانە رۆی بە ئارەزووی خۆمو قیسمێك لە ئێوە دانیشم قسەی زل زل بكەم. مەعلوماتی دەقیقم لا یە كە لە مەودوا هەموو شتێك بە حسابەو حسابیش نان بڕینو زمان قرتاندنی بە دواوەیە. ئەمە لە سەرێكەوە، عەیب نەبێ لە سەرەكەی تریشەوە هەلهێنان یەكێكە لە زیندە چالاكییەكانی باڵندە كە مریشك هەرە ساویلكەكەیەتی بە تایبەت ئەو مریشكی مەسڵەحەیەی كە زەربە وەشاندن لە مەسڵەحەتی خوشكو براكانی خۆی، ئەچێ بە گەڵا بەو تراكتۆر خۆڵ ئەكات بەسەری خۆیا ... ئەزانن خراپ سەری لێ یاوم كوڕینە؟! من ویستم باسی تاولە بكەم كەچی مەوزوعەكە بە خۆڵشكایەوە ... درۆم نەكردبێ هەمووی خەتای ئەو مریشكە نەگبەتەیە ... ئەرێ موسڵمانێ نیە كشەیەكی لێ بكات؟!**

★★★★★★★★★★

146- کشه کشه پۆپنه ڕەشه

بەکارهێنانی ئیدیۆم لە دەقی (146) ، یەکێکە لە شێوازەکانی نوسینی شێرکۆ عەبدوڵا، کە تێگەیشتن لێی پەیوەستە بە ( پێشەکیو کۆرپەو ئەنجامە ) دەقەوە، بەڵام واتای ئیدیۆمەکە کە لادانە لە چۆنێتیو چەندێتی گریمانەی بەخشکەیی لە (147) دەردەبڕێت:

147- + دەرکردنی کەسێك، یان میوانێك کە بووبێتە مایەی نیگەرانی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

148- شێرو خەتبازەکانی دنیای سیاسەت لە هیچ شتێکا ڕاستیان نەکردبێ لەوەدا ڕاستیان کردووە کە ئەڵێن ناخۆشترین یاری برییتیە لەو تاولە دۆڕاوەی کە هەمیشە مەرزو ئۆینێکت لە ژێر مەرحەمەتی هینە هین هاوبێژەکانی ئەمو ئەودا بن،

زانیاری دەربارەی کەسێتی نوسەر لای خوێنەر، مەبەستەکە ئاشکراتر دەردەکەوێت، وەك لە خشتەی (6-3) دەرخراوە، هەروەها شیکردنەوەی دەقەکە بەپێی جۆری خوێنەر دەگۆڕێت، چونکە مەبەستەکە بە ناڕاستەوخۆ ئاڕاستەی خوێنەر کراوە، بۆ نمونە خوێنەرێکی ئاسایی ئەگەر زانیاری دەربارەی شێروخەتباز، مەرزو ئۆین لە یاری تاولە لە دەقی (148) نەبێت، ئەوا ناتوانێت پەی بە مەبەستی نوسەر بەرێت، بەڵام بۆ خوێنەرێکی کارامە لە ڕێی بەکارهێنانی داتاکانی مەرزو ئۆینەوە پەی بە مەبەستی نوسەر لە ئاماژەی هینە هین دەبات.

| دەوروبەر | وتار | زانیاری |
|---|---|---|
| زانیاری | شێروخەت/ تاوڵە | دوو یارین بۆ کوردەواری |
| جۆری رۆژنامە | کوردستانی نوێ | یەکێتی نیشتمانی دەر یدەکاتو هاوبیروڕای نوسەرە |
| کەسێتی نوسەر | شێرکۆ عەبدوڵا | ڕەخنەگرێکی گاڵتەئامێزە |
| | | |

خشتەی (6-3)

شێرو خەت، يارييەكی كوردەوارييە، بەمەبەستی 1- پێشبينیو زيرەكی كەسی بەرامبەر، يان 2- هەڵبژاردنی كە سێك لە ر ێی ئەو يار يەوە بۆ كرد نی كار ێك، ياخود 3- تەواو بە پێچەوانەی (ا) هەڵبژاردنی هەرِ مەكی شتێك، نەك كارا مەيی بەكاردەهێنرێت، لێرەدا بە زيادكردنی پاشگری (باز) بۆ پيشەی كەسەكە گۆڕاوەو بەهۆی دەورو بەری كە سێتی نو سەرو بابەتی قسەلەسەركراو، مەبەستی نوسەر لە بەكارهێنانی (3) دا دەردەكەوێت.

وا تای مي تافۆری و شەی شێروخەتباز بە مەبە ستی سيا سەتمەداری ديپلۆ ماسو توا نای دەستبە سەراگرتنی ئاوەزو دەروو نی بەرام بەر د ێت، بە مەش ب نەمای لێك چوونی ياری شێروخەت بە پێی (1،2،3)و بەكارهێنانی وەك (3) لێكدەدرێتەوە.

149- ... قەڵەمە دەم شرِەكەی من ...

بەپێی كولتوری كوردی  دەمشرِ  كە لە جۆری ئيد يەمی ئاوەڵناوی بەكارهێنراوە، بە مانای خەسڵەتی كەسێكە، هەرچی هەيەو نی يە لە باشو خراپ بێگوێدا نە هيچ پ ێوەرێكی كۆمەلا يەتی ب يدركێنێت، لە دەر بڕاوی (149) دا قەڵەمە كەی بەم خە سڵەتەی دەم شرِ دەچوێنێت، ئەمەش دەبێتە دەرخەری كەسايەتی نوسەر، بە تاي بەت بۆ خوێ نەرێك، كە بە كەسايەتی نوسەر ئاشنا نەبێت.

لەپاڵ پێوەری كۆمەڵايەتی، نوسەر پێوەری راميار ی بە بەكارهێنانی مي تافۆری شێروخەتباز زياددەكات، لادان لە شامەرجی پەيوەست، يەكێكە لە شێوازەكانی نو سينی شێركۆ عو بدوڵا، كە بەخشكەيی پەيامەكەی دەردەبڕێت، هەروەك لە دەر بڕاوی (148، 149) دا دەبينر ێتو ياری تاوڵە بە بە بەراورد بەو يارێەی سياسەتمەداران بۆ بەرژەوەندی خۆ يان لە سەر حـسابی دەروونی خەڵك دەيكەن، دەر بڕاوی (149) بە (148)دەبە ستێتەوەو خە سڵەتی دەم شرِەكە لە دركاندنی كەلێنەكانی سياسەتمەداراندا دەخاتەڕوو.

150- عەيب نەبێ لە سەرەكەی تريشەوە هەلهێنان يەكێكە لە زي ندە چالاكييەكانی باڵندە كە مريشك هەرە ساويلكەكەيەتی بە تايبەت ئەو مريشكی مەسڵەحەيەی كە زەر بە وە شاندن لە مەسڵەحەتی خوشكو برا كانی خۆی، ئە چێ بە گەلا بەو تراكتۆر خۆڵ ئەكات بە سەری خۆيا.

بەكارهێنانی فۆرمی □عەیب نەبێ □ بەشێكە لە كولتوری كورد لە وتنی تابۆكراوەكا ندا، بە تایبەت لە زمانی قسەكردندا، لەبەرئەوەی شێوازی نوسینی نو سەر كە رەنگدا نەوەی ز مانی قسەكردنە، پەنا بۆ ئەو فۆرمە زمانیا نە دە بات، كە و شەی ئاخاوتـنە نەك نو سین هەروەك فۆر مەكانی □ چونكێكوم، قیـ سمێك،مەرحەمەت، مەوزوع، زەر بە، ئەرێ،...□ هەروەها ئیدیۆ مەكانی □ دەمـ شڕ، خراپ سەری لێ یاوم□، نو سینەكە لە ز مانی قـ سەكردن نزیكدەكاتەوەو وتارەكە بە دەرەوەی زمان دەبەستێتەوە.

بەپێی جۆری رۆژنامە كە ( كورد ستانی نوێ ) یەو یەكێتی نیـشتمانی دەر یدەكات، نو سەر كەمترین رەخـنە دەگر ێت كە حز بی ناوبراو بگرێـتەوە، بەڵكو كردەی قـسەیی لە توانجو رەخـنەو پێـشنیازكردندا، بۆ حز بەكانی دیكە یە، بەمپێـیە مەبە ست لە شێروخەتبازەكانی دونیای سیاسەت، یان مەبەست لە كوتلەیەك یان حزبێكی بەرامبەر ئایدۆلۆژییەتی نوسەرە.

لە دەربڕاوی (150) دا بە ناڕاستەوخۆو بەزاندنی چەندێتیو چۆنێتیو پەیوە ستو شێواز، نو سەر بە خـ شكەیی رەفـتاری ئەو بەرپر سە سیا سیانە دەخا تەڕوو كە تەنها ئیش بۆ كە سوكاری خۆ یان دە كەنو بە مەش مێژوو یەكی رەش تۆمارده كەن، نو سەر ئە مە بەو ئیدیۆمەی كە دەڵێت : □مریشك خۆی خۆڵ نەكات بە سەری خۆ یدا كەس ناتواذێت خۆڵی پیابـكات□ دە چوێنێت، لەمە شدا شێركۆ عە بدوڵا بە شێوەیەكی ساتیرانە وا تە گاڵ تەئامێز □تراكتۆرو گەڵا بەی□ بەكارهێناوە، مەبە ستێتی ئەو پەیا مە بگەیەنێـتە خوێـنەر، كە ئەو ناحەقیانە، بەرپرس خۆی بە دەستی خۆی ئەنجامیدەداتو لە ئاییندەشدا كاردانەوە كەی لای خەڵك زۆر سەخت دەبێت، ئەمەش درێژكراوەی پڕاگماتیكی چاوگی □ هەڵهێنان□ە كە دوو بەكارهێنانی هە یە 1- مە تەڵ، 2- مریـ شك، نو سەر بە بەكارهێنانی دووەم ئیدیۆمە كە بە سەرەتای دەربڕاوی (150) بەستووەتەوەو مەبەستەكەی پێكاوە.

151- ئەزانن خراپ سەری لێ یاوم كوڕێـ نە؟! من ویـ ستم با سی تاو لە بـ كەم كە چی مەوزوعەكە بە خۆڵشكایەوە ... درۆم نەكردبێ هەمووی خەتای ئەو مریـ شكە نەگبەتە یە ... ئەرێ موسڵمانێ نیە كشەیەكی لێ بكات؟!

مەبە ست لە ئـ یدیۆمی □ خراپ سەری لێ یاوم □ شێتبوونو ئاگالەخۆنەبوو نە، نو سەر دەیەوێت بڵێت كە قسەكان بێسەرەو بەرە بوون، بەڵام بە شێوەی ناڕا ستەخۆ هەر یەك لەو

بابەتانەی لە (150،148،149) باسکراوە درێژکراوەی پڕاگماتیکین کە پەیامەکە بریتیە لەو کەسایەتییە سیاسیانەی هەست بە بەرپرسیارێتی خۆیان ناکەنو بیر لە داهاتووی خۆیان ناکەنەوەو یاری بە چارەنووسی خەڵك دەکەن، لە ئەنجامەدەقدا نوسەر بە کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ پێشنیاز دەکات بۆ لابردنی ئەو بەرپرسانە کە شیاوی بەرپرسیارێتی نین.

***و/ 10***

لە نزیکەوە

ئەمە لێبوردن نیە

( ئەو کەسەی لە ستەمکارەکەی بورا، بەسەر شەیتاندا سەرکەوتووە)

شەیتانەکان هەمیشە هەنو هاوڕێمانن‌و هەنگاو بەهەنگاو و سات بە سات لەگەڵمانندا دەژین. ئەوان بەشێکن لە ئێمەو لەدەرون‌و خەیاڵو بیرکردنەوەماندا هەنو دەژین. شەیتان ناوێکی تری ئەو هەستی توڕەیی‌و دڵڕەقیە یە کە توانای هاودەردی‌و لێبوردمان لەناودا دەکوژێت‌و گیانی تۆڵەسەندنەوەمان تیا گەورەو گەورەتر دەکات. لە هەموو یەکێك لە ئێمەدا هەمیشە توڕەیی‌و دڵڕەقی‌و تەندرەوی یەك هە یە کە بەر هەمی هەلو مەرجێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەو ئامادەمان دەکات بۆ ئەوەی هەندێك بڕیارو هەنگاو بنێین کە دەشێ لە دۆخی ئاسایدا هەرگیز ئەنجامی نەدەین (سوتاندنی لاشەکانی دوژمن‌و سوکایەتیکردن بە مردووو حەزی تولە، نموونەیەکی ئەم حالەتن.)

بیریارانێك هەن کە بڕوایان بە بوونی غەریزەیەکی شەڕەنگێزی لەناو دەرونی مرۆڤدا هە یە کە پاڵنەری سەرەکی مرۆڤە بۆ دڵڕەقی‌و ئەو توندوتیژیانەی کە مرۆڤ پێی هەڵدەستێت. لەم ئاڕاستەیەدا تیۆری فرۆید لە بارەی غەریزەی مردنەوە لە هەموویان بەناوبانگترو بەربلاوتر بوو. بەڵام تەنانەت لەم تیوریانەشدا دەتوانین دەورو کاریگەری ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی ئابووریە ببینین کە دەستێکی گەورەی لە دیاریکردنی ئەم چارەنووسی ئەم غەریزەیەدا هەیە.

لە تێڕوانینی فرۆیدا غەریزەی مردن یەکێکە لەو دوو غەریزە سەرەکیەی کە مرۆڤ بەرەو توندتیژی کوشتار پاڵ پێوە دەنێت. فرۆید لە دواکارەکانی ژیانیدا غەریزەی مردنی بە هەموو ئەو هێزو پاڵنەرانە ناو هێنابوو کە مرۆڤ بەرەو هەڵوەشاندنەوەو پارچە پارچە بوون

ده بەن. بەڵام فرۆ ید بە کۆنترۆڵ کرد نی ئەم غەریزە یە دوو رێگە چارەی دۆزیـبووەوە .
یەکەمیان بەشێکی زۆری وزەی ئەم غەریزەی مردنە ئەو هێزە مەعنەویەی مرۆڤ دەیبات کە
لەناو ویژدا نە . و یژدانی مرۆڤ بە شێکی زۆری غەریزەی مردن دە باتو دەیـ کات بە
چاودێرێکی سەختگیر بە سەر رەفتارە کانی مرۆ ڤەوەو بەم شێوەیەش کۆنترۆڵی بە شێکی
گەورەی وزەی ئەم غەریزەیە دەکات.
دوهەمیان پرۆسەی بڵند کردنەوە کە لە رێگە یەوە غەریزەی مردن لەبری ئەوی روبکا تە
لەناوبردن و شەڕانگێزی بەرامـبەر بەکە سانی دی یان خودی مرۆڤ، ئاما نجەکانی خۆی
دەگۆڕێتو روو دەکا تە ئەو ئامانجا نەی لە رووی کۆمەڵایەتـیەوە رێگە پـێدراوونو بۆ ژ یان
پێویستن .. وەك کۆنترۆڵکردنی سروشت بە هەموو ماناکانیەوە.
بەم شێوەیە تیۆرەی فرۆید لە بارەی غەریزەی مەر گەوە هەموار دەکر ێت بۆ ئەوەی ببێ تە
غەریزەیەك کە کۆمەکی ژیان دەکات (خاڵێك کە لەلا یەن ئەریك فرۆ مەوە رەخـنە دەکر ێت
کە لێرەدا جێگەی باس نیە). کۆمەکی ژ یان دە کات، چونکە چ و یژدانو چ بڵندکرد نەوە دوو
رەگەزن خزمەتی بەهێزکردنو رێکخستنی ژیان دەکەن.
بڵندکردنەوە ئەو کردارانە بەرهەم دێنێت کە کارئاسانی بۆ ژ یانی مرۆڤ دە کەنو و یژدانیش
چاودێرێکی ئەخلاقیە کە مرۆڤ لە گوناهکردنو دڵڕەقی دەپارێزێ. بەڵام هەم ئەو بوارا نەی
بۆ بڵندکردنەوە لەبەردەستدان، پەیوەندیان بەو هەلو مەرجە کلتوری‌و سیا سیەوە هە یە کە
مرۆڤ تـ یا دەژی، هەم و یژدانیش پەیوە ندی تەنگاو تەنگی بە نرخو بەهاو پـ ێدراوە
ئەخلاقیا نەوە هە یە کە لە کۆ مەڵگادا ئا مادەن. ئەو کارەی لە کلتورێـکدا بە بێو یژدانی
دەزانر ێت، دە شێت لە کلـتورێکی د یدا ئە پەڕی عەقلاّ نی بـ ێت ( ستەمکاری و ئەو زو ڵمو
شەڕانگێزییەی بەرامـبەر بە کورد کرا، لای ئێ مە ئە پەڕی بێو یژدانی‌و لای ناسۆنالیـستە
عەرە بەکانیش ئەرك‌و شتێکی عەقلاّ نی بوو ). ئەوە کلـتورو هەلو مەرجێکی کۆمەڵا یەتیی
یاریکراوە دەستنیـ شانی و یژدانو بێو یژدانی، هەق‌و نا هەق دە کات . و یژدان قابیلی
ئاڕا ستەکردنە، تەنا نەت بەرەو ئەو جێگەو شوێنانەی کە لە حا ڵەتی ئا سایدا دە شێت بە
بێویژدانی بزانرێن.

هەروەها تورەیی‌و د ڵرەقیش به هەمان شێوه قابیلی ئاڕا ستەکردنن بەرەو هەموو ئەو جیگایانەی کە دەشێت لە دۆخی ئاسایدا قبوڵنەکرێن (هەڵوێستی زۆر یك لە دنیای دەرەوە و ناوەوە لە شێوەی لەسێدارەدانی سەدام‌و خۆشنودی‌و فایلبوونی هێز گەلێکی ناوخۆی عیراق، نمونەیەکی نزیکی ئەم حاڵەتەن) .

ئەمرۆژانە کە تاوانبارکردنی موستەشارەکانی سەردەمی رژێم‌و داواکاری زۆرینەی خەڵك بۆ راکێشانیان بۆ دادگا، زۆرینەی ناوەندەکانی راگەیاندنی بە خۆیەوە خەریککردووە، دەشێت نمونەیەکی دی بێت. موستەشارەکان کە بە بڕیارێکی سەردەمی راپەڕین لە لایەن بەرەی کەردستانی‌و زۆرینەی هێزەکانی کوردستانەوە لەو تاوانانە بوورا بوون کە ئەنجامیا نداوە، هەنوکە کە پاش 15 ساڵ داوای دادگایکردنیان دەکرێت . فەزای راگەیاندن بە شێوەیەك دژی ئەم موستەشارانە وروژێنراوەکە دەڵێی کوردستان لە کاتی ئەنفالدا دەژی‌و لەم ئاڕاستەیە شدا هەموان ئەوەیان بیرچۆتەوە کە سەردەمێك نەك هەر لە تاوانەکانیان بوراوون، بەڵکو گەر بە شداری لانی‌کەم بێلا یەنیان لە راپەڕاند ندا نەبوا یە، رە گە را پەڕین بەو شێوە ئا سان‌و خوێنڕێژی یە کە مە کۆ تایی نەهاتا یە. ئا یا بەڕا ست ئەم داوا یە بۆ کاملکردنی پەروەندەی داد پەروەری سەردەمی ئەنفال‌و رژێمی بەعسە، یان بۆ تۆڵەکردنەوە یە لە ئێستا؟ ئا یا زیندووبوونەوەی رق لە موستەشارەکان لەبەرئەو دەورەیە کە لە رابردوودا بینییان یان رقە لەو هەلومەر جە سیا سیەی ئێستا کە لەبەر ئەوەی توا نای رووبەڕبوو نەوەی را ستەوخۆی لەگەڵیدا نیە، ئاڕاستەی هێز گەلێکی دی دەکات؟ چی مەسەلەی موستەشارەکانی بە زیندویی هێشتۆتەوە پاش ئەوەی 15 ساڵ بەسەر لێبوردنیاندا تێدەپەڕێت؟

هێربرت مارکیوز لە (ئیرۆس‌و ژیار) گوتبووی ( فرامۆشکردن بە مانی لێبوردنی شتێك دێت کە ئەگەر بڕیار بێت ئازادی‌و داد پەروەری بپارێزرێت، قابیلی لێبوردن نیە. لێبوردنێکی لەمچە شنە هەلو مەرجێك بەر هەم دێنێت کە دو بارە ناداد پەروەری‌و کۆیلە یەتی بەرهەمدێنێت). موستەشارەکانی هەنوکەش قوربارنی ئەم دۆخە ناداد پەروەرەن. لێبوردنی ئەوان بە فەزای ناداد پەروەری هێزەکانی کوردستاندا رۆیشت‌و خۆشیان بون بە شێك لە کەرەسەو ئەندا مەکانی ئەم فەزا یە. لەڕا ستێدا رق‌و زیندووبو نەوەی داوا کاری داد گایکردنی موستەشارەکان، رق‌و داواکردنی دادگایکردنی ئەو هەلومەر جە نا لەبارە سیا سیەی هەنوکەی

کوردستانه که موسته‌شاره‌کانیش بون به به‌شێك لێی. ئه‌وان داوا کراوون، راسته به بیانوی تاوا نه‌کانی رابردوو یان، به‌لام له ناوه‌ڕۆ کدا بۆ بوونیان به ئه نداماێك له‌م هه‌لو مه‌رجی سیا سیه نا له‌باره‌ی ئه‌مرۆی کورد ستاندا. لێره شدایه ده بێ را ستگۆ بین له گه‌ڵ خۆما نداو پابه ند بین به به‌ڵێنی لێ بوردنی تاوا نه‌کانی را بردووی هه ندێك له موسته شاره‌کان‌و ناڕازیبونی شمان له هه‌نو که به تۆڵه‌کرد نه‌وه له‌م تا که گرو په ئاڕا سته نه که‌ین. با له موسته‌شاره‌کان ببورین‌و ناڕازیبوونمان له هه‌نو که به‌ره‌و رق له که سانێك ئارا سته نه که‌ین که لێیان بوراوین.

**********

152- له نزیکه‌وه

ئه‌و تایبه‌تیا نه‌ی له نو سینی گۆ شه‌دا جیاده‌کرێ نه‌وه، وه‌ك ده‌ورو به‌ری ده‌ره‌ز مان، بۆ تێگه‌یشتن‌و نا سینه‌وه‌ی و شه‌و ده‌ربڕاوه کانی ئه‌و و تاره، له و تاری نو سه‌رێکی دی که ره‌چاوده‌کرێت، ناونیشانه‌گۆشه‌ی ئه‌م وتاره  له نزیکه‌وه که نو سه‌رێکی نا سراو ( رێبین هه‌ردی ) ده‌ینو سێت ده‌ورو به‌رێکی ئا شکرایه بۆ خوێ نه‌ر له تێگه‌یشتن‌و لێکدا نه‌وه‌ی کۆده‌قه‌کانیدا، هه‌روه‌ك له (خشته‌ی 7-3) پێشاندراوه:

| ده‌وروبه‌ر | زانیاری هاوبه‌ش |
|---|---|
| 1- جۆری رۆژنامه | ئاوێنه: ئازاده له ده‌ربڕین |
| 2- نوسه‌ر | رێبین هه‌ردی: نوسه‌رێکی ره‌خنه‌گرو بیرمه‌ند |
| 3- ناونیشانی گۆشه | له نزیکه‌وه : هه‌ڵبژاردنێکی ئاوه‌زییه بۆ تێڕامان، په‌یوه‌سته‌به خاڵی 2 |

خشته‌ی (7-3)

زانیاری هاوبه‌ش ن خ زه‌مینه له‌بار ده‌کات بۆ تێگه‌یشتن له ده‌ق، خوێنه‌ر به به‌ئاگایی له که سێتی نو سه‌رو ناونیشانی گۆ شه، به‌ر له خوێند نه‌وه‌ی وتاره که چه‌ند بیرو وێنا یه‌ك له ئاوه‌زیدا گه‌ڵا ڵه ده کات، بۆ نمو نه خوێنه‌ری شاره‌زا ده‌زانێت رێبین هه‌ردی ره‌خنه‌گرێکی کارا مه‌و لێ هاتووه به تایبه‌ت ره‌خنه له حیزب‌و ده سه‌ڵات ده‌گرێت، له ئێستادا نو سه‌ر روبه‌ڕووی ئه‌و ره‌خنانه بووه‌ته‌وه، که لایه‌نگریی بیری دینیانه‌و ته‌نانه‌ت هه‌ندێك له‌وانه به

لایەنگیریی بیری سەلەفییەت ناوی دە بەن، لە کاتێکدا پێشتر زاڵبوونی فکرەی عیلمانی یەت بەسەر تەوەری گشتی نوسینەکانیدا بەرجەستەدەکرا.

رە چاوکردنی ئەم زانیاریا نە پەیوە ست بە جۆری خوێ نەر وەك دەورو بەری دەرەز مان لە لێکۆڵینەوەو لێکدا نەوەی و تاردا رۆ ڵی سەرەکی دەبینێت، بۆ یە گەر خوێ نەر پێ شینەیەکی زانیاری- background knowledge دەربارەی کەسێتی رێبین هەردی نەبێت ناتوانێت لە تەواوی مەبەستەکانی نوسەر بگات، کەواتە کەسێتی نو سەرو جۆری خوێ نەر لە دە قدا وەك دەورو بەری پڕاگ ماتیکی کاردە کەن، لە لا یەکی دی کەوە بۆ ئەو خوێنەرا نەی بە کە سێتی نو سەر ئا شنان، ر ێبین هەردی لە شیکردنەوەی درو ستەی و تاردا وەك دەربڕی نەئاماژە دیکۆددەکەن.

دا نانی هەر چەمكو وا تاو و شەیەك بۆ گۆ شە، دەر خەری بیرو ئاڕا ستەی فیکر یی نو سەرە، بەمپێ یە دەستنی شانکردنی ئاوەڵکرداری (152) وەك فی چەری سیمانتیکی نا سینەوەی کە سێتی رۆ شنبیریی نو سەر دەخرێ تەڕوو، کە دوو بەکارهێنانی وا تایی : 1- نز یك بە ( شوێن) و 2- نزیك بە ( کات ) هەیە.

خوێ نەر چاوەڕێی ئەوە دە کات، ئەو رووداو یان بابە تەی ر ێبین هەردی دەیخا تەڕوو، بەشێوەیەك لە شێوەکان هەم نزیك بە کاتی باسکردنەکە بێت، هەم شوێنی نو سەر نز یك لە بابەتەکە بێت، کردەی پڕاگماتیکی نوسەر لە توانجدان یان رەخنەگرتن لە هەردوو حاڵەتە کە دەردە کەوێت، هەروەك لە (153) نزیکییە کە بە هەردوو بەکارهێنانە کە بەرجە ستەکراوە. گریمانەی پێشەکی لە ناونیشانەدەقدا پێشینەی ئەو زانیاریانەیە، کە نوسەر لەسەر بڕ یاردان بە دادگاییکردنی جاشو مستەشارەکان هەیەتیو پڕاگماتیکیانە بە رەخنەگرتن لەو لایە نەی پێشتر، واتە لە کاتی راپەڕینی 1991 دا نیوەی کارەکانی بە جاشو مستە شارەکان را پەڕیو لێبوردنی گشتی بۆ دەرکردن کەچی ئێستا دوای 17 ساڵ تازەبەتازە دەدرێتە دادگا :

153- ئەمە لێبوردن نییە

 ئەمە  جێناوی نیشانەیەو بۆ نزیك بەکاردەهێنرێت، کە بەکارهێنانی ئا ماژەیی هە یەو پەیوەستە بە دەقەکانی وتارەکەوە، مەبەست لە بڕ یاری پەر لەمانو حکومە تە بەرامبەر بە جاشو مستە شارەکان، کردەی قسەیی لە ناونی شانەدەقدا سیمانتیکیانە جێ بەجێکراوە، کە

نوسەر لە ڕێگەی بە ڕێزمانیکردنی نەرێیی فۆرمەکەوە ناڕەزایی خۆی دەربڕیوە، بۆ ئەمەش پشتی بە دەقێکی ئاینی بەستووە:

154- (ئەو کەسەی لە ستەمکارەکەی بورا، بەسەر شەیتاندا سەرکەوتووە)

لە پ شت ئەم فۆر مە دینی یەوە دەردە کەوێت، کە دن یابینی نو سەر لە ئایی نەو سەر چاوە دەگر ێتو مەبە ستێتی بی کات بە بەڵ گەی لێنەبوردنە کە، ل ێرەوە خوێ نەر جارێکی تر پێ شبینی لە کەرە سە زمانییە کەی نو سەر دە کات، کە درێژبوو نەوەی پڕاگماتکیا نەی ناونیشانەگۆ شەیە، دە قی وەر گێراوی (154) دەبێ تە دەورو بەری سیمانتیکی بۆ بە پڕاگماتیکبوونی پێشەکییەدەق.

155- شەیتانەکان هەمی شە هەنو هاوڕێ مانن‌و هەنگاو هەنگاوو سات بە سات لە گەڵمان دەژین. ئەوان بەشێکن لە ئێمەو لە دەروون‌و لە خەیاڵ‌و بیرکردنەوەماندا هەن‌و دەژین.

پێ شەکییەدەق بە درێژکرد نەوەی ناونیشانەگۆ شە دە سپێدەکات، بە لادان لە ڕێ ساکانی هاو کاریکردن، نو سەر وا تای بەخ شکەیی لە نزیکا یەتی شەیتان‌و ئەوا نەی نابورێن دێنێتەبەرهەم، بەڵام بە شێوەیەك نوسەر وەك تاکێکی کورد خۆی بەردەرناکات لەو هە ستە شەیتانی‌و شەڕەنگێزییەی لەناو ناخی کوردا هەیە، هەر بۆیە بە جێ ناوی ئێ مە گوزار شتەکە دەردەبڕێت.

156- + لە پاش لێبوردنی جاش‌و مستە شارەکان، ئ یدی ئە مە لێ بوردن نی یە جارێکی تر بخرێنەوە بەردەم قەفەزی داداگا، بەڵام هەستی شەڕەنگێزی وادەکات ئەم بڕیارە بدرێت.

157- دیارە بیریارانێك هەن کە بڕوایان بە بوونی غەریزەیەکی شەڕانگێزی لەناو دەروو نی مرۆ ڤدا هە یە کە پاڵ نەری سەرەکی مرۆ ڤە بۆ دڵڕە قی‌و ئەو تو ندو تیژیا نەی کە مرۆڤ پێیهەڵدەستێت. لەم ئاڕاستەیەدا ت یۆرەی فرۆ ید لەبارەی غەریزەی مرد نەوە لە هەموویان بەناوبانگترو بەربڵاوترە.

لە (156) دا نوسەر باس لە ویژدان‌و بڵندکردنەوە دەکات، کە لە کولتورێکەوە بۆ کولتورێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەمەش درێژکردنەوەی پێشەکییە دەقە، تیۆری فرۆید لە غەریزەی مەر گدا وەك بەڵ گەی نو سینەکەی با سدەکات، بەڵ گە هێنا نەوە لە نو سیندا سەلیقەیی‌و کارا مەیی‌و دەسەڵات شکانەوەی نو سەر بە سەر زما ندا بەدەردەخات هاو کات وەك دەورو بەری ز مانی لە

لێكدا نەوەی دە قدا رۆ ڵدەبینێت، كە رە چاوكردنی شامەرجەكانی ( چۆنێتی، چەندێتی، شێوازبەندی، پەیوەست)ە. لێرەدا پێشینەی زانیاری لە سەر تـیۆری فرۆ ید بەرجە ستەكردنی هۆكاری ئەو حاڵە تە یان را ڤەكردنی ئەو حاڵەتە یە، كە هە ستی شەرەنگێزی لای كورد بۆ بڕیاردان لە داد گایكردن دەخوڵقێنـ یێت، كە بارودۆخی سیا سیو ئابووریو ئاینی، كاریـگەری لە سەر ئەو كوڵـتورە هە یە، دەورو بەری كوڵـتوری كوردیی، وەك لە ئا غاواتو دەرەبە گدا دەبینرێت هەستی شەڕەنگێزی لای دەخەملێنێت، هەروەك نوسەر لە ئێستادا ئەو كولتورە بە بڕیاردان لە وەها بڕیارێكدا دوبارە دەكاتەوە.

158- لە هەموو یەكێك لە ئێـمەدا هەمیـشە توڕەییو دڵڕە قیو توندڕەویـیەك هە یە كە بەرهەمی هەلومەرجێكی د یاریكراوی كۆمەڵا یەتیو سیا سییەو ئامادە مان دە كات بۆ ئەوەی هە ندێك بڕ یارو هەنگاو بـنێین كە دە شێت لە دۆ خی ئا سایـیدا هەرگیز ئەنجامی نەدەین ( سوتانی لا شەكانی دوژ منو سوكایەتیكردن بە مردووو حەزی تۆ ڵە، نمونە یەكی ئەم حاڵەتەن).

نوسەر لە (158) دا جەخت لەوە دەكات كە هەستی شەڕەنگێزی هە ستێكی خۆڕ سكی مرۆڤ نیـ یە، بەڵكو هۆ كارە دەرەكیـ یەكان كاریـ گەر دە بن لە سەر ر سكاندنی ئەو حاڵە تە، بە سیمانتیكی دەربڕیـ نی ئەم دە قە، لە ئەنجامی پەیرەوكردنی ڕێ ساكانی هاو كاریكردن دێتەبەر هەم، كە نو سەر بە پـ ێی رە چاوكردنی شامەرجی چەندێتی ( بڕوا نە : 2/2) ئەوە ندەی بەڵـگە داوە لە سەر هەبوونی هە ستی شەڕەنگێزی، را ڤەی بابەتە كەی پێبـكات، ئەو ندەش زانـیاری خـستووەتە بەردە ست خوێـنەر كە پێویـستی پـ ێی بـ ێت، بێ گرێو گۆڵ پرۆسەی لێكگەیشتنەكە دروست ئەنجامبدات.

جێـناوی ئا ماژەی □ ئێـمە □ ئاماژەبۆكراوە كەی بەهۆی نا سنامەی نو سەرەوە دەردە كەوێت، كوردەو پەروەردەكراوی سەردەمی بەعـسە، لەبەر ئەوە سەردەمی بەعسو پا شماوەی كاریگەرییە دەروونییەكان بۆ سەر كە سێتی كورد، وەك دەربڕیـنەئاماژە، كە بوونی فیزیـكی لە مێـشكی خوێـنەردا هە یە، بەكارهێنراوە، لـێرەدا پەیوە ستكردنی دەقە كە بە دەورو بەری مـێژوویی مەبە ستی نو سەر لە چۆنێتی رەنگدا نەوەی ئەو خە سڵەتە لە كە سایەتی كوردا ئاشكرا دەكات، هەمبەر بەم لێكدانەوە یە، خوێـنەری كارا مە دەر بڕاوی □ئامادە مان دە كات□

له دەقی (158) دا بە کردەی قسەیی رەخنەگرتن لە کەسێتی کورد، بە تایبەت کە سایەتییە سیا سییەکان بە نەخۆش‌و نەتوانینی دەر چوون لەو بارودۆ خە بە شێوەی ناڕا ستەخۆ شیدەکاتەوە.

159- ئەوە کەلتورو هەلو مەرجێکی کۆمەلا یەتی د یاریکراوە دەستنی شانی و یژدان‌و بێویژدانی، هەق‌و ناهەق دەکات، ویژدان قابیلی ئاڕا ستەکردنە، تەنا نەت بەرەو ئەو جێگەو شوێنانەی کە لە حالەتی ئاساییدا دەشێت بە بێویژدانی بزانرێن.

توانستی پڕاگماتیکی نوسەر پەیوە ستکردنی تـ یۆری فرۆ یدە، بە باری دەرو نی بڕ یاردەران‌و خەلك‌و راگەیاندنەکان، هەروەها دەرخستنی کولتورو رەنگدا نەوەی ئەم حالە تە، لە زانـستی پڕاگماتیـکدا دەورو بەری دەرەوەی ز مان تواندستی پڕاگماتیکی بەهێز دە کات، لـێرەدا ئەرکی خوێ نەر دۆزی نەوەی کول توری کوردی یە لە (159)، بە مەش دەتواذ یێت ئەو هۆ کارە بەرجەستە بکات، کە خەلك بەگشتی بەرەو حەزی تۆلەسەندنەوە دەبات.

160- ئەمرۆژا نە کە تاواذ بارکردنی موستە شارەکانی سەردەمی رژ یێم‌و داوا کاری زۆری نەی خەلك بۆ راکێشانیان بۆ دادگا، زۆرینەی ناوەندەکانی راگەیاندنی بە خۆیەوە خەریککردووە،

گریما نە پێ شەکی لە دەر بڕاوی (160) دا، لە گەلێ داد گاییکردنی سەدام‌و داروده ستەکەیدا خەلکی کورد ستان هە ستان بە ئی مزا کۆکرد نەوەو یەکهەلوێ ستی بۆ داد گایکردنی جاش‌و موستە شارەکان، بەو مەبە ستەی ئەوانیش لە گرتن‌و قەتلێو عامی کورد ستاندا دە ستیان هەبووە، بەلام رێبین هەردی بەگەڕانەوەی بۆ 15 سالێ بەر لە ئێستا کە لێبوردنی گـشتی لە لایەن بەرەی کوردستانەوە بۆ دەرکرا، دوبارە لە یادکردنی ئەو لێبورد نەو خـستنەوە بەردەم داد گا بە پـ یێی تـ یۆری فرۆ ید بە گە شەندنی هە ستی شەڕەنگێزی قە لەم دەدات، بێگو مان ئە مەش بە بۆ چوونی نو سەر هەمان ئەو خە سلەتە دزێوە یە، کە کولێ توری بەعس خولقاندوو یەتی، در ێژکراوەی دەر بڕاوی (161) را ڤەی نو سەرە بۆ رەخ نەگرتن لە راگەیاندنەکان‌و لە رێگەی راگەیاندنەکانیشەوە وروژاندنی خەلك، کەواتە لـێرەدا دەورو بەری کولتوری- بەعس- دەوروبەری ناسینەوەی مەبەستی نوسەرە.

161- فەزای راگەیا ندن بە شێوەیەك دژی ئەم موستە شارانە وروژێ نراوە کە دەڵ یێی کورد ستان لە کاتی ئەنفا لدا دەژیو لەم ئاراستەیە شدا هەموان ئەوەیان بیر چۆتەوە کە سەردەمێك نەك هەر لە تاوانەکانیان بوراوون، بەڵکو گەر بە شداری لانیکەم بێلا یەنیان لە راپەڕاندندا نەبوایە، رەنگە راپەڕین بەو شێوە ئاسانو خوێنرێژییە کەمە کۆتایی نەهاتایە.

ئەنفال دەوروبەری مێژووییە لە دەربڕاوی (161) دا، کە بەعس لە چەند ناو چەیەکی کوردستان بەمەستی جێبەجێکردنی سیاسەتی عەرەباندنو بنبڕکردنی مرۆڤو زمانی کوردی لە ساڵی 1988 ئەنجامیدا، نو سەر بە بەرجە ستەکردنی ئەم مێژووە، بەخشکەیی (152) بەرجەستە دەکات:

162- + ئەو هەرا یەی کە راگەیاند نەکان ناویانە تەوە ئەوە ندە ناهێن یێت، یان بە قەد قەوارەی تاوانەکانیان نییە.

دی سان بە ئا ماژەی را پەڕین کە ئاماژەبۆکراوە کەی رووداوێ کی مێژوو یەو بۆ 1991 دەگەڕێ تەوە، هەو ڵدەدات چالاکی جاشو موستە شارەکان بە بە شداریکردنو هاو کاریکردنی پێشمەرگە لای خوێنەر وێنا بکاتو بە خشکەیی (162) بسەلمێنێت.

163- لیًبوردنی ئەوان بە فەزای نادادپەروەری هێزەکانی کوردستاندا رۆیشتو خۆشیان بون بەشێك لە کەرەسەو ئەندامەکانی ئەم فەزایە.

بەپرۆسەی ئەنا فەری جێ ناوی ئەوان لە دەر بڕاوی (163) بە دە قی پێ شخۆی (161) بە ستراوەتەوە، کە جاشو موستە شارەکانە، لە راپەڕی ندا بە بەبڕیارێکی نادادپەروەرا نەی بەرەی کورد ستانی لێ یانبوران، کردەی ڤ سەیی بیر چۆتەوە، بوراوون، بون بە شێك توانجدانە لە هێزەکانی کوردستان لە رابردوو و ئێستادا کە هەردوو کاتە کە ئەوان تاوان بارن، جار ێك لێ یانبوران کە ناداد پەروەربوو، جارێکی دی دەیاند نەوە بە داد گا ئە مەش نادادپەروەرییە پاش لێبوردن، بەمەش یەکێك لە بنەماکانی ئۆستن، کە دڵسۆزی نو سەرە بۆ با بەتی با سلێکراو بە رەتکرد نەوەی بڕ یاری داد گاییکردنی جاشو مستە شارەکان رەچاودەکرێت.

164- لێرە شدایە دە بێ را ستگۆ بین لە گەڵ خۆما نداو پابە ند بین بە بەڵێنی لێ بوردنی تاوا نەکانی را بردووی هە ندێك لە موستە شارەکانو ناڕازیبونی شمان لە هەنو کە بە

تۆڵەکردنەوە لەم تاکە گروپە ئاڕاستە نە کەین. با لە موستە شارەکان ب بورین و ناڕازیبوو نمان لە هەنوکە بەرەو رق لە کەسانێك ئاراستە نەکەین کە لێیان بوراوین.

ئەنجامەدەقی (164) درێژکراوەی سیمانتیکی ناونیشانەدەق و ناونیشانە گۆ شەیە، کە تیا یدا پێن شیاز دە کات مادەم لە را بردوو وە ها بڕیار ێك دراوە کە نادادپەروەرا نە بووە پێویستە ئێستاش هەمان بڕیار بێت، بەمەش ئەو کولتورە دەسڕینەوە کە هە ستی شەڕەنگێزی ب بووە بەشێك لێی.

## 11/و

لە خەوما

فەرهاد پیربالَ / 4374

لە نو سینگەکەی خۆم، لەناو تەلاری ئەنجو مەنی وەزیرا ندا، قەڵەمە کەم بە دە ستەوە، خەریکی ئا مادەکردنی پڕۆژە کەم بووم: پێکهێ نانی حکومە تە تازە کەم و د یاریکردنی ناوی وەزیرەکانم، لەناکاو دیتم سکرتێرەکەم دەمێکە هاتوەتەوە ژوورەوەو ئاگاشم لێی نی یە، گوتی (قوربان)، گوتم (بەلێ)، گوتی ( تۆ زۆر راست دەکەی)، گوتم: ( لە چی؟) گوتی : ئەو هەموو هەنگوین و پەنیرو بادەم و گوێزو پێستەو خوری و گەنم و جۆو برنج و تەما تە کوردیا نەی خۆ مان هەن، ئێ مە بۆ چی بەردەوام دە چین، پارەی خۆ مان دەدەی نە ئەو پەنیرە تورکی و هەنگوینە سعودی و کەرە ستە بێگانا نەو عەرەبا نەی کە کورد ستانیان بۆ خۆ یان کردووە تە بازارێکی گ ێل و و ێل، ئێ مە بەڕا ستی، تەنیا دەزا نین ب کڕین و بخۆین و بخۆێ نەوەو خەرج بکەین: بە بێ هیچ حسابێك بۆ داهاتووی سیاسیمان و ئابووری نەتەوەییمان.

من تووڕە بووم: ئینجا دەشڵێین دەمانەوێت دەوڵەتی کوردی دروست بکەین!

سکرتێرەکەم لچێکی هەڵقورتاند و گوتی:

- دەوڵەت بەبێ ئابوورییەکی بەهێزی نەتەوەیی هەرگیز دروست ناکرێت.

ئینجا گوتی : ئێمە ئەگەر تەنیا لە باری سیاسیەوە ئازادبووین لەدەست بێگانە، بەڵام لەباری ئابوورییەوە بەردەوام ژێردەستەی ئابووری بێگانەو دوژمنەکانی خۆمانین.

سکرتێرەکەم دەرچووی هیچ کۆلێژێك نەبوو، تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی پازدە ساڵ بوو سەرقاڵی بازر گانی و کە سابەت بوو ( بۆ خۆ شم نازانم لەو خەونەمدا چۆن ئەو پیاوە گەنجەم دۆزیبووەو ) کردبووم بەسکرتێری خۆم.
نەمدەزانی ئەم سکرتێرەم ناوی شی چییە، تەنها ئەوە ندەم دەزا نی کوڕێکی زیرە کە، بەڵام هەندێکجار لەناو خەونەکەمدا، ئەم سکرتێرەم شێوەی دەگۆڕاو دەبووە یەکێك لەو قوتابیی یە زرنگ‌و زیرەکانەم کە لە کۆلێژی (کشتوکاڵ) دەرسی کوردۆلۆژیم پ ێی دەگو تەوەو پا شان لەم دوا یەدا لە سەر جادەی ئەلبان دە مدیت بەنزینی دەفرۆ شت، هە ندێ جاریش ئاد گاری فەیلە سوفی ئابووری ناس ( سان سیمۆنی) فەرەن سی وەردە گرت لەناو خەونەکە مدا، بە تای بەتی لەو کاتە یدا پ ێی گوتم: جەنابی سەرۆکی حکو مەت، گوتم بەڵێ، گوتی ( ئێ مە، ئەگەر چی بە شێوەیەکی ر ێژەیی لە سایەی حکو مەتی هەرێ مدا، لەدە ست دوژم نەکانمان رزگاریش بووینە، بەڵام تاوەکو ئەمڕۆش بەردەوام لەڕووی دارایی و ئابوورییەوە ژێردەستەی هێزی پارەو بازاڕەکانی ئەوانین).
من زۆرم پێخۆش بوو کە سکرتێرەکەم یەکسەر ئەم سیا سەتە ئابووری یە تازە یەمی پە سەند کردووە (کە ئامانجەکەی بریتیبوو لەبووژانەوەی ئابووری خۆماڵی کورد ستان‌و بەهێزکردنی دارایی) بەسکرتێرەکەمم گوت:
- دەب ێت سیا سەتێکی ئابووری ئەوتۆ دا بڕژێم کە ئین سانی کورد بتوان ێت هەموو ئەو کەرەستەو کەلوپەل‌و خۆراك‌و بەرهەمهێنراوە بێگانە جۆراوجۆرا نەی بازاڕە کانی کورد ستان، بەهاوکاری ئێ مەی حکو مەت، ف ێر بکر ێت بۆ خۆی درو ستیان ب کات‌و بەدە ستی خۆی لەکارگەکانی خۆیدا بەرهەمیان بێنێت.
ئینجا گوتم : چونکە ئێمە هەموو خەڵك‌و جوتیارە کانی گو ندەکانی خۆ مان نا چار کردووە بێنە ناو شارەکانەوە، هەمووشمان کردوونە تە پۆلیس و شورتی مروورو کەنناس‌و سایەقی تاکسی‌و پێشمەرگەو زابتی ئاسایش.
- بەڵێ ئێمە بە دەستی خۆمان میللەتی خۆمان فێری تەمبەڵی و بێکاریی کردووە.
ئینجا سکرتێرەکەم لەناکاو لێمی پرسی :
- راستە دەڵێن موفاجەئاتی زۆر سەیر لەپێکهێنانی حکومەتەکەدا هەیە، گەورەم ؟

- ئا .. بەڵام جارێ وەختی ئەم قسانە نییە

- را ستە دە ڵێن هەر هەموو وەزیرە كان لادە بەیتو وەز یری نوێ لە ج یاتی هەموویان دادەنێیت، کە کەس تەوەقوعی ناکات؟

- بەڵێ .. بەڵام جارێ تۆ بچۆرە دەرەوە تا پرۆژەو پلانەكانم تەواو دەكەم.

- بە سكتێرەكەم گوت :

- هەر ئێستا تە لەفون بكە بۆ ئابوورینا سی ئە مەریکایی، ( جۆن راو لس- john rawls ) لە شیگاکۆ، دەعوەتنامەیەکی فەرمیشی بە ناوی منەوە بۆ بنێرن!

- جۆن راوڵس rawls ؟! ئەمە كێیە؟

- بیرمە ندێکی ئەمەریکا یە ، کتێبێ کە لە ساڵی (1971)دا بە ناونی شانی ( تیرۆری داد پەروەری theore de la justice) بلاوکردووە تەوە، ئەم کتێ بە، کاریگەری را ستەخۆی بەسەر فەلسەفەی سیاسی ئەمەریکاو دەوڵەتانی ئەوروپاش لە ماوەە ئەم سی ساڵەی دوایشدا نواندووە بووەتە هۆی بوژانەوەی ئابووری کۆمەڵایەتی ئەمەریکاو هەموو ئەوروپا، دە مەوێت دەعوەتی کوردستانی بکەم بۆئەوەی راوێژی لەگەڵ بكەم چ جۆرە حکو مەتو سیستمێك بۆ کوردستان پیادە بکەم، بە کورتی دە مەوێت سود لە فەلسەفە سیا سیەکەی ئەو بیرمە ندە وەربگرم بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات.

سکرتێرەکەم گوتی : هەندێك گۆرانی بێژو مۆسیقاژەنیش دەعوەت نەكەین؟

تووڕە بووم گوتم: گۆرانیو هەڵ پەڕكێو دە هۆڵو زوڕنا مان زۆرە، هە ندێك سیا سەتو تەکنەلۆژیاو فەلسەفەی ئابووریمان پێویستە، بێ عەقڵ ! زووکە ...

*********

165- لە خەوما

گریما نەی پێ شەکی لە دە قی (165) دا، لە جۆری فر یزی ناوی نارا ستەقینەیە (بڕوا نە: 3/2)، خوێنەر لە ناونیشانەدەقدا دەرك بەوە دەكات ئەوەی نو سەر دەینو سێت را ست نی یە، بەڵکو وێنای نوسەرە بۆ بابەتی قسەلەسەرکراو.

ناونیشانەدەقو ناونیشانەگۆشە وەك یەك فۆرم مەبەستی نو سەر لە گۆ شەكەدا دەخە نەڕوو، کە کردەی قـ سەیی لە سەرجەم وتارە کەدا لە پێ شنیازکردنی چۆنێتی گۆڕینی حکو مەتو

وەزارەتەکاندا بەرجەستەدەکات، ئەمەش بە وابەستەکردنی بە دەوروبەری سیا سیو ئابووری کوردستان چێدەبێت:

| دەوروبەر | وتار | زانیاری |
|---|---|---|
| جۆری رۆژنامە | کوردستانی نوێ | خستنەڕووی کەلێنەکانی حکومەت بە گشتی. |
| کەسێتی نوسەر | فەرهاد پیربالْ | شاعیرو چیرۆکنو سەو لە بواری ئەدەب یدا بە سوریالیزم ناسراوەو خاوەنی شێوازی خۆیەتی کە پتر لە شێوازی ساتیرو زمانی ئاخاوتن نزیکدەبێتەوەو بە سوریالیزم ناسراوە. |
| جۆری خوێنەر | خوێنەری کارامە | لێکدانەوەی دەق لە ئاستی پڕاگماتیکدا دەبێت. |
| مێژوویی | سەرەتای مانگی 2007/9 | دەنگۆی گۆڕینی حکومەتو کەمکردنەوەی دەق. |
| ناونیشانەگۆشە | لە خەوما | لە چەند ژمارە یەك پێك هاتووە، ژ مارە (1) فەرهاد پیر بالْ خەون ئەبینێت، لە خەو یدا تێ لی بۆ دە کەنو رایدە سپێرن بی کەن بە سەرۆکی حکو مەت، ئە مەش بە لای نو سەرەوە بڕ یارێکی سەیرە بۆکە سێك کە پ شتێکی نەبێتو خاوەن بڕوانامە یەکی زان کۆیی ب ێت، بەڵام دوور یش نی یە را ست نەبێت، چونکە وەك دەوتر ێت چاك سازی دەکر ێت. ئەم خەو نەی فەرهاد پیر بالْ هاوکا تە لە گەڵ گۆڕینی سەرۆکی حکومەتو کەمکردنەوەی وەزارەتەکانو گۆڕینی وەزارەتەکان. |

خشتەی (8-3)

166- لە نوسینگەکەی خۆم، لەناو تەلاری ئەنجو مەنی وەزیرا ندا، قەڵەمە کەم بە دە ستەوە، خەریکی ئا مادەکردنی پڕۆژە کەم بووم: پێکهێ نانی حکومە تە تازە کەمو د یاریکردنی ناوی وەزیرەکانم،

در ێژکراوەی پڕاگ ماتیکی ( 166)، در ێژکراوەی گۆ شەکانی ژ مارە (1،2،3)، کە فەرهاد پیر بالْ لە گەر مەی دەستنیـ شانکردنی وەز یرە تازەکا نە، ئە مەش بە بەزا ندنی مەرجی

چۆنێتیو چەندێتی کەرە سە زمانییە کە بەهۆی (165)ەوە بە خ شکەیی دەر بڕاوە، بە نائاشکرا رەخنە لەو سیستمە دەگرێت کە دانانی وەزیرەکانە بە شێوەی هەڕەمەکی.

167- بە بیٚ هیچ حسابێك بۆ داهاتووی سیاسیمانو ئابووری نەتەوەییمان.

لە پێشەکییەدەقدا نوسەر بە پێشتبەستن بە خەونەکەی، بە شێوازی دانوستاندن کە شێوازی درامییە (بڕوانە: خشتەی (7-3)) لەگەڵ سکرتێرەکەی ئەو کەلێنە ئابووری یەی لە واقعدا هەیە دەخاتەڕوو، بەمەش کردەی قسەیی لە دەر بڕاوی (167) دا توانجدا نە لە حکو مەتی هەرێمو وەزیرە کان، کە ئە مەیان بە سەردا تێ پەڕیووەو بیر یان لە دا هاتووی سیا سیو ئابوور یان نەکردووە تەوە، بەڵکو با یەخیان بە شمەکی بێگا نە داوەو زەرەر یان لە بواری ئابووری کوردستان داوە.

168- ئینجا دەشڵێین دەمانەوێت دەوڵەتی کوردی دروست بکەین!

بە بۆ چوونی نو سەر لا یەنی ئابووری لا یەنێکی سەرەکیو پا شخانی سیا سیە بۆ پێکهێ نانی دەوڵەتی کوردی، بەمپێە لە دەقی (168)دا بە خشکەیی (169)دەردەبڕێت:

169- + حکو مەتی هەرێم لە کاتێ کدا بیر لە ئابووری کورد ستان ناکە نەوەو دا هاتی کوردستانیان فەرمۆشکردووە، چۆن دەوڵەتی کوردی دروستدەبێت، بێگومان دروست نابێت.

170- ئەم سکرتێرەم شێوەی دەگۆڕاو دەبووە یەکێك لەو قوتابییە زرنگو زیرەکانەم کە لە کۆلێژی (کشتوکاڵ)دەر سی کوردۆ لۆژیم پ ێی دەگو تەوەو پا شان لەم دوا یەدا لە سەر جادەی ئەلبان دەمدیت بەنزینی دەفرۆشت، هەندیٚ جاریش ئاد گاری فەیلە سوفی ئابووری ناس ( سان سیمۆنی) فەرەنسی وەردەگرت لەناو خەونەکەمدا،

فەرهاد پیر باڵ، دوو ئا ماژەبۆکراو بۆ ئا ماژەی سکرتێرەکەی دادەن ێت، کە هەریە کەیان بە شێوەی دەربڕی نەئاماژە، بەخ شکەیی حا ڵەتێکی نێ گەتیڤی وەزارە تی پەروەردەو وەزارە تی ئابووریو دارایی دەردەخات:

| ئاماژە | ئاماژەبۆکراوی/1 | ئاماژەبۆکراوی /2 |
|---|---|---|
| سکرتێر | قو تابی: پڕاگ ماتیکی بەکارهێنانی و شەی قو تابی کە وەك زاراوە یەکی سیا سی لێهاتووەو سنوری بەکارهێنانی بۆ سنوری | سان سیمۆن، ئابووریناسی فەرەنسی کە فەرەن سا لە بواری ئابوور یدا پ شتیان بە بۆ چوونەکانی بە ستووە، نو سەر لە خەونەکە یدا کەڵك لە |

| | | |
|---|---|---|
| ڕێنمایی سکرتێرەکەی وەردەگرێت، کە لە بارەی ئابووری یەوە گفتو گۆی لە گەڵ دە کات، بەڵام وەزارەتی داراییو ئابووری کەڵك لە کە سایەتییە ئەکادیمی یەکانی کورد ستان وەر ناگرن. بەم چەشنە لە ئا ماژەبۆکراوی دووە مدا بەخـشکەیی رەخـنە لە نائەکادیمە یەتی وەزارە تی دارا ییو ئابووری دەگرێت. | هەولێرو دهۆك دەگەڕێتەوە، پەیوەستە بە شوێنی جوگرافی نوسەرەوە کە مامۆ ستای زانـکۆ سەلاحەدین بووە، لە ر ێی ئەم ئاماژە یەوە نو سەر رەخـنە لە وەزارە تی پەروەردە دەگر ێت، بەوەی لە دوای دەر چوونیانو پ ێدانی بڕوانا مە لە بری دامەزرا ندنیان لە دامودەزگا کانی حکومەتو خزمەتکردن بە ئاستی زانـستی کۆ مەڵ بەرەو شەقامەکانیان دە بەن بۆ بەنزین فرۆشتن. | |

خشتەی (9-3)

171- چونکە ئێمە هەموو خەڵكو جوتیارەکانی گوندەکانی خۆمان ناچار کردووە بێـنە ناو شارەکانەوە، هەمووشمان کردوونە تە پۆلیس و شورتی مروورو کەنناسو سایەقی تاکسیو پێشمەرگەو زابتی ئاسایش.

وابەستەکردنی دەربڕاوی (171) بە واقعی کوردستانەوە، ئەوا خەونەکەی نو سەر لە جۆری گریما نەی پێ شەکی شاراوەیە، خوێـنەر گریما نەی ئەوە دە کات، کە لە کورد ستان بواری زەو یوزارو کێڵـگە لە لادێکا ندا کە مەڵبە ندی کـشتوکاڵە فەرامۆ شکراوەو وا لە گەنجانی دێهاتەکان کراوە بێنە ناو شار، بەمەش گرنـگی بە بوارێکی دیـکە دراوە کە بە پـلەی یە کەم پۆلیسە، بە تایبەت لە سلێمانی ڕێژەیەکی زۆر لە بێکار بە موچەیەکی باش، کرا بە پۆلیس، پاشان پێشمەرگەو سایەق تەکسی، ئەم پەیوەستکردنە بە دەورو بەر دەر خەری را ستی واقعی کوردستانە، لە بری گرنگیدان بە بواری ئابووری، بایەخ بە بوارێکی دیکە دەدر ێت کە بورای سەربازییە.

172- هەر ئێستا تەلەفون بکە بۆ ئابوورینـاسی ئەمەریکایی، (جۆن راولس- john rawls) لە شیگاکۆ، دەعوەتنامەیەکی فەرمیشی بە ناوی منەوە بۆ بنێرن!

کردەی قسەیی لە (172) دا پێشنیازکردنی چۆنێتی کارکردنە بە سیستەمی ئابووری لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە، کە دەکرێت بۆ گەشەندنی بواری ئابووریو کەڵك وەرگرتن لە داهاتی کوردستان پشت بە بۆ چوونی کەسایەتییە ئەکادیمییەکان وەربگیرێت، ئەمەش بە باگهێشتکردنیانو گفتوگۆکردن لەسەر بابەتە جیاوازەکانی ئابووری.

ئاماژەی جۆن راوڵس ئەگەر خوێنەر باکراوندی زانیاری لەسەر ئاماژەکە هەبێت، ئەوا دەبێتە دەربڕینە ئاماژەو ناسینەوەی مەبەستی نوسەر، بەڵام بە بێ بوونی زانیاری، دەربڕینەئاماژە نییەو مەبەستی نوسەر لێڵو نادیار دەبێت بەمەش پرۆسەی لێککەیشتنی ن/رخ نادروست دەبێت.

173- هەندێك گۆرانی بێژو مۆسیقاژەنیش دەعوەت نەکەین؟

نوسەر لە زاری سکرتێرەکەیەوە بە دەر براوی پرسیاری لە (173) دا بە بەزاندنی شامەرجەکانی چۆنێتیو چەندێتیو پەیوەست، پلارو رەخنە لەوە دەگرێت، کە بانهێشتکردنی مۆسیقاژەنو گۆرانیبێژەکان بوون بە باو، بەڵام تا ئێستا ئابوورینا سێك یان پسپۆرێکی زانستی بوارێکی دیکە بانگهێشتنەکراوە تا کەڵك لە بۆچوونەکانی وەربگیرێت.

## 12/و

174- ئاماژە

فەرید ئەسەسەرد

میانڕەوەکان

بەر لەوەی چوار لایەنە پێکهێنەرەکە دایمەزرێنن بە ( بەرەی میانڕەوەکان) ناوی دەرکرد، بەڵام دواتر مەسەلەکە بە شێوەیەکی ریشەیی دەستی کراو لە بڵاوکردنەوەی بنەماکاندا دەرکەوت کە لایەنە پێکهێنەرەکان پێیان باش نەبووە ناوی بەری لێ بنێنو لەسەر ئەوە گیرسانەوە کە هاوپەیمانییەکان م/ناو بنێن رێکەوتنو خۆشیان بە (میانڕەو) ناو نەبەن.

رێککەوتنی چوار لایەنەکە تەگبیرێکی سیاسییە بۆ پاراستنی ئەزمونی هەرەشە لێکراوی عیراقو سەقامگیرکردنی پرۆسەی سیاسی کە نەیارەکانی بە ئومێدی تێکدانی، لەوە دە چێت هەوڵەکانی کە بۆ فراونکردنی ۆێککەوتنەکە دراوە شکستیان خواردبێت، بە تایبەتی لەگەڵ

پارتی ئیسلامیو گروپەکەی عەللاوی کە هەردوکیان بەشداریان تێدا نەکرد، بەڵام لە هەمان کا تدا تاریق هاشمیی سەرۆکی پارتی ئی سلامی سەرەڕای بە شدارنەبوونی حیزبە کەی لە رێککەوتنەکە یدا لە برو سکەیەکدا بۆ سەرۆك تا لەبانی پیرۆز بایی لە رێککەوت نە چوارقۆڵییەکە کردوو داوای سەرکەوتنیشی بۆ کرد.

لە را ستیدا ئەو خاڵا نەی کە لە رێکەوتنە کەدا هە یە، لایە نە کوردە کان پێش ئەوەی ئەم هاوپەیمانییە دروست بکەن، هەوڵیان دابوو جێبەجێیان بکەن، ئەگەر چی لە هەلو مەرجێکی دژواری ئەوەی عیرا قدا ئە ستەمە کێ شەکان لە ر ێی رێککەوتننا مەو درو ست کرد نی بەری سیاسییەوە چارەسەر بکرێن، بەڵام ئەم چە شنە چالاکیانە ، بە شێوەیەکی ، گ شتی بێ سود نینو زۆر جار کە شێکی سایکۆلۆجی وا دە خولقێنن کە تێ یدا هۆنی نەوەی ه یوا بە رۆژێ کی گەشتر پەرە دەسێنێت.

دە شێت رێککەوتنە کە پەیامێکیش ب ێت لە لا یەن پێکهێنەرەکا نەوە بۆ ناو چەکە، ناوەڕۆکە کەی ئەوە ب ێت کە ئ یدی عیراقی یەکان ئەج ندەی خۆ یان هە یەو رێبازێکی شیان هەڵبژاردووە کە سورن لەسەریو ئەوەندەی پێشیان بکرێت هەوڵی سەرخستنی دەدەن.

رێککەوتنە چوارقۆڵییەکە بەوەی کە سوننەکان بە شدارییان ت ێدا نەکردووەو بەوەی کە بە کردەوە بوو بە رێ کەوتنێکی کوردی  شیعی ، دی سان ئەو را ستییەی سەلماندووە کە دروستکردنی عیراقی تازە ئەرکێکە کەوتۆتە سەرشانی شیعەو کوردو تا ئێستا گرو پەکانی تر چاویان بەرایی نادا عیراقێك بە پێچەوانەی عیراقی پێشووەوە خەریکی گەڵاڵە بوون بێت.

ئەگەرچی چوار لایەنە پێکهێنەرە کە لە خا ڵەکانی رێککەوتنە کەدا پابە ندبوونی خۆ یان بە جێبەجێ کردنی ماددەی (140) ی ساغ کردۆتەوە، بەڵام شێوەی داڕشتنی خاڵەکە ئەوەی لێ دەکرێنرێ کە لایەنەکان دڵنیا نین کە لە توانایا ندا هە یە ماددە دە ستووریەکە بە تەواویو بەو چە شنەی لە دە ستوردا هاتووە، لە کاتی اریکراوی خۆ یدا جێ بەجێی بکەن ، ئە مەش مەسەلەیەکی هەستیارە پێویستی بە چارەسەرێکی گونجاو هەیە.

رەنگە دیارترین خاڵ سەبارەت بە رێککەوتنەکە ئەوە بێت کە کاتی راگەیا ندنی رێکەوتنە کە وەڵام ێك ب ێت بۆ ئەوا نەی دەیانوی ست بە دەر چوونیان پەکی پرۆ سەی سیا سی بخەن.

بەکردەوە ، حکومەتی مالیکی بە راوێژ لەگەڵ سەرکۆمارو گروپە کەی عەبدولعەزیز حەکیم

واوه تریش رۆ یی بوو، کاتێك له گەڵ دە ست لەکار کێشانەوەی وەز یرە سوننەکانی بەرەی تەوافوقدا کەوتە گەڕان بە دوای ئەڵتەناتیڤدا تا ڕادەیەکی باش لە ئەنبارو تا ئەندازە یەکی مامناوەند لە دیالە ئەڵتەرناتیڤی ئامادەی چنگ کەوتو ئە گەر بۆی بلو ێت، وەك هەوڵی بۆ دەدات ، لە تکرتیش هەندێ ئەڵتاتیڤی گونجاو بە دەست بێنێ، ئەوا دەست لە کار کێشانەوەی وەزیرەکان زیانێکی زۆر لە گرو پە دەر چووەکان دەداو بۆ چوونی چوار لایە نە پێکهێنەرە کە سەقامگیرتر دەکا.

ئێ ستا لە (میانڕەوە کان) لە مە یدان دان و هەر ئەوە ماوە کە چاوەڕێی ئەنجا مەکانی هاوپەیمانی میانڕەوەکان بکەین.

***********

174- ئاماژە

پێ شینەی زان یاری ناونیشانەگۆ شە لە (174) دا، خوێ نەر لە چۆنێتی بابە تەکان نز یك دەکاتەوە، بەمەش پرۆسەی پەیوەندی نێوان ر□خ سەرکەوتوو دەبێت.

وشەی □ ئاماژە □ لە فەر هەنگی هەمبا نە بۆری نەی هەژاردا، بە وا تای ئا مانج یان نی شانە هاتووە، ن/ر لە بەرچاوگرتنی واتای و شەکە با بەتی گۆ شەکەی دەنو سێت، کە ئامانجە کە لە سنوری ئایدۆلۆژییەتو جۆری رۆژنامەکەدا دەستەبەردەکرێت.

175- میانڕەوەکان

ناونی شانەدەقی سیمانتیکییە ناوی چەند گروپێ کی سیا سی حز بە عیراقییەکا نە، بەهۆی زانیاری پێشینەی ن/ر□خ دەنا سرێتەوە، جۆری خوێ نەر لە شیکردنەوەو حاڵیبوونی دە قدا رۆڵی کارا دەبینێت.

بوونی زان یاری پێ شینەی ن/ر□خ ب نەمای لێکدا نەوەی دە قە، لە گۆ شەی ئا ماژەی فەر ید ئەسە سەرد خوێ نەری کارا مە بە بوونی پێ شینەی زان یاری سیا سیو حز بی دەتوان ێت لە مەبە ستی نو سەر ب گات کە پەیوە ستە بە رووداوو با سی رۆژەوە، ئە مەش دەبێ تە خاڵی ناسینەوەی بابەتەکانی گۆشەی ئاماژەی فەرید ئەسەسەرد .

176- بەر لەوەی چوار لایە نە پێکهێنەرە کە دا یمەزرێنن بە ( بەرەی میانڕەوە کان) ناوی دەر کرد، بەڵام دوا تر مە سەلەکە بە شێوەیەکی ری شەیی دە ستی کراو لە بڵاوکرد نەوەی

بنەماکاندا دەرکەوت کە لایە نە پێکهێ نەرەکان پێ یان باش نەبووە ناوی بەرەی لێ بـ نێن و لەسەر ئەوە گیرسانەوە کە هاوپەیمانییەکان م/ناو بنێن رێکەوتن و خۆشیان بە (میانڕەو) ناو نەبەن.

پێ شینەی زانـ یاری لە دە قی (176) دا ئەو گۆڕانکاری یە سیا سیەیە، کە بۆ تێگەیـ شتن لە دەقە کە پێوی ستە خوێ نەر بیزان ێت، دە نا خوێند نەوەی دەقە کە نادرو ست دەب ێت: بەرەی میانڕەوە کان کە مام جەلال سەرۆکایەتی دە کرد پێک هاتبوون لە یەکێتی و پارتی، حز بی دە عوەی ئی سلامی و ئەنجو مەنی بالأی ئی سلامی عیراق، ئی سلامی عیراق، عەلاوی، ئەما نە پێشئەوەی رابگەیەنرێت بە ( بەرەی میانڕەوەکان ) ناویان دەرکرد، بەڵام دوا تر چوار لا یەن لەم لایەنانە رێککەوتن، کە پارتی و یەکێتی، حز بی دە عوەی ئی سلامی شیعەو ئەنجو مەنی بالأی ئیسلامی رێکەوتن و بە ( بەرەی تەوافوق ) ناسران.

177- رێک کەوتنی چوار لایەنە کە تەگبیرێکی سیا سییە بۆ پارا ستنی ئەزمونی هەرە شەلێکراوی عیراق و سەقامگیرکردنی پرۆ سەی سیا سی کە نەیارەکانی بە ئوم ێدی تێ کدانی، لەوە دە چێت هەو ڵەکانی کە بۆ فراوانکرد نی رێککەوتنە کە دراوە شک ستیان خواردبێت،

رۆژنا مەنوس بیروبۆ چوونی خۆی لەو بارەوە یەوە بە خوێ نەر دەگە یەنێت، لەبەر ئەوە لە دەقی (177) دا رۆژنامەنوس پێیوایە، کە ئەم بەرەی رێککەوت نە رێگر ێك دەب ێت لە بەردەم کارە کانی نەیارەکا ندا، بەڵام بەڵ گەی درو ستی بۆ ئەم بۆ چوونەی نەخ ستووەتە بەردەم خوێنەر، بۆیە بە پەرژینی فۆرمی لەوە دەچێت بەخشکەیی رەتکرد نەوەی بۆچونەکە شی دەردەبڕێت بە واتا رەنگە نەشتوانن ببنە رێگر لەبەردەم نەیارەکاندا.

178- دە شێت رێککەوتنە کە پەیامێکیش ب ێت لە لا یەن پێکهێنەرەکا نەوە بۆ ناو چەکە، ناوەڕۆکە کەی ئەوە ب ێت کە ئ یدی عیراقی یەکان ئەج ندەی خۆ یان هە یەو رێبازێکیـ شیان هەڵبژاردووە کە سورن لەسەری و ئەوەندەی پێشیان بکرێت هەوڵی سەرخستنی دەدەن.

لە دە قی (178) دا پەرژینی دە شێت لا یەنێکی دیـکەی ئا مانجی رێکەوتنەکە یە، هەموو پەرژینەکان بە ئاراستەی پۆزەتیف دەخرێتەڕوو، ئەمەش بۆ جۆری رۆژنامە کە دەگەڕێ تەوە، کە کوردستانی نوێیەو بە ئاراستەی ئایدۆلۆژییەتی حیزبەکە ئەگەرەکان دەستەبەردەکات.

179- ڕێککەوتنە چوارقۆڵییەکە بەوەی کە سوننەکان بەشدارییان تێدا نەکردووەو بەوەی کە بە کردەوە بوو بە ڕێکەوتنێکی کوردی □ شیعی ، دیسان ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە دروستکردنی عیراقی تازە ئەرکێکە کەوتۆتە سەرشانی شیعەو کوردو تا ئێستا گروپەکانی تر چاویان بەرایی نادا عیراقێك بە پێچەوانەی عیراقی پێشووەوە خەریکی گەلاڵە بوون بێت.

درێژکراوەی دەقی (178) لە (179) دا بە پێدانی بەلگەی (179) کە پیرەوکردنی بنەمای ڕێ ساکانی هاو کاریکردنی گرایسە، دەقە کە دەکاتە دەقێکی سیمانتیکیو ئینتەلمێنتی دەقەکەش لەسەر ئاستی سیمانتیك چێدەبێت.

180- ئەگەر چی چوار لایەنە پێکهێنەرەکە لە خاڵەکانی ڕێککەوتنەکەدا پابەندبوونی خۆیان بە جێبەجێ کردنی ماددەی (140) ی ساغ کردۆتەوە، بەڵام شێوەی داڕشتنی خاڵەکە ئەوەی لێ دەکرێنرێ کە لایەنەکان دلنیا نین کە لە توانایاندا هەیە ماددە دەستووریەکە بە تەواوی‌و بەو چەشنەی لە دەستوردا هاتووە، لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێی بکەن ، ئەمەش مەسەلەیەکی هەستیارە پێویستی بە چارەسەرێکی گونجاو هەیە.

ئاماژەی (140) لە دەقی (180) دا مەبەست لە ئاماژەبۆکراوی شوێنییە کە کەرکوکەو بەپێی ئەو ماددەیە گەڕانەوەی کەرکوکە بۆ سنوری کوردستان، بەمەش ئاماژەبۆکراوی (140) بەندە بە زانیاری نەتەوەیی‌و مێژووی خوێنەر، کە دەبێتە خاڵی پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەنوس‌و خوێنەر، بەمپێیە جیاوازی نەتەوەیی، جیاوازیی بۆچوون لەسەر دەقەکە چێدەکات.

کردەی قسەیی لە دەقی (180) دا ئاشکرایە کە بەهۆی کردارە ئاشکراکانی □ ساغ کردۆتەوە، دلنیا نین، جێبەجێی بکەن، هەیە□ نوێنراوە، بەڵام کرداری □ لێ دەکرێنرێ □ کە بە ئیدیۆمی بەکارهێنراوە بەهۆی دەورو بەری دەقەوە مەبەستەکەی لە □ هەڵهێنجان □ دا دیاریدەکرێت، بەمەش دەبێتە بەکارهێنانی پراگماتیکی ئیدیۆمەکە.

181- رەنگە د یارترین خاڵ سەبارەت به رێککەوتنە که ئەوه ب ێت که کاتی راگەیا ندنی رێکەوتنەکە وەڵامێك بێت بۆ ئەوا نەی دەیانویست به دەر چوونیان پەکی پرۆ سەی سیا سی بخەن.

بەکارهێنانی فۆرمی نادڵنیایی  رەنگە  لە دەربڕاوی (181)دا دیسان لادانه له شامەرجی چەندێتی کە بەخ شکەیی پێ چەوانەی دەدرکێن ێت، به وا تا ده شێ کاتی راگەیا ندنی رێکەوتنەکە، وەڵامێك نەبێت بۆ ئەوانەی دەیانویست بە دەرچوونیان پەکی پرۆسەی سیا سی بخەن.

## 2/3 دروستەی وتار بەپێی مەبەستی پڕاگماتیك

### 1/2/3 ناونیشانە دەق

**بەپێی شێوازی نوسینی ن/ر دوو ئاستی واتایی لە ناونیشانەدەقدا جیادەکرێتەوە:**

**یەکەم/ ئاستی سیمانتیك**

کەرەسەی زمانی لە ناونیشانەدەقی سیمانتیکدا، بەپێی توانستی زمان بە شێوەی فرێز، رستە، ریزبەند دەکرێت، واتاکەی بە هۆی ناوەڕۆکی هێمای فەرهەنگی یان دەورو بەری زمانیی دەقەکەوە دەستنیشاندەکرێت، بەمەش لە ئاستی پڕاگماتیك جیادەکرێتەوە، کە لە بەدیکۆدکردنیدا پشت بە دەوروبەری دەرەکی نابەستێت.

لەسەر ئاستی سیمانتیك، ناونیشانەدەق سێ جۆر دەگرێتەوە:

1- ناونیشانەدەقی پێشەکی :

بەگشتی گریمانەی پێشەکی لە ناونیشانەدەقدا بەهۆی زانیاری هاوبەشی دوو سەرەی ن/ر خ پێشبینیدەکرێت. خوێنەر بەر لە خوێندنەوەی بەشەکانی تری دروستەی وتار، لە ناونیشانەدەقدا سەرەتایەك لەسەر باسلێکراو وەردەگرێت، بە تایبەت ستونو گۆشە کە پەیوەندیان بە رووداوەکانو بابەتەکانی رۆژەوە هەیە.

ناونیشانەدەقی پێشەکی لەسەر ئاستی سیمانتیك بۆ ئەم جۆرانە جیادەبێتەوە:

ا- رستەی هەواڵی

182- بۆئەوەی گەندەڵی کەمبێتەوە باشترە وەزارەتی رۆشنبیری نەمێنێ

خوێنەر بێ ئەوەی بۆ دەرەوەی دەق یان کۆدە قەکانی دیکەی وتارە کە بگەڕێتەوە، بەهۆی ناوەڕۆکی هێماکانەوە واتای دەقەکە لێکدەداتەوەو پێشەکەییەك لە رستەی هەواڵی (182) هەڵدەهێنجێت بەوەی کە وەزارەتی رۆشنبیری، چ کارێکی گەورەی وەهایان نەکردووە جێگەی دەستخۆشی بێتو بە نەمانی کەلێنی زانیاری بخاتە نێو مەوداکانی چینی رۆشنبیرییەوە.

ب- رستەی پرسیاری

بەگ شتی فۆرمی پر سیاری لە ناونی شانەدەقدا لە سەر ئا ستی پڕاگماتـ یك بەکاردەهێنرێت، بەڵام هە ندێجار ن/ر بۆ وەڵامدا نەوەی با بەتی قسەلە سەرکراو گرنگی بە رستەی پرسیاری دەدات:

183- کەرکوکێکی چۆنمان دەوێ؟

لە (183) دا خوێنەر بەهۆی ناوەرۆکی وشەکانەوە، وەڵامی پرسیاری ناونیشان پەیوە ست بە دەقەکانی دیکەی دروستەی و تار دە کاتو دیکۆدکردنی لە سەر ئا ستی سیمانتیك بەدەرە لە مەبەستێك کە لە پشت فۆر مە پر سیارییەکەوە بێت، بەڵکو ئیذ تەڵمێنتی ناونیشانەدەق لە دە قەکانی دی کەدا وەڵامدا نەوەو بۆ چوونی ن/ر لە سەر ئەو بابە تە، بە پێ چەوانەی پڕاگماتی کەوە در ێژکراوەی ناونی شانەدەق وەڵامدا نەوە نی یە، بەڵکو دەرخ ستنی را ستو دروستی بابەتەکەیە.

پ- رستەی سەرسوڕمان

لەو گۆشەو ستونانەی تایبە تە بە وەڵامدا نەوەی گۆ شەو ستونێکی پێ شتر، ن/ر ناونیشانەدەق وەکخۆی بەمەبە ستی ناڕا ستی بۆ چوونەکەی پێ شتر بەکاردەهێنێ تەوە، بەڵام لەسەر ئاستی سیمانتیك بۆ دەرخستی وا تای سیمانتیکی ر ستەیە بە مەبە ستی تێڕا مان بۆ واتای نێگەتیف یان پۆزەتیف.

184- پڕۆژەی کورد لە عیراقی تازە تەمومژاوییە !

لە ر ستەی (184) رۆژنا مەنوس، سەر سوڕمانی خۆی سەبارەت بە پڕۆژەی کورد نی شاندەداتو دی کۆدکردنی ر ستەکە بەپێی ئەو هێمایانە یە کە دە قە سیمانتیکیەکەی پێکهێناوە.

لە و تاردا بە تای بەت لە ستونو گۆ شەدا، رۆژنا مەنوس بۆ دەرخ ستنی ئا کاری نێ گەتیفی قسەلەسەرکراو یان پێ چەوانەکەی پشت بە ر ستەی سەر سوڕمان دەبە ستێت، هەروەك لە نمونەکانی(185،186،187) رستەی سەرسوڕمان بە واتای لایەنی نێ گەتیف بەکارهێنراوە، کە خوێنەر بەبێگرێدانی بە دەوروبەر واتاکەی وەردەگرێت.

185- ترۆبوونی پرۆگرامی خوێندن!
186- ژن ئامادەکارەو پیاویش بخۆرە!
187- لە بارەی نوێنەرمان لە بەغداد!

## 2- کرداری بەجێهێنانی ئاشکرا :

ئەو ناونیشانانە دەگرێتەوە کە کردارێکی بەجێهێنانی ئا شکرایان تێدا یە، ن/ر بۆ وروژاندنێکی خێراو کاردانەوەیەکی کتوپڕی خوێنەر لە بارودۆخێکی پێویستی سیا سی یان ڕێنمایی تەندروستیو ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵ لە کێشەیەکی کۆمەڵاتیدا، پشت بە کرداری بەجێهێنانی ئاشکرا دەبەستێت، کە چاوەڕواندەکرێت درێژکراوەی دەقەکانی دیکەی درو ستەی وتار لەسەر ئاستی سیمانتیك بێت.

188- بەڕێوبەرێتی شارەوانییەکانو پارێزگای سلێمانی رازی نین

بەهۆی کرداری نەرێی  رازی نەبوون  لە (188) بە ئا شکرا هەڵوێ ستی بەڕێو بەرێتی سلێمانی دەردە خات، بە مەش خوێ نەر بەبێ ئەوەی ناونی شانەدەق بە دەورو بەری دەرە کی ببەستێتەوە واتاکە وەردەگرێت، واتە کردەی قسەیی لە (188) ڕاستەوخۆیەو بەهۆی فۆرمی زمانەکەوە پەیوەندییەکە دروستدەبێت. ( بڕوانە: 1/2 )

## 3- ناونیشانەدەقی ئاماژەبەندی

بەکارهێنانی ئاماژە کان لە ستونو گۆ شەدا، بۆ را ستی ناولێنراوە کان لە واقیع عدا دەگەڕێتەوە، بە شێوەی وشە یان فرێز ناونیشانەدەق پێکدێنن.

1- ئاماژەی ناوی/ بەپێی ناسرایو نەناسراوی ئاماژەبۆکراوەکان، دوو جۆر لە ئا ماژەی ناوی جیادەکرێتەوە:

ا- ناوی گشتی

189- پیاوانو ژنان لە چەند بەراوردێکی ئێرەو ئەوێدا

 پیاوانو ژنان  فرێزێکی ناوی ئاماژەییە، واتاکانیان پەیوەستە بە ئاماژەبۆکراوەکانیان لە واقیعدا، وەك بەراوردێك لە نێوان دوو نیشانەی شوێنی پڕاگماتیکی بەکارهاتووە.

"ئێره" نیشانەی شوێنی نزیك رۆژنامەنوسە، كە كوردستانە، هەمبەر بە "ئەوێ"، بە شێوەیەكی گشتی ئەم فۆرمەی پاشتر لە دوای راپەڕینەوە بۆ دەستنیشانكردنی ئەوروپا بەكارهێنراوە بە تایبەت لە پرۆسەی ئاخاوتندا، كە دەورو بەری فیزیكی رۆڵی كارا لە گەیاندنی مەبەستی پراگماتیكدا دەبینێت، بەڵام لە دەقی نوسراودا بە هۆی دەورو بەری ناوەوەی دەق مەبەستەكە ئاشكرا دەبێت، لەبەرئەوە ئاماژەبۆكراوەكە لە دەقەكەدا یە، دەبێت لە سەر ئاستی سیمانتیك واتا كە بە خوێنەر بگات، بەڵام بەكارهێنانی "ئەوێ" لە ناونیشانەدەقدا بۆ هێڵی بەراوردكاری كوردستانو دەرەوەی كوردستانە، كە ناتوانرێت ئەم واتایە لەسەر ئاستی رێزمان دروست پەی پێببرێت، بۆیە دەورو بەری كەسێتی نوسەر بۆ خوێنەرێك، كە پێشینەی زانیاری هەبێت لە گەڵ دەورو بەری دەق، هۆكاری ناسینەوەی بەكارهێنانی جێناوی ئاماژەی "ئەوێ"ن، بەمەش واتاكەی پەیكاڵ بە مەبەستی پراگماتیكی دەبێت.

ب- ناوی تایبەتی

190- سەرۆكی نوێی سۆنی ئێریكسۆن نیوە ژاپۆنی- نیوە ئەمەریكییە

ناوی تایبەت، ناوی ( كەسو شوێن ) دەگرێتەوە، فرێزی ناوی ناسراو لە (190) ئاماژە بە كەسێك دەكات لە واقیعدا كە بەهۆی هەردوو دەر خەری ( نوێ، سۆنی ئێریكسۆن ) دەستنیشاندەكرێت، بەمەش هێماكانی ناونیشانەدەق لە سەر ئاستی سیمانتیك واتاكە بە خوێنەر دەگەیەنێت.

لە وتاردا ناوی تایبەتی بە شێوەی دەربڕینەئاماژە بەكادەهێنرێت، بەمەش پرۆسەی پەیوەندی لەنێوان ن/ر"خ دروستدەبێت، بەڵام ئەگەر ناوی تایبەت بەواتا لێڵەكەیەوە بەكارهێنرا، ئەوا لە تەك دەوروبەردا دەبێتە دەربڕینەئاماژەو پەیوەندییەكە چێدەبێت.

2- ئاماژەبەندی جێناوی

بەگشتی لە وتاردا ئەو جێناوانە بەكاردەهێنرێت، كە بۆ ئاراستەكردنی رەخنەیەك یان پێشنیازكردن یان هەڕەشەكردنە، بە تایبەتی لە ستونو گۆشەدا كە باسلێكراو پەیوەستە

به كاتو شوێنی نز یك به رۆژنامه كه، بۆ نمو نه كورد ستانی نوێ سنوری دابه شكردنی فراوا نه، لەبەر ئەوە با بەتی گۆ شەو ستونەكانی به شێوەیەكی سەرەكی پەیوە ستە به كوردستان، پاشان عیراق. جێناوەكانی  تۆ، ئێوە  بۆ ئاڕاستەكردن، زۆربەی كات له و تاردا لەبری جێناوە كانی  من، ئێ مە، ئەوان، ئەو و ( كلیتیـ كی جێناوە كان یان ناو ) بەكاردەهێنرێت، لەگەڵئەوە شدا كەمتر با یەخ بەجێناو له سەر ئا ستی سیمانتیك دەدر ێت، به مەش وا تای جێناوە كان له ئیند تەڵمێنتی دە قەكانی تری درو ستەی و تاردا بەهۆی دەركەوتنی ئاماژەبۆكراوەكانیان به خوێنەر دەگات.

191- ئێمەو ئەوان

(191) ناونیـشانەدەقی گۆ شەیەكی كورد ستانی نوێ یە، كه بەراوردكاری یه له نێوان كوردو ئەوروپییەكاندا، ئاماژەبۆكراوی  ئێمە  له سەر ئا ستی سیمانتیك نا سنامەی نو سەرە كه كوردە، هەروەها جیناوی  ئەوان  بۆ كەسی دووە می كۆ یە، بەڵام له ناونیـشانەدەقدا بە مەبە ستی شوێنو خەڵكی ئەو شوێنە بەكارهێنراوە، به مەش له وا تای رێز مانی دووردەكەوێ تەوەو دە چێتە بواری پڕاگماتیـ كەوە*، ئا ماژەبۆكراوی  ئەوان  له پێشەكییەدەقدا به ناوی شوێنی  لینینگراد  دەستنیشانكراوە، لێرەوە پەی به مەبە ستی ن/ر دەبرێت له بەكارهێنانی هێڵی بەراوردكاری ئێمە، ئەوان.

3- ئاماژەی شوێنی

192- سلێمانیو راستییەكان وەك خۆی

له دە قی (192) سلێمانی ناوی شوێنەو خوێ نەر به هۆی هێ مای فەرهەنگیـیەوە دەقە كە لێكدەداتەوە.

---

د. هۆگر مەحمود فەرەج: چاوپێكەوتن: 2008

**دووەم/ ئاستی پڕاگماتیك**

**بەستنەوەی ناونیشانەدەق بە دەرەوەی دەق، واتای گونجاو بە دەق دەبەخشێت، خوێنەر بەبێ پشتبەستن بە دەوروبەری دەرەكی، ناتوانێت پەی بە مەبەستی ن/ر بەرێت. لەسەر ئاستی پڕاگماتیك شەش جۆر لە ناونیشانەدەق جیادەبێتەوە:**

1- **دەقی میتافۆری**

**لەسەر بنەمای لێكچوون لە نێوان واقعو سروشت یان باسلێكراودا، مەبەستەكە چێدەبێت، كە سێ چەشنە بەكارهێنانی هەیە: (بڕوانە: 2/2-2)**

**ا- میتافۆری ناوی**

193- **ڤایرۆسی پەروەردە**

**دەقی (193) ناونیشانە گۆشەی رۆژنامەی هاوڵاتییە، پەیوەندییە واتاییەكانی ریزبەندی هەردوو فۆرمەوشەی ڤایرۆس، پەروەردە لە سەر ئاستی جێنیشینی نەگونجاوەو لێكدانەوەی سیمانتیكیانەی دەق نادروست دەبێت، بەڵام پەیوەستكردنی بە دەوروبەری دەرەكی، مەبەستی نوسەر لە خراپی سیستەمی پەروەردە دەخاتەڕوو، وەرگرتنی خەسڵەتی خراپی وشەی ڤایرۆس كە هۆكاری بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە، بە پەروەردە چوێنراوەو لەسەر بنەمای لێكچوونەكە میتافۆرەكە دروستدەبێت، هەروەك فیچەری ناوكۆیی نێوان (194، 195) لە+ خراپ یدا بەرجەستەدەبێت، بەڵام لە خەسڵەتەكانی دیكەدا دژ ئاراستەی یەكترن، چونكە هەریەك لە دوو وشەكە سەر بە دوو كێڵگەی واتایی* جیاوازن.**

---

* جۆست ترێر jost trirer دارێژەری ئەو گریمانەیەیە كە پێیوایە كۆی وتنەكانی زمانێكی دیاریكراو لەسەر بنەمای ریزبەندی كێڵگەی واتایی یان (كێڵگەی فەرهەنگی) بنیاتنراوە، كە بە گریمانەی ترێر ناسراوە، پاشان فەیلەسوف جیل جاستون فرانجی- Gilles Gaston Granger لە روانگەیەكی فەلسەفییەوە لە كێڵگەی واتایی كۆڵیوەتەوەو پێیوایە ناكرێ بەدابڕاوی و سەربەخۆ وشە باسبكرێت، بەڵكو پێویستە یەكەی فەرهەنگی لە روانگەی چەند بۆچوونێكی جیاوازەوە سەیربكرێت.( بڕوانە: جێرمان، لۆبلان: [ 2006: 38- 73 ].

194- فیچەرە سیمانتیکییەکانی پەروەردە

- بەرجەستە
- زیندە
- نێرو مێ
- بلاوبوونەوە

195- فیچەرە سیمانتیکییەکانی ڤایرۆس

+ بەرجەستە
+ نێرومێ
+ زیندو
+ خراپ
+ بلاوبونەوە

میتافۆری  ڤایرۆسی پەروەردە  لە جۆری میتافۆری ناوییە، کە بەگەڕانەوە بۆ ئاستی قوڵ، دەقەکە دەبێت بە  ڤایرۆس‌و پەروەردە لە خراپیدا لە یەك دەچن.، لەبەر ئەوە لێکدانەوەی روکەشی ناونیشانەدەق بە فەرامۆشکردنی ئاستی قوڵ، دەقەکە کەم بەهاو نادروست دەکات، بەڵکو بە لادان لە شامەرجی چەندێتی وەك لیڤینسن خستییەڕوو بەخشکەیی دەربڕینی میتافۆرە کە دێتەبەر هەم، کە لە گەڵ ئاستی قوڵی دروستە زمانییەکەدا هاوتا دەبن.

## ب- میتافۆری ئاوەڵناوی

196- پیاوێك وەك داربەڕوو

 داربەڕوو  بەپێی دەوروبەری کشتوکاڵی کوردستان ناوی درەختێکە، بەرزو رەگ رۆیشتوو بە قوڵایدا، رۆژنامەنوس لە دوا ستوونی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) دا، غەریب عەسکەری

بەم سیفەتانەی دار بەڕوو دە چوێنێت. کەوا تە لە ناونی شانەدەقدا فۆرمی دار بەڕوو بە خەسڵەتی ئاوەڵناوی وەرگیراوە.

**پ- میتافۆری کرداربەندی**

197- ئاشی نەزان کێ دەیگێڕێت؟

خراپ راپەڕا ندن یان جێ بەجێکردنی کار ێك لە لا یەن کە سێکی نەزا نەوە، لە (197)دا کرداری گێڕاندن لە مۆرفۆسینتاکسی دەیگڕ یێت، وەرگرتـنی رووی لێکچوونی چۆنێتی راپەڕاندنی هەرکارێکە کە لە لایەن کەسێکی نەشارەزاوە بکرێت.

**2- دەقی ئیدیەمی**

تواذ ستی پڕاگ ماتیکی ن/ر لە هەڵ بژاردنی ناونی شانەدەقی ئیدیەم یدا، پشتبەستووە بە فەر هەنگی ئەزمونبەندا نە، چونکە ئید یەم بە شێکە لە فەر هەنگی ز مان، ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەیەتی لەگەڵ میتافۆر. (بڕوانە3-2/2)

198- کۆلکە مەلا

بەپێی دەوروبەری کولتوری کورد (198) کە بەکارهێنانێکی ئید یەمیی هە یە، بە کە سێك دەوترێت، کە هیچی لەباردا نەبێت، بەڵام خۆی بە بلیمەتو زانا بزانـێتو ئامۆژ گاری خەڵك بکات.

**3- بەخشکەیی دەربڕین**

بە لادان لە رێ ساکانی هاو کاریکردن (بڕوا نە:2/2 ) ناونی شانەدەقی بەخشکەیی دێتەبەرهەم، چەند جۆرێك لە ناونیشانەدەقی بەخشکەیی جیادەبێتەوە:

**ا- ناونیشانەدەقی هەواڵی**

199- دەبلێ موچەکان دەستان خۆش

بە گەڕا نەوە بۆ واقـعی کورد ستان دەورو بەری فیزیـکی دە بلێ مو چە بەو بەرپر سانە دەوترێت، کە دوو موچەیان هەیە بۆ نمونە هونەرمەندان یان ئە ندام پەر لەمانو وەزیرە کان یان رۆژنامونو سان دوو مو چەیان هەبووە، حکو مەتی هەرێم بڕ یاری بە لابرد نی

موچەیەکیانی دا، خوێنەر بە بێ ئاگاداری ئەم پێشینە زانیارییە پڕاو پڕ لە دەقەکە حاڵی نابێت.

ئەگەر خوێنەر وەك دەقی سیمانتیکی شرۆڤەی دەقی (199) بکات، ئەوا وەك ڕستەی هەواڵ واتاکەی وەردەگرێت، بەڵام ناونیشانەدەقی (199) کە فۆرمی هەواڵییە بە لادان لە شامەرجی پەیوەست گریمانەی بە خشکەیی لە پێچەوانەی واتای (199) دەردەخات.

### ب- ناونیشانەدەقی سەرسوڕمان

200- گەورەم گۆشتی مێروولەش دەخورێ!

فۆرمەوشەی " گەورەم" لە (200) بە پێچەوانەی واتای فەرهەنگییەوەو بە لادان لە شامەرجی پەیوەست، واتای بەخشکەیی لە بەهاشکاندنی کەسی بەرامبەردا دەدرکێنێت. میتافۆری فرێزی ناوی " گۆشتی مێروو لە " لەسەر ئاستی سیمانتیك هەڵگری واتایەکی نادروستە، لەبەرئەوە لە ئاستێکی دیکەی واتاییدا مەبەستەکە دەپێکێت کە پڕاگماتیکە، بەمەش بە لێکدانی لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی دەقەکەداو دەوروبەری دەرەکی، مەبەستی سەرسوڕمانەکە لەوەدا لێکدەدرێتەوە، کە بەرپرسەکان لەسەر حسابی گیرفانی میللەت تەنها بخۆرنو بەرهەمهێن نین.

### ت- ناونیشانەدەقی پرسیاری

بەگشتی ناونیشانەدەقی پرسیاری لە رۆژنامەدا بە تایبەتی رۆژنامەی ئەهلی (بڕوانە: 6-2-5/1 )، بەخشکەیی دەربڕینی مەبەستێکە، وا تە ن/ر بە دوای وەڵامێکدا ناگەڕێت، بەڵکو مەبەستێتی بەخشکەیی ڕوویەکی نادروستو دزێوو یان بە پێچەوانەوە ڕوویەکی جوان بە خوێنەر بگەیەنێت.

رۆژنامە ئەهلییەکان گرنگی بەو ناونیشانەدەقانە دەدەن، کە لە پشت کەرەسە زمانییەکەوە بەخشکەیی ڕوویەکی دزیوی ( کەس، دامەزراوە، کۆمەڵ، حزب) دەربخەن، هۆکاری ئەمەش بۆ پڕفرۆشی رۆژنامەیکەیان لە ڕووی ئابووریو بەدەسهێنانی زۆرترین خوێنەرە.

200- کانی کوردە یان لادێ؟

شێوازی پر سیاری بە ئامرازی بە ستنی ( یان)، شێوازێکی کاری گەرە لە رۆژنامەنو سیدا، خوێنەر بە شارەزای لە دەوروبەری باسلێکراودا وەڵامەکەی بە نێگەتیف یان بە پێچەوانەوە لا ئا شکرا دەبێت. بۆ نمو نە خوێنەرێکی سنوری سلێمانی دەزانێت، کانی کوردە لە رووی نەبوونی خزمەتگوزاری یەوە وەك لادێ وا یە، بە مەش رۆژنا مەنوس واتا یەکی نێ گەتیف دەخاتە تەك کانی کوردە، لە لایەکی دیکەوە پێشبینی گریما نەی پێ شەکی لێدەکرێت بەوەی کانی کوردە کە گەڕەکێکی شاری سلێمانییە، لەلا یەن حکو مەتی هەرێ مەوە فەرامۆ شکراوەو هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکی مۆدرێنی تێدا نییە.

201- کوا بەرهەمی زانکۆکان؟

لە دەقی (201) دا بەخ شکەیی ئەوە دەگە یەنێت، کە زانکۆ کان بەر هەمیان نی یە، ئە مەش هاو کات بە لەبەر چاوگرتنی زانکۆکا کانی سنوری کورد ستانو جۆری ئەو رۆژنامە یەی کە بابەتە کەی تێدا بڵاوبووە تەوە پەی بە مەبە ستی بەخ شکەیی لە دەرخ ستنی بارە لاوەکییەکەیدا دەبرێت، بەمەش لە واتای رستەییەوە پەڕیوەتە سەر مەبەستی پڕاگماتیك.

پ- ناونیشانەدەقی فرمان

ناونی شانەدەق بەمەبە ستی فر مانکردن لەپ شت فۆرمی کەرە سەی زمانی یەوە دەردەبڕێت، بەمەش لە رستەی فرمان جیادەکرێتەوە، کە بەهۆی دروستەی کردارەکەوە وەك لە (202) نوێنراوە، بەرجەستەدەکرێت، جگەلە هەندێ کردار کە یاسا بەدەرن.

202- کرداری فرمان= ب+ رەگی کردار

203- ئەرێ کفر ئەبێ وەزیرێکیش بگرن

ئەرێ لە (203)دا بۆ پرسیار لە ئەرێی یان نەرێی کارێك ئاڕاستەی گ/خ دەکرێت، کە پتر لە زمانی ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێت، بەڵام رۆژنامەنوس ئەم فۆر مە و شەیە بەمەبە ستی ز یاتر کارکردنە سەر خوێنەر لە ناونی شانەدەقدا بەکاردەبات، کە بەهۆ یەوە بەخ شکەیی فەرمان دەردەبڕێت وەك لە (204) پیشاندراوە:

204- + حکومەتی هەرێم، وەك چۆن رۆژنامەنوسان دەگرن، وەزیرێکیش بگرن.

### ج- دەقی ئاماژەبەندی

ئا ماژەی ( کەس‌و شوێن) لە ئا ستی پڕاگماتیکدا بە مەبە ستێکی ج یاواز لە ئاستی سیمانتیك دەردەکەوێت، بۆ نمونە هەندێجار نیشانەی کەس بە مەبە ستی سەردەمێك بەکاردەهێنرێت، وەك فۆر مە و شەی  مەلایی لە هە ندێ دە قدا بە مەبە ستی دەستنیشانکردنی سەردەمێکە کە بۆ ساڵی هەفتاکان، یان  جەلالی  کە بۆ ساڵانی شەستەکان دەگەڕێتەوە، هەروەك لە دەربڕاوی (205) دا بەدیدەکرێت.

205- ... بەڵام شەڕی ناوخۆی ....... ( جەلالی‌و مەلایی) ئەم دە ستەواژە سیا سی‌و کۆمەڵایەتییەی بە شێوەیەك گەیاندە لوتکە کە لەمپەڕی چەپ تا ئەو پەڕی ئیسلامی پ ێی ئاشنا بوون.

## 5- دەقی پێشەکی شاراوە

بە گ شتی ناونیشانەدەقی سیمانتیکی پێ شەکییەك لە سەر بابەتە کە بە خوێ نەر دەدات، بەڵام ناونیشانەدەقی پڕاگ ماتیکی بەبێ ( زان یاری هاو بەش‌و باگراو ندی زان یاری) ناتوانرێت پەی بە مەبەستی ن/ر ببرێت، لەبەرئەوە خاڵی جیاکردنەوەی گریما نەی پێ شەکی سیمانتیکی‌و شاراوە لە ناونیشانەدەقدا پێویستیبوونی زانیاری هاوبەش‌و پێشینەی زانیاری یە لە پێشەکی شاراوەدا کە بەهۆیەوە خوێنەر پێشەکییەك لەسەر دەقەکە وەردەگرێت.

206- بێ شەهادەکان خۆیان کەمتەرخەمن

دەقی (206) ناونیشانەدەقی رۆژنا مەی ئاوێنە یە، کە وەك دەورو بەری رۆژنا مە، پەیوە ست بە شیکردنەوەی دەق دەکرێت. گەر جۆری خوێنەر لە جۆری کەمپێ شینە ب ێت ناونی شانەکە وەك ناوەڕۆکی هێما کان وەردەگر ێت‌و وا ت ێدەگات، کە رۆژنا مەنوس دە یەوێت ئامۆژ گاری بێبڕوانا مەکان لە وەرگرت نی برِوانا مەدا بکات، بەڵام خوێ نەری کارا مە کە زان یاری لە سەر دەوروبەری فیزیکی هەبێت، ئەوا مەبەستی نوسەر وەك خۆی وەردەگرێت.

ناونیشانەدەق هاوکاتە لەگەڵ شەهادەی تەزیویرو وەرگرتنی بەرپرس‌و کرینی بڕوانا مەدا، ئەو پێشەکییەی رۆژنامەنوس لە ناونیشاندا لەپشت هێماکانەوە دەیدات بە خوێنەر ئەوە یە، کە لە کوردستان بڕوانامە نرخ‌و بەهای نەماوەو ئاستی کە سایەتی ئەکادیمی نزمکراوەتەوە، چونکە کە بڕوانامە هەموو کەسێك توانی بەدەستیبهێنێت، ئەوا لە راستیدا کەمکردنەوەو دابەزاندنی کەسێتی ئەکادیمییە، لەمڕووەوە رۆژنامەنوس پێشەکییەك بە شێوەی رەخنە ئاراستەی ئەو خوێنەرانە دەكات، کە بڕوانامە دەکڕن یان بە قۆپی‌و واستە وەریدەگرن، کەواتە مەبەستی پێشەکییەکە، رەخنەگرتنە نەك ئامۆژگاری.
ناونیشانەدەقی پێشەکی شاراوە جۆرێك لە بەخشکەیی دەربڕین یان کردەی قسەیی تێدا یە، هەروەك دەقی (206) لەپاڵ پێشەکییەکەدا کردەی قسەیی لە کەمتەرخەمن توانجدا نە لە سیستمی پەروەردە.

## 6- ناونیشانەدەقی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ

کردار لە ناونیشانەدەقدا، بەمەبەستی  پلار، هەڕەشە، بەها شکاندن، سەرزەنشتکردن، خۆشەویستکردن، ریز گرتن، پێشنیازکردن، وروژاندن  بەکاردەهێنرێت، ن/ر بەهۆی کاریگەری  perlucation مەبەستەکەی لە دەورو بەرێکی دیاریکراودا بە خوێنەر دەگەیەنێت.

### 2-2/3 پێشەکی، کۆرپە، ئەنجامە، دەق

درێژکراوەی ناونیشانەدەق لە پێشەکی‌و کۆرپەو ئەنجامەدەقدا پەیوەستە بە تواندستی رێز مانی‌و پراگماتیکی ن/ر، ئەم تواندستەش بە شێك لە شێوازی نوسینی ن/ر پێکدەهێنێت، بۆ نمونە ئەگەر ن/ر رووداوەکان یان ئەو بابەتانەی دەینوسێت بە پێی ئاستی تواندستی رێز مانی دایبڕیژێت، ئەوا بۆ گەیاندنی پەیامەکەی پشت بە ناوەڕۆکی هێماکان دەبەستێت، بە پێچەوانەشەوە لەبەکارهێنانی هێماکانی زمان لە دەورو بەرداو رەنگدانەوەی تواندستی پراگماتیك (بڕوانە: **2-3/1**) لە بە دیکۆدکردنیدا، خوێنەر دوو چاری هەمان دەوروبەر دەكات کە ن/ر پەیوەست بووە پێوەی.

گریمانەی ئینتەڵمێنت لە وتاردا رۆ ڵی کارای لە بەدوایە کداهاتنی پەیوە ندی وا تایی ر ستەو دەربڕاوەکاندا هەیە.

بەپێی گەیا ندنی وا تایی ناونیشانەدەق ( سیمانتیک، پڕاگماتیك) لە پێ شەکییەدەق دوا تر در ێژکراوەی پێ شەکییەدەق لە کۆرپەدە قداو پا شان ئەنجا مەدەق، دوو ئە گەری وا تایی دەستنیشاندەکرێت:

1- ئەگەر ناونیشانەدەق لە ئاستی پڕاگماتیکدا بێت، ئەوا درێژکراوەکەی لە پێ شەکییەدەقدا یان بە هەمان ئا ست دە سپێدەکات یان لە سەر ئا ستی سیمانتیك دەبێت، لەمە شدا هەردوو توانستی سیمانتیكو پڕاگماتیك جۆری ئاستی واتاییو مەبەست دیاریدەکات.

2- ئەگەر تەواوکاری واتایی بە پێی خاڵی (1) نەبوو، درو ستەی دەق لە سەر ئا ستی وا تاو مەبەست ناتەواوەو دەقێکی نەگونجاوە، ئەمەش کەمتوانستی رێز مانیو پڕاگماتیکی ن/ر لە بەکارهێنانی هێماکانی زمان لە دەوروبەردا دەردەخات.

***و/ 13***

207- ناونیشانەدەق : رەمەزانەو بێ حەواسم

208- پێ شەکییە دەق: کە سایەتییەکی سادەو ساکاری ناو کتێبی ر شتەی مرواری بهێ نەرە بەرچاوی خۆتو لە چلەی زستانێکی سەختا بە هەزار نالیو عەلی دەستنوێژێکی پێ هەڵگرەو ئینجا بیخەرە سەر بەردەنوێژێکو بە سینەیەکی سافەوە چوار رکاعەت نوێژی ئەو عە سرەی پێبکە... ئاخۆ لەوە ناخۆشتر هەبێت کە بایەکی ناوەختی بایلۆجی لە پێش سەلامدانەوەی ئەخیرا فەلەت بکاتو ریسی ئەم پیرەمێردەی پێ ببێتەوە بە خوری.

209- کۆرپەدەق: دڵنیام لە عاست ئەم وەزعەدا کابرا هیچی بۆ نەماوە تەوە جگە لەوەی بە بێزاری یەکی پڕ مەعناوە بڵێ جا پیاو ئێستە بێژێ چی؟! فیع لەن چی بڵێ بەو پڕۆژە نەگونجاوەی کە لە ساتە وەختێکی نەگونجاودا خۆی دەرئەخات .

210- ئەنجامەدەق: باسی گونجاوم کردو هیوادارم لەگەڵ ئاوی گونجا تێکەڵی نە کەن چونکە ئەمەی ئەخیریان پەیوەندی هە یە بە دنیای ئاوو ئاوەڕۆوە بەڵام ئەوە کەی ئەوەڵیان شتە مەعقو لەکان ئەگرێ تەوە. مە سەلەن عالەمە کە خوا خوای ئەوەی بێت بە مە ساجی دیپلۆماسییەت پەیوەندییە گرژەکەی بەینی تارانو ئەمەریکا خاو بکرێتەوە عەینەن زوڵفی

لەیلێ کە چی ڵ ێدوانێکی  نەگونجاوی ڎ ێران  هەموو ئیـ شەکان ئەتر شێنێ بە سەر  یەکا. نموونەیەکی خۆماڵی خۆشمان کە سەیی لە چوارپەلیا تەنیا گۆی ساغە کەچی لەباتی  هەموو پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری بچن هینی تیا ئیفتیتاح کەن.. محەتەی رادیۆ  ...  جا تو خوا پیاو بێژێ چی؟!

شێوازی نوسینی نوسەر لەسەر ئاستی پراگماتیك، بەکاربردنی تواذستی پراگماتیکە، چونکە نوسەر هێما زمانیـیەکان تێکەڵ  بە دەورو بەری دەرە کی دە کات پا شان  بە مەبە ستی  پلارو رەخنەگرتن بەشێوازی ساتیرو دروستکردنی وێنە دایدەرێژێت، ئەمەش ئەنجامی کاردا نەوەی تایبەتەمندێتی نوسەرە لە دەرهێنانی سیناریۆو دیمەنی کۆمیدیادا.

لە (207)دا خوێ ـنەر گریما  نەی پێ  شەکی  سیمانتیکی  بەهۆی  بەکارهێنانی فۆر  مە و شەی□رەمەزان□ ەوە دە کاتو بەهۆ یەوە  پەی  بە  ئاینی نو سەر دەبر ێت  کە ئیـ سلامە، هەروەها بە گەڕانەوە بۆ کاتی دەرچوونی رۆژنامە کە (2007/9/17)  دەردە کەوێت  مانگی رەمەزان کەوتووەتە کۆتایی وەرزی هاویـنەوەو نو سەر مەبە ستێتی  بە در ێژی رۆژو  گەرمای هاوین  لەو وەرزەدا بر سێتیو  تویـنێتی  خۆی  بە  بێ حەوا سی گوزار شت بـ کات،   بەڵام در ێژکراوەی ناونیـ شانەدەق  لە (208) دەر  یدەخات  کە مەبە ستی (207)  تەنها وا  تا سیمانتیکییەکەی نییە بەڵکو بێزاری نوسەر بۆ ئەو کارە بێسەروبەرانە دەگەڕێتەوە، کە وەك پرۆژەی خزمەتگوزاری پێشکەشدەکرێت، کە چی  لە بنەڕە تدا  تەنها  پارە تێچوونە  هەروەك ئەو پڕۆژەیەی لە سەی سادق کراوە تەوە  یان  ئەو لێدوا نەی ئە حمەدی  نەژادی داوێ تی دژی ئەمەریکا.

(208) درێژکراوەی (207) ە  کە  هەمان ئا ستی وا تایی ناونیـ شانەدەقە، مەبە ستی نو سەر لەپشت فۆرمە زمانییەکەوە دروستکردنی وێنەیەکی رەنج بە  با  چووە، ئە مەش دەقە کە  بە شێوەی دەربڕاو جیادەکاتەوە:

211- دەق = □دەربڕاو : کەسایەتییەکی سادەو ساکاری  ناو کتێبی ر شتەی  مرواری بهێـنەرە بەرچاوی خۆتو لە چلەی زستانێکی سەختا بە هەزار ناڵو عەلی دەستنوێژێکی پێ هەڵگرەو ئینجا بیخەرە سەر بەردەنوێژێكو بە سینەیەکی سافەوە چوار رکاعەت نوێژی ئەو عە سرەی

پێبکە// + دەربڕاوی دووەم: ئاخۆ لەوە ناخۆشتر هەبێت کە بایەکی ناوەختی بایلۆجی لە پێش سەلامدانەوەی ئەخیرا فەلەت بکاتو ریسی ئەم پیرەمێردەی پێ ببێتەوە بە خوری.
//+ دەربڕاوی سێیەم....

بەدوایە کداهاتنی دەقە کە بە شێوەی دەر بڕاو مەبە ستی نو سەر لە بەخ شکەیی و کردەی ڤ سەیی و پێ شەکی شاراوەو ئا ماژە پراگماتیکییەکا ندا دەخا تەڕوو، بەمپێ یە (207) بە بەزا ندنی شامەرجەکانو پەیکالکردنی بە دەورو بەری خ شتەی (3-10) گریما نەی بەخشکەیی لەوەدا دەهێنێتەدیتن، کە جگەلەوەی رشتەی مرواری بۆ پێکەنینو گاڵتجاڕییە، مەبە ستی نو سەر لە درو ستکردنی دیمەنە کەدا مایەپوو چێتیو ما ندووبوونی بێ سودە لە کارێکدا.

| زانیاری | وتار | دەوروبەر |
|---|---|---|
| کارامە لە بواری رەخنەو پلاردا. | شێرکۆ عەبدوڵا | کەسێتی نوسەر |
| رەخ نەکان بە ئاڕا ستەی دەرەوەی یەکێتی نیشتیمانییە. | کوردستانی نوێ | رۆژنامە |

خشتەی (3-10)

| زانیاری | وتار | نیشانەکان |
|---|---|---|
| بەپێی کولْ توری ئی سلام مانگێ کە تایبەت بەرۆژوو گرتن، بەهۆی ئەم فۆر مەوە دەزانر ێت کە نو سەر موسڵمانە نەك دینێکی دیکە. | رەمەزان | کات |
| کتێبێ کی عەلادین سەجادییە کە نوک تەو چیرۆكو بە سەرهاتی راستەقینەو قسەی نەستەقە. | رشتەی مرواری | دەق |
| کێ شەی نیواذ یان لە سەر ب نەبڕکردنو بەکار نەهێنانی یۆراذ یۆمو نووی و قومبە لەی | تاران و ئەمەریکا | شوێن |

| | | |
|---|---|---|
| | | زەڕییە. |
| کەس/ ئاماژەدق | مەسئولێك | ئەحمەدی نەژادی: لە لێدوانێکدا لە مانگی ئابدا راگەیاند ئێران ئامادە یە دژی ئەمەریکا جەنگ بکات. |

خشتەی (3-11)

212- کلاوو پلاو

213- زاراوەی کلاو لە شێوازی نوسینەکەیدا نزیکە یەکی با شی لە گەڵ و شەی پلاودا هە یە، بەڵام جیاوازییەکی زۆریش لە نێوانیاندا هەیە. جەوهەرترین جیاوازیشیان ئەوەیە کلاو زۆر جاردەخرێتە سەر کە سێك کە فەقیرو بودە ڵەو بێ ئاگابێت.... بەڵام پلاو دە ستی فەقیر ناکەوێت.

دە قی (212) بەکارهێنانێکی ئیدیۆمی یە، وەرگرتنی رووی لێکچوونی  کلاو+ پلاو ە، بەمەش ناونیشانەدەق لە ئاستی پڕاگماتیکدا لێکدەدرێتەوە، بەڵام دریژکراوەی لە (213)دا بەپێی ئا ستێکی دیکە یە کە سیمانتیکەو روونکرد نەوەی بەراوردکاریا نەی نێوان هەردوو فۆرمە وشەی  کلاو، پلاوە.

دریژکراوەی ناونیشانەدەق لە دە قەکانی تردا ئە گەر لە سەر ئا ستی وا تای سیمانتیكو پڕاگماتیك نادرو ست بوو، ئەوا گریما نەی بێ بەهایی وتارە کە دەکرێت، ئە مەش بۆ کەمتوانستی رێزمانیو پڕاگماتیکی ن/ر دەگەڕێتەوە.

دروستەی وتار لە ( پێشەکیو کۆرپەو ئەنجامە ) دەقدا لەسەر ئاستی واتا بۆ ر ستەو دەربڕاو جیادەبێتەوە:

**یەکەم/ دەقی سیمانتیکی**

ناوەڕۆکی هێماکان بە پێی دەوروبەری زمانی، پەیامی ن/ر بە خوێنەر دەگە یەنێتو لە شرۆڤەکردنیدا پشت بە دەوروبەری دەرەکی نابەسترێت، لەبەر ئەوە ر ستە وەك بچوکترین یەکەی واتایی دەقی سیمانتیکی دەستنیشاندەکرێت. ( بڕوانە: **3-2/1**)

214- مرۆڤەکان چۆنو بە چ شێوازێك بژین، ساتەکانی ژ یان هەر گوزەر دە کەن، رەوڕەوەی ژیان وەك خۆی دەڕوا.

له ر ستەی (214) دا کەره سه زمانییه که به تەکنشینی (215) ریزبه ند بووەو واتا کەی بەپێی واتای رێزمانی لێکدەدرێتەوە:

215- (فر ێزی ناوی+ فر ێزی کرداری)+ (فر ێزی ناوی+ فر ێزی کرداری)+ (فر ێزی ناوی دەقی + فرێزی کرداری) = رستەی لێکدراو

دووەم/ دەقی پڕاگماتیکی

به پێچەوانەی (یه کەم) بەهۆی دەورو بەری دەرەکییەوە مەبه ستەکه به خوێنەر دەگەیەنرێت، لەبەرئەوە دابەشکردنی دەقەکه بەپێی دەربڕاو دەبێت، به مەش دەر بڕاو وەك بچوکترین دانەی واتایی دەقی پڕاگماتیك دیاریدەکرێت.

216- پێمسەیر نیه ئێستا بڕیاری له سێدارەدانت له ئه گەرو نەگەردا یه، + چونکه پیاوی گەورە، جا له سەردەمی داگیرکەری ئەمەریکیداو له نێو زینداندا بێت،+ یان له سەردەمی حکومەتی نیشتمانیو دیموکراسی بەعسدا.

دەقی (216) به شێوەی (217) دەسنیشاندەکرێت:

217- ( دەربڕاو) + (دەربڕاو) + ( دەربڕاو) = دەقی پڕاگماتیکی

بەمپێیه له شیکردنەوەی دەقی پڕاگماتیکیدا، دەربڕاو وەك بچوکترین یه که وەردەگیرێت، بەپێچەوانەی ناونیشانەوە، جۆرەکان به دەربڕاو دەستنیشاندەکرێت:

**1- دەربڕاوی بەخشکەیی دەربڕین**

218- دەپرسم بۆ ؟ ئایا خوێندکارانی سلێمانی ئەمسالْ کەمیان نا حەقی لێکرا له لایەن ڤبولْ مەرکەزییەوە، تا ئەمه شی بێته سەر ؟ بۆ دەبێت جارێکی تر خوێندکاران له سلێمانییەوە بنەوبارگه بپێچنەوە بۆ هەولێر ؟

له دەربڕاوی (218) دا به فۆرمی پرسیاری کردەی بەخشکەیی له ئەرێی مەبه ستەکەدا دەگەیەنێت. ( بڕوانه : و/4 )

**2- دەربڕاوی پێشەکی شاراوە**

219- بەپێچەوانەی سیستەمی دیموکراسییەوە سیستەمە نادیموکراسییەکان رێك ئەم توا نای بینینو دەرکەوتنو تەمەشاکردنە لەناو دەبەن.

پێ شینەی زانیاری دەر بارەی زاراوەی دیمۆکرا سیو نادیمۆکرا سی گریما نەی پێ شەکی بە خوێنەر دەدات، خوێنەری کارا مە وەك دەورو بەری دەرەوە ز مان دەربڕاوە کە بە پڕاگماتیك دە کات لە چۆنێتی وابە ستەکردنی مەبە ستی نو سەر بە بارودۆخی ئێستای کورد ستانەوە، لەبەر ئەوە دەر بڕاوی (219) گریما نەی پێ شەکی بە وابە ستەکردنی بە دەورو بەرەوە بە خوێنەر دەدات. ( بڕوانە : و/3 )

3- دەربڕاوی ئیدیەمی

220- قەڵەمە دەم شڕەکەی من

لە دەر بڕاوی (220) دا  دەم شڕ  بە وا تای ئید یەمی بەکارهێنراوە، کە نو سەر بە خشکەیی بوێری خۆی لە دەرخستنی د یاردە نە شیاوەکانی کۆمە ڵدا بەدەردەخات. ( بڕوا نە : و/9 )

4- دەربڕاوی میتافۆری

221- من دەپر سم ئا یا دەکر ێت کە سێك راژەی هێ ندەی تە مەنی بەهارێکی نیشتمان بۆ حکومەت کردبێتو ئیدی هەموو ساڵانی ساڵان بە پلەی تایبەت، خانەنشینبکرێت؟

دەربڕاوی تەمەنی بەهارێکی نیشتمان لە (221) دا میتافۆری ناوییەو وەرگرتنی لا یەنی لێکچوونی کورتی بەهارو تەمەنە. (بڕوانە: و/5)

5- دەبڕاوی ئاماژەبەندیو دەربڕینەئاماژە

بەکارهێنانی ئاماژەکانە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، وەك ناوهێنانی سەرۆك یان بەرپر سان لە رۆژنامە یەکی حیزبیدا، بە مەبە ستی ستایشکردنو رێزگرتنە، بەڵام بە پێچەوانەوە زۆربەی کات لە رۆژنامە ئەهلییەکا ندا بە مەبە ستی شکاندنو نادڵسۆزیان بەکاردەهێنرێن، کە بە هەردوو بەکارهێنانەکە گریمانەی پێشەکی سیمانتیکیو شاراوە بە خوێنەر دەدات.

222- نانی نیوەڕوانیشی لە بری (بۆفی مەفتوح)، کولێرەی گەرمی سەرتەنوری پیر یژنێکی ئەنفالکراوی گەرمیانی بوبێ

را ناوی لکاوی (ی) لە فر یزی ناوی  نانی نیوەڕوانی شی  بۆ مەزلۆم دەگەڕێ تەوە، کە بە پەیوەستکردنی بە دەوروبەری جۆری رۆژنامە (ئاوێنە)و کەسێتی نو سەر (ئا سۆس هەردی)و دەوروبەری فیزیکی، پەی بە مەبەستی نوسەر لە زاڵمی بەرپر سان دەبر یت، کە خواردنیان کراوەو بێ سنورە، لە کاتێ کدا ئەوان زوڵملێ کراو بوون‌و کولێرە یەکی گەرمی پیرێژ نە ئەنفالەکان باشترین خواردنیان بووە، بەڵام ئەمانە لە ئێستادا بوونەتە زا ڵم، بە مەش لێرەدا ( پیر یژنی ئەنفال ) وەك دەربڕی نەئاماژە بەکارهاتووە، کە بەهۆ یەوە گریما نەی پێ شەکی سیمانتیکی‌و شاراوە بە خوێنەر دەدات.

223- ئەم سکرتێرەم شێوەی دەگۆڕاو دەبووە یەکێك لەو فوتابییە زرنگ‌و زیرەکانەم کە لە کۆلێژی (کشتوکاڵ)دەر سی کوردۆ لۆژیم پ ێی دەگو تەوەو پا شان لەم دوا یەدا لە سەر جادەی ئەلبان دەمدیت بەنزینی دەفرۆشت، هەندێ جاریش ئاد گاری فەیلە سوفی ئابووریناس ( سان سیمۆنی) فەرەنسی وەردەگرت لەناو خەونەکەمدا،


فەرهاد پیر باڵ، دوو ئا ماژەبۆکراو بۆ ئا ماژەی سکرتێرەکەی دادەنێت، کە هەریە کەیان بە شێوەی دەربڕی نەئاماژە، بەخ شکەیی حا ڵەتێکی نەرێنی وەزارە تی پەروەردەو وەزارە تی ئابووری‌و دارایی دەردەخات( بڕوانە و/11 )

### 6- دەبڕاوی کردەی قسەیی

224- ئەزانن خراپ سەری لێ یاوم کوڕی نە؟! من وی ستم با سی تاو لە ب کەم کە چی مەوزوعەکە بە خۆڵشکایەوە ... درۆم نەکردبێ هەمووی خەتای ئەو مری شکە نەگبەتە یە ... ئەرێ موسڵمانێ نیە کشەیەکی لێ بکات؟!

لە ئەنجامەدەقدا نوسەر بە کردەی قسەیی  کشە لێکردن  ناڕا ستەوخۆ پێشنیاز دەکات بۆ لابردنی ئەو بەرپرسانە کە شیاوی بەرپرسیارێتی نین.( بڕوانە: و/9 )

بەمپێ یە درو ستەی و تار لە سەر ئا ستی سیمانتیك‌و پڕاگماتـ یك وەك داڕ شتەی (1-3) جیادەبێتەوە:




داڕشتەی (1-3) جیاکردنەوەی دروستەی وتار بە پێی ئاستی واتاو مەبەست

ن/ر بەپێی دوو ئاستی واتایی ( سیمانتیك، پڕاگماتیك ) دەنوسێت، کە لە یەکەمیا ندا بە پ ێی دەورو بەری ز مانیو ئا ستی پاڕادیگ ما - پەیوەندیـ یە واتایـ یەکانی ن ێوان کەرە سە زمانییەکە- بەپێی رستەو فرێز واتاکە دەپشکنرێت‌و یاسابەند دەکرێت، بەڵام لە دووەمیا ندا توانستی پڕاگماتـ یك لە بەر هەمهێنانی دە قدا رۆ ڵی سەرەکی دەبینـ ێت، کەرە سە زمانییە کە بەپێی دەر بڕاو کە وابە ستەی دەورو بەرە جیادەکرێـ تەوە، لەبەر ئەوە مەبە ست لە واتا کە هە ڵدەهێنجرێت، بە مەش وا تای فەر هەنگی لە و شەکان دووردەکەوێـ تەوەو □□مەبە ست□□ جێگەی واتا دەگرێتەوە.

لێرەوە پێناسەی وتار لەسەر ئا ستی واتا سازی، بۆ وا تای سیمانتیکیو مەبە ستی پراگماتیك جیادەکرێتەوە، کە دواتر دەبێتە پێوەری پشکنینو دۆزینەوەی شێوازی نو سینو نا سینەوەی هێما کانی ن/ر، بە شێوەیەك ئەو دەقا نەی پەیوە ست بە فەر هەنگی ئاوەزیو دەورو بەری ز مانین پەیوەندیی یەکی وا تایی را ستەخۆ لە نێوان ن/ر/خ دا درو ستدەبێت، جۆری پەیوەندییە کەش بە پێی مۆدێلی پەیام کە تیا یدا هێما کان را ستەوخۆ ئاڕا ستەی وەر گر دەکرێت چێدەبێت، بەڵام ئەو دەقا نەی بەکارهێنانی هێما کانی زما نە لە دەورو بەرێکی دیاریکراودا، ئاڕاستەکردنی پەیامە بە ناڕاستەوخۆو لێکدا نەوەی دەقە کە لە وا تای لێکسیکی دووردەکەوێتەوەو مەبەستەکە لەو دەوروبەرە دیاریکراوەکەدا مانابەخش دەبێت.

## ئـــەنجــام

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە، لەم چەند خاڵەدا دەخەینەڕوو:

1- دروستەی وتار بە پێی دەق جیادەکرێتەوە، ناونیشانەدەقی سیمانتیك لە (وشە، فرێز، رستە) پێ کدێت، بەڵام ناونی شانەدەقی پڕاگمات یك بریت یە لە دەق، پێ شەکییەدەق، کۆر پەدەقو ئەنجامەدەق بە پێی سیمانتیكو پڕاگماتیك بەپێی رستەو دەربڕاو جیادەکرێتەوە.

2- توانستی پڕاگماتیکی ن/ر لە بەرهەمهێنانی دەقی پڕاگماتیکدا، پەیوەستە بە کارامەیی ن/ر لە بەکارهێنانی هێماکانی زمان لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا.

3- دەوروبەری پڕۆسەی وتار نوسین، جیاوازو هاو بەش بە پڕۆسەی ئاخاوتن بە شداریدەکەن، ئەو دەورو بەرەی دەقێکی ئاخاوتنەیی پڕاگماتیك بەرهە مدەهێنێت، مەرج نییە هەمان دەورو بەر رۆڵی هەبێت لە بەرهەمهێنانی دەقی پڕاگماتیکی وتاردا.

4- گۆشەو ستونە وتار پتر لە جۆرەکانی دیکە هەلگری واتای پڕاگماتیکن، کە پەیکاڵی دەورو بەری دەقە، بەڵام جۆرەکانی دیکە بە تایبەت وتاری شیکاری پێویستی بە بەڵگەو روونکردنەوەی مەبەستی ن/ر، لەبەرئەوە بەپێی واتای سیمانتیکی دادەڕێژرێتو لێکدەدرێتەوە.

5- هەموو ناونیشانەدەقێکی سیمانتیکی گریمانەی پێشەکی سیمانتیکی بە خوێنەر دەدات، بەڵام ناونیشانەدەقی پڕاگماتیکی بەهۆی زانیاری هاوبەشی نێوان ن/ر\ خ گریمانەی پێشەکی دەکرێت، بەمپێیە تەنها ئەو خوێنەرانە دەتوانن گریمانەی پێشەکی پڕاگماتیکی بکەن کە لە جۆری کارامەن، دەنا پڕۆسەی پەیوەندی چێنابێت.

6- گریمانەی بەخشکەیی دەربڕین لە وتاردا بە گشتی بە لادان لە شامەرجی پەیوەست پاشان چەندێتیو چۆنێتی پێشبینیدەکرێت، بەپێچەوانەی پڕۆسەی ئاخاوتنەوە کە پتر لادانە لە شامەرجی چەندێتیو چۆنێتی.

7- درێژکراوەی سیمانتیکیو پڕاگماتیکی پەیوەستە بە کەسێتی ن/ر-ەوە، ئەگەر توانستی پڕاگماتیکی ن/ر دەوڵەمەند بێت، ئەوا درێژکراوەی ناونیشانەدەق لە پێشەکیو کۆرپەدەقدا پڕاگماتیکی دەبێت، بەڵام توانستی رێزمانی ن/ر درێژکراوەکانی دروستەی وتار بەپێی واتای سیمانتیك دەبێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم گریمانەیە دەکرێت پەی بە شێوازی نوسینی ن/ر ببرێت، کە ئەمەش رێخۆشکردنە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی دیکە کە □□ شێوازبەندی □□ یە.

# سەرچاوەكان

## كوردی:


1- فاروق محەمەد ئەبوزەيد،(2006)، سەرەتايەك لە زانستی رۆژنامەوانی، وەرگێڕانی: فەرەیدون رەئوف عارف، وەزارەتی رۆشنبيری بەڕێوبەرێتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی تيشك، سلێمانی.

2- فريبا سەياد- د. عەلی ئەكبەر فەرهەنگی، نەريتی رۆژنامەوانی، وەرگێڕانی: كارزان محەمەد، وەزارەتی رۆشنبيری، چاپخانەی روون، چاپی يەكەم، ساڵی 2006، سلێمانی.

3- كلود جێرمان، ريمۆ لۆبلان،(2006)، واتاسازی، وەرگێڕانی: د. يوسف شەريف سەعيد دەزگای توێژينەوەو بڵاوكردنەوەی موكريانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی يەكەم، هەولێر.

4- محەمەد ا لدروبی،(2006)، رۆژنامەگەریو رۆژنامەنووسی هاوچەرخ، وەرگێڕانی: سۆزان جەمال، لوقمان غەفور، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپی يەكەم، سلێمانی.

5- محەمەد دلێر ئەمين ميسری،(2004)، رۆژنامەنووسيی كوردیو بزووتنەوەی ئەدەبی لە سايەی يەكەمين دەسەڵاتی سياسيی كورد دا لە مێژووی هاوچەرخدا (1922- 1924)، وەزارەتی رۆشنبيری، چاپخانەی ئۆفسێتی ژير، سلێمانی.

6- محەمەد رەزای باتينی، ئاوڕێكی تازە بۆ سەر رێزمان، وەرگێڕانی: حەسەنی قازی، چاپ.....، ساڵ...، شوێن....

7- محەمەد مەحوی، نەرمين عومەر ئەحمەد،(2004)، مۆدێلی رێزمانی كوردیی، شارەوانی سلێمانی، چاپخانەی ژير، سلێمانی.

8- محەمەد مەعروف فەتاح،(1990)، زمانەوانی، وزارة التعليم العالی والبحث العلمی جامعة صلاح الدين كلية الاداب .

9- محەمەدی مەحويی، (2006)، ئاوەزداريیو رێزمانی ناوەڕۆك  وابەستە، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژينەوەی زانستی زانكۆی سلێمانی، سلێمانی.

10- هەڤاڵ ئەبوبەكر حەسەين،(2007)، چەشنە ئەدەبیو رۆژنامەنووسييەكانو رەنگدانەوەيان لە "ژيان"و "ژين" دا، بنكەی ژين بۆ بوژانەوەی كەلەپووری بەڵگەنامەيیو رۆژنامەوانی كورد، چاپخانەی شڤان، چاپی يەكەم، سلێمانی.

گۆڤار :

هۆگر مەحموود فەرەج ، زمانی كوردی و گەياندنی واتای پراگماتيكيی گوزارشتگەلێكی پێوەند بە كلتوری ئيسلامەوە ، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی ، ژمارە (19) ، سلێمانی ، 2007 .

نامەی ماستەرو دوکتورا:

1- ئاڤێستا کەمال مەحمود، (2006)، پڕاگماتیکی رستەی پرسیارو فەرمان لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودا، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە.

2- ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، (1999)، ڕاگەیاندنی شۆڕشو بزووتنەوەی شیعری کوردی، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە.

3- بەکر عومەر عەلی مەعروف، (2000)، میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە.

4- عەبدولواحید موشیر دزەیی، (2004)، واتای کاریگەری لە بواری ڕاگەیاندندا، زانکۆی سەلاحەدین، نامەی دوکتۆرای بڵاوکراوە.

5- قەیس کاکل تۆفیق، (2002)، پەیوەندییەکانی نێو دەق، زانکۆی سەلاحەدین، نامەی دوکتۆرای بڵاونەکراوە.

6- کاروان عومەر ، (2006)، رستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا ، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە.

7- شیلان عومەر حسەین، (2007)، ئیدیۆمو چەشنو پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە.

8- هۆگر محمود فەرەج، (2000)، پڕاگماتیکو واتای نیشانەکان، زانکۆی سلێمانی، نامەی دوکتۆرای بڵاونەکراوە.

9- هێمن عەبدولحەمید شەمس، (2006)، شێوازو دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، زانکۆی کۆیە، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە.

10- هیدایەت عەبدوڵلا موحەمەد، (2003)، ڕێککەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لە زمانی کوردییدا، زانکۆی سلێمانی، نامەی دوکتۆرای بڵاونەکراوە.

چاوپێکەوتن:

1- پ.ی.د. محەمەد مەحوی: ( 2007- 2008)، پسپۆڕ لە زانستی زمان، زانکۆی سلێمانی.

2- ی.پ.د. هۆگرمەحمود فەرەج: (2007- 2008)، پسپۆڕ لە بواری واتاسازیو پڕاگماتیك، زانکۆی سلێمانی.

1- د. هیدایەت عەبدولا محەمەد: ( 2007- 2008)، پسپۆڕ لە بواری مۆفۆلۆژی، زانکۆی سلێمانی.

**عەرەبی:**


1- أحمد مختار عمر، (1982)، علم الدلالة، دار العروبة للنشر والطباعة، الكويت.
2- اسماعيل ابراهيم، (2006)، فن المقال الصحفى الآسس النظرية والتطبيقات العلمية، دار الفجر للنشر والتوزيع، الطبعة الثالثة، القاهرة.
3- النور الهدى، (1995)، علم الدلالة، دراسة وتطبيقا، بنغازى، ليبيا.
4- جون لاينز، (1987)، اللغة والمعنى واسياق، ترجمة د. عباس صادق الوهاب، وزارة الثقافة والإعلام، بغداد.
5- زتسيسلاف واورزنياك، (2003)، مدخل الى علم النص مشكلات بناء النص، ترجمة ا. د./ سعيد حسن بحيرى، الطبعة الاولى، مؤسسة المختار، القاهرة.
6- ربيعى عبدلخالق، (1988)، فن المقالة الذاتية فى الادب العربى الحديث، دار المعريفة الجامعية، اسكندرية.
7- سعيد حسن بحيرى، (2004)، علم لغة النص المفاهيم والاتجاهات، الطبعة لاولى، مؤسسة المختار، القاهيرة.
8- كرم شلبى، (1994)، معجم المصطلحات الاعلامية انجليزي- عربي، الطبعة الثانية، دار الجيل، بيروت.
9- صالح أبو اصبع، (2002)، د. محمد عبيدالله، فن المقالة أصول نظرية- تطبيقات- نماذج، دار مجد لاوي للنشر ولتوزيع، الطبعة الآولى، عمان.
10- محمد يوسف نجم، (1960)، فن المقالة، دار بيروت، الطبعة الثانية، بيروت.
11- نبيل راغب، (2006)، فن التحرير الصحفى، دار غريب، القاهرة.

**ئينگليزى:**


1. Adrian AKMAJIAN, Richard A. DEMERS, (1997), Linguistics, FOURTH EDITION, the MIT Press, Cambridge, Massachusetts, London, England, Second Printing.
2. ALAN CRUSE, (2006) A Glossary of Semantics and Pragmatics, Edinburgh University Press.
3. Ali Bahrami M.A, (1999), A Dictionary of DISCOURSE ANALYSIS, RAHNAMA Publications.
4. David Crystal, (2003), A Dictionary of Linguistics & Phonetics, Fifth Edition, Blackwell publishing.
5. F.R. PALMER, (1981), SEMANTICS, second Edition, Cambridge University press, Britain.
6. GEOFFREY LEECH, (1996), PRINCIPES OF PRAGMATICS, LONDON, LINGUISTICS LIBRARY.
7. Geoffrey Leech, (1978), Semantics, reprinted, Britain.
8. Geoffrey Leech and Jan Svartivik, (1996), A Communicative Grammar of English, second edition, LONGMAN, LONDON and NEW YORK.
9. GILLIAN BROWN, GEORGE YULE, Discourse analysis, Cambridge Text in Linguistics.
10. Guy Cook, (1994), Discourse and Literature, Oxford University Press, First published.
11. Jean Aitchison, (1992), LINGUISTICS, forth Edition, Library Cataloguing in publication Data, Britain.
12. JOHN LYONS, (1990), Language and Linguistics, twice, Cambridge University Press.
13. JULIA S. FALK, LINGUISTICS AND LANGUAGE, Second Edition, JOHN WILEYN &SONS- NEW YORK/ SANTA BARBARA.
14. KOENRAAD KUIPER and W. SCOTT ALLAN, (1996), AN INTRODUCTION TO ENGLISH LANGUAGE, first published.
15. Maggie Tallerman, 1998), understanding SYBTAX, Oxford University press, America.
16. M.A.K. Halliday, (2003), On Language and Linguistics , First published, Edited by Jonathan J.Webster- continuum,
17. MICHAEL GARMAN, (1990), Psycholinguistics, First published, Cambridge University Press.

18. Michael McCarthy, (2004), English Phrasal Verbs in Use, First published, MBIRDGE –UNIVERSITY PRESS.
19. MICAEL McCARTHY, (2005), Discourse Analysis for Language Teachers, Cambridge Language Teaching Library, 16th printing.
20. NEIL SMITH, (1990) Chomsky Ideas and ideals, CAMBREDGE.
21. MICHAEL GARMAN, (1990), Psycholinguistics, First published, Cambridge University Press.
22. R.A.Hudson, () Sociolinguistics, CAMBREDGE TEXTBOOKS IN LINGUISTICS.
23. R.L. Trask, (1999), Language, SECOND EDITION, ROUTLEDGE.
24. Jef Verschueren, (2003), Understanding PRAGMATICS, First published, Britain.
25. Sebastian Lobner, (2002), Understanding SEMANTICS, ARNOLD a member of the Hodder Geoup, London.
26. Stephen C. Levinson, (1997), Pragmatics, twice, Cambridge University.
27. TEUN A. VAN DIJK, (1989), TEXT and CONTEXT, Exploration in the Semantics and pragmatics of Discourse first Published, LONGMAN .LINGUISTICS LIBRARY.
28. Victoria Fromkin .Robert Rodman, (1988), An Introduction to Language, Fourth Edition, Saunders College Publishing.
29. V.J.Cook & Mark Newson, (1997), Chomsky's Universal Grammar, second edition, BLAKWELL.
30. R. Hurford & Brendan Heasly, (1996) Semantics a course book, twice, Cambridge University.

http://www.hyperlexia.org/sp1.html,2002, *Margo Sharp from the Heathlands School, 56 Parkside, London SW19 5NJ*

http://members.tripod.com/Caroline_Bowen/spld.htm Caroline Bowen, 2001

rcf.usc.edu/~soames/forthcoming_papers/Meaning_and_Assertion.pdf, Scott Soames, school of philosophy USC

# خلاصة البحث


تبحث هذه الرسالة عن المعنى و المقصدية في المقالة على المستوى التداولي، وهو فرع من فروع علم اللغة التي تحتوي على النصوص و المعبرات الماورائية اللغوية إعتمادا على السياق الذي يمنح القارئ( المتلقي) المفهومات المختلفة عن محتوى الكلمات

تتكون الرسالة من المقدمة و النتائج و ثلاثة فصول و فهرست للمصطلحات المستخدمة فيها ، مع قائمة بأسماء المصادر و المراجع.

في فصل الاول عرفنا الى علم لدلالة  والتداولية فى كتابة المقالة، هذا الفصل يحتوي على الموضوعات التالية :

مقدمة عامة عن تأريخ و مفهوم المقالة و إنواعها و تميز المقالة حسب النص، الكفاءة- Competence والأداء - Performance في المقالة ، و المعنى و انواعها ، السياق و كيفية اوضاع الإبداع و إنتاج في نصوص التدولية .

في فصل الثاني حاولنا توضيح المقصدية حسب القوانين و الأنظمة التداولية المختصة بكيفية ظهورهما في النص المقالي( presupposition, metaphor, speech acts theories, implicature, reference, the idiomatic) .

حيث السياق هو معيار توفير المعبرات في النصوص المتداولة و نقطة تميزه عن النص السيمانتيكي، ومن ثم يظهر هذا السياق كمعيار الكفاءة الكاتب الصحفي من ناحية القواعدية والتداولية.

الفصل الثالث ، فصل تطبيقي للفصلين الاول و الثاني، كالاتي :

إن المقاصد التداولية حسب بنى المقالة، تحتل القسم النهائي لهذه الرسالة ، تتميز بنى المقالة بحسب اجزاءها في النص، وحاولنا تطبيق الجانب النظري على الزوايا والاعمدة الصحفية في صحف ( كوردستانى نويَ ، ئاويَنة ، هاولأتى ) لنماذج .

# Abstract

The thesis is the pragmatic analysis of discourse meaning as a field of linguistics. It comprises the meaning analysis of texts and utterances beyond the language forms as an entity that includes different meanings far from their literal meaning within their contexts.

The thesis is presented in an introduction, three chapters, conclusions and terminological meaning appendix.

The first chapter presents semantics versus pragmatic meanings of the discourse Essay. The comparison is shown from five different perspectives such as: the history and concepts, types of discourse, distinguishing the discourse structures according to their texts, competence and performance of discourse texts, types of meaning, context, and the pragmatic text generation conditions.

The second chapter sheds lights on discourse goals analysis according to the pragmatic principles and regulations and their occurrences have been analyzed in discourse texts in which context is the criteria for comprehending what has been uttered and becomes the boarder line distinguishing semantic meaning from the pragmatic one. Latter this view can be scaled as criteria to dive into the writers' grammatical and pragmatic competence.

The last chapter of the thesis is the application chapter; applying the theories and view points discussed in the first and the second chapters on 'columns' in Kurdistani Nwe, Awene and Hawlati newspapers. Eventually, the thesis is concluded by categorizing pragmatic intentions according to the structure of the discourse.

The major approaches in this chapter were conducted from the perspectives of speech acts theories, implicature, reference, the idiomatic presupposition, and metaphor expressions in discourse.

| ناونیشانەدەق | ڕۆژنامە | ژمارە |
|---|---|---|
| 1- دیمۆکراسیو بینین | ئاوێنە | 7 2006/2/21 |
| 2- سلێمانیو پرۆژەی ئاینده | کوردستانی نوێ | 4200 2007/2/21 |
| 3- تاکولۆ | هاوڵاتی | 341 2007/7/28 |
| 4- گەورەم... سوڵتان هاشم | هاوڵاتی | 364 2007/10/20 |
| 5- نووکە یەك بۆ یەکێتی مامۆستایان | ئاوێنە | 15 2006/4/18 |
| 6- کوردو تورکیا... عەقڵانییەت یان توندڕەوی؟ | ئاوێنە | 92 2007/10/23 |
| 7- کشە کشە پۆپنە ڕەشە | کوردستانی نوێ | 4369 2007/9/10 |
| 8- لە نزیکەوە ئەمە لێبوردن نیە | ئاوێنە | |
| 9- لە خەوما | کوردستانی نوێ | 4374 |

| | | |
|---|---|---|
| | | 2007/9/17 |
| 10- ئاماژە/ میانڕەوەکان | کوردستانی نوێ | 4351<br>2007/8/20 |
| 11- ڕەمەزانەو بێ حەواسم | کوردستانی نوێ | 4375<br>2007/8/20 |
| 12- جەلیل قەیسی.... مرۆڤێك لە ئاوریشم | ئاوێنە | 31<br>2006/8/8 |
| 14- گەورەم گۆشتی مێرولەش دەخورێ | هاوڵاتی | 345<br>2007/8/12 |

ئەو وتارانەی کە تەنها وەك دەربڕاو یان ناونیشانەدەق وەرگیراون :

| وتار | ڕۆژنامە | ژمارە |
|---|---|---|
| زانکۆکانی هەرێمی کوردستانو بازاڕی کار | هاوڵاتی | 364 |
| | | |
| دەربڕاوی 27 | کوردستانی نوێ | |
| دەقی 28 | کوردستانی نوێ | |
| دەقی 30 | کوردستانی نوێ | 4369 |
| دەقی 31 | سۆڵیداریتی | 48 |
| دەقی 32 | هەرێمی کوردستان | 318 |
| دەقی 80: بڕوانە دەقی 83 | هاوڵاتی | 374 |
| دەقی 81 | هاوڵاتی | 380 |
| دە قی 83: گێڕا نەوەی ئەمبەرو ئەو بەری حزبا یەتی لەناو کادێری سیا سیءو پێشمەرگە بە هەموو پلە جۆربەجۆرەکانییەوە، لەناو حز بی سیا سی کورد یدا مێژوویەکە لە زاکیرەی بەکۆ مەڵی ئێمەدا لە سەردەمی یە کەم کەرت بوونی بزوت نەوەی سیا سی نوێ کە بە سەردەمی " جەلالیو مەلایی" نا سراوە | هاوڵاتی | 374 |

| | | |
|---|---|---|
| دەسپێدەکات. | | |
| دەقی 182 | هاوڵاتی | 345 |
| دەقی 183 | هاوڵاتی | |
| دەقی 184 | هاوڵاتی | 92 |
| دەقی 185 | هاوڵاتی | 238 |
| دەقی 186 | کوردستانی نوێ | 4392 |
| دەقی 187 | کوردستانی نوێ | 4394 |
| دەقی 188 | | |
| دەقی 189 | هاوڵاتی | |
| دەقی 191 | کوردستانی نوێ | 4194 |
| دەقی 192 | کوردستانی نوێ | 4394 |
| دەقی 193 | ئاوێنە | 19 |
| دەقی 196 | کوردستانی نوێ | 4374 |
| دەقی 197 | ئاوێنە | 92 |
| دەقی 198 | هاوڵاتی | 374 |
| دەقی 199 | هاوڵاتی | 345 |
| دەقی 200 | | |
| دەقی 201 | | |
| دەقی 203 | ئاوێنە | 19 |
| دەقی 205: بەڵام شەڕی ناوخۆی یەکێتیو پارتی نەك " جەلالیو مەلایی" ئەم دە ستەواژە سیا سیو کۆمەڵایەتی یەی بە شێوەیەك گەیا ندە لوتکە کە لەمپەڕی چەپ تا ئەپەڕی ئیسلامی پێی ئاشنا بوون | هاوڵاتی | 374 |
| دەقی 212 | ئاوێنە | 92 |
| دەربڕوای 218: بڕوانە وتاری: ( سلێمانیو پڕۆژەی ئاینده ) | کوردستانی نوێ | 4200 |
| دەربڕاوی 216: بڕوانە وتاری: ( گەورەم... سوڵتان هاشم) | هاوڵاتی | 364 |
| دەربڕاوی 220: بڕوانە وتاری : ( کشە کشە پۆپنە رەشە ) | کوردستانی نوێ | 4369 |